# Religion, Scularism and Civil Society

Dialogue With :Mohammed ARKOUN

Translated by:

Nawzad. A. Aswad

ئایین و عەلمانییەت وکۆمەڵگای مەدەنی

# ئایین و عەلمانییەت و کۆمەڵگای مەدەنی

**گفتوگۆ لەگەڵ**

## محەمەد ئارکۆن

## هاشم ساڵح

وەرگێڕانی

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**

هەولێر – چاپی یەکەم

2001



**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی**
کوردستان ت. «٢٢٦٠٣١١»
e.mail:mukriani@yahoo.com
www.mukriyani.org

- کتێبی ژمارە: (٨٩)
- کتێب: ئایین و عەلمانییەت و کۆمەڵگای مەدەنی
- بابەت: گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ئارکۆن
- سازدانی: هاشم ساڵح
- وەرگێڕانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
- هونەرکاری بەرگ و ناوەوە: قاسم قادر
- چاپی یەکەم – هەولێر
- ژمارەی سپاردن (١٧١) ساڵی (٢٠٠٢)ی دراوەتێ
- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر

## پێڕست


**پێشەکییەکی گشتی** .................................................................................. 7

**بەشی یەکەم:** پرسیار لە میتۆد.................................................................................... 14

**بەشی دووەم:** رەوتی فیکریی ئارکۆن....................................................................... 46

**بەشی سێیەم:** لە بارەی کۆمەڵگا و ئایین و دەوڵەت ................................................ ...... 88

**پاشکۆ:** وەرگێڕان و زانستە مرۆڤایەتییەکان- محەمەد ئارکۆن وەک نموونە...... 137

## پێشەکییەکی گشتی

پاش تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر هاریکاریی فیکریم لەگەڵ محەممەد ئارکۆن، پێم خۆشبوو گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم بۆ ئەوەی لە چەندین کێشەی میتۆدی و تێگەیشتندا خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێین. ئەو کتێبانەی ئارکۆن کە تا ئێستا وەرمگێڕاون، ئەگەر نەڵێم زیاتر ئەوا بە قەدەر دەستنیشانکردن و ڕۆشنکردنەوەکان، گرفت و پرسیارکردنیان وروژاندووە، ئەمەش لەبەر کۆمەڵێ هۆ: ئەو میتۆدانەی کە ئارکۆن بە هۆیانەوە ڕۆشنایی خستۆتەسەر کەلەپووری عەرەبی-ئیسلامی، بە تەواوی تێی نەگەیشتوون، بگرە هەندێ لەو میتۆدانە لە وەرگێڕانی عەرەبیدا زەحمەت و ناڕۆشن دەردەکەون و تێکەڵ بە هەندێ زاراوەو چەمکی نامۆ دەبن، سەرباری ئەو هەموو شەرح و ڕوونکردنەوانەی لە پەراوێزی هەردوو کتێبی: «مێژووگەریی بیری عەرەبی ئیسلامی»و «بیری ئیسلامی-خوێندنەوەیەکی زانستی» نووسیومن، بەڵام دەقە بنەڕەتییەکە بۆ خوێنەری ئاسایی و بگرە هەندێ جار بۆ خوێنەری پسپۆڕیش زەحمەت بووە. پێم وابوو بۆ ئەوەی ئەم کارە وەکو پێویست ئەنجام بدەم و تاکۆتایی لەگەڵیدا بڕۆم، ئەوا دەبێ بە ئەندازەیەکی زیاتر وتار و چاوپێکەوتن و شەرحی دوورو درێژ بۆ کارەکانی ئارکۆن



پێشکەش بکەم. هەروەها لە میانی ئەزموونی ئەم دەساڵەی ڕابردوومدا پێم وایە مومکین نییە خوێنەر بە تەواوی لە ئارکۆن تێبگات ئەگەر تەواوی کتێبخانەیەکی لە فیکری هاوچەرخی ئەورووپی بۆ وەرنەگێڕین، مەبەستم: کتێبخانەی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان (ئەنترۆپۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا).

لەبەر ئەم هۆیە کۆمەڵێ چاوپێکەوتنم لەگەڵ ژمارەیەک لە بیریارە گەورەکانی فەڕەنسە ئەنجام دا، ئەو بیریارانەی حاڵی حازر دەورێکی گەورەیان لە گۆڕەپانەکەدا هەیە، وەک: پییێر بۆردیۆ، جۆرج بالاندیێ، ژێل گاستۆن گرانجێ، جاک دێریدا. بیریاری یەکەم سۆسیۆلۆژیستەو دووەمیان پسپۆڕە لە ئەنترۆپۆلۆژیای بەراوردکاری لە ئەفریقیای ڕەش و کۆمەڵگا ئەورووپییە نوێییەکان لە یەک کاتدا، بیریاری سێیەم زانای ئەپیستیمۆلۆژیایەو ئێستاکە لە کۆلێجی دی فرانس شوێنی کورسیی میشێل فۆکۆی گرتووە، چوارەمیشیان فەیلەسوفێکی بەناوبانگە بە ڕەخنەگرتن لە میتافیزیکیاو سێنترالیزمی ئەتنیی ئەورووپی. ئەمە جگە لەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی میشێل فوکۆ نووسیومن کە ئەگەر خوێنەر ئاگاداری فیکری فوکۆ نەبێ یان لانیکەم ئەو دوو کتێبە بنچینەییە لەبارەی فەلسەفەی مەعریفە نەخوێنێتەوە، واتە کتێبی (وشەکان و شتەکان) و (ئارکیۆلۆژیای مەعریفە)، ئەوا مومکین نییە بتوانێ لە یەکێ لەتەوەرە بنچینەییەکانی فیکری ئارکۆن تێبگات.

گەلاڵە بوونی چەمکی «ئیپستیم» یان سیستەمی فیکری، یان سیستەمی فیکر لە کەلەپووری عەرەبیی ئیسلامیدا لەلای ئارکۆن، خوێنەر ناتوانێ لەو چەمکە تێبگات ئەگەر لە گەلاڵەبوونی هەمان ئەو چەمکە تێنەگات لە میانی کەلەپووری ئەورووپیدا و بەتایبەتی لە میشێل فوکۆ و لە کتێبی (وشەکان و شتەکان)، لەبەر ئەمە، زۆرتر لەسەر میشێل فوکۆ وەستام و هەوڵمدا بەشێک لە تیۆرە ئیپیستیمۆلۆژییەکەی بگوازمەوە بۆ نێو گۆڕەپانی ڕۆشنبیریی عەرەبی.

بەڵام، تەنانەت ئەگەر خوێنەر ئاگاداری هەموو ئەو شتانەش بێت، ئەوا لە هەموو ئەو نووسینانە تێناگات کە ئارکۆن نووسیویەتی، بەڵکو دەبێ هەستیاری و فزولی مەعریفی خۆی فراوانتر بکاتەوە تا گرنگترین دۆزینەوەکانی بواری زانستی زمانەوانی و مێژووی

نوێ (قوتابخانەی حەولیاتی فەڕەنسی) و ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینی و زانستی بەراوردکاری ئایینەکان بگرێتەوە، واتە بە کورتی هەموو ئەو زانستە مرۆڤایەتییانە بگرێتەوە کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد و ئەوانەی کە ناسنامەی خۆرئاوای نوێ پێکدەهێنن.

باشە خوێنەری عەرەب چۆن هەموو ئەو شتانە بزانێت لە کاتێکدا کتێبە گرنگەکانی ئەو بوارە بە شێوەیەکی گونجاو (تەنانەت نە گونجاویش) نەکراون بەعەرەبی؟ بەمجۆرە خۆمان لەبازنەیەکی بەتاڵدا دەبینین: ئارکۆن دەمانباتە سەر زانستەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا (ئەنترۆپۆلۆژیاو سۆسیۆلۆژیا) لە بالاترین لووتکەیداو لە پێشکەوتووترین خاڵەکانیدا، بۆ ئەوەی لە میتۆدەکەی تێبگەین و لە چۆنییەتی لێکۆڵینەوەکانی لە کەلەپووری ئیسلامی، تێبگەین. زانستەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگاش لە زمانی ئێمەدا لەبەردەستدا نین یان بە ئەندازەیەکی زۆر کەم وەرگێردراون. سا ئەگەر ئەوانە بشمانبەنە سەر چەمک و زاراوەکانی ئارکۆن ئەوا دەبینین روخساری ئەو زاراوانە بە تەواوی گۆڕاون، چونکە ئەگەر زاراوە لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی ترو لە بوارێکی مەعریفییەوە بۆ بوارێکی مەعریفیی تر بگوازرێتەوە ئەوا (بە پێی گوتەی جۆرج کاتگیلیم یەکێ لەگەورە زانایانی ئەپستیمۆلۆژیا لە فەڕەنسەدا) گۆڕانێکی زۆری بەسەردا دێت.

زاراوە هەروەکو مرۆڤ کە چووە ژینگەیەکی نامۆوە تازە دەبێتەوەو گۆڕانی بەسەردادێت، کاتێ لە وڵاتێکەوە دەچێتە وڵاتێکی تر یان لە زەوییەکەوە بۆ زەوییەکی تر، گۆڕانی بەسەردا دێت. زاراوەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکانیش کە محەمەد ئارکۆن بەسەر کەلەپووری عەرەبی-ئیسلامیدا پراکتیزەیان دەکا و(ئیسلامیزمی پراکتیکی دادەمەزرێنێ) ئەوا دواجار بە شێوەیەکی تر دێنە دەرێ و بەروخسارێکی تر دەردەکەون، ئەو زاراوانە بە جۆرێ دەردەکەون وەک بڵێی نامۆن بە شوێنی ئەسڵیی خۆیان پاش ئەوەی لە میانی شیکردنەوەو پراکتیکەوە تێکەڵ بە کەلەپوورێکی تر و ئەزموونێکی تری بەشەری دەبن (کە لێرەدا بریتییە لە ئەزموونی عەرەب و ئیسلام). بەمجۆرە دەبینین ئەم پرۆسەیە زۆر قورسترو زۆریش ئاڵۆزترە، بەڵام هەرگیز مەحاڵیش نییە.



ئارکۆن زۆربەی کات دەیەوێ شتێکی روون بڵێت و بگاتە دەرەنجامێکی هەستپێکراو، ئەو یەکێکە لەو بیریارە عەقڵانییانەی هەنگاو بە هەنگاو رێدەکەن، هەنگاوێ ناهاوێت ئەگەر هەست بەوەنەکات هەموو مەرجەکان لەبەر دەستدان تا هەنگاوێکی تر بڕوات. ئارکۆن پیاوێکی عەمەلی و ئەزموونگەرییەو نایەوێت کاتی خۆی بە مەتاهاتی گشتکاری و بە چەنەبازیی بەتاڵ سەرف بکات. ئەمەش مانای وایە ئەو بە خۆڕایی مومارەسەی فیکر ناکات. لەبەر ئەم هۆیە من هیوام لەوە نەبڕیوە کە بتوانم بیرە بنچینەییەکانی ئەم پیاوە بگەیەنمە خوێنەری عەرەبی و مەیدانی رۆشنبیریی عەرەبی. راستە ئەم کارە دوورو درێژو قورسە، بەڵام ئەزموونی ئەو دەساڵەی رابردوو بۆ هەردووکمانی سەلماندووە کە ئەم سەرکێشییە شایستەی ئەوەیە ئەنجام بدرێ سەرباری هەموو جۆرە خراپ تێگەیشتنێک، سەرباری هەموو هەوڵدانێکی تێکدان و گومانکردن کە لە راستیدا ئەمە ئاستی ئەو کەسانە بەرز ناکاتەوەو ئەو بوارەیان بۆ ساز ناکات تا لە نەخشەی مەعریفەدا شوێنێکی گەورە داگیر بکەن. گفتوگۆ و مشتومڕی فیکری بە جنێودان و تۆمەت هاوێشتنەسەر، بەبێ هیچ بەڵگەو سەلماندنێک، ئەنجام نادرێت، ئیدی تا ئەو کاتەی گۆڕەپانی عەرەبی بۆ گفتوگۆی فیکریی بەرپرسیارو بۆ تیۆرسازیی و گفتوگۆی بەرهەمهێن ئامادە دەبێت. ئێمە وامان پێ باشە وەڵامی ئەو کەسانە نەدەینەوەو لەم گۆشەیەوە نەچینەناو بازنەی ململانێوە، وامان پێ باشە لە سێبەرداو بە بێدەنگی و بەبێ ژاوەژاو کارەکەی خۆمان درێژە پێ بدەین.

ئەم گفتوگۆیەی من لەگەڵ محەمەد ئارکۆن لە چوارچێوەی ئەو بیرکردنەوەیە و ئەو کارەدا ئەنجام دراوە، ئەم گفتوگۆیەش -تا ئەم ساتەوەختە- درێژترین گفتوگۆیە کە لەگەڵیدا کردوومە. بێگومان بارودۆخی دەرەکیش یارمەتیدەرێکی باش بووە تا ئەم گفتوگۆیە بە شێوەیەکی گونجاو ئەنجام بدرێ، ئەم گفتوگۆیە لە دەرەوەی دیوارەکانی زانکۆ و لە ماڵەوە ئەنجام دراوە؛ پاش نیوەڕۆی رۆژی یەکشەممەی رێکەوتی (١٩٨٨/١٢/٢٥) لە کەشوهەوای هێمن و بێدەنگی جەژنەکانی کریسمیس و سەری ساڵدا، ئارکۆن میزاجێکی باشی هەبوو و ئامادەی گفتوگۆ و وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکان بوو، سا ئەو پرسیارانە هەر چۆنێک بن وهەرچەندێکیش درێژ بن. پێشتر داوای لێکردم

بەرلەوەی وەڵامیان بداتەوە هەموو پرسیارەکانی بۆ بخوێنمەوە بۆ ئەوەی لە کوێدا پێویستی کرد دەستکارییان بکات. ئیدی گفتوگۆیەکە ئێمەی لە هەندێ پرسیاری ئامادەکراو لادا و بە هەندێ پرسیاری دیکەی کتووپڕ گۆڕیمانەوە. ئێمە بۆ ماوەی پێنج کاتژمێر بەردەوام قسەمان کردو پێنج کاسێتی ریکۆردەرمان یەک لە دوای یەک پڕکردەوە، تەنها بۆ ماوەی دە خولەک بۆ خواردنەوەی قاوەیەک پشوومان دا.

کاتێ گفتوگۆیەکە تەواوبوو و داوای روخسەتی چوونەدەرەوەم لێکرد،وردە وردە تاریکایی ئێوارە هەموو پاریسی گرتەوە، بە دڵخۆشییەوە هەوای دەرەوەی ئەو ئێوارەیەم هەڵمژی و بەشەقامە بەرینەکانی ئەو شارەدا پیاسەم کرد. هێمنی تەواوی شاری داگرتبوو، شەقامەکان بەتەواوی چۆڵ و خاڵی بوون وەک خاڵیبوونی دڵ و رۆح لە زەمەنی ئاهەنگەکاندا. ئەم بێدەنگی و ئەم خامۆشییە چەند جوانە! هەستم بە لەش سووکی و شادییەکی گەورە کرد کە لەگەڵیدا سۆزی خەمێک تێکەڵ دەبوو ومنیش بەیەک ئاراستەو بە هەموو ئاراستەکاندا دەرۆیشتم، خۆم خزاندە نێو شەقامە دێرینەکانی پاریسەوە-پاریسی عەترو مێژوو و بیرەوەرییەکان. خەیاڵی ئەوەم کرد کە لە پاش چل یان پەنجا ساڵی تر شارێکی عەرەبی رێگە بە گفتوگۆ و تیۆرسازی و رێگە بە ئازادیی فیکرو دیالۆگ دەدات، رێگە دەدات لە یەکێ لە مەیخانەکاندا بخۆیتەوە (یان نەخۆیتەوە!) مەیخانەیەک کە چراکانی لەبەرچاوی مندا جاروبار دەدرەوشێنەوە. خەیاڵی ئەوەم کرد یەک شەقامی عەرەبی هەبێت بشێ بەهێمنی و دڵنیایی و ئازادییەوە پیاسەی بەسەردا بکەیت، بەئازادییەکی رەها تاڕادەی شێتی. چاوەکانم کەمێک لێڵ بوون و لەپشتی ئەو شەقامە بەرین و ئەو گۆڕەپانە فراوانانەدا تارمایی جان جاک رۆسۆ و ڤۆلتێرو دیدرۆ و کۆندورسیەم بینی، هەروەها تارمایی هەموو ئەو بیرمەندە ئازادانەم بینی کە گیانی خۆیان بەخت کرد لەپێناوی دروستکردنی رووبەرێک لە ئازادی لەسەر ئەم زەوییە.

خەیاڵی ئەوەم کرد رۆژێ لە رۆژان فیکری ئازاد رێگەی پێدەدرێ و لە پایتەختە عەرەبییەکاندا پێشوازیی لێدەکرێ. خەونم بەوەوە بینی رۆژێک دێ ئەم فیکرە ئازادە بەتەواوی وەردەگێڕدرێتە سەر واقیع و ئیدی واقیعێکی زیندوو بەرجەستە دەکا بۆ



ئەوەی شارو شەقام و شادەمارەکان بخولقێنێ، و لە دڵی خۆمدا وتم: لەوانەیە ئەم پرۆسەیە مێژووی فیکری ئیسلامی و هەروەها مێژووی فیکری عەرەبیش بکات بەدوو بەش: پێش ئارکۆن و پاش ئارکۆن!..

**هاشم ساڵح**

بەشی یەکەم

# پرسیار لە میتۆد

**هاشم ساڵح:** لە موحازەرەیەکدا کە لەم دواییە لە یونیسکۆ پێشکەشت کرد، وتت من لەسەر ڕێگەی فەیلەسووفەکان پرۆسەی ڕەخنە ناکەم (ڕەخنە لە عەقڵی ئیسلامی)، بەڵکو لەسەر ڕێگەی مێژوونووسان پرۆسەی ڕەخنەیی ئەنجام دەدەم، هەروەها وتت پرۆسەی ڕەخنە نە لەسەر ڕێگەی (کانت) لە کتێبی «ڕەخنە لە عەقڵی پەتی» و نە لەسەر ڕێگەی (سارتەر) لە کتێبی «ڕەخنە لە عەقڵی دیالێکتیکی» ئەنجام نادەیت.

**لەم بارەیەوە دوو پرسیارم هەیە:**

١- ئایا دەشێ ڕەخنەی فیکری پرۆسە بکەیت بێئەوەی ناوی «ئیمانوئێل کانت»ت بە بیردا بێت؟ ئایا وشەی ڕەخنە لەگەڵ (کانت)دا دەستی پێ نەکردووە؟ کەسانێک هەن دەڵێن تۆ «کانتیزم»یت و تۆ زۆر عەقڵانیت..

٢- ئایا دەشێ توێژەر پرۆسەی زانستی مێژوو بکات بێئەوەی هەندێ نەگۆڕی فەلسەفی «المسلمات الفلسفیة»ی لە زەیندا نەبێت؟ ئایا دەشێ پرۆسەی زانستی مێژوو بەبێ ڕوانینێکی سەرجەمگیر بۆ دنیاو بەبێ تێڕوانینێکی گشتی ئەنجام بدرێت؟

**ئارکۆن:** واتێدەگەم زەحمەتە بۆ مرۆڤ کاتێ زاراوەی «ڕەخنە لە عەقڵ» بەکاردێنێ، پاشخانە فەلسەفییەکانی ئەم ئەرکە گەورەیە لە بیر بکات، بە تایبەتی ئەگەر زانیمان (کانت) لە مێژووی فیکری ئەوروپیدا و لە میانی هەردوو کتێبەکەی «ڕەخنە لە عەقڵی پەتی» و «ڕەخنە لە عەقڵی عەمەلی» ساتەوەختێکی بنچینەیی و زۆر گرنگ پێکدەهێنێ. پاشان لەم چەرخەی ئێمەدا (سارتەر) هات و ئەویش ساتەوەختێکی گرنگی پێکدەهێنا (بێگومان ئەگەرچی نەدەگەیشتە ئاستی کانت) بە تایبەتی کاتێ



کتێبە قەبەکەی بە ناوی «ڕەخنە لە عەقڵی دیالێکتیکی» چاپکرد. پاشان هەندێ کەس قسەیان لە بارەی «ڕەخنە لە عەقڵی سیاسی» دەکرد...هتد. هەر چۆنێک بێ کانت و سارتەر بەر لە هەر شتێ فەیلەسووف بوون، ئەمانە بە مانای پیشە و بە مانای وشە مێژوونووس نەبوون. لەم دواییەشدا چەند توێژەرێک دەرکەوتن ئەم زاراوەیەیان هێنایەوە پێش: ڕەخنە لە عەقڵ. یەکەمین کەس کە ئەم زاراوەیەی لە پێناوی ئامانجێکی مێژوویی بەکارهێنا، (فرانسوا فوریە) بوو لە کتێبی «سەر لەنوێ بیرکردنەوە لە شۆڕشی فەڕەنسی» (Penser la revolution francaise, Gallimard, 1978 Francois FURET) فوریە مێژوونووسە و فەیلەسووف نییە، وەک دەزانیت ئەو وشەی ڕەخنە بەکارناهێنێ، بۆ نموونە ناڵێت ڕەخنە لە عەقڵی مێژوویی، بەڵکو دەڵێ: سەر لەنوێ بیرکردنەوە یان جارێکی تر بیرکردنەوە لە شۆڕشی فەڕەنسی، یا بیرکردنەوە لە شۆڕشی فەڕەنسی بە مانای بەهێزی وشەکە. نە لە عەرەبی و نە لە ئینگلیزیدا وشەیەک نابینم لە بەرامبەر وشەی بیرکردنەوە بەو مانایەی لە فەڕەنسیدا مەبەستێتی. من پێشتر لە ئەمریکا موحازەرەیەکم بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش کرد بە ناوی«سەر لە نوێ بیرکردنەوە لە ئیسلام»[١] بەو مانایەی فوریە مەبەستێتی. لەوانەیە باشتر بێت لێرەدا وشەی (penser)ی فەڕەنسی بە وشەی عاقڵبوون و دەرکپێکردن (و بەمانای تێگەیشتن) (التعقل) وەربگێڕدرێ، بۆ نموونە بڵێیت: (کیف نعقل الاسلام الیوم؟) بە مانای چۆن لە هەموو لایەنەکانیدا بە شێوەیەکی قووڵ لە ئیسلامی ئەمڕۆ تێبگەین و، بە شێوەیەکی جیاواز لە هەموو ئەوانەی پێشوو. بە هەرحاڵ ئەمە مەسەلەیەکی ترەو پێشتر گفتوگۆمان لە بارەیەوە کردووە.

فرانسوا فوریە هەوڵیداوە لە هەموو ئەدەبیاتی مێژوویی کەڵەکەکراو لە بارەی شۆڕشی فەڕەنسی، بیر بکاتەوە (بێگومان بە ڕێگەیەکی ڕەخنەیی) نەک تەنها لە زمانی فەڕەنسیدا بەڵکو لە زمانە جیهانییەکانیشدا. شۆڕشی فەڕەنسی ڕووداوێکی مێژوویی زۆر ئاڵۆز و زۆریش کاریگەرە بە ئەندازەیەک کۆمەڵێ کتێبی بەرهەمهێنا، بە ئەندازەیەک کۆمەڵێ تەئویل و ڕاڤەکردنی زۆر فرەو جیاوازی بەرهەمهێنا. لە دوو سەدە بەر لە ئەمڕۆوە تا ئێستا (١٧٨٩-١٩٨٩) تۆڕێکی فراوان لە بەدواداچوون و

شیکردنەوە و تێڕوانینی ورووژاندووە. دەشێ ئەم بارودۆخە بەو رووداوە بەراورد بکەین کە لای ئێمە بەسەر خودی دەقی قورئانیدا هات. دەقی قورئانیش لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا ئەمڕۆ– واتە بە درێژایی چەندین سەدە– دەیان راڤەکاری و ئەدەبیاتی تەئویلیی بەرهەمهێناوە. کەڵەکە بوونی تەئویلات لە هەردوو لادا، واتە لە بارەی شۆڕشی فەرەنسی و لە بارەی دەقی قورئانی،لە کەڵەکەبوونی چینە جیۆلۆجییەکانی زەوی دەچێ بەسەر یەکدا. ئێمە ناتوانین بگەینە یەکەمین رووداوی دامەزراندن، بگەینە ئەو رووداوەی بە تازەیی و بە تەڕایی خۆی بناغەی داناوە تەنها ئەگەر هەموو ئەدەبیاتی راڤەکاری و هەموو چینە جیۆلۆجییە بە سەریەکدا ریزکراوەکان دیوەدەرە بکەین. دەقی یەکەم یان رووداوی یەکەم (سا ئەمە پەیوەندیی بە شۆڕشی فەرەنسییەوە هەبێ یان بە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئیسلام یان دەرکەوتنی گوتاری قورئانی) لە ژێر ئەو چینانەدا پەنهانە کە لە ئێمەی پەردەپۆش دەکا و ناتوانین رووداوی یەکەم و دەقی یەکەم ببینین تەنها لە میانی چینە جیۆلۆجییەکانەوە نەبێ. ئەمە بە چەشنێکە زۆر زەحمەتە بتوانین بگەینە خودی رووداوی یەکەم یان دەقی یەکەم بە رادەیەک ئێمە نایناسین بەڵکو ئەو وێنە شکاوە دەناسین کە لە بارەیەوە شکڵی گرتووە. ئەمە ئەو تێڕوانینەیە کە لە میانیەوە شتەکان دەبینم. کاتێ ئێمە سەیری راڤەکارییە ئیسلامییەکان دەکەین بە هەموو جۆرەکانیەوە و بە هەموو مەزهەب و ئاراستەکانیەوە، تێدەگەین قورئان شتێک نەبووە جگە لە پاساوێک (ذريعة) لە پێناوی پێکهێنانی چەند دەقێکی دیکە کە پێداویستییەکانی سەدەکانی دیکە دابین بکات نەک هەر چەرخ و سەردەمی قورئان. ئەو راڤەکارییانە لە خۆیاندا و بۆ خۆیان هەن، ئەمانە کۆمەڵێ کاری فیکری و بەرهەمهێنراوی کولتوورین و پابەندن بەو ساتەوەختە رۆشنبیرییەی بەرهەمی هێناون، هەروەها پەیوەستن بەو ژینگە کۆمەڵایەتییە یان بەو قوتابخانە تیۆلۆژییەی ئینتیمای بۆ دەکەن پتر لەوەی پەیوەست بن بە ساتەوەختی قورئان.

ئەمەش مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکات سەبارەت بە پەیوەستەگیی نێوان دەقی یەکەم کە حەز دەکەین لێی تێبگەین (واتە قورئان) و نێوان هەموو ئەو راڤەکردنانەی کە دواتر بەرهەمهێنران بە پێی پێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکانی هەر وەچەیەک لە وەچەی



موسڵمانان، واتە ئەو پێداویستییە ئایدیۆلۆژییانە بە پێویست یاوەریی هەر وەچەیەکیان کردووە. ئەم مەسەلەیە بەسەر شۆڕشی فەرەنسیشدا دەچەسپێ، بۆ نموونە دەشێ عەرەب خوێندنەوەیەکی تایبەتییان لە بارەی شۆڕشی فەرەنسییەوە هەبێت، ئەمەش خوێندنەوەیەکە لە ساتەوەختێکی مێژووییدا پێداویستی و داواکارییە ئایدیۆلۆژیەکانی کۆمەڵگا عەرەبییەکان دابین دەکات پتر لەوەی وێنەیەکی راستەقینە لە بارەی خودی شۆڕشی فەرەنسییەوە پێشکەش بکات. ئەم مەوراوەحە بەردەوامەی نێوان دەقی دامەزرێنەر یان رووداوی دامەزرێنەرو نێوان ئەو بەکارهێنانە تیۆلۆژی و ئایدیۆلۆژییە زۆرانەی کە وەچەگەلێکی زۆر لە کولتوور و کۆمەڵگا بەشەرییەکان بەرهەمی دەهێنن، دەچێتە ناو چنینی مێژووەوە و دواتر چەند هێڵێک بۆ مێژوویەکی نوێی تایبەت بەو دەقە لاوەکییانە دەچنن. لێرەدا دەقی یەکەم هەیە، هەروەها بە دواداچوون (التعليق) هەیە، دیسان بە دواداچوون لەسەر ئەو بەدواداچوونەدا هەیە، بەمجۆرە ئەم کارە تا بێ کۆتایی درێژ دەبێتەوە.. ئەم مێژووە– مێژووی راڤەکردن– ئاڵۆزەو دەبێ جارێکی تر بە رێگەیەکی روون و رەخنەگرانە ئاوێتەی بکەینەوە. رێک لێرەدا لە رادەی گرنگیی مێژوونووس تێدەگەین، مێژوونووس بە مانای پیشەزان و بەمانای تازەی وشەکە، ئێمە دەزانین کارێکی رەخنەیی لەم جۆرە لە پسپۆریی مێژوونووسە نەک پسپۆریی فەیلەسووف، فەیلەسووف لە دواییدا دێت، دێت بۆ ئەوەی بگاتە دەرەنجامە گشتییەکانی کاری مێژوویی و ئەو دەرەنجامە ئەزموونگەرییە هەستپێکراوانە دەربهێنێ کە مێژوونووس پێی گەیشتووە. مەسەلەکە لێرەدا پەیوەندیی بە ئیشکردن هەیە لەسەر چەند دیکیومێنتێکی مێژوویی تەواو دیاریکراو لەسەر چەند دەقێکی کەلەپووریی تەواو دیاریکراو. ئێمە دەبێ گەلاڵەی بکەین و پەرەی پێ بدەین و تەپوتۆزی زەمەنی لەسەر لابەین و دەبێ لە ئاستی ئەودا شوێنێک بگرین و بە تەواوی خۆمان لەسەردەمەکەی خۆمان جیابکەینەوە. وەکو چۆن هەر مێژوونووسێکی پیشەزان ئەم کارە دەکات– بۆ ئەوەی ئاوێزانی ساتەوەختە مێژووییەکەی بین بەو شێوەیەی کە بەر لە پێنج سەد ساڵ یا هەزار ساڵ یان تەنانەت هەزار و چوار سەد ساڵیش هەبووە. دەبێ بارودۆخی ئێستامان لە بیر بکەین بۆ ئەوەی ئەو ساتەوەختە مێژووییە بهێنینە زەینی خۆمان، ئەوسا دەتوانین

ئەو دیکیومێنت و دەقانە ببەستینەوە بە چەند ساتەوەختێکی دیاریکراوی ساتەکانی مێژوو و بە ناوەندە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و بە وەچە جیاوازەکانی مرۆڤ و بە بزاوتە فکرییە جۆراوجۆرەکان کە دەشێ لەو ساتەدا هەبووبن. بۆ ئەمە نموونەی قوتابخانە فیلۆلۆژی (المدارس الفقهیة)یە ئیسلامییەکان دەهێنینەوە لە سوننی و شیعی و خارجی، لە حەنبەلی و جەعفەری و شافعی و مالکی... هتد، ئەم قوتابخانانە یان ئەم مەزهەبانە لە هەمان ئەو ساتە مێژووییەدا هەبوونە و هەمان ئەو کەرەستە کەلتووری و فیکرییانەیان بەکارهێناوە، بەڵام کۆمەڵێ خوێندنەوە و راڤەکاریی جیاوازیان بۆ هەمان ئەو دەقانە و بۆ خودی دەقی قورئانی بەرهەم هێناوە.

سەرجەم ئەو شتانەی باسم کردن کۆمەڵێ پێدراوی مێژوویی پێکدەهێنن کە لەسەر زەویی واقیعدا و لە رووی بابەتییەوە بوونیان هەیە. واتە ئێمە کە ئەم شتانە باس دەکەین، لەلای خۆمان شتێکی تازەمان نەهێناوە. دەبێ ئەم پێدراوە مێژووییانە و ئەم کەرەستە دیکیومێنت و بەکارهێنان و راڤەکردنانە وەکو خۆی و وەک ئەوەی لە راستیدا هەیە روون بکەینەوە بێگومان بە هۆی ئەو میتۆدانەی مێژوونووسی نوێ بەکاریان دەهێنێ، ئەمەش بەر لەوەی فەیلەسووف قسەیان لەسەر بکات لە پێناوی رەخنەگرتنی ئەپستیمۆلۆژی یان تیۆری یان مەعریفی بۆ هەموو ئەو دیکیومێنتانە. کەواتە، میتۆدی من لەم وتەیەدا خۆی دەنوێنێ:

مەسەلەکان لە لای ئێمە، سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی هەر لە کاتی سەرهەڵدانی قورئانەوە روویانداوە، تێکەڵ و پێکەڵ و نارۆشنن.

ئێمەش دەمانەوێ حەقیقەتی مەسەلەکان لە میانی هەموو ئەو تەمومژ و نارۆشنییەوە ببینین کە مێژوویان تەنیوە. لە نێوان موسڵمانان‌دا چەندین جەنگی ئایدیۆلۆژی هەڵگیرساوە، هەموو ئەو جەنگانەش بێگومان بە بەرگی تیۆلۆژیی-لاهوتی داپۆشرابوون تا راستگۆیی و مەشروعیەتیان بە بەردا بکرێ. ژمارەیەکی زۆری قوتابخانە و سیستمی کولتووری دەرکەوتن کە چەندین کتێب و پەیامیان لە پێناوی راڤەکردنی قورئاندا گەڵاڵەکرد. لەو کۆمەڵگایانەی کە ئیسلامیان تیادا بڵاوبووەوە، چەندین پێداویستی و داواکاریی گەورەیان تیا دەرکەوت و لە رێگەی پەنابردنە بەر قورئان و تەئویلی قورئاندا



بە دوای چارەسەری گیروگرفتەکانی خۆیاندا دەگەڕان. هەموو ئەمانەش بارستاییەکی گەورە لە کەڵەکەبوون و لە تێکەڵبوون پێکدەهێنن: مەبەستم تێکەڵەیەکی ئاڵۆز لە دەستپێشکەرییە مێژووییەکان، لە راڤەکردنە ئیسلامییەکان، لە کتێبە مێژووییەکان، لە دیکیومێنت و پەیامە ئایینی و غەیرە ئایینییەکان.. هتد. لە بەرامبەر ئەم تێکەڵە گەورەیەی ئەدەبیاتی ئیسلامیشدا خۆمان بە وێڵ و سەرگەردانی دەبینین و نازانین بە چ جۆرێ رەفتار بکەین و چۆن تێبگەین. دەبینین تا ئەمڕۆش لە کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامییەکاندا چەندین رەوت و تەوژم هەن و هەریەکەیان لە لای خۆیەوە هەوڵدەدا بەپێی بەرژەوەندی و پێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی، قورئان بۆ ناو ریزەکانی خۆی رابکێشێ، رێک وەک ئەوەی لە رابردوودا ئەم کارە دەکرا، کەواتە گرنگترین ئەرکێک کە ئەمڕۆ خراوەتە سەرشانی روناکبیری موسڵمان یان عەرەبی، بەم جۆرەیە: چۆن دەشێ پرۆسەی ئەم روونکردنەوە و رۆشنکردنەوە مێژووییە ئەنجام بدرێ، بەچ جۆرێ دەشێ ئەمڕۆ سەر لە نوێ قورئان بخوێنینەوە، چۆن دەشێ جارێکی تر بیر لەو ئەزموونە مێژووییەی ئیسلام بکەینەوە کە بۆ چواردە سەدە درێژ دەبێتەوە.

**هاشم ساڵح:** تۆش باوەڕت وایە ئەم پرۆسەی رەخنەگرتن و رۆشنکردنەوە مێژووییە، سەبارەت بە موسڵمانانی ئەمڕۆ، بایەخ و گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە، چونکە ئەم پرۆسەیە وزەیەکی رزگاریبەخشی گەورەی تیایە...

**ئارکۆن:** بەڵێ، ئەم پرۆسەیە وزەیەکی رزگاریبەخشی تیایە بەو مانایەی ئەمە رزگارکەری عەقڵەکانە. بۆچی ئەم پرۆسەیە رزگارکەر و پاکژکارە؟ چونکە هەموو جارێک و لە میانی چەندین نموونەی پراکتیکییەوە بارستایی ئەو مەسافەیەمان بۆ دەردەخات کە لە نێوان دەقی دامەزرێنەر (واتە قورئان) و نێوان دەقی راڤەکار و بەرهەمهێنراو لە لایەن موسڵمانەکان، هەیە (بۆ نموونە راڤەکردنی الطبري یان الطبرسي یان غەیری ئەوانیش). ئەو ماوە زەمەنییەی نێوان دەقی قورئان و دەقی راڤەکار لە لایەن موسڵمانەکانەوە نابینرێ و لە راستیدا دانی پێدانەنراوە. تۆ دەزانی من لەوانەکانمدا لە سۆربۆن چەند هەوڵدەدەم ئەم مەسەلەیە بۆ قوتابیان روون بکەمەوە، بۆ قوتابیانی

خـوێندنی باڵا و بۆ توێژەران. (ئاگـایی مـێـژوویی) لە لای ئێـمـە نووسـتـووە و بە ئاگـاهێنانەوەی کـارێکی ئاسـان نیـیـە و بگرە زەحـمـەتیـشـە. (ئاگـایی ئەفسـانەیی نامێژوویی) لە هەموو ئاستەکاندا هەموو گۆڕەپانەکەی داگیرکردووە. من لە دژی تەواوی ئەو سەدانە خەبات دەکەم کە لە کۆمەڵگا ئیسلامی و عەرەبییەکاندا زیندەگی و بزاوتی تیادا وەستابوو. لەم حاڵەتەشدا سەیر نییە ئەم ئەرکە ئەرکێکی سەخت و قورس بێت، هۆیەکەیشی ئەوەیە ئەو بیرۆکەیەی هەژموونی بەسەر سەرانسەری ئاگایی ئیسلامیدا هەیە، بریتییە لە: یەکەم، ئیمکانی ئەوە هەیە قورئان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ڕاڤە بکرێ، بە شێوەیەک کە لەگەڵ ماناو مەبەستەکانی قورئاندا جووت بێت. دووەم، دەشێ ئەو پرەنسیپانەی لە ڕێگەی تەئویلەوە دەرهێنراون، لە هەموو کات و شوێنێکدا پراکیتزە بکرێن. بۆ ئەوەی پتر ئەم خاڵە ڕوون بکەمەوە، ئەم نموونەیەت بۆ دەهێنمەوە: کاتێ (طبري) لە ڕاڤەکردندا ئەو دەستەواژە ناودارە دەنووسێت- (خودای گەورە دەڵێت: ) ئیدی دووخاڵ لەسەر یەکتر دادەنێت- و لە دوای هێنانەوەی هەر ئایەتێکی قورئانیی دیاریکراودا ئەم دەستەواژەیە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە. پاش ئەوە زۆر بە ئاسانی و بە دڵنیاییەوە ڕاڤەکردنی خۆی پێشکەش دەکا بەو سیفەتەی تەفسیرێکی ڕاستەقینەی قسەی خودایە و تەفسیرێکە ڕێک بەو جۆرەی خودا مەبەستی بووە. لێرەدا (طبري) بە هیچ جۆرێ ئاگای لەوە نییە ئەو تەفسیرەی ئەو پێشکەشی دەکات پەیوەستە بە جۆری کولتوورەکەی و بە پێداویستیی کۆمەڵگاکەی (لە سەدەی سێیەمی کۆچی) و هەروەها پەیوەستە بەو شوێنگە ئایدیۆلۆژی و عەقائیدییەی (واتە مەزهەبییەی) کە هەر خۆی وەک فەقیهێکی کۆششکار وەریگرتووە. (طبري) هەموو ئەو مەسەلە و کێشانە نابینێ و لەبەر چاوی ناگرێ، لەبەر ئەوە دەتوانێ بە هەموو بەرائەتێکی عەقڵییەوە بڵێت: (خودای گەورە دەڵێت: ) و دوو خاڵ لەسەر یەکدی دادەنێ و پاشان تەفسیرێکی «ڕاست و دروست» پێشکەش دەکا کە لەگەڵ قسەی خودا جووت و گونجاوە! ئەو بە فێڵزانی ئەمە ناکات بەڵکو هەر بە تەواوی باوەڕی بەو قسانەی خۆی هەیە. ئەو باوەڕی وابوو توانای ئەوەی هەیە قسەی خودا، بە هەموو ماناو مەبەستەکانیەوە، بە شێوەیەکی تەواو و ڕاست و دروست ڕاڤە بکات. ئەمە لە کاتێکدا مێژوونووسی نوێ ئەمڕۆ سەیری



سەرجەم چەرخی تەبەڕی دەکا و بە ڕەهەندێکی گونجاوەوە دەیبینێ و هەموو ئەو کتێب و مەعریفانە دەبینێ کە ئەوسا لە کتێبخانەی عەرەبی- ئیسلامیدا لەبەر دەست بوون و سەرجەمی ئەو میتۆدانە دەبینێ کە لە ڕاڤە کردندا باوبوون، ئەو مێژوونووسە نوێیە دەتوانێ ئەو مەسافە مەعنەوییە ببینێ کە ساتەوەختی قورئان لە ساتەوەختی تەبەڕی جیا دەکاتەوە. هەروەها دەتوانێ هەموو ڕاڤەکردنێک و هەموو دەستپێشکەرییەکی تەئویلی لە شوێنی کولتووریی لایقی خۆی و لە شوێنی ئەپیستیمۆلۆژیی ڕەخنەیی خۆی دابنێ. بێگومان هەموو ئەو ئەدەبیاتە ڕاڤەکاری و تەئویلییە لە لایەن عەقڵی بەشەرییەوە بەرهەم هێنراون و ئیدی دەبێ تیشکی میتۆدییانەی خۆمان بخەینە سەر ئەو عەقڵە بۆ ئەوەی لە میکانیزم و لە پێکهاتەکەی تێبگەین. بەڵام دەبێ لێرەدا ئەوە بزانین کە ئەو عەقڵە عەقڵێکی پلورالیستی- فرەیی بووە چونکە هەر قوتابخانەیەک یان هەر مەزهەبێک پشتی بەڕستێ باوەڕی نەگۆڕ و بە مەرجەعیاتی ڕۆشنبیری بەستبوو کەوا لە عەقڵ دەکات لەناو چوارچێوەیەکی سنوور بۆ کێشراو و دیسپلین کراودا کاربکات و پرۆسەی میکانیزمەکەی بکات...

**هاشم سالح:** تۆ پێشتر ئەمەت بە (عەقڵی ئیسلامی) ناوبردووە و خاسیەتە بنچینەییەکانیت لە کتێبی «ڕەخنە لە عەقڵی ئیسلامی» دیاری کردووە کە من ئەم کتێبەم بە ناوونیشانی «مێژووگەرایی عەقڵی عەرەبی ئیسلامی»[٢] وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. گەڵاڵەکردنی ئەم چەمکەش لە میانی ئیمامی شافعی و پەیامەکەیدا تەواوبووە...

**ئارکۆن:** بەڵێ، من ئەمەم بە عەقڵی ئیسلامی ناوبردووە. بۆچی ئەمە ئیسلامییە؟ لەبەر ئەوەی هەمیشە بەرەو هەمان ئەسڵ (یان ئوسوڵ) دەڕوات، بەرەو هەمان سەروەریی باڵا یان دەسەڵاتی باڵا و مەرجەعیەت. بەڵام تۆ لە بیرتە پاش ئەوەی ئەمەم گەڵاڵەکرد، کردم بە چەند لقێک و باسی چەند عەقڵێکی ئیسلامیم کرد، واتە عەقڵە ئیسلامییەکان (بە کۆ) نەک یەک عەقڵی ئیسلامی، ئەمە عەقڵێکی فرەیی و هەمەچەشنە چونکە پشت بە چەندین چەشن (نمط)ی مەرجەعیات و سیادەی کەلتووری دەبەستێ...

**هاشم سالح:** بەڵێ. بەڵام تۆ ئەوەش دەڵێی کە ئەم عەقڵە ئیسلامییانە لەگەڵ فرەیی و جیاوازییەکانیان. لە رووی ئەپیستیمۆلۆژییەوە هەر یەک عەقڵە (واتە لە رووی قووڵایی و مەعریفییەوە) بەو مانایەی ئەو عەقڵە ئیسلامییانە دەچنە سەر هەمان سیستمی فیکری (المنظومة الفكرية) system de pensee یان ئەوەی کە میشێل فوکۆ بە ئەپستیم episteme ناوی دەبات.

**ئارکۆن:** وایە. کاتێ هەموو ئەو عەقڵە جیاوازانە بەراورد دەکەین، مەبەستم: عەقڵی قوتابخانە ئیسلامییە جیاوازەکانی وەک عەقڵی سۆفیگەری، عەقڵی موعتەزیلە، عەقڵی ئیسماعیلی، عەقڵی فەیلەسووفان،عەقڵی حەنبەلییەکان، عەقڵی شیعە،...هتد، دەبینین ئەمانە لە کۆمەڵێ مەجرەیات و موسەلەماتی ساتەوەختی دەرپەڕینیاندا جیاوازن. کاتێکیش سەیری مێژوو دەکەین دەبینین ئەو عەقڵانە بەردەوام لە کێشە و ململانێ و شەڕدا بوون. بەڵام کاتێکیش شیکردنەوەکەمان قووڵتر دەکەینەوە و سەیری پشتەوەی توێژی رووکەش و ناکۆکییەکانیان دەکەین، دەبینین ئەم عەقڵانە چەندین رەگەزی بنچینەیی هاوبەش لەخۆدەگرن، ئەو رەگەزە هاوبەشانە رێی ئەوەمان بۆ دەکەنەوە کە باسی بوونی عەقڵی ئیسلامی بکەین (بەتاک). واتە ئەو عەقڵە ئیسلامییە هەموو عەقڵە جیاوازەکان دیودەرە دەکاو هەموویان دەگرێتەوە. رەگەزە هاوبەشەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

١- ملکەچیی گشت ئەو عەقڵانە بۆ سرووشی پێدراو (الوحي المعطي)* یان بۆ پێدراوی سرووش Le donne revele

**هاشم سالح:** لەوانە عەقڵی موعتەزیلە و عەقڵی فەیلەسووفانیش؟

**ئارکۆن:** بەڵێ، لەوانە عەقڵی موعتەزیلە وعەقڵی فەیلەسووفانیش، هەموویان ملکەچی سرووشی پێدراون بەبێ دەرهاویشتە. بێگومان لێرەدا چەند شێوەیەکی ملکەچی هەیە کە دەشێ جیاواز و هەمە جۆر بن. هەموو ئەو عەقڵە ئیسلامییانە رازین

(*) مەبەست لە «پێدراوی سرووش»: قورئانە، کە ئەسڵی دامەزرێنەری گشت کەلەپووری ئیسلامییە. بڕوانە: (محمد اركون، معارك من أجل الأنسنة في السياقات الاسلامية، ترجمة وتعليق: هاشم صالح، دار السياقي ط١-٢٠٠١، ص٥٦و٦٨)

**«وەرگێڕی کوردی»**



بەوەی تەنها لە ناو سنووری ئەو مەعریفەیەدا رۆڵی خۆیان پرۆسە بکەن کە سرووشی پێدراو (واتە سرووشی قورئانی) سەپاندوویەتی. سرووشی پێدراو بەرزترین پلەیە چونکە سەبارەت بە هەموو ئەو عەقڵانە سیفەتی بڵندگەرایی ترانسندێنتالی La transendance وەردەگرێ کە مرۆڤ و مێژوو و کۆمەڵگا تێدەپەڕێنێ. ئەمەیە خاسیەتی هاوبەشی یەکەم کە هەموو عەقڵە ئیسلامییەکانی لە سوننی و شیعی و موعتەزیلی و فەلسەفی و سۆفیگەری کۆنترۆڵ کردووە.. ٢- خاسیەتی هاوبەشی دووەم بریتییە لە: رێزگرتنی سیادە و هەیبەت و پێشکەشکردنی تاعەت بۆیان. ئەمە چی دەگەیەنێت؟ ئەمە مانای وایە لە هەموو قوتابخانەیەک و لە هەموو مەزهەبێکدا چەند ئیمامێکی کۆششکار (مجتهد) هەن، ئەم ئیمامە کۆششکارانە لە بریی دەسەڵاتە باڵاکان (السيادات العليا) دادەنرێن کە شوێنی گفتوگۆکردن نین، ئەمە جگە لەوەی کە لە مەزهەبێکەوە بۆ مەزهەبێکی تر یان لە تایفەیەکەوە بۆ تایفەیەکی تر کۆمەڵێک جیاوازییان لە نێویەکدا هەیە و کۆمەڵێک جیاوازی لە نێو ئیمامەکانیاندا هەیە. ئیمامەکانی ئەم مەزهەبە لە لای لایەنگرانی مەزهەبەکەی تر قبووڵکراو نین، پێچەوانەکەیشی هەروایە. ئەم ئیمامە کۆششکارانە کۆمەڵێ رێسایان دیاری کردووە سەبارەت بەو میتۆدەی کە دەبێ پەیڕەوی بکرێ لە پێناوی راڤەکردنی قورئان بە شێوەیەکی «راست و دروست»، ئینجا لە پێناوی دەرکێشانی ئەحکامە شەرعییەکان بە پێی ئەو راڤەکردنە. ئەو دەسەڵاتە کاریزمییە پاشان لە کەسایەتیی سەرکردەی مەزهەبەکان یان لە کەسایەتیی دامەزرێنەرانی ئەو مەزهەبانەدا بەرجەستە بوونە، بۆ نموونە کەسایەتیی وەکو ئیبن حەنبەل، شافعی، ئەبو حەنیفە، مالک، جەعفەر ئەلسادق... هتد.

ئەو عەقڵە ئیسلامییانەی پێشتر باسمان کردن لە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتە کاریزمییانەدا دەچەمێنەوە سا بە زۆرە ملێ بێت یان بەرازیبوون، هەروەها بەبێ هیچ گفتوگۆیەک قسەکانیان وەردەگیرێ چونکە لە لایەن ئیمامەکانەوە وتراون، لە لایەن ئەو عەقڵەوە کە بەرەو رێگەی راستیان دەبەن.

٣- خاسیەتی هاوبەشی سێیەمی نێوان عەقڵە ئیسلامییەکان (یان مەزهەبە

ئیسلامیییەکان) بریتییە لەوەی لێرەدا عەقڵ لە میانی وێناکردنێکی دیاریکراوەوە لە بارەی دنیاو گەردوون، پرۆسەی رۆڵ و میکانیزمی خۆی دەکات. ئەم وێناکردنەش تایبەتە بە سەدەکانی ناوەڕاست. ئەم وێناکردنە بە درێژایی چەندین سەدە عەقڵی ئیسلامی و مەسیحیی کۆنترۆڵ کردبوو: واتە تا سەردەمی سەرهەڵدانی زانستی نوێی فەلەک L Astronomie moderne. لە راستیدا زانستی نوێی فەلەک بوو کە بە تەواوی تێڕوانین و وێنای ئێمەیان لە بارەی گەردوونەوە گۆڕی.

**هاشم سالح:** مەبەستت لە زانستی نوێی فەلەک لە گالیلۆوە؟

**ئارکۆن:** بەڵێ، لە گالیلۆ و لابلاسەوە. بەر لەمان بەشەرییەت لەسەر وێناکردنەکانی زانستی فەلەکیی تەقلیدی و تەجریدیی بەتلیمۆس و ئەرستۆدا دەژیا. وەک دەزانرێ زانستی کۆنی فەلەک رێگەمان نادات گۆشەنیگای عەقڵ لە بارەی بونیادی گەردوون و ئەو گرفتانەی بونیادی گەردوون دەیانخاتەڕوو، فراوان ببێتەوە. هەروەها عەقڵی ماتماتیکی مەرجەکانی عەقلانییەت و تواناکانی عەقڵ و عەقلانییەتی راست کردەوە. هەمان مەسەلەش سەبارەت بەو پێشکەوتنە مەعریفییەی کە بایۆلۆژیای نوێ هێنایە پێش و لە دوای سەدەی شانزەیەمەوە سەری هەڵدا. ئاشکرایە کە بایۆلۆژیای نوێ جیاوازییەکی رەگوریشەیی لەگەڵ بایۆلۆژیای کۆندا هەیە، پرۆسەی ئەزموونکاری لەسەر جەستەی مرۆڤ لە لایەن کلێسەوە قەدەغە کرابوو یانیش زۆر سنووردار بوو، بۆ نموونە ئەوروپییەکان نەیاندەوێرا کەللەسەری مرۆڤ توێکاری (ئەناتۆمی) بکەن لە ترسی ئەوەی گوناهێک ئەنجام نەدەن، ئەم کارە درەنگ دەستی پێکرا.

کەواتە هەموو ئەو خاسیەتە گەورانە چوارچێوەی گشتیی عەقڵی سەدەکانی ناوەڕاست پێکدەهێنن و هەروەها ئەو سنوورە چەسپیوانە پێکدەهێنن کە مومکین نییە بەزێنرێن. لەبەر ئەم هۆیە دەتوانین قسە لەسەر بوونی ئەوە بکەین کە بە فەزای عەقڵیی سەدەکانی ناوەڕاست Lespace mental medieval ناوی دەبەین ئەوەی کە بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست دنیای مەسیحی و ئیسلام دەگرێتەوە کە دەتوانین بڵێین لە خۆرئاوا تەواوبووە، بەڵام لە لای ئێمە تا ئێستاش تەواو نەبووە. هەموو ئەو شتانەش کۆمەڵێ پێدراوی مێژوویی هەستپێکراو دەنوێنن و کاتێکیش من ئەم شتانەت بۆ



دەخەمەڕوو هیچ شتێکی تازەم لە لای خۆمەوە نەهێناوە. مەبەستم لە پێدراوە مێژووییەکان ئەو شتانەن کە پەیوەستن بەو رووداوە زانستی و بەو رووداوە فیکرییانەی لە ساتەوەختێکی دیاریکراوی ساتەوەختەکانی مێژوودا روویانداوە و پاشان چەند فەزایەکی نوێیان خوڵقاندووە کە دواتر عەقڵ ئیشیان لە ناودا دەکات و بە ناویاندا گەشت دەکا. من ئەمە دەڵێم و هێشتا نەگەیشتوومەتە قۆناغی هەڵسەنگاندنی فەلسەفی یان رەخنەگرتنی فەلسەفی. من ئەو شتانە باس دەکەم کە لە مێژوودا (لە مێژووی مەعریفەدا) روویانداوە، ئەمە تەنها وەسفێکە و هیچی تر. کەواتە، ئەو میتۆدەی جەختی لەسەر دەکەم و پێ لەسەر پێویستبوون و گرنگیی دادەگرم، لەم قسەیەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێ: بەر لەوەی دەست بە رەخنەیەکی فەلسەفییانەی ئەم عەقڵ و ئەو کەلەپوورە بکەین، دەبێ دەست بە روونکردنەوەی ئەو کەلەپوورە بکەین و بە شێوەیەکی راست و دروست بیخوێنینەوە، بە تایبەتی ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە کەلەپوورێکی کولتووری و عەقڵیی زۆر دەوڵەمەندی وەک کەلەپووری عەرەبی- ئیسلامی. ئەم کەلەپوورە نەخوێنراوەتەوە و بە مانای تازەی وشەی لێکۆڵینەوە لێی نەکۆڵراوەتەوە، بەڵکو ئەم کەلەپوورە بەرهەمێکی قەبە پێکدەهێنێ کە تا ئێستاش وەکو خۆی ناناسین و حەقیقەتەکەی نازانین: ژمارەیەکی زۆری دەستنووس هەن تا ئێستا ساغ نەکراونەتەوە، ئەوەیشی ساغکراوەتەوە، بە رێگەیەکی فیلۆلۆژیی مێژوویی زانراو ئەنجام نەدراوە. کەواتە ئەم پروسەیە رابردوو دەگرێتەوە و تەرکیز دەکاتە سەر رۆشنکردنەوەی رابردوو و پاشان ئەمە دەچێتە ناو بازنەی پسپۆریی مێژوونووسی پیشەزانانەوە (محترف) نەک فەیلەسووف.

بەڵام کاتێ مێژوونووس پرۆسەی پیشەکەی خۆی دەکا، دەکەوێتە بەرامبەر کۆمەڵێ گرفت و رێگرەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی زۆر کەس بۆی دەچن، مەبەستم ئەو کەسانەیە وێنەیەکی تەقلیدییان لە بارەی زانستی مێژوو و مێژوونووسانەوە هەیە. ئێستا مێژوونووس تەنها بەوەسفکردن واز ناهێنێ و تەنها لەسەر گێڕانەوەیەکی یەک بە دوای یەکی زەمەنیدا ناوەستێ، تەنها بەوەندە ناوەستێ ئەو گوتانە بگوازێتەوە کە لە دەقە کۆنەکاندا هەن، واتە گواستنەوەی گوتراوی دەقە دێرینەکان لە زمانێکی کۆنی

کـەلەپوورییـەوە بۆ زمـانێـکی نوێ و تەنانەت بۆ زمـانێـکی بیـانیی وەک فـەڕەنسی و ئینگلیزی وەک خۆرهەڵاتناسەکان ئەمە دەکەن.

من ئـەمـە بە مـێـژووی وەسـفی ناو دەبەم: واتە مـێـژووی گـواسـتـنەوەی هەواڵ و گێڕانەوەکان وەک ئەوەی لە رابردوودا لە لای عـەرەب و مـوسڵـمانەکاندا پرۆسـەکراوە. ئەمـەش بە مـێژووی تەقلیدیی گـێڕەرەوە ناو دەبەم. ئەمـە مـیـتـۆدی من نییـە هەروەکـو مـیـتـۆدی زانسـتی نوێی مـێـژووش نیـیـە وەک ئەوەی قـوتابخـانەی ساڵانەی فـەڕەنسی (حەولیـات)* پرۆسـەی کـردووە یان وەک ئەوەی ئێـسـتـا لە لای تـوێژەرە پێـشـەنگەکـان پرۆسە دەکرێ. مێژوونووسی نوێ کاتێ هەواڵ و رووداوەکـانی رابردوو دەخوێنێـتەوە و دەیانپشکنێ لەراستیدا جارێکی تر سیسـتـمی فـیکریی تەواوی قۆناغێکی مێژوویی پێکدەهێنێتەوە و جارێکی تر بە سەرجەم هێڵ و تەوەر و سنوورە گشتییەکانیەوە لە ناو بازنەی رووناکیدا دەریدەخاتەوە.

بە مانایەکی تر- بێگومان لێرەدا وەسفی میتۆدێتی خۆم دەکـەم- کاتێ کـتێبێـک لە بارەی فیلۆلۆژیا (علم الفقة) یان عیلمی کەلام** دەخوێنمەوە، دەمودەست پرسیـار لەو پەیوەندییانە دەکـەم کە لە نێوان بیری تیـۆلۆژیی دانەر و لە نێوان وێنا و تێگەیشـتنی زمانەوانیی باوی سەردەمەکەیدا هەیە. کاتێکیش ئەو پەیوەندییـانە دەدۆزمەوە دەتوانم جۆری ئەو پەیوەسـتـانە دیاری بکەم کـە لە نێـوان بـیـری لاهوتیی دانەر و وێناکـردنی بۆ زمان، هەیە. من ئەم پرسیارە دەخەمەڕوو: سەبارەت بەو، زمان چی دەگەیەنێ؟ پاشان دەگوازمەوە بۆ قۆناغی دووەم بۆ ئەوەی ئەوە ببینم کە ئایا وێناکردنەکانی ئەم دانەرە لە زانستی رەوانبێژیدا چییە؟ رەوانبێژی لە لای ئەو چ مانایەکی هەبووە؟ بۆ نموونە وێنای ئەو بۆ میـتافۆر- مەجاز چی بوو؟ ئێمە دەزانین میتافۆر یەکێکە لە ئامرازە ناودارەکانی رەوانبـێـژی. وێنای بۆ ئەو مـیـتـافـۆرە چیـبـوو کـە لە زمـانی لاهوتی -تیـۆلۆژیدا بەکارهێنراوە؟ ئایا بەسیفـەتی مـەجاز سـەیری کردووە یان بەسـیفـەتی راستی؟ ئەمـە پرسیارکردنێکی یەکلاکەرەوەیە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنمان و سەبارەت بە دیاریکردنی جۆری ئەو سیستمە فیکرییەی ئینتیمای بۆ دەکا، ئاخۆ ئەوە سیستمێکی فیکریی نوێیە یاخود سیستمی فیکری سەدەکانی ناوەڕاست.. هەروەها پرسیار لەوەش دەکەم ماهیەتی وێنای ئەو بۆ زانسـتی مـێـژوو چی بووە؟ بۆ نموونە چۆن مـێـژووی دەنووسـیـیـەوە؟ وەک دەزانرێ دانەر لەو سەردەمەدا فـیلۆلۆژیست و زمـانزان (زمـانەوانی) و مـێـژوونووس و راڤەکار بوو... هتد، چۆن وێنای مەعریفەی رابردووی دەکرد؟ یان چ رێگەیەکی بۆ زانینی رابردوو دەگرتە پێش؟ بەکورتی من تەماشای سەرجەمی ئەو زانیاری و مەعریفانە دەکەم کە لە زەمـەنی ئەو دانەرەدا باوبوون نـەک تەنها تەمـاشای یەک زانست بکـەم (بۆ نموونە زانسـتی فـیقـە-فـیلۆلۆژیا، کە لێـرەدا مـەسـەلەکە پەیوەسـتە بە فـیلۆلۆژیست) نا، من تەماشای سەرجەمی زانستەکان دەکەم و پاشان ئەو سیستەمە فیکرییە ئاوێتە دەکەمەوە کە لە زەمەنی خۆیدا باوبووە و بەو شێوەیەی کە رێگەم دەدا لەرووی ئیپستیمۆلۆژی و مەعرفییەوە کارە تیۆلۆژییەکەی لە شوێنی خۆیدا دابنێم. مەبەستم ئەوەیە جارێکی تر و سـەرلەنوێ کـارە تیـۆلۆژییـەکـەی هەڵسـەنگێنم بە بەراورد لەگەڵ ئەو چەشنە مـەعـریفـە باوانەی لە سـەردەمەکـەی خۆیدا هەبوون و هەروەها ئەو ئامـرازە مـەعـریفـیـیـە باوانەی لەوکـاتەدا هەبوون. بەمـجۆرە وردە وردە دەگـەمـە دۆزینەوەی سنوورەکـانی ئەو مـەعـریفـە باوەی لەو چەرخەدا هەبووە و هەروەها تواناکانی ئەو مەعریفەیەی کە دانەر نەیتوانیوە لە سنوورەکانی دەربچێ.

---

(*) قـوتابخـانەی ساڵانەی فـەڕەنسی (مدرسة الحوليات الفرنسية) Les annales بریتییـە لە شۆڕشێکی ئیپیستیمۆلۆژی لەبواری نووسینی مێژوو و زانستی نوێی مێژوو لە فەڕەنسەدا. لە ساڵی (١٩٢٩) لوسیان فیڤەر و مارک بلۆک ئەم قوتابخانەیەیان دامەزراند و گۆڤارێکی ساڵانەیان بەو ناوە دەردەکرد کە تا ئەمڕۆش بەردەوام دەردەچێت. لەپاش ئەوان کۆمەڵێ مێژوونووس و بیرمەندی دیکە ئەو قـوتابخـانەیەیان بەڕێوە بردووە، وەک: فـیـرنـان برۆدێل، جۆرج دوبێ، جـاک لۆگـۆف، ئیـمـانۆیل لوروا لادۆرێ، فرانسوا فوریەو...هتد. ئەم قوتابخانەیە کـاریگەریی لەسەر کـاری مێژوونووسیی ژاپۆن و ئەمریکاو رووسیاو وڵاتانی دیکەشدا هەبووە، کە دواتر لەسەر دەستی ئەمانەدا «زانستی مێژوو» بوو بە دایکی سەرجەم زانستە مرۆڤایەتییەکان. بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە: (محمد اركون، الاسلام- اوروبا-الغـرب، ترجـمـة: هاشم صـالح، دار السـاقي-ط١-١٩٩٥ص٢٣٨).

**«وەرگێڕی کوردی»**

(**) زانستی کەلام یان کەلامناسی (علم الكلام)، بەرامبەر بە زانستی لاهوت (تیۆلۆژیا)یە لەلای مەسیـحییەکـان. زانستی کەلام تایبەتە بە دیراسەکردنی ئاخاوتنی خودای گەورە. بڕوانە: (محمد اركون، معـارك من اجل الأنسنة في السـياقات الاسلامـية، ترجمة وتعليق: هاشم صالح، ط١- ٢٠٠١-ص٥٦).

**«وەرگێڕی کوردی»**

بەمجۆرە دەبینی میتۆدی من زۆر جیاوازە لەمیتۆدی مێژووی تەقلیدیی فیکرەکان (L histoire traditionnelle des idees) ئەو میتۆدە بەدرێژایی سەدەکانی رابردوو باوبووە و تا ئەمڕۆش خۆرهەڵاتناسەکان لە لێکۆڵینەوەی مێژووی ئیسلامیدا ئەو میتۆدە دەگرنەبەر. ئەو میتۆدە بریتییە لەخستنەڕووی بیرە تیۆلۆژییەکان لەسەرەتای سەرهەڵدانی یەکەمییەوە تا ئەمڕۆ، خۆ ئەگەر بیەوێ لە فیلۆلۆژیستێک بکۆڵێتەوە یان تەنانەت لەسەرجەمی فیلۆلۆژیا بکۆڵێتەوە، ئەوا بەشێوەی هێڵێکی زەمەنیی بەدوای یەکداهاتوو هەر لەسەردەمە کۆنەکانەوە تا سەردەمە نوێیەکان لێی دەکۆڵێتەوە. لێرەدا چەندین کتێبی قوتابخانەیی هەیە لەبارەی زانستی لاهووت (تیۆلۆژیا)و لەبارەی فەلسەفە، بەهەمان شێوە کاریان کردووەو هەر بەو جۆرە نووسراونەتەوە، کاتێکیش مرۆڤ دەیانخوێنێتەوە وا هەست دەکا لەو کتێبانەوە شارەزایی لە سەرجەمی تیۆلۆژیا یان لە سەرجەمی فەلسەفە پەیدا کردووەو هەست بە پەیوەستکارییەکی بەردەوام و پلە بەپلەیی زەمەنی دەکات. دەشێ ئەمە بە «میتۆدی ستوونی» ناو ببەین. بەڵام میتۆدەکەی من بریتییە لە میتۆدێکی ئاسۆیی یان بڵێ بریتییە لە میتۆدێکی ئاسۆیی و ستوونی لە یەک کاتدا، واتە میتۆدەکەی من هاوکات ئاسۆیی و ستوونیشە. میتۆدی ستوونیی تەقلیدی، بۆ نموونە لە ئەرستۆوە دەست پێدەکاو لە بێرگسۆن یان لە سارتەردا تەواو دەبێ و... بەمجۆرە. واتە ئەمە حیکایەتی هێڵی پێکەوە بەستراوی فەلسەفە دەگێڕێتەوە بێئەوەی سەیری ئەو پەیوەندییانە بکات کە لە نێوان پرۆسەی هەر دانەرێک (یان هەر فەیلەسوفێک) بۆ فەلسەفە و نێوان سەرجەمی ئەو زانیاری و سیستەمە مەعریفییانەدا هەیە کە لە سەردەمەکەی خۆیدا باوبوونەو دەشێ ئاگاداریان بێت یاخود ئاگاداریان نەبێت. دەبێ ئەو راستییە لەبەرچاو بگرین کە دەشێ دانەر ئاگاداری هەموو زانستەکانی سەردەمەکەی خۆی نەبێت یان گرنگی بە هەموو زانستەکانی سەردەمی خۆی نەدات. سا ئەگەر گرنگییان پێنەدات ئەوا ئەم کارە بەزەروورەت سنوور بۆ بیرە تایبەتییەکەی دادەنێ لەو بوارەی ئیشی تیادا دەکات. کەواتە گشت ئەو میتۆدو توێژینەوانەی بەخێرایی خستمە بەرامبەرت، ئەمڕۆکە رێگەی نووسینەوەی مێژووی فیکر پێکدەهێنن[٣].

لێرەدا خاڵێکی دیکە هەیە حەزدەکەم باسی بکەم. من قسە لەسەر مێژووی فیکری



عەرەبی -ئیسلامی دەکەم و وەک دەشزانیت من لە بنەڕەتدا مامۆستای مێژووی فیکری ئیسلامیم لە سۆربۆن. من هەر بەتەنها مامۆستای مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی نیم، هەروەها بە تەنها مامۆستای مێژووی فیلۆلۆژیا و یاسای ئیسلامی و مێژووی زانستی کەلام و مێژووی تەفسیر نیم... هتد، من هاوکات مامۆستای هەموو ئەو شتانەم. بەمانایەکی وردتر، من دەرسی ئەو (پەیوەندییانە) دەڵێمەوە کە هەموو ئەو زانستانە بەیەکەوە پەیوەست دەکا پتر لەوەی دەرسی خودی زانستەکان بڵێمەوە. بێگومان دەکرێ مێژووی هەر یەکێ لەو زانستانە بڵێینەوە و دەشبێ وانەی ئەو مێژووانە بڵێینەوە، بەڵام ئەو ئەرکەی پێشتریش بە ئەندازەیەکی زۆر پێم لەسەر داگرتووە بایەخێکی گەورەتری هەیە، گومانیشی تیانییە ئەو ئەرکە لەلای توێژەر قورستر و زەحمەتترە.

لەگشت ئەو زانستانەشدا عەقڵ دێتە ناوەوەو پرۆسەی کارەکەی خۆی دەکا، بەڵام لێرەدا وشەی عەقڵ هەر بەتەنها خۆی بەس نییە، چونکە عەقڵ سیفەتێکە یان رەگەزێکە لەناو رستێ رەگەزی تردا کە فیکر بەکاریان دەهێنێ. لەبەر ئەم هۆیە کاتێ دەڵێم من وانەی مێژووی فیکری ئیسلامی دەڵێمەوەو لەبواری مێژووی فیکری ئیسلامیدا ئیش دەکەم، وام پێ باشترە وشەی فیکر بەکار بهێنم، واتە وشەی فیکرم لە وشەی عەقڵ پێ باشترە، لەبەرئەوەی وشەی فیکر فراوانترەو سێ رەگەزی سەرەکی لەخۆ دەگرێ کە ئەمانەن:

١- عەقڵ خۆی، کە تائێستا هەموو ئیمتیازێکی بەرکەوتووەو تەرکیزێکی زیاتری لەلایەن توێژەران لەسەرە. عەقڵ لە هەموو بەرهەمهێنراوە زانستی و رۆشنبیرییەکاندا کاردەکا.

٢- بەڵام لێرەدا (خەیاڵ)یش هەیە. L'imagination

٣- لێرەدا (یادەوەری)یش هەیە. La memoire

ئەمانە دوو رەگەزن مومکین نییە لە عەقڵ جودا بکرێنەوە کاتێ عەقڵ ئیشدەکاو پرۆسەی کرداری خۆی دەکا. عەقڵ پێویستیی بە یادەوەری هەیە، هەروەکو عەقڵ پێویستیی بە خەیاڵیش هەیەو ناتوانێ لێی جیابێتەوە یان لەو وێناکردنە جیابێتەوە کە

دەشێ خەیاڵ پێشکەش بە عەقڵی بکات لەپێناوی متوربەکردنی کارەکەی و شێدارکردنی کەشوهەواکەی.

کەواتە، لە هەمانکاتدا بوارێکی کراوەشمان لەبەردەمدایە بۆ لێکۆڵینەوەی بونیادی رۆحی بەشەری بەرێگەیەکی سایکۆلۆژی:

واتە لێکۆڵینەوەی شێوەی ئیشکردن و میکانیزمی رۆحی بەشەری لەو چرکەساتەی داهێنەر تیایدا کارەکانی بەرهەم دێنێ، سا ئەو داهێنەرە فەیلەسووف بێ یان ئەدیب بێ یان هونەرمەند... ئێستا نمونەی (الحسن البصري) دەهێنمەوە. ئایا دەشێ بڵێین (الحسن البصري) عەقڵێکی پەتیی بەکاردەهێنا بەدابڕاوی لە هەموو پەیوەندییەک بەخەیاڵەوە، خودی خەیاڵی خۆی؟ یان بە دابڕاوی لە یادەوەریی خۆی؟ بێگومان نا. چ شتێک یادەوەریی ئەوی پڕ دەکردەوە؟ ئەو مەعریفە پێشترانە کامانەن کە دێن بۆ ئەوەی یادەوەریی پڕ بکەنەوە، کە دێن بۆ ئەوەی ئەو رەگەزانە پێشکەش بە عەقڵ، خودی عەقڵی خۆی، بکەن کە ئیشیان لەسەردەکا؟ ئەمانە جۆری ئەو پرسیارانەن کە دەبێ دەروونشیکاری، لەمیانی لێکۆڵینەوە لە بونیادی فیکردا، وەڵامیان بداتەوەو پاشان یارمەتیی هەڵسەنگاندنی ئەو کارە بدات کە هەموو بیرمەندێ بەرهەمی دێنێ. ئەمەش هەروەها بووە بە ماددەیەک بۆ مێژوو نەک بۆ بیرکردنەوەی موجەرەد. ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ کە: چەمکی عەقڵ مێژوویەکی هەیە. ئەو عەقڵەی (الحسن البصري) بەکاری دەهێنا هەمان ئەو عەقڵە نییە کە (ئیبن خەلدوون) بەکاری دەهێنا، هەروەها ئەو عەقڵەی ئیبن خەلدوون بەکاری دەهێنا هەمان ئەو عەقڵە نییە کە (محەممەد عەبدە) بەکاری هێناوە. هەر بەوشێوەیە ئەو عەقڵەی محەممەد عەبدە بەکاری دەهێنا هەمان ئەو عەقڵە نییە کە (طە حسین) بەکاری هێناوە. عەقڵی تەها حوسێنیش هەمان ئەو عەقڵە نییە کە ئەمڕۆکە من بەکاری دەهێنم. عەقڵ شتێکی موجەرەد نییە لە هەوادا گرمۆڵە بووبێ بەڵکو شتێکی هەستپێکراوەو بە باشی چوارچێوەکراوە. عەقڵ جەوهەرێکی جێگیرو نەگۆڕ نییە کە لە هەموو مێژوویەک و لە هەموو مەرجدارێک دەرچێ. عەقڵیش مێژوویێتیی خۆی هەیە. هەر یەکێ لەو عەقڵە ناوبراوانەش پەیوەستە بە قۆناغێکی دیاریکراوی قۆناغەکانی مێژوو بەهەموو پێدراو و بە هەموو کەرەستە و ئامرازەکانیەوە.



عەقڵ پەیوەستە بەژینگەو کۆمەڵگەو دۆخی پەرەسەندنی ئەو سیستەمە کولتووری و مەعریفییە باوانەی لە زەمەنی هەر بیریارێکدا هەن. بیریار یان بیرمەند بە قەدەر ئەوەی ئازادە بەقەدەر ئەوەش مەرجدارە یان مەرجی بۆ دانراوە (مشروط). بیرمەند بەزەرورەت ئاگای لە سەرجەمی زانیاری و مەعریفەکان (واتە سەرجەمی عەقلانییەکان) نییە کە لەزەمەنەکەی خۆیدا باون. بۆ نمونە محەممەد عەبدە ئاگای لە عەقڵی پۆزەتیڤیزمی مێژوویی نەبوو کە لە سەدەی نۆزدەدا ئەوروپای گرتبۆوە (لێرەدا وشەی عەقڵ بەمانای میتۆد دێ، «میتۆد» بەمانای وردو بەهێزی وشەکە).

**هاشم ساڵح:** مەبەستت ئەو عەقڵەیە کە تا ئەمڕۆش خۆرهەڵاتناسەکان بەکاری دەهێنن؟

**ئارکۆن:** بەڵێ. ئەو عەقڵەی لەسەر میتۆدی فیلۆلۆژی[٤] چەقی بەستووە. بۆ نمونە محەممەد عەبدە کە لەگەڵ ئەرنست رینان چووە ناو مونازەرەو گفتوگۆوە، ئاگای لەو عەقڵە فیلۆلۆژییە نەبوو کە رینان بەکاری دەهێنا، چونکە هیچ شتێکی لەبارەی میتۆدەکانی ئەو عەقڵە فیلۆلۆژییەو میکانیزم و کەرەستەو شێوازەکانی کارکردنی نەدەزانی، ئیدی نەیدەتوانی لەو ئاستەی ریناندا بچێتە ناو گفتوگۆ و مونازەرەیەکی فیکرییەوە. رینانیش ئاگای لەو خەیاڵە ئایینییە یان خەیاڵکراوە ئایینییە نەبوو کە لەلای محەممەد عەبدە ئیشی دەکرد کاتێ لەبارەی ئیسلامەوە قسەی دەکرد. هۆیەکەشی ئەوەبوو کە عەقڵی فیلۆلۆژیی مێژوویی سەدەی نۆزدەیەم فاکتەری خەیاڵ و رەهەندی ئەفسانەییی لەبەرچاو نەدەگرت و رەتی دەکردەوە، ئەو عەقڵە فیلۆلۆژییە مێژووییە تەنها دانی بە وەقایعە نەگۆڕو ماتریالەکان دەنا. بەمجۆرە دەبینین ئێمە لەسەرێکدا لەبەرامبەر بیرمەندێکدا وەستاوین ئاگای لە میتۆدەکانی عەقڵی فیلۆلۆژی و مێژوویی نییە، لەسەرێکی تردا لە بەرامبەر زانایەک و مامۆستایەکی زانکۆداین –واتە ئەرنست رینان– ئاگاداری رادەی گرنگیی رەهەندی خەیاڵ (یان خەیاڵکراو) نییە کە لەلای کەسایەتییەکی ئایینیی وەک محەممەد عەبدەدا هەیە.

**هاشم ساڵح:** ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەرنست رینان لەسەرەتای ژیانیدا پیاوێکی ئایینی بووە؟

**ئارکۆن:** بەڵێ، ئەو لەسەرەتادا ئایینخواز بووە، بەڵام دواتر دوچاری پەرەسەندنێکی دیاریکراو یان بازدانێکی مەعریفی بوو کە لە سەرەتا ئەسڵییەکانی خۆیی جیاکردەوە، ئیدی لە کۆمەڵگای فەرەنسی و لە مێژووی فیکری فەرەنسیدا هەموو رەهەندەکانی مەعریفەی نەدەبینی و هەموو رەهەندەکانی ئەو رەگەزانەی نەدەبینی کە لە پرۆسەکردنی عەقڵی ئایینیدا ئیشیان دەکرد. ئەو ویستی بەهۆی عەقڵی فیلۆلۆژیی پۆزەتیڤیزمی – کە تەنها باوەڕی بە هەستپێکراو و بەماتریالەکان هەیە– رەهەندی خەیاڵ لە بونیادی عەقڵی ئایینیدا بخنکێنێ. ئەمانە شتگەلێکن کەسانی هاوچەرخی ئێمە لە عەرەب و موسڵمانەکان تێی ناگەن، چونکە ئەمانە فزولێکی مەعریفی و زانستیی نوێ دەنوێنن کە هێشتا نەچۆتە ناو گۆڕەپانی ئەوانەوە. ئەم شێوەیەی یان ئەم رێگەیەی لێکۆڵینەوە لە رابردوو و لە کەلەپوور، هێشتاکە لە زانکۆ عەرەبی و ئیسلامییەکاندا لەسەری رانەهاتووین. کاتێک دەڵێین (میتۆدی مێژوویی) یان (زانستی مێژوو) ئیدی وانەبێژی عەرەب یان موسڵمان دەمودەست بیر لە مێژوویەکی زەمەنیی پێکەوە بەستراوی رووداوە سیاسییەکان دەکاتەوە، مێژووی سولالات و پاشاکان و جەنگەکان و رووداوە ناودارەکان لە مێژووی نەتەوەیەک لە نەتەوەکان. لەوانەشە، ئەگەر ئەو کەسە لە میتۆددا پێشکەوتوو بێت و ئاگاداری توێژینەوەکانی قوتابخانەی حەولیاتی فەرەنسی بێت، بیر لە مێژووی ئابووری یان کۆمەڵایەتیش بکاتەوە. بەڵام ئەمە، سەرباری پێویستبوونی، هێشتا بەس نییە. سەبارەت بەمێژووی فیکریش کە تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی هەیە ئەوا ئێمە ناچارین ئەو زانستانەش بەکار بێنین کە تا ماوەیەکی نزیکیش بەزانستی تایبەتی دادەنران، واتە زانستی نامێژوویی. بۆ نموونە تەنانەت زانستی دەروون (سایکۆلۆژیا)ش مێژووی خۆی هەیە، وەک: مێژووی هەستیاری، مێژووی سۆز، مێژووی خۆشەویستی، مێژووی خەیاڵ.....هتد.

**هاشم ساڵح:** کەواتە هەموو شتێ مێژووی هەیە؟

**ئارکۆن:** بەڵێ. لەبەرئەوە باسی (مێژوویێتیی عەقڵ)م کرد (L’historicite de la raison) مەبەستم مۆرکی بگۆڕ و گواستراوی عەقڵە و هەروەها مەبەستم مۆرکی



بگۆڕی ئەو عەقڵانیەتەی لە رێگەی ئەو عەقڵەوە بەرهەمهێنراوە. لە دواجاردا ئەمەیە مانای رەخنەگرتنی من لە عەقڵی ئیسلامی. عەقڵی ئیسلامی شتێکی رەها یان موجەرەد نییە لە دەرەوەی کات و شوێندا بێت، بەڵکو شتێکە پابەندە بە حەیسیات و بارودۆخێکی دیاریکراوەوە.

پاش ئەوەی ئەو شتانەم لەبارەی میتۆدی مێژوویی و ئەولەوییەتی میتۆدی مێژوویی پێ وتیت، ئێستا دەگوازینەوە بۆ (چرکەساتی فەلسەفی) لەو رەخنە گشتییەی ئەنجامی دەدەم. چرکەساتی فەلسەفی –واتە چرکەی هەڵسەنگاندنی سەرجەمگیر– بە پێویست لەدوای ئەو چرکەساتە مێژووییەوە دێت کە پێشتر بۆم باسکردیت. بەڵام تەنانەت چرکەساتی مێژووییش لە پرۆسەیەکی گەورەی رەخنەییدا لەناوەوە کۆمەڵێ رەگەزو تۆوی رەخنەی فەلسەفیی هەڵگرتووە. بۆ نموونە کاتێ پرسیار لە هەمەجۆریی عەقڵانییەتەکان دەکەم، یان عەقڵەکانی چەرخی ئیسلامی کلاسیکی و کێبەرکێکانی نێوانیان، ئەوا من بەشێوەیەکی ناوەکی –زیمنی پرسیارێکی ئیپستیمۆلۆژی، واتە مەعریفی، دەخەمەڕوو. هەروەکو بەشێوەیەکی ناوەکی هەڵسەنگاندنێک پێشکەش دەکەم لەبارەی ئەم عەقڵانییەتانەو ئەو عەقڵانە. ئەم هەڵسەنگاندنەش لەخۆیدا کارێکی فەلسەفییانەیە.

**هاشم ساڵح:** لەوانەیە تۆ چەشنی (عەقڵانییەتی فەلسەفی)ت لە هەموو ئەو عەقڵانییانەی دیکە پێ باشتر بێت کە لەو سەردەمەدا باوبوون؟

**ئارکۆن:** نا نا. هەرگیز نابێ مێژوونووس شتێکی لە شتێکی دیکە پێ باشتر بێت، یان پێی وا بێ عەقڵانییەتێک لە عەقڵانییەتێکی دیکە باشترەو بیسەپێنێ بەسەریدا. دەبێ بە هەموو بێلایەنی و بەساردیی ئەعساب و بابەتییانە کارەکەی ئەنجام بدات، لێرەوە ئیمتیازی مێژوونووس و تایبەتمەندیی مێژوونووس دەردەکەوێ. فەیلەسووف دەتوانێ مەیلی خۆی دەربخات و شتێک بەسەر شتێکی دیکەدا بسەپێنێ، بەڵام مێژوونووس نا.

**هاشم ساڵح:** بەڵام، مەسەلەکە هەرچۆنێک بێ، تۆ زۆر مەیلت بۆ عەقڵانییەتی توندی فیلۆلۆژیستەکان (فوقەهاکان) نییە، ئەوەی کە دواتر بووە هۆی پێکهێنانی ئەرسۆدۆکسی؟

**ئارکۆن:** بێگومان، بێگومان. خوێنەر دەتوانێ بەشێوەیەکی زیمنی لەوە تێبگات کە من عەقلانییەتێک بەسەر یەکێکی تردا تەفزیل دەکەم. لەراستیدا تەفزیلی من -ئەگەر بشێ باسی تەفزیل بکەم- بریتییە لە لەبەرچاوگرتنی هەموو دەرەنجامە هەستپێکراوەکانی توێژینەوەی مێژوویی و پشکنینی مێژوویی. ئایا ئەمە تەفزیلە یان نا ؟ ئازادیی وەلامدانەوە بۆ تۆ جێدەهێلم. پشکنینی مێژوویی، بەسروشتی خۆی، هەلوێستە دۆگماییەکان رووت و قووت دەکاتەوە: واتە هەلوێستی رەتکردنەوەی پشت بەستوو. بە دەسەلاتی سیاسی کە بەبێ پاساو لە ئاستی عەقلانییەت و فیکردا ئیرادەی خۆی دەسەپێنێ. بۆئەوەی ئەم قسەیە روون بکەمەوە ئەم نموونەیەت بۆ دەهێنمەوە: کاتێ دەسەلاتی سیاسی (کە خۆی لە -المتوکل-و-القادر-دا دەنواند) پرۆسەی عەقلانییەتی موعتەزیلەی قەدەغەکرد، من ئەم بڕیارە بەشتێکی سیاسی دادەنێم، یان قەدەغەکردنێکی تەواو سیاسییانە کە هیچ رەواییەکی ئایینی نییە، وەک دەسەلات هەولیدا ئەو وەهمەمان پێ بفرۆشێ یان ئەو وەهمە بخاتە بەر نەوەکانی دواتری موسلمانان و تا ئەمڕۆش کە گوایە ئەو قەدەغەکردنە رەواییەکی ئایینی هەیە. ئەم قەدەغەکردنە هیچ پاساوێکی لە ئاستی فیکری یان عەقلانی یان رۆشنبیریدا نییە. ئەمە سەپاندنێکی زۆرەملێیانەیەو نابێ لە کەشێکی دیموکراتییانەی راست و کراوەدا رووبدات و بگرە قەدەغەیە. بۆ نموونە مەحالە لە کۆمەلگایەکی وەکو کۆمەلگای نوێی فەرەنسیدا شتی وا رووبدات. کاتێ من لە کتێبەکانمدا ئاماژە بۆ ئەو رووداوە مێژووییە گەورەیە دەکەم ئەوا لەناوەوە ئیدانەی دەکەم. بۆچی؟ چونکە ئەمە مانای وایە یەکێ لە هێلەکانی عەقل دووردەخرێتەوەو وەلادەنرێ، واتە یەکێ لە هێلەکانی عەقل و عەقلانییەت لەنێو دەبرێ کە دەشیا گەشەبکات و بەشداری لە دەولەمەندکردنی ژیارو کولتووری عەرەبی-ئیسلامیدا بکات. کەواتە مەسەلەکە لێرەدا پەیوەندیی بەشتێکەوە هەیە دوورترە لەوەی تەنها ئینتیما بێت بۆ هێلێک یان بۆ رەوت و ئاقارێک. ئەمە پەیوەندیی بە پەیوەستەگیی مرۆڤ یان بیرمەندەوە هەیە بۆ پرەنسیپی ئازادیی رۆح و فیکر. ئایا باوەڕ بە ئازادیی فیکرو رۆح بهێنین یان باوەڕ بە سنووردارکردن و بەرتەسککردنەوەیان بهێنین؟ پرسیارەکە ئەمەیە. بێگومان هەندێ کەس بۆیان هەیەو هەروەکو ئێمەش بۆمان



هەیە ئەمە بە هێلێکی فەلسەفی دابنێین، یان بە وەرگرتنی هەلوێستێکی فەلسەفی. بەلام بۆچی بەزەروورەت بە فەلسەفی وەسفی دەکەین؟ بۆچی بە ئایینیش وەسفی ناکەین؟ خودا ئێمەی وەک کەسی ئازاد خولقاندووە و وەک کۆیلە خەلقی نەکردووین. خودا نەیویستووە هەندێ کەس ئیرادەی خۆیان بەسەر کەسانی دیکەدا، بەبێ هیچ مەشروعیەتێک، بسەپێنن.

**هاشم سالح:** خودا ئەمەی نەویستووە، بەلام ئەمە واقیعەن لە مێژوودا رووی داوە. زۆرجار هەر بەو شێوەیەش لە ئایینەکان تێگەیشتوون و پرۆسەیان کردووە. تۆ یەکەم کەسیت ئەم شتە دەزانیت.

**ئارکۆن:** بێگومان، بێگومان. ئەمە مێژووە. تۆ حالی حازر لەسەر ئاستی مێژووی هەستپێکراودا شوێنێک دەگریت، منیش بەرلەچەند ساتێک شوێنگەی مەسەلەکانم لەسەر ئاستی وێناکردنی ئایدیالی دانابوو. من ئەوەم لەبیر ناچێ مێژوو چۆن رۆیشتووەو چۆنیش تا ئێستا -بەداخەوە- لە زۆربەی کۆمەلگاکانی ئێمەدا هەر بەوجۆرە دەڕوات. هەموو ئەوانەی پێشتر پێم وتیت شتێک نییە جگە لە چوونە نێو مێژوو نەبێ. بەلام با قسەکانمان لە ئاستەکەی تردا تەواو بکەین. خودا لە تێڕوانینی خەلقکردنی بەشەردا لە هیچ شوێنێکدا نەیووتووە هەندێ کەس مافی ئەوەیان هەیە ئیرادەی خۆیان بەسەر کەسانی دیکەدا بسەپێنن بێئەوەی پاساوی بۆ بکەن و مەشروعیەتی بۆ بدۆزنەوە ئیدی یان لەرێگەی دەقە ئایینییەکانەوە یانیش لەرێگەی پێویستییە عەقلییەکان.

**هاشم سالح:** بەلام ئێمە دەزانین، تۆش لە لێکۆلینەوەکانتدا تەرکیز لەسەر ئەوە دەکەیت کە؛ دەقە گەورە پیرۆزەکان لە لایەن هەندێ رەوتی ئایدیۆلۆژی یان هەندێ توێژی کۆمەلایەتی، بۆ هەژموون و دەسەلات بەسەر توێژەکانی ترو بەشەکانی تری کۆمەلگە، بەکارهێنراون؟

**ئارکۆن:** بەلێ، بەلام ئەمە بەفیعلی دەقی قورئانی نییە، بەلکو تەفسیرە جیاجیاکانی دەقی قورئانییە کە لە مێژوودا دەیخوێنین. تەفسیرەکان پەیوەستن بە چەند کەسایەتییەکی دیاریکراوەوەو ئەو کەسایەتییانەش نوێنەری چەند توێژێکی کۆمەلایەتین کە لەسەر مولک و سامان و دەسەلاتدا مونافەسەی یەکتر دەکەن. هەموو رەوتێکی (یان

ئاراستەیەکی) تەئویلی یان تیۆلۆژی، بەمسۆگەری پابەندە بە کۆمەڵێ بەرژەوەندیی ئایدیۆلۆژییەوە. توێژی سەرکەوتووش هێڵە تەئویلی و مەزهەبییەکەی خۆی بەسەر سەرجەمی توێژەکانی تری کۆمەڵگادا، بەبێ دەرهاوێتەیی، دەسەپێنێ. (ئێمە لە زمانی سیاسیی نوێدا دەڵێین: ئایدیۆلۆژیای چینی باڵادەست بریتییە لە ئایدیۆلۆژیای هەموو کۆمەڵگە). بەڵام دەگەڕێمەوە بۆ قسەکەی پێشووم و دەڵێم: ئەو مەسەلە بنەڕەتییەی بایەخێکی پتری دەدەمێ بریتییە لە: نابێ هیچ سنوورێک بەسەر ئازادیی پشکنین و تێڕوانینی عەقڵیدا بسەپێنرێ. ئەمە هەڵوێستێکە وێنای رۆحی بەشەری لێمی دەوێت هەروەها وێنای مرۆڤ بەسیفەتی ئەوەی بەرەو ئازادی ئاراستەکراوە. ئەمە هەڵوێستێکە هەرگیز لێی پەشیمان نابمەوەو پاشەکشەی لێناکەم سا هەر نرخێک بۆ پاراستنی ئەو هەڵوێستە بدرێ. ئەمە واتە من ئیدانەی هیچ کارێکی فیکری ناکەم، لەوانە تەفسیرە ئایینییە جدییەکانیش ئەگەرچی ئەو تەفسیرانە تا ئەندازەی ناکۆکی و ململانێ جیاوازن لە یەکدی. لە کاروانی مێژوودا هەموو ئەو داهێنانە هونەری و ئەدەبی و زانستی و ئایینییانەی بەرهەم هێنراون شایستەی ئەوەن گوێیان لێبگرین و مافی قسەکردن و ئاخاوتنیان بدەینێ. من هەرگیز و لە ژیانمدا ناڵێم قوتابخانەی حەنبەلی هەڵکشاوترو بەرزترە لە قوتابخانەی شافعی، یان شیعە پێشکەوتووتر و باشترە لە سوننە یان بە پێچەوانەوە. بۆچی وا ناڵێم؟ ئەمە لەبەر ئەوە نییە کە لێیان دەترسم، بەڵکو لەبەر هۆیەکی زۆر قووڵ و زۆر گەورەتر. من هەرگیز ئەمە ناڵێم، چونکە هەموو ئەو رەوتانە نوێنەری کۆمەڵە دەنگێکن کە سەردەمێ لە ئاسمانی مێژوودا بەرز ببوونەوە. ئەو دەنگانەم بەڕاستی لە مێژوودا بینییەوە، دواتر پێویستە لەسەر مێژوونووس -ئەمە ئەگەر بیەوێ کارەکەی بەشێوەیەکی چاک ئەنجام بدات (واتە بەبێ لایەنگری و دەمارگیری)- مافی قسەکردن بەو دەنگانە بدات و لێبگەڕێ گوزارشت لە خۆیان بکەن. سا گەر یەکێ لەو رەوتانە دەسەڵاتی سیاسیی پرۆسەکردبێ و دەنگەکانی تری سەرکوت کردبێ یان ئازادیی تەعبیر لەخۆکردنی لێ قەدەغە کردبێ، ئەوە ئەرکی مێژوونووسە ئاماژە بۆ ئەوە بکات. ئەگەر مێژوونووس ئەمەی وت و بۆ نموونە سوننییەکان (یان تەنانەت شیعەکان کاتێ دەرفەتی پرۆسەکردنی دەسەڵاتیان هەبێ) رازی نەبوون، لێرەدا



گرفتەکە گرفتی خۆیانەو پەیوەندیی بە مێژوونووسەوە نییە. مێژوونووس داوای لێکراوە راستییەکان بەتەواوی و وەکو خۆی ئاشکرا بکات سا کەسانی پەیوەندیدار رازی بن یان نا. خۆ ئەگەر ئەو لایەنانە لەسەر شوێن و هەڵوێستی دۆگمایی وشک و چەسپیوی خۆیان بەردەوام بن ئەو هەڵوێستە دۆگماییەی هەر لەسەردەمی چەرخە سکولاستیکییەکانەوە چەسپیوە، ئەوا بێگومان درکاندنی راستییەکان رەتدەکەنەوە. ئەمە شتێکی ئاشکراو روونە. لەراستیدا ئێمە لەمیانی توێژینەوەمان لەبارەی حەقیقەتی مێژوویی ئیسلام، بەر ئەو حاڵەتە دەکەوین.

سەبارەت بەخۆم، لە دەرەوەی هەموو ئەوانە، لە خاڵێکدا شوێنێک دەگرم: مەبەستم لە دەرەوەی چوارچێوەی ململانێ مەزهەبییە کۆن و نوێیەکان. من لە خاڵی مێژوونووسێکەوە شوێنێک دەگرم کە دەیەوێ بچێتە نێو قوولایی مێژووەوە، مێژوونووسێک تێدەگا چۆن رۆحی بەشەری کاری خۆی پرۆسە دەکاو چۆن لەناو مێژوودا جەخت لە خودی خۆی دەکا بێگومان لەناو کۆمەڵێ مەرج و کۆنتێکستی کۆمەڵایەتیی گۆڕاو بە تەبیعەتی حاڵ. لێرەوە من ئیلتیزام بە مەوقیعی دۆگمایی هیچ مەزهەب و هیچ قوتابخانەیەکەوە ناکەم. ئەمە گرفتی من نییە، ئەمە گرفتی خەباتگێڕە سیاسییەکانە: گرفتی ئەتباع و ئەنصارە.

## بەرەو قەڵەمبازێکی ئیپستیمۆلۆژی لە مێژووی ئیسلام
## یان
## پێویستیی دەرچوون لە ئەدەبیاتی بیدعەوی

**هاشم ساڵح:** بەڵام ئەم قسەیەی تۆ مانای وایە یەک ئیسلامی راست و دروست نییە کە چارەنووسی ئەسحابەکانی بەهەشت بێ و فیرقەکانی تریش بۆ ئاگر. من ئەمە دەڵێم و ئەو حەدیسە ناودارەشم بیردەکەوێتەوە کە دەڵێ ئەم ئوممەیە بەسەر حەفتاوسێ فیرقەدا دابەش دەبێت. یەکێکیان نەبێ ئەوانی دیکە هەموو بۆناو ئاگر دەچن. دەقەکە بەمجۆرەیە:«اصل ما نحن بصدده ماروى ابن عمر رضي الله عنهما قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: ان بني اسرائيل افترقوا على احدى وسبعين فرقة كلها في النار الا واحدة، وافترقت على عيسى بن مريم بأثنتين وسبعين فرقة كلها في النار الا واحدة، وستفترق هذه الامة على ثلاث وسبعين فرقة كلها في النار الا واحدة. قالوا: وما تلك الواحدة يا رسول الله؟ قال: الاسلام وجماعتهم من كان مثل ما انا وانتم عليه».

**ئارکۆن:** بێگومان. ئەمە ئەو وێناکردنەیە کە ئەدەبیاتی بیدعەوی لەبارەی مەسەلەکانەوە چەسپاندوویەتی (مەبەست لە کتێبەکانی: -الفرق الاسلامية-و کتێبەکانی -الملل و النحل-). بەشی زۆری ئەو کۆششانەی من بریتییە لە تێپەڕاندنی ئەو ئەدەبیاتە و دەرچوون لە مەوقیعە ئایدیۆلۆژییەکەی کە بەبێ هیچ حەق و هیچ سەلماندنێک بەرگی رەوایی تیۆلۆژی (واتە لاهوتیی ئیسلامی) بە بەر خۆیدا دەکات.

لە تێڕوانینی من وەک توێژەرێکی مێژووی فیکری عەرەبی-ئیسلامی: هەموو فیرقەو مەزهەبەکان یەکسانن لەوەی گوایە حەقیقەتی ئیسلامی لەلای ئەوانە. لەگەڵ ئەوەی ئێمە دەزانین ئەم حەقیقەتە بە کوللی لە مێژوودا بەرجەستە نەبووە تەنها بۆ ماوەیەکی کورت نەبێ (لە زەمەنی پێغەمبەرو خولەفای راشدین). ئەمە مانای وایە ئەو وتەیەی کە دەڵێ لێرەدا حەقیقەتێکی ئیسلامیی ئیدیال و جەوهەری هەیەو بەدرێژایی



مێژوو و تا ئەمڕۆش بەردەوامە، شتێک نییە جگە لە وەهمێکی ئەفسانەیی کە هیچ پەیوەندییەکی بە راستی و واقیعەوە نییە. لە پاش ئەو ماوە کورتە زێڕینە (واتە زەمەنی پێغەمبەرو خولەفاکانی راشدین)و بگرە بەر لەوەی ئەو زەمەنە تەواویش ببێ، ئێمە دەزانین چۆن فیتنەو ئاژاوەی گەورە بەرپابوو و چۆن موسڵمانەکان بۆ چەندین باڵ و فیرقە دابەش بوون. چۆن هەریەکێ لەو فیرقانە ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە هەر تەنها خۆی نوێنەری ئیسلامی «راست»ە نەک ئەوانی دیکە. پاشان ئەرسەدۆکسە گەورەکان وردە وردە لەمێژوودا شکڵیان گرت لەرێگەی دانانی چەندین کتێبی حەدیس یان (الصحاح): مەبەستم ئەرسەدۆکسی سوننی، ئەرسەدۆکسی شیعی، ئەرسەدۆکسی خارجی. ئیسلامی سەردەمی پێغەمبەرو خولەفاکانی، نە سوننی بووە نەشیعی و نە خارجی. ئەمانە شتگەلێکن دواترو لەنێو جەرگەی ململانێ و جەنگە ناوخۆییەکاندا شکڵیان گرت. مەسیحییەتیش بەر لە ئیسلام بە ماوەیەکی درێژ ئەم جۆرە دابەشبوونەی بەخۆوە بینیوەو نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت. بەڵام تا ئێستا هیچ تێزێکی زانکۆیی نەنووسراوە ئەو پرۆسە لەسەرخۆ و قورسە دەربخات کە تیایدا سێ ئەرسەدۆکسی گەورە لە مێژووی ئیسلامدا شکڵیان گرت. خۆ ئەگەر ئەمە رووبدات (واتە تێزو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتە بنووسرێت) ئەوسا لێڵایی بەرچاوی خەڵک نامێنێ و ئەو وەهمە باو و گەورەیە لەنێو دەچێ کە ئاگایی موسڵمانانی لەبارەی مێژووی خۆیانەوە پڕ کردووە. بەشی زۆری موسڵمانان واتێدەگەن کە ئیسلامی سوننی یان شیعی هەر لە سەرەتاوەو لەسەر ئاستی ساتەوەختی قورئان و گوتاری قورئانیدا هەبووە، بەڵام ئەمە جگە لە وەهم و سەراب شتێکی تر نییە. لێرەدا ئێمە بەشێوەیەکی ئازاربەخش ناتەواویمان لە میتۆدۆلۆژیای مێژووییدا هەیە. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە پێدادەگرم لەوەی بڵێم من مێژوونووسم بەرلەوەی فەیلەسووف بم. لەسەر مێژوونووس پێویستە هەموو ئەو فیرقانە لە مەسافەیەکی رەخنەیی یەکساندا لە شوێنی خۆیان دابنێ. ئەگەر زۆربەی موسڵمانان لە وڵاتێک یان لە ناوچەیەکی ئەم مەزهەب یان ئەو مەزهەبدا بن ئەوا خۆیان وەک ئیسلامی «راست» دەسەپێنن و ئەوانیدیکە سەرکوت دەکەن. ئەمە بەفیعلی لە مێژوودا روویداوە. من کە ئەمە دەڵێم شتێکی تازەم دانەهێناوەو شتی تازە ئاشکرا ناکەم. بەڵام

من وەک مێژوونووسێکی رەخنەیی کە بەباشی شتەکان دەبینێ، باوەڕ بەو شتە ناکەم (واتە بەوەی ئیسلامی «راست» لە لایەنێکدا هەبێ)، چونکە ئەگەر باوەڕم پێکرد ئەوا نابم بەمێژوونووس یان توێژەر، بەڵکو دەبم بەدۆگماتیست و لایەنگر. دەبێ لەم رووەوە خۆمان لە کاری تێکەڵکردنی دوو حەقیقەتدا بەدوور بگرین، لەسەرێک حەقیقەتی سۆسیۆلۆژی، واتە حەقیقەتی دامەزراو لەسەر راوبۆچوونی ژمارەیەکی گەورەی خەڵک و فشاری ژمارەیەکی گەورەی خەڵک، لەسەرێکی ترەوە حەقیقەتی راستەقینە. مەبەستم لە حەقیقەتی راستەقینە: دەرکەوتنی یان سەرهەڵدانی بەڵگەنەویستێک لەناو رۆحدا لەرێگەی ئەو رووبەڕووبوونەوەیەی کە رۆح لەگەڵ پێدراوەکانی واقیعدا ئەنجامی دەدات.

(لێرەدا ئارکۆن ئەم رستانەی بە زمانی فەرەنسی و بەم شێوەیەی خوارەوە وت و پێی لەسەر وشەکان دادەگرت:

(La verite est: le Surgissement d’une evidence a linterieur de l’esprit par la confrontation de l’esprit avec les donnees du reel)

رۆح لەگەڵ واقیع و لەدژی واقیعدا خەبات دەکاو تێدەکۆشێ لە پێناوی ئەوەی بچێتە قوولایی واقیعەوە، واقیع وەک حەقیقەتی خۆی. لێرەدا واقیع دەشێ مێژوو بێت، دەشێ بوومەلەرزەیەکی زەمینی بێت و سەرلەبەری ناوچەیەک بگرێتەوە. رۆحیش بەر لەهەر چی لە پێناوی تێگەیشتن لە هۆیەکان و لە ئەسڵی ئەو بوومەلەرزەیە خەبات دەکات (لێرەوە زانستی بوومەلەرزە بەرهەم دەهێنرێ)، پاشان لە پێناوی روونەدانی جارێکی تری ئەو بوومەلەرزەیە خەبات دەکات و هەروەها لەپێناوی دڵدانەوەی ئەو خەڵکەی دوچاری بوومەلەرزەکە بوونە. کاتێ لەپێناوی دەرەنجامە تراژیدییەکانی بوومەلەرزەی زەمینی تێدەکۆشین لێرەدا رێگەیەکی شیعی یان رێگەیەکی سوننی یان رێگەیەکی مەسیحی یاخود یەهوودی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بوونی نییە، بۆ هەمووان تەنها یەک رێگە هەیە ئەویش: رێگەی زانستی و تەکنیکییە. ئەم رێگە زانستی و تەکنیکییەش دەچێتە ناو بازنەی بەرپرسیاریی رۆحی مرۆییەوە(واتە مرۆڤ).

کاتێ من لە مێژووی کۆمەڵگایەک یان لە کەلەپووری فیکرێک دەکۆڵمەوە، هەمان



کار دەکەم. من سەیری کۆی رووداوەکان دەکەم وەک ئەوەی رێک لە مێژوودا روویانداوە، چاودێرییان دەکەم وەک چۆن زانای جیۆلۆجی چاودێریی بوومەلەرزە دەکات. بە مانایەکی تر، من سۆزو مەیلی خۆم فرێ نادەمە سەری بەڵکو لێی دەگەڕێم بە ئازادی قسەبکات بەرلەوەی بەهەر شێوەیەک بچمە ناویەوە. ئەم کارەش هەڵوێستی گشتیی سەربەخۆی رۆح دەنوێنێ لەبەرامبەر ئەو فشارە لابەلاییانەی پاڵەپەستۆ دەخەنە سەری و دەیانەوێ بیخنکێنن. ئەم هەڵوێستە سەربەخۆیەی رۆحی بیرکەرەوە (الروح الباحثە) کە هەمیشە بەدوای شتەکاندا دەگەڕێ زۆر زەحمەتە مرۆڤ پێی بگات یان بتوانێ بیکات بە موڵکی خۆی و بیکاتەوە. ئەمە پێویستیی بە خەباتێکی دوورودرێژو سەختی خود هەیە لە دژی خود. هەروەکو پێویستیی بەراهێنان هەیە لەسەر میتۆدەکان و چۆنیەتیی بەکارهێنانی چەمک و ئامرازە باوەکان لە زانستە جیاجیاکاندا. هەموو ئەو کەسانەی ئەو هەڵوێستە سەربەخۆیە یان بەشێکی ئەو هەڵوێستە سەربەخۆیەیان وەرنەگرتبێ ئەوا بەردەوام لەناو بازنەی ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت بەتوێژێکی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییەکانی ئەو توێژە، لە مەسەلەکان تێدەگەن و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، سا ئایدیۆلۆژیای تایەفە بێت یان نەتەوە یان رەگەز ...هتد، و بەردەوام پابەند دەبن بە ئیرادەیەکی دەسەڵاتخوازو فراوانخوازو هەموو ئەو کەسانەش رەت دەکەنەوە کە مل نادەنە ئەو هێزە یان ئەو ئایدیۆلۆژیایە. رێک ئەمڕۆ لەلای ئێمە و لەناو بواری ئیسلامدا ئەمە روودەدات. ئەمە لەوکاتەوە روویدا کە دیاردەی قورئانی چووە ناو شانۆی مێژووەوە. دیاردەی قورئانی* چارەسەری روون و یەکلاکەرەوەی بۆ هەموو گیروگرفتەکان پێشکەش نەکردووە. شێوازی میتافۆری (مەجازی) زاڵە بەسەر گوتاری قورئانیدا

---

(*) لێرەدا ئارکۆن (دیاردەی قورئانی) و (دیاردەی ئیسلامی) لە زۆربەی نووسینەکانیدا بەکاردەهێنێ. فەرقی نێوان ئەو دوو دیاردەیەش-بەپێی ئارکۆن- ئەوەیە: دیاردەی قورئانی هەمیشە دیاردەیەکی موتەعالی- ترانسندێنتالی-ی کراوەیە بەسەر هەموو دەلالات و ئەگەرە مەعنەوییەکان، واتە کراوەیە بەسەر رەهادا- رەهای خودا-. بەڵام دیاردەی ئیسلامی بەتەواوی دیاردەیەکی مێژووییەو بریتییە لەبەرجەستەکردنی یەکێ لە هێڵەکانی ئەو مانایەی لە دیاردەی قورئانیدا هەیە، واتە لەمیانی تەفسیرەکانی فوقەهاکانەوە بەرجەستە دەبێت. بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە: (محمد ارکون، الفکر الاسلامي نقد واجتهاد، ترجمة: هاشم صالح، دار الساقي ط٣-١٩٩٨ ص١٠٢).

**«وەرگێڕی کوردی»**

هەروەکو زاڵیشە بەسەر بونیادی زمانی ئایینی بەشێوەیەکی گشتی. گوتاری قورئانی شتگەلێکی وتووە پێویستییان بە تەفسیرو تەئویل هەیە. ئەو تەفسیرو تەئویلانەش، وەک پێشتر وتم، لەناو بارودۆخێکی ئایدیۆلۆژیدا ئەنجام دراوەو تا ئێستاش ئەنجام دەدرێ، لەناو ململانێی توێژو چینەکان کە لە هەموو کۆمەڵگایەکی بەشەریدا هەیە. لێرەدا ململانێ لەسەر دەسەڵات و پارەو سامان و خۆراک هەیە هەروەها لەپێناوی داگیرکردنی پایە بڵندەکانی هەرەمی ئایینی... هتد.

لەبەر خودی ئەم هۆیە پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە بەر لە هەر شتێکی تر پێویستە میتۆدی مێژوویی بەکاربهێنرێ. دەبێ ئەو شتانە بزانین کە لەمێژووداو لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا روویانداوەو، دەبێ دان بە حەقیقەتی ئەو شتانەدا بنێین کە روویانداوە نەک نکۆڵییان لێبکەین و چاوی خۆمانی لە ئاستدا بنووقێنین. بەمجۆرە دەبینیت میتۆدۆلۆژیای مێژوویی نوێ شوێنێکی گرنگ و میحوەری لە پرۆژە گشتییەکەمدا دەگرێ: واتە پرۆژەی رەخنە لە عەقڵی ئیسلامی.



**پەراوێزەکان:**

١- ناوونیشانی موحازەرەکە بەمجۆرەیە: سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە ئیسلامی ئەمڕۆ Rethinking Islam Today لە بڵاوکراوەکانی سێنتەری لێکۆڵینەوەی عەرەبیی هاوچەرخ لە زانکۆی جۆرج تاون لە واشتنۆن Center for contemporary Arab Studies George Town University.

محەمەد ئارکۆن لەو سێنتەرەداو لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٨٧دا موحازەرەکەی پێشکەش کرد.

٢- بڕوانە بەشی دووەمی کتێبی ناوبراو بەناوونیشانی: «چەمکی عەقڵی ئیسلامی» چاپی بەیرووت، ١٩٨٦.

٣- لێرەدا میتۆدی ئارکۆن بەتەواوی لە میتۆدی میشێل فوکۆ دەچێ لەهەردوو کتێبی «وشەکان و شتەکان» (١٩٦٦) و «ئارکیۆلۆژیای مەعریفە» (١٩٦٩). ئەو شۆڕشەی کە فوکۆ لە ئەوروپادا لەدژی مێژووی تەقلیدیی فیکرەکان و میتۆدۆلۆژیای تەقلیدی بەرپای کرد، محەمەد ئارکۆن هەمان شۆڕشی لەبواری لێکۆڵینەوەی ئیسلامی و فیکری عەرەبیدا بەرپا کرد. میشێل فوکۆی فەیلەسووف لە کتێبی «وشەکان و شتەکان»دا لەو سیستمانەی فیکر دەکۆڵێتەوە کە لە ئەوروپادا هەبوون لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ چەرخی کلاسیکی و تا دەگاتە چەرخی تازەگەریی ئێستا. کاتێ فوکۆ باسی ئەو پەیوەندییە شاراوانە دەکات کە زانستی بایۆلۆژیا و زانستی رێسای گشتی و زانستی ئابووری بەیەکەوە گرێ دەدات، بۆئەوەی ئەو سیستەمە قووڵەی فیکر یان ئارکیۆلۆژیا دەربهێنێ کە بەیەکتریانەوە دەبەستێ. ئارکۆن هەمان شت دەکات کاتێ باسی ئەو پەیوەستە شاراوانە دەکات کە زانستە ئیسلامییە کلاسیکییە جیاجیاکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بۆ نموونە: فیلۆلۆژیا (فقه) و زمان و سینتاکس و رەوانبێژی و مێژوو و تەفسیرو...هتد.

ئاشکرایە محەمەد ئارکۆن دەیەوێ سیما گشتییەکانی سیستمی فیکری ئیسلامی (ئیپستیمی ئیسلامی) گەڵاڵە بکات و هێزو سنوورەکانی دەربخات بە پێودانگی سیستمی فیکری نوێ یان سیستمی نوێی فیکر.

٤- ئارکۆن بەردەوام تەرکیز دەکاتە سەر جیاوازیی نێوان میتۆدی فیلۆلۆژیی پەیوەست بە فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمی مێژوو و میتۆدی شیکردنەوەیی زانستی نوێی مێژوو و زانستە مرۆییەکان بەشێوەیەکی گشتی. ململانێی نێوان خۆی و خۆرهەڵاتناسەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ناکۆکییە میتۆدییە. ئارکۆن وایدەبینێ خۆرهەڵاتناسان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا تەنها لایەنی وەسفی و فیلۆلۆژی و پۆزەتیڤیزمی بەکاردەهێنن و بەوەندە واز دەهێنن و ناچنە سەر قۆناغی هەڵوەشاندنەوەی ئیپستیمۆلۆژی و شیکردنەوەیەکی فراوانی مێژوویی. بێگومان ئەو نکۆڵی لە گرنگیی میتۆدی فیلۆلۆژی ناکات و بگرە بە قۆناغی یەکەمی دادەنێ کە هەر دەبێ بەکاربهێنرێ لەپێناوی لێکۆڵینەوەی کەلەپووری عەرەبی-ئیسلامی یان هەر کەلەپوورێکی تر. لەراستیدا ئەم میتۆدە یەکەمجار بەسەر کەلەپووری کۆنی ئەوروپیدا پراکتیزە کراوە (کەلەپووری یۆنان و رۆمان و لاتین) ئەمەش لەسەدەی شانزەوە دەستی پێکردووە. پاشان بەسەر کەلەپووری کتێبە پیرۆزەکانی تەورات و ئینجیلەکانیشدا پراکتیزە کراوە. لەسەدەی نۆزدەهەمیشدا ئەم میتۆدە گەیشتە لوتکەو لەوێدا بەتەواوی قوتابخانەی فیلۆلۆژیی ئەڵمانیی پێگەیشت کە دواتر گواسترایەوە بۆ فەرەنسە. دەتوانین

بلێین قۆناغی سالآنی (١٨٦٠)تا(١٩٢٠) له هەموو ئەوروپادا ماوەیەکی زێڕینی گەشەکردنی لێکۆڵینەوەی فیلۆلۆژی پێکدەهێنێ. لەو ماوەیەشدا هەموو ئەو دانراو و دیکیۆمێنتانەی تایبەت بوون بەشارستانیەتەکانی رابردوو و گەیشتبوونە ئەوروپا، ساغ کرانەوەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا. ئەو ساغکردنەوەیە لەیەک کاتدا زمانەوانی (واتە فیلۆلۆژی) و مێژوویش بوو. بەڵام لەناو کەشوهەوای گیانێکی پۆزەتیڤیزمی و زانستێتی ئەنجام دراوە (واتە لەرووی زانستییەوە پەڕگیرو لاگیر بوو) ئەوەی کە لەسەدەی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم باوبوو. بێگومان گیانی پۆزەتیڤیستی شتێکی چاکە بەڵام ئەوکاتە چاک نییە کە ئەگەر لە سنووری خۆیدا بمێنێتەوە و نکۆڵی لە پێویستبوونی میتۆدەکانی تر بکات لەپێناوی راڤەکردن و رۆشنکردنەوەدا. لەراستیدا میتۆدی فیلۆلۆژی و پۆزەتیڤیزمی تەنها بە ساغکردنەوەی دانراوە کۆنەکان وازدەهێنێ و جەخت لە راستی و دروستیی دانراوەکەو دانەرەکەی دەکات و وشە تاکمانابیەکانی شیدەکاتەوەو چاپە یەک لەدوای یەکەکانی لەگەڵ یەکدی بەراورد دەکا و پاشان راستیی بابەتەکە دەسەلمێنێ و....هتد. ئەمە مانای وایە ئەم میتۆدە پتر تەکنیکییە وەک لەوەی ئیبداعی بێت، بەڵام کەسیش گومان لە پراکتیزەکردنی ناکات وەک قۆناغی یەکەمی قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ تێکستێک یان فیکرێک. بەڵام دیوی ترسناکی ئەم میتۆدە ئەوەیە کە بەوەندە وازدەهێنێ و دەچێتە ناو دەریای تەفاسیل و تەفاسیلی تەفاسیلەکان و کەڵەکەبوونی زانیاری لەسەر خاڵێکی دیاریکراو کە تەفاسیلەکانی تا بێکۆتایی درێژ دەبێتەوە، دەبینین قۆناغی شیکردنەوەو تێگەیشتن و راڤەکردن بەردەوام تەئجیل دەکرێ بەبیانووی ئەوەی هێشتا زانیارییەکان تەواو نەبوونە یان بە بیانووی ئەوەی کردەی راڤەکردن ترسناکەو دیارنییە ئەنجامەکەی چۆن دەبێ و ئەمەش لەپسپۆریی زانای فیلۆلۆژی و وەسفیدا نییە. خۆرهەڵاتناسان بەتەواوی ئەمە پراکتیزە دەکەن، بێگومان میتۆدەکەیان سوودێکی زۆری بۆ ساغکردنەوەی چەندین تێکستی کلاسیکیی عەرەبی-ئیسلامی هەبووەو بەم مانایە خزمەتێکی زانستییان پێشکەش بەکەلەپوور کردووە. گرنگترینی خۆرهەڵاتناسان لەم بوارەدا خۆرهەڵاتناسانی ئەڵمانیان لەبەرئەوەی لەتێڕوانینی خۆیاندا تەماحێکی داگیرکارانەیان نەبووەو هەروەها لەبەر رەسەنێتیی قوتابخانەی فیلۆلۆژیی ئەڵمانی. بەڵام ناشبێ نکۆڵی لە کۆششەکانی هەندێ لە گەورە خۆرهەڵاتناسانی فەرەنسی و ئیتاڵی و ئینگلیزی و ئەوانی تر بکەین بەتایبەتی ئەوانەی دووربوون لە سیاسەت. بەڵام خۆرهەڵاتناسیی (ئۆرێنتالیزم)ی کلاسیکی لەرووی میتۆدییەوە لەم سنوورەدا دەوەستێ و سەرکێشیی ئەوە ناکات باز بداتە سەر قۆناغی دەرکێشانی دەرەنجامەکان و هەوڵ نادات هەموو ئەو زانیارییە کەڵەکە بووانە بگوشێت تا لەو سەرەوە بە کۆمەڵێ راڤەکردنی گشتی یان راڤەکردنی روونکردنەوەیی دەربچێت. بگرە زۆربەی خۆرهەڵاتناسان پێیان وایە قۆناغی دووەمی لێکۆڵینەوەکان (واتە شیکردنەوەو راڤەکردن) ئەرک و پسپۆریی موسڵمانەکان یان عەرەبەکان خۆیانەو ئەمان مافی ئەوەیان نییە خۆیانی تیا بگلێنن. لێرەدا رووی ناکۆکیی بنەڕەتیی نێوان خۆرهەڵاتناسان و ئارکۆن دەردەکەوێ. ئارکۆن ئەم کارەی خۆرهەڵاتناسان بە دەست لە کارکێشانەوەیەکی مەعریفی یان ئیپستیمۆلۆژی دادەنێت. بۆ پتر شارەزابوون لەبارەی ئەم مەسەلە میتۆدییە بنچینەییە، بڕوانە بەشی حەوتەمی کتێبی «مێژووگەریی فیکری عەرەبی-ئیسلامی» بەناوونیشانی: گوتارە ئیسلامییەکان، گوتارە ئۆرێنتالیزمییەکان و بیری زانستی. لەلاپەڕە ٤٥ بۆ لاپەڕە ٢٧٣.



بەشی دووەم

# رەوتی فیکریی ئارکۆن

## گرفتی فەلسەفە و زانستە مرۆییەکان

**هاشم سالْح:** گومانی تیا نییە کە میتۆدی پراکتیکیی تۆ کاریگەریی خۆی سەلماندووە، بە تایبەتی کە ئەو میتۆدە بە ئاراستەی بزاوتی توێژینەوەی زانستیی هاوچەرخ دەڕوات. ئەگەر چاودێریی گۆڕەپانی فیکریی فەرەنسی بە درێژایی چارەکە سەدەیەکی رابردوو بکەین، دەبینین (زانستی مێژوو) هەژموونێکی گەورەی لە گۆڕەپانەکەدا هەیە لە میانی قوتابخانەی ساڵانەی فەرەنسی (مدرسة الحوليات الفرنسية) – Les Annales. دیسان دەبینین زانستی مێژوو بە ئەندازەیەکی گەورە فراوان بۆتەوە و لق و پۆپی لێبۆتەوە تەنانەت خەریکە هەموو زانستە مرۆییەکانی تر «بخوات». بە راستی مێژوو، لە بریی فەلسەفە، بووە بە باوکی زانستەکان! بگرە هەندێ کەس دەڵێن میشێل فوکۆی فەیلەسووفی فەرەنسی نەیدەتوانی شۆڕشە فیکرییەکەی هەڵبگیرسێنێ ئەگەر بەر لە فەیلەسووفەکانی تر ئاگاداری گرنگیی زانستی نوێی مێژوو نەبوایە و ئەگەر بەشی زۆری کەرەستە و میتۆد و زاراوەکانی زانستی نوێی مێژووی بەکارنەهێنایە. پاشان بەهەمان هێڵدا گەڕایەوە تا قەرزەکانی بداتەوە و لە لای خۆشیەوە کار بکاتە سەر مێژوونووسان و ئاسۆیەکیان بۆ بکاتەوە. کەواتە فەلسەفە وەکو جاران رامانێکی ئەبستراکتی یان میتافیزیکی نییە لە مانای ژیان و مردن، یان بوون و نەبوون، یان ئێمە لە کوێوە هاتووین و چارەنووسمان بەرەو کوێیە و...هتد. هەموو ئەو پرسیارە قەبە و گەورانەی کە پێشتر سەری فەیلەسووفەکان لەسەر تاشەبەردەکانیدا شکا، ئێستا لە دەرەوەی بازنەی فەلسەفەکردندان. فەلسەفە- بە مانا باوەکەی ئەمڕۆ- بووە بە بیرکردنەوەیەکی هەستپێکراو و دەست لێدراو بە کۆمەڵێ گیروگرفتی جوزئیی واقیع، بە کۆمەڵێ گیروگرفتی قەتیسکراو و زۆر دیاریکراو.

باوەڕم وایە تۆش لە ساتەوەختی رێچکەی مەعریفیتدا، کە توێژینەوە زانراوەکانی



تۆیان بەرهەم هێنا، دوچاری هەمان گرفت بوویت. پاشان تۆ سەر بەهەمان نەوەی میشێل فوکۆ و پییێربۆردیۆ و فرانسوا فوریە و ئەوانی دیکەیت، وەک چۆن ئەوان لە ناو فیکری فەرەنسیدا شۆڕشێکی ئیپستیمۆلۆژی و میتۆدۆلۆژییان بەرپا کرد، تۆیش شۆڕشێکی لەو چەشنەت لە ناو فیکری ئیسلامی و عەرەبیدا بەرپا کرد. ئەمەش ململانێیەکی توندی دروست کرد لە نێوان تۆ و ئۆرێنتالیزمی کلاسیکیدا کە تائێستاش پابەندی میتۆدی فیلۆلۆژی و پۆزەتیڤیزمییە...

**ئارکۆن:** بێگومان، راست دەکەیت، هەموو ئەمانە راستن. من ئەوە بۆ قسەکانت زیاد دەکەم کە لەم دواییەدا گۆڤاری «ئۆترمان» Auterment ژمارەیەکی تایبەتیی لە بارەی فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسی دەرکردووە، پێش تۆزێک گۆڤارەکەم بە دەست گەیشت و لاپەڕەکانم هەڵدایەوە و لەسەر چاوپێکەوتنی (پۆل ریکۆر) وەستام، وەک دەزانیت ئێستا ریکۆر یەکێکە لە گەورە فەیلەسووفانی فەرەنسە ئەگەر گەورەترینیان نەبێ، پۆل ریکۆر لەو چاوپێکەوتنەدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە پێویستە فەیلەسووف لە پێناوی دەوڵەمەند کردنی بیرکردنەوەیدا مومارەسەی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان بکات، هەروەها لە پێناوی ئەوەی خۆراکی فەلسەفیی خۆی، لە مومارەسە کردنی ئەو زانستانەدا بە شێوەیەکی عەمەلی و ئەزموونکاری[1]، وەربگرێ. ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی فەلسەفەی هاوچەرخ. ئێستا فەلسەفە وەکو جاران کەرتێکی مەعریفی نییە دابڕاو بێت لە شتەکانی دی، ئێستا فەلسەفە لە بورجی عاجدا و لە ئاسمانی میتافیزیکیادا نیشتەجێ نییە کە لەسەرووی خەم و کێشەکانی ئینسان و کۆمەڵگا و سەردەمدا وەستا بێت. فەلسەفە پاوان نەکراوە بۆ ئەو کەسانەی وشە و دەستەواژەی ئاڵۆز و بریقەدار بەکاردەهێنن و گەمەی پێدەکەن: مەبەستم وتنی شتی تەمومژاوی و تاریک و نارۆشن کە هەموو شتێک دەڵێ و هیچیش ناڵێ، واتە دەستەواژەی پێچاوپێچ و ئاڵۆز کە گوایە لوغز و نهێنییەکانی گەردوون لە خۆ دەگرێ، کەچی خاڵییە لە مانا. ئێستا فەیلەسووف دەچێتە ناو هەموو رووبەرێکەوە و بای ناوەوە و دەرەوە هەڵدەمژێ و سەفەر بە ناو هەموو زانستەکاندا دەکات، وەک سۆسیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا و زمانەوانی و ئەنترۆپۆلۆژیا و زانستی ئایینی بەراوردکاری و مێژوو

و...هتد. ئێستا دەست لە تەرایی واقیع و لینجاوی ماددەکانیش دەدات و خۆی لە بایەخدان بە گرفتەکانی کۆمەڵگا و ژیانی رۆژانە بە دوور ناگرێت کە جاران فەیلەسووف گیروگرفتەکانی کۆمەڵگا و ژیانی رۆژانەی بە گرفتی ناچیزە و پووچ دادەنا.

کەواتە دەبێ ئەمڕۆ توێژەران واز لەو چەمکە ئیدیال و کۆنەی فەلسەفە و فەیلەسووف بهێنن. بەڵام بەداخەوە ئەو جۆرە تێگەیشتنە تا ئەمڕۆش لە زانکۆ عەرەبییەکانی ئێمەدا باوە، ئەمە ئەگەر لەو زانکۆیانەدا کۆلیجی فەلسەفە مابێت. من ماوەیەکی درێژە لەو تێڕوانین و لەو جۆرە تێگەیشتنە بۆ فەلسەفە و فەیلەسووف دوورکەوتوومەتەوە و بگرە من هەرگیز ئەم چەشنە تێگەیشتنەم لە فەلسەفە و فەیلەسووفدا مومارەسە نەکردووە.

**هاشم سالح:** ئەم قسەیەت بەسەر جاک دێریدا و فەیلەسووفەکانی تری فەڕەنسەش دەچەسپێ. ئەم قسەیە تارادەیەکی زۆر لە قسەی پییێربۆردیۆی سۆسیۆلۆژیست دەچێ کە بەردەوام هێرشی توند دەکاتە سەر فەلسەفە و فەیلەسووفان بەمانای کۆنی وشەکە. ئەو پیاوە وەکو تۆ چۆتە ناو واقیع و توێژینەوەی مەیدانییەوە...

**ئارکۆن:** دێریدا لە تەپڵی سەریەوە تا بنی پێی، فەیلەسووفە. کەم و زۆر گرنگی بە گیروگرفتەکانی کۆمەڵگا و ژیانی رۆژانە نادات و زۆر بە دەگمەن لە نووسینەکانیدا دەردەکەون. بەم جۆرە دێریدا بۆ نموونە بە پێچەوانەی فوکۆیە. بەڵام من لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و مێژوویی و ئەنترۆپۆلۆژیم ئەنجام داوە و هەوڵم داوە چەند میتۆدێک تێکەڵ بکەم. تێزی دکتۆراکەشم تێزێکە لە مێژوو، بێگومان مێژووی ئابووری نا، بەڵکو مێژووی فیکرێکی کراوە بەسەر کۆی ئەو راستییە مێژووییانەی کە دەبێ هەر فیکرێک لە میانی ئەو راستییە مێژووییانەدا خودی خۆی پرۆسە بکات. ئەو میتۆدانەی بەسەر کەلەپووری عەرەبی ئیسلامیدا پراکتیزەیان دەکەم هەمان ئەو میتۆدانەن کە زانایانی فەڕەنسە بەسەر کەلەپووری لاتینی مەسیحی یان ئەورووپیدا پراکتیزەی دەکەن. بەداخەوە زانکۆ عەرەبی و ئیسلامییەکان تائێستاش دوورن لەو قەڵەمبازە میتۆدییەی پتر لە چارەکە سەدەیەکە لە زانکۆکانی فەڕەنسەدا روویداوە. ئێمە لەم بوارەدا زۆر پاشکەوتووین.

**هاشم سالح:** ئەو بیریارانە کێن کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوەی تۆدا هەبووە؟



**ئارکۆن:** من لە پێشەکیی تێزەکەمدا لە بارەی «هیۆمانیزمی عەرەبی» کە لە کتێبخانەی «ڤران»ی فەلسەفە لە پاریس بڵاوکراوەتەوە، باسی ئەوەم کردووە. ئێستا ئەم بەسەرهاتە سەیرەت بۆ دەگێڕمەوە: لە کاتی گفتوگۆکردنی ئەو تێزەدا چەند وشەیەکم درکاند کە خەریک بوو بەهۆیەوە لە تاقیکردنەوە دەرنەچم و بڕوانامەی دکتۆرا بە دەست نەهێنم. من لەوێدا بەیەک حەرف وتم: من هیچ شتێ لە موستەعریبەکان (مەبەستی خۆرهەڵاتناسەکانە) فێر نەبووم، مامۆستا موستەعریبەکانم فێریان نەکردووم چۆن بیربکەمەوە و هیچ ئاسۆیەکی مەعریفییان لە بەردەممدا نەکردەوە وەک چاوەڕێم دەکرد.

**هاشم سالح:** بەڵام ئەم قسەیە زۆر رەقە؟

**ئارکۆن:** بێگومان. بەڵام من ریجیس بلاشیر جیادەکەمەوە چونکە ئەو پسپۆڕێکی پیشەزان بوو لە فیقهی زمان(فیلۆلۆژیا) ، ئەم پیاوە وردبینی و پتەویی فیلۆلۆژیی فێرکردم، بەڵام ئەوەی فێر نەکردووم پاش ئەوەی چوومە ناو فیلۆلۆژیاوە چۆن لێی بێمە دەرێ، دەیویست وەکو خۆی لە ناو فیلۆلۆژیادا بەندم بکات. گومانی تیانییە کە زۆر گرنگە مرۆڤ فێری میتۆدی فیلۆلۆژی بێت، واتە میتۆدی ساغکردنەوەی تێکست و لێکۆڵینەوە لەسەر رێگەی مێژوویی پۆزەتیڤیزمی. بەڵام ئەمە بەس نییە.

لەبەر ئەم هۆیە دەڵێم ئاراستەی فرەمیتۆدیم دەگەڕێتەوە بۆ فزولی خۆم و موتالا وخوێندنەوەی بەردەوام. من سروشتێکی وام هەیە حەز دەکەم بچمە لای ئەو کەسانەی لە کایە مەعریفییە زۆر و جیاجیاکاندا ئیش دەکەن. رووداوێکم بەسەر هات کە دواتر کارێکی زۆری کردە سەر رێچکەی فیکریم: ئەو کاتەی هێشتا قوتابی بووم لە زانکۆی جەزائیر، گوێم لە موحازەرەیەک بوو لە بارەی «ئایینی رابلیە»[2] کە دامەزرێنەری قوتابخانەی سالانەی فەڕەنسی «لوسیان فیڤەر» پێشکەشی کرد، ئەو بابەتەی فیڤەر وەک بروسکەیەک یان وەک سرووش (وەحی)یک بوو بۆم هات، رێگەیەکی بۆ کردمەوە کە دواتر و لە دوای چەند ساڵێک ئەو رێگەیەم گرتەبەر. لە راستیدا ئەو دەمە لە زانکۆی جەزائیردا هیچ شتێ نەبوو وریایی بورووژێنێ و زەین و مێشک بکاتەوە، هیچ شتێ لە دەوروبەرمدا نەبوو و گوێم لە هیچ وانەیەکیش نەبوو لە بارەی مێژوو یان لە مێژووی فیکرەکان کە لوسیان فیڤەر مومارەسەی دەکرد و وەک دەشزانیت ئەو لەوکاتەدا

جەنگی مێژووی نوێی لە فەرەنسەدا بەرپا دەکرد. ئەگەر لوسیان فیڤەر لە پاریسەوە نەهاتبایەو ئەو موحازەرەیەی پێشکەش نەکردایە و منیش بەرێکەوت لەوێدا ئامادە نەبوومایە، لەوانە بوو تائێستاش وەکو کەسانی دیکە هەر لە خەودا بوومایە بێئەوەی هەست بە هیچ شتێ بکەم.

**هاشم سالح:** ئەو موحازەرەیە لە چ سالێکدا بوو؟

**ئارکۆن:** سالی (١٩٥١) یان (١٩٥٢) بە تەواوی لە بیرم نییە. دوای ئەوە دەستم کرد بە خوێندنەوەی گۆڤاری سالانەی فەرەنسی (حەولیات): ئابووری، کۆمەلگا، ژیار. ئەو گۆڤارە تائێستاش دەردەچێ و بۆ ماوەیەکی درێژ گۆڤاری توێژەران بوو. لەو ساوە تائەمرۆ بەردەوام ئەو گۆڤارە دەخوێنمەوە، کاتێ توێژەر بە دوای خوێندنەوەی ئەو گۆڤارەدا دەچێ، ناچار دەبێ«وەک مێژوونوسێک زەمینەی خۆی فراوان بکات» بەردەوام و بە رادەیەکی زۆر فراوانی بکات، «زەمینەی مێژوونووس» زاراوەیەکە پێش من ئیمانۆیل لوروا لادورێ-ی مێژوونوسی فەرەنسی بەکاری هێناوە، ئەویش یەکێکە لە قوتابیانی لوسیان فیڤەر و فیرنان برۆدێل و حەولیات. کتێبێکیشی نووسیوە هەمان ناوونیشانی هەیە. لەوێدا دەریدەخات چۆن زەمینەی مێژوونووس زۆری پێنەچوو گەورە و فراوان بۆوە و کۆمەلێ بابەتی نوێی دیکە و فزولی مەعریفیی لە خۆگرت.

**هاشم سالح:** جاران کۆمەلێ بابەتی تایبەتی و «خانەدان» هەبوو شایستەی ئەوە بوو مێژوونوس خەریکیان بێت وەکو ژیاننامەی پاشاکان و سولالە فەرمانڕەواکان و رووداوە سیاسییەکان و جەنگە گەورەکان، بابەتی «ناچیزە و پووچ»یش شایانی ئەوە نییە مێژوونوس خۆی پێوە سەرقال بکات...

**ئارکۆن:** بەلێ، تا ئەندازەیەک. جاران کۆمەلێ دیوار و بەربەست هەبوو لە نێوان ئەو بابەتانەی شایانی ئەوەن مێژوونووس لەسەریان بنووسێ و لە نێوان ئەوانەی لایقی مێژوونوس نین. پێش هەموو شتێ مێژوونوس رووداوە مێژووییەکانی بە شێوەی هێلێکی زەمەنیی یەک لە دوای یەک دەنووسییەوە و بایەخی بە بابەتە «خانەدان»ەکان دەدا. پاشان ئەم هێلە لە لایەن قوتابخانەی حەولیاتەوە هێرشی کرایە سەر کە قوتابخانەی حەولیات هەولیدا زانستە مرۆیی و کۆمەلایەتییەکان بهێنێتە ناو گۆڕەپانی



مێژوو و مێژوونووسانەوە و بەمە «زەمینەی مێژوونووس»ی زیاتر فراوان کردەوە. بەلام وەک هەر کاردانەوەیەکی توندوتیژ، قوتابخانەی حەولیات زیادەڕۆیی لە هێرشکردنە سەر مێژووی وەقایعیی رووداوەکان کردووە. ئێستا ئەو قوتابخانەیە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شوێنی شایستەی خۆی بگرێ. مێژووی وەقایعەکان پێویستە و دەبێ دەستی پێبکەین بەلام دەبێ بشزانین دوای ئەوەی ئەنجامی دەدەین بە چ جۆرێ لێی دەربچین، رێک وەکو میتۆدی فیلۆلۆژی. پاشان قوتابخانەی حەولیات هات تا تەرکیز بکاتە سەر گرنگیی مێژووی ئابووری و کۆمەلایەتی و (ماوەی دوورودرێژ)* نەک ماوەی کورت و تیژتێپەڕ وەک ئەوەی تایبەتە بە رووداوێکی خێرا. ئێستا ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەلایەتییانەی لە ولاتێکدا روودەدەن زۆر لە بەدوای یەکدا هاتنی سولالەکانی سەرحوکم و لە رووداوە سیاسییەکان گرنگترە. رووداو و وەقائیعەکان کە بۆ ماوەیەکی زۆر کتێبی مێژوونوسە کۆنەکانی پڕ کردبوو، تەنها توێژی سەرەوەی مێژوویەکی قوول پێکدەهێنێ. بەلام لێرەشدا دەبێ بزانین پاش چوونە ژوورەوە چۆن لێی دەربچین، قوتابخانەی حەولیات سەرباری دەستکەوتە قەبەو مەزنەکانی، بە ئاراستەیەکی پێچەوانە کەوتە ناو پەرگیرییەوە. ئێستا پێویستە لەسەرمان زەمینەیەکی تر و میتۆدۆلۆژیایەکی تر دابهێنین. ئەو میتۆدە نوێیەی کە ئێستاکە لە هەموو میتۆدێکی دیکە زیاتر گرنگیی لە لای مندا هەیە، بریتییە لە میتۆدی (سایکۆلۆژیای مێژوویی)(٣) La psychologie historique. لەبەر ئەم هۆیە تەرکیز دەکەمە سەر گرنگیی خەیال و خەیالگە (المخیال) و ئەفسانە و ئاگایی کۆ وەک کارکردێکی بنچینەیی و جولێنەر لە مێژووی ئیسلامیدا سەرباری ئابووری و ماتریالەکان.

---

(*) یەکێ لەو زاراوانەی کە فیرنان برۆدێل لە قوتابخانەی حەولیاتی فەرەنسی دایهێناوە، بریتییە لە (ماوەی دوورودرێژ) و (ماوەی مامناوەندی) و (ماوەی کورت)ی مێژوویی. بەمجۆرەی خوارەوە:

١- ماوەی کورتی مێژوویی: لە چەند سالێکەوە تا بیست سال دەگرێتەوە.

٢- ماوەی مامناوەندیی مێژوویی: لە پەنجا سال تا سەدەیەک دەگرێتەوە.

٣- ماوەی دوورودرێژی مێژوویی: لە چەند سەدەیەکەوە تا هەزار سال و پتریش دەگرێتەوە.

بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە: (محمد ارکون، این هو الفکر الاسلامي المعاصر، ترجمة: هاشم صالح، دار الساقي ط٢- ١٩٩٥-ص٩).

**«وەرگێڕی کوردی»**

پاشان نابێ ئەوەت لەبیر بچێ دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ میتۆدی گۆڤاری سالانەی فەرەنسی (حەولیات)م لە زانستی مێژوودا گرتەبەر، ئینجا میتۆدی زمانەوانیم بەکارهێنا کە لە سالانی شەستەکاندا لەگەڵ ناوی سوسێر و جاکۆپسن و پنڤنست دا برەوێکی زۆری هەبوو، میتۆدی زمانەوانی سەبارەت بە من بایەخێکی گەورەی هەبوو، ئەمەش لەبەر هۆیەکی تایبەتی: من کە مێژوونووسی فیکری عەرەبی ئیسلامیم بەردەوام لەسەر دەقە کۆنەکان ئیش دەکەم، کەواتە یەکەمین شت وەکو مێژوونووسێک لەمن داواکراوە ئەوەیە بزانم چۆن تێکستێک بخوێنمەوە. تۆ دەزانی من کۆششێکی زۆرم کردووە بۆ خوێندنەوەی گوتاری قورئانی و دەقە ئیسلامییە گەورەکانی دیکەی وەک، بۆ نموونە، تێکستی ژیاننامەی پێغەمبەر، دەقی ژیاننامەی عەلی کوڕی ئەبو تالیب لە نووسینی شێخ موفید، نەهجی بەلاغە، پەیامی شافعی، تێکستەکانی ئیبن روشد، ئیبن خەلدون.. هتد. هەموو ئەمانەش پێویستییان بەوە هەبوو بەر لە هەرچی زمانی تێکستەکە لە رووی میتۆدی زمانەوانییەوە هەڵبوەشێنمەوە بۆ ئەوەی بزانم ئەم دەقە چۆن شکڵی گرتووە و بۆ ئەوەی لە ئاستی دروستبوونی راستەوخۆی یەکەمیدا بیخەمە ژێر پرسیارەوە: واتە لە ئاستی زمانی عەرەبی و ئیسلامیی کلاسیکیدا. لەبەر ئەم هۆیە دەڵێم: زانستی زمانەوانی بایەخێکی گەورەی هەیە لە پەیوەستیدا بە بواری مەعریفیمان، واتە بواری مێژووی فیکری ئیسلامی. کەسێکیش مێژووی تەفسیر لە ئیسلامدا بنووسێتەوە، وەک ئەمڕۆ من ئەم کارە ئەنجام دەدەم، ئەوا سوودێکی گەورە لە میتۆدی زمانەوانی وەردەگرێ. بێگومان میتۆدی زمانەوانی بە تەنها بەس نییە، ئەم میتۆدە قۆناغی یەکەمە لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە، ئیدی پاش ئەوە رۆشنکردنەوەی مێژوویی و ئەنترۆپۆلۆژی دێت، دواجاریش چرکەساتی هەڵسەنگاندنی فەلسەفی دێت.

پاش ئەوەی زۆر درێژەم بەم قسەیە دا، ئێستا دەگەڕێمەوە بۆ پرسیارەکەی پێشووت و دەڵێم: خودی هیچ بیرمەندێ کاری تێنەکردووم، بەو مانایەی تەنها یەک بیرمەند نییە کاریگەریی لەسەر رەوتی فیکریم جێهێشتبێ یان رێنوێنی و کۆنترۆڵم بکات.

هەندێ کەس بە تەواوی مارکس کاری تێکردوون، هەندێ کەسی دیکەش کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی نیچە، هەندێکی دیش فرۆید یان هیگڵ یان کانت...هتد.



بەڵام من بە هیچ کەسێ کاریگەر نەبووم بە قەدەر ئەوەی بە زانستەکان و میتۆدەکان کاریگەر بووم. من بەردەوام لەم زانستەوە دەچوومە سەر زانستێکی دی، لەم مێتۆدەوە بۆ ئەو میتۆدە. کەواتە من بە کەسەکان کاریگەر نەبووم، تەنها یەک کەس نەبێ کە لە ئاستیدا هەست بە جۆرێ لە لاوازی و خەم و سۆزێکی بێگەرد دەکەم، هەستێک تێپەڕبوونی سالەکان نەیانتوانیوە بیسڕنەوە، ئەو کەسەش (ئەبو حەییانی تەوحیدی)یە.

[لێرەدا ئارکۆن بە جۆرێ باسی پەیوەندیی خۆی بە تەوحیدییەوە دەکرد، سەرسامی کردم. یەکەم جارە ئارکۆن کە بە پیاوێکی سەنگین و مەند و عەقلانییەکی پتەو ناسراوە، یەکەم جارە بەم شێوەیە ناواخنی سۆزی خۆی ئاشکرا بکات. هەندێ جار لەرەی دەنگی پچڕانێکی تێدەکەوت و بە پچڕپچڕی قسەی دەکرد بە تایبەتی ئەو کاتەی باسی پەیوەندیی فیکریی سۆزداریی خۆی لەگەڵ «ئەدیبی فەیلەسووفان و فەیلەسووفی ئەدیبان»دا دەکرد] وتی:

لە روی دەروونی و سۆزداری و کەسایەتییەوە هەست بە دۆستایەتی و نزیکایەتییەکی زۆر دەکەم لەگەڵ ئەبوحەییانی تەوحیدیدا. بە ئەندازەیەکی زۆر کەوتمە ژێر کاریگەریی ئەو پیاوەوە. ئەو کاتەی خۆم بۆ بڕوانامەی دکتۆرا لە بارەی «هیۆمانیزمی عەرەبی لە سەدەی چواری کۆچیدا» ئامادە دەکرد و لە سالەکانی دواتریشدا تەوحیدی زۆری هاندەدام. ئەو سالانە قۆناغێکی سەخت بوون لە قۆناغەکانی ژیانم.

**هاشم ساڵح:** هەندێ جار ئەمە لەو لێکۆڵینەوانەتدا دەردەکەوێ کە لە کتێبی «چەند وتارێک لە بارەی فیکری ئیسلامی»دا بلاوت کردوونەتەوە و چەندین لاپەڕەت بۆ تەوحیدی تەرخان کردووە.

**ئارکۆن:** رێک وایە. ئەبوحەییانی تەوحیدی لە جمکدا برامە، برای رۆحیمە، برامە لە فیکردا. من ئەم ئینسانەم خۆشدەوێ، وەک کەسێ خۆشم دەوێ، چونکە لەودا دوو سیفەت لە سیفەتەکانی خۆم دەبینم:

١- مەیلی یاخیبوونی فیکری: واتە رەتکردنەوەی هەر ناچارکردنێک و هەر زۆرەملێیەک کە بەسەر عەقڵ یان فیکردا مومارەسە دەکرێ.

٢- رەتکردنەوەی هەموو جیاکردنەوە یان جیاکارییەکی نێوان فیکر و رەفتار، یان لە نێوان کاری فیکری و رێچکەی ئەخلاقی. تەوحیدی بە رێگەیەکی جوان و بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش تەعبیری لەمە کردووە.

**هاشم سالح:** بەڵام نرخێکی گرانی بۆ ئەو یاخیبوونە و بۆ شۆڕشە عەقڵییەکەی دواە..

**ئارکۆن:** بێگومان، نرخی یاخیبوون گرانە. دەبێ جاروبار ئەو نرخەبدرێ دەنا بزاوتی رۆشنبیری دەمرێ و ژیارەکان دەمرن. بەم جۆرە دەبینیت دواجار ناوی ئەو کەسەم هێنا کە کاری تێکردووم، نەک وەک زانست و وەک زانیاری، بەڵکو وەک نمونەیەک و وەک پێشەنگێک.

رێکەوت وای هێنا ئەو کەسە عەرەبێکی موسڵمان بێت، بەڵکو موسڵمانێکی گەورەش بێت. هەموو ئەمانەش پتر پەیوەندیمانی بەهێز کرد. سەرباری ئەوەی ئەم پیاوە (ئەمەش سیفەتێکی ترە کە من لەگەڵ ئەودا کۆ دەکاتەوە) لە ژیانیدا چەوسێنراوەتەوە و وەکو من دوچاری مەینەتی بووە.

**هاشم سالح:** بە تەواوی مەبەستت چییە؟

**ئارکۆن:** مەبەستم ئەوەیە لە لایەن هاوچەرخەکانیەوە دوچاری خراپ تێگەیشتن و بە هەڵە تێگەیشتن بوو، یاخود لە فیکری ئەو تێنەدەگەیشتن. ئیدی هێرشیان کردە سەری و سووکایەتییان پێکرد و لە باوەڕیدا تاوانباریان کرد. گرەنتی دەدەم کە لێی تێنەگەیشتوون. تێنەدەگەیشتن کە دەشێ پیاوێکی زەین فراوان و عەقڵ کراوەی وەک ئەم پیاوە هەبێت کە ئەڵقە فەلسەفییەکان بەڕێوە ببات. لە راستیدا تەوحیدی زۆر لە پێش سەردەم و زەمەنەکەی خۆیەوە بوو. ئەوان تێنەگەیشتن چۆن دەشێ پیاوێک بەو بارستاییە فەیلەسووف بێت، پاشان موسڵمانێکی زۆر هەستیاریش بێت بۆ بەهای ئیسلامی وەک میتۆدێکی رۆحانی (موسڵمانانی سەردەمی تەوحیدی وەکو موسڵمانانی ئەمرۆ، جگە لە توێکڵی دەرەوەی و پەرستن و سرووت، شتێکی دیکە لە ئیسلامدا نابینن). کتێبێکی دانا کە بەهۆیەوە رووبەڕووی پەلامارێکی توند بووەوە، کتێبەکەش بە ناوی «الحج العقلی اذا ضاق الفضاء الی الحج الشرعی»، یاقوتی حەمەوی ناوی ئەم



کتێبەی هێناوە. بەڵام کتێبەکە ون بوو و نەگەیشتە ئێمە چونکە فوقەهاکان و ئەرسۆدۆکسی ئیسلامی ئەمەیان بە هەرتەقەیەکی (بیدعە)ی رەها دادەنا. بەڵام من وای دەبینم ئەم کتێبە تەعبیر لە دەوڵەمەندیی فیکری و رۆحیی پیاوێک دەکات کە لە هەناوی تێکستی پیرۆز (قورئان) تێگەیشتووە. پاشان زانیویەتی چۆن لە هەمان کاتدا بە زمانی دەرەوە (یان زمانی ظاهر) گوزارشت بکات: مەبەستم بە زمانێکی تەواو گونجاو و هاوجووت لەگەڵ مانای مەبەستدار.

**هاشم سالح:** کەواتە، بەبۆچوونی تۆ، تەوحیدی نوێنەری یەکێ لە چرکەساتە بنەڕەتییەکانە لە مێژووی فیکری ئیسلامی و عەرەبیدا؟...

**ئارکۆن:** بەبێ هیچ گومانێک. ئەم پیاوە لە ژیانی مندا رۆڵێکی وای بینیوە هیچ کەسێکی تر ئەو رۆڵەی نەبینیوە. دەتوانم بڵێم تەوحیدی برامە، باوکمە... بە کورتی ئەم پیاوە لە ئەزموونێکی فیکری و رۆشنبیری و ئەخلاقیی گەورەو تاڵدا ژیاوە.ئەم ئەزموونە ئەمرۆ لە جیهانی ئیسلامیدا هەندێ رۆشنبیری عەرەب و موسڵمان تیایدا دەژین. هەموو ئەمانەش دەرەنجامی بارودۆخێکی سەختە کە زۆربەی شوێنەکانی گرتۆتەوە و قوربانیی ئەم بارودۆخەش بیرو بیریارانە..

**هاشم سالح:** بەڵام تۆ ئەوەندەی تەوحیدیت خوێندۆتەوە، بە قەدەر ئەوە مەعەڕیت نەخوێندۆتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی« شاعیری فەیلەسووفان و فەیلەسووفی شاعیران» هیچی لە تەوحیدی کەمتر نییە ئەگەر زیاتر نەبێ...

**ئارکۆن:** نا، بە قەدەر تەوحیدی مەعەڕیم نەخوێندۆتەوە، گومانی تیا نییە کە مەعەڕیش نوێنەری چرکەساتێکی بنچینەیی دیکەیە، بەڵام ئەو بە شیعر تەعبیری لە ئەزموونەکەی خۆی کردووە...

**هاشم سالح:** لێرەدا (رسالة الغفران) هەیە کە خەیاڵی عەرەبی تیایدا بزواوەو گەشەی کردووە و سەرکێشییەکی زۆر و بێوێنەی کردووە.

**ئارکۆن:** بەڵێ، بێگومان. بەڵام مەعەڕی لە بەرهەمەکانیدا لە چاو تەوحیدی کەمتر هەمەچەشن و هەمەڕەنگ بووە.

تەوحیدی بە چەندین بەش کتێبی «الامتاع و المؤانسة» و «البصائر و الذخائر»ی

نووسیوە. ئایا دەزانیت کە: سەرانسەری رۆشنبیریی عەرەبی بەم کتێبەدا دەڕوات؟ تەوحیدی زۆر بە چاکی رۆشنبیریی عەرەبیی هەرەس کردبوو، هەروەها گشت رۆشنبیریی فەلسەفیی باوی سەدەی چوارەمی کۆچیی هەرس کردبوو، رۆشنبیریی سۆفیگەریشی هەرس کردبوو. پاشان بەر لەمانە و دوای ئەمانەش نابێ ئەوەت لەبیر بچێ کە تەوحیدی هونەرمەندێکی راستەقینە بوو. ژمارەیەکی کەمی نووسەرانی عەرەب دەتوانن شان لەشانی شێوازی تەعبیریی تەوحیدی بدەن. ئەو یەکێکە لە گەورە نووسەرانی پەخشانی عەرەبی بەدرێژایی سەردەمەکان. بەمجۆرە دەبینیت گەر پرسیاری کەسێکم لێبکەیت کە کاری تێکردووم یان کەسێ هەست بە گونجان بکەم لەگەڵیدا و هاوجووت بم لەگەڵ کەسایەتییەکەیدا، ئەوا پێت دەڵێم: تەوحیدی. گەر لەگەڵ ئەودا بسووتێن ناڕەزایی دەرنابڕم!..

من تەوحیدیم خستە پێش میسکویە ئەگەرچی تێزی دکتۆراکەم تایبەت کردووە بەمسکویە، ناونیشانی لاوەکیی تێزەکەم بەمجۆرەیە: مسکویە وەک فەیلەسووف و مێژوونووس. من لەگەڵ تێکستەکانی مسکویەدا، وەک تەوحیدی و بگرە زیاتریش، ژیاوم. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوم وەکو تەوحیدی خۆش ناوێت. مسکویە کەسێکی تر بوو و زۆر جیاوازبوو، ئەو کەسێکی عەقڵانی لۆژیکستی بوو یان عەقڵانییەکی سێنتەری، بەپێی گوتەی باوی ئەمڕۆ Logocentrique. مەعەڕی، وەکو تەوحیدی نییە، واتە ئەوەی یەکەمیان لەرووی بەهرەمەندییەوە فرەیی تیادا نییەو مرونەتی عەقڵیی نییە، هەروەها ژیرییەکەی بەردەوام لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترو لە زانستێکەوە بۆ زانستێکی تر ناجوولێتەوە. ئەو دڵەڕاوکێ ئیپستیمۆلۆژییەی لە تەوحیدیدا هەیە، وێنەی نییە. سەرباری ئەوەی مەعەڕی ئەو هەستە ئیستاتیکی و هونەرییەی نییە کە تەوحیدی هەیەتی. مەعەڕی نووسەرێکە شێوازێکی وشکی هەیەو دەشێت زۆر بایەخی بەشێوازی هونەری نەدابێت. هەموو ئەم شتانە لەلای من گرنگن و بایەخیان پێدەدەم، ئەگەرچی منیش کە دەنووسم هەندێ جار بەشێوازێکی وشک و زۆر توند گوزارشت لە بابەتەکە دەکەم. بەمجۆرە لە نووسینەکانمدا بەپێی پێویست تەعبیر لە رەهەندی رۆحی و رەهەندی هونەری ناکەم کە لەراستیدا من زۆر بایەخ بەو دوو رەهەندە دەدەم



بەپێچەوانەی ئەوەی هەندێ کەس لەو باوەڕەدان. ئەمەش بەتێڕوانینی من دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەیلە ئەکادیمییەی وەکو مامۆستای زانکۆ دەسەڵاتی بەسەرمدا هەیە.

**هاشم سالح:** لەوانەیە لەبەر ئەم هۆیە بێت کە دەڵێن تۆ زۆر عەقڵانی و زۆر (کانت)یت.. کانتیش بە پێچەوانەی نیچە ستایلێکی ئاڵۆزی هەبوو، دەووترێ کانت ئەوەندە گرنگیی بەجوانیی شێواز نەدەدا بەقەدەر ئەوەی وردبینی دەستەواژە و فیکرەکەی بەلاوە گرنگ بوو..

**ئارکۆن:** بێگومان. لەراستیدا من لەمیانی شێوازەکەمەوە تەعبیر لە خودی قووڵی خۆم ناکەم، بەگشتی سروشتی کەسایەتیم جۆرە خۆپارێزییەکی تیایەو ئەمەش لە پەیوەندیم لەگەڵ خەڵکیدا رەنگدەداتەوە.. گومانیشی تیانییە کە مەیلی ئەکادیمیستی لەم رووەوە زیانی پێگەیاندووم، ئەرکی رەسمی و زانکۆیی و نەریتە بەمیرات بۆماوەکان لەم بوارەدا مرۆڤ ناچار دەکات زمانەکەی زەبت بکات یان لغاوی بکات.

**هاشم سالح:** نیچە ئەم دیاردەیەی ئیدانە کردووەو گاڵتەی بە مامۆستایانی زانکۆ کردووە، ئەوانەی هەموو ژیانی خۆیان بە کۆکردنەوەو کەڵەکەکردنی زانیاری بەسەر دەبەن بێئەوەی سوودی لێوەربگرن یان بێئەوەی رۆحی ئەو زانیارییانە دەربهێنن، کاتێکیش دەنووسن ئەوا بەشێوەیەکی وشک دەنووسن کە پەیوەندیی بە هونەر یان بە ژیانەوە نییە..

**ئارکۆن:** بێگومان. ئێستا نموونەیەکی ترت بۆ دەهێنمەوە بۆ روونکردنەوەی پەیوەندیم بەکەسایەتییە فیکرییەکانی رابردوو، ئەو کەسەش (ئیبن روشد)ە. ئێمە ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە ئیبن روشد لەپێناوی ئەو کێشەیەی باوەڕی پێ هەبووە، خەبات و کۆششێکی زۆری کردووە. من لەم لایەنەوە هەستیارم و ئەم رۆحەی بیریارە راستەقینەکان بە بەرزی دەنرخێنم. بەڵام من دوای عەقڵانییەتی سێنترالیزمی داخراوی ئیبن روشد ناکەوم و پرۆسەکردنی وەزیفەی فیقهی ئەویشم بەدڵ نییە چونکە ئیبن روشد فەقیهێکی (فیلۆلۆژیستێکی) دۆگمایی بوو، وەکو هەر فەقیهێکی تر رێسای ئیجتیهادی پراکتیک دەکرد. بێگومان لەیەک شتدا رێچکەی ئەو دەگرم، ئەویش: فزولی مەعریفی و فەلسەفییەتی. ئەمە سەرباری ئەوەی ئەرستۆتالیزم لەسەردەمی ئەودا

له خەوش و کەموکورتی بەدەرنەبوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو رەخنەلێگرتنانەدا، من رێز له جەنگەکەی دەگرم و له خەباتەکەی تێدەگەم. کەچی تەوحیدی خاڵییە لەو خەوشانە، تەوحیدی له قووڵترینی ئەو بیرانە تێدەگەیشت کە لە عەقڵەکانەوە دەردەپەڕین، هەروەکو لە نزیکەوە هەستی بەلێدانی دڵ و ویژدان و سەرکێشیی خەیاڵ دەکرد. تەوحیدی عەقڵانییەکی سێنترالیزمی پەتی نەبوو لەسەر رێگەی ئیبن روشد یان مسکویە. لەتەوحیدیدا رەهەندێکی دیکە هەیە کە رێزی لێدەگرم ئەویش ئازایەتی و بوێرییەتی لە لایەنی عەقڵی و فیکرییەوە: واتە ئازایەتی و بوێریی ئەو وەک رۆشنبیرێک بەزمانی ئەمڕۆمان. ئەو جورئەتی ئەوەی کرد کتێبێک بنووسێ بەناونیشانی «مثالب الوزیرین» لە دژی (الصاحب بن عباد) و (ئیبن عەمید)، ئەو دوو وەزیرە ناودارەی لەو کاتەدا خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر بوون. ئایا ئەزانیت ئەمە مانای چییە؟ ئایا دەرک بەبارستایی مەترسییەکە دەکەیت؟ گریمان من ئەمڕۆ جورئەتی ئەوەم کرد کتێبێک بەناوی «مثالب الرئیسین» بنووسم لەسەر فلان و فلان سەرۆک. چی دەقەومێ؟ کێ جورئەتی ئەو شتە دەکا؟..

**هاشم سالح:** ئەمە سروشتێکی خۆکوژییانەیە و لە سروشتی نیچە دەچێت..

**ئارکۆن:** بەڵێ، نیچە لەو چەشنە بوو. نیچە سەر بەتوێژی (رۆشنبیرانی یاخی) بوو، توێژی ئەو رۆشنبیرانەی واقیعی زاڵم و سەختیان رەتدەکردەوە.



## ئارکۆن و بیریارانی ئەوروپا:

### فوکۆ، دێریدا، هابرماز، پۆل ریکۆر

### (گرفتی رەهەندی ئایینی و/ رەهەندی عەلمانی)

**هاشم سالح:** رات چییە بەرامبەر بەو هێرشەی کرایە سەر میشێل فوکۆ لە پاش مردنی، کە بە نیچەوی و ناعەقڵانی و دژە هیومانیزمی ئەورووپی تۆمەتباریان کرد؟ ئەگەر لەم بارەیەوە شتێکت هەیە بیڵێی ئەوا پێم خۆشدەبێ، لەبەرئەوەی من گرنگی بەم بابەتە دەدەم. پاشان تۆ یەکەم کتێبی گەورەی خۆت تایبەت کرد بە لێکۆڵینەوە لە «هیومانیزمی عەرەبی لەسەدەی چوارەمی کۆچی»، کە لەوانەیە بتوانین دواتر بەراوردکارییان لەنێواندا بکەین (واتە بەراوردکاریی نێوان هیومانیزمی ئەورووپی و هیومانیزمی عەرەبی-و.ک).

**ئارکۆن:** بەڵێ، شتێکم هەیە بڵێیم. لە گلەیی و لۆمەکردنیشەوە دەست پێدەکەم. کاتێ لە گۆشەی پسپۆریی خۆمەوە (مێژووی فیکری عەرەبی-ئیسلامی) سەیری شانۆی فەلسەفی لە فەرەنسای هاوچەرخدا دەکەم، ئەوا بەردەوام هەست بە بێهیوایی دەکەم، چونکە بوێرترین و پێشکەوتووترین ئەو فەیلەسووفانەی رەخنە لە عەقڵانییەتی سێنترالیزمی ئەورووپی دەگرن، بۆ نموونە فوکۆ و دێریدا و کەسانی تریش، هەر لەناو چوار دیواری کەلەپووری فیکری ئەورووپیدا دەمێننەوەو هەرگیز لەناو چوارچێوەی ئەو کەلەپوورە نایەنە دەرێ.

**هاشم سالح:** ئەمە سەرباری شۆڕش و یاخیبوونیان لە شێوازی «هەژموون»و«پاشکۆیی» کە خۆرئاوا لە رابردوودا لە بەرامبەر کولتوورەکانی دیکەدا بەکاریان دەهێنا..

**ئارکۆن:** بەڵێ. سەرباری ئەوەی ئەوان لەسەردەمێکدا دەژین خەڵکی قسە لەسەر هەموو کولتوورەکان دەکەن بەهۆی پەیوەستکاریی (کۆمیونیکەیشن)ی نوێ و خێرای نێوان هەر چوار گۆشەکەی جیهان. سەرباری ئەوەی کە ئیسلام ئامادەبوونێکی بەهێزی

له فەڕەنسە و ئەوروپادا هەیەو بە میلۆنەها خەڵکی ئیسلامیان تیادا دەژین، کەچی ئەمە سەرنجی هیچ یەکێ لەو ڕۆشنبیرانە ڕاناکێشێ. کاتێکیش میشێل فوکۆ گرنگی بە شۆڕشی ئێرانی دەدا جگە لە حەماقات هیچی دیکەی نەووت و لە هیچ یەکێ لە ڕووداوەکانی ئەوێ تێنەگەیشت. خۆزگە بێدەنگ بوایەو هیچی نەکردایە. کاتێکیش «مارسیل گوشیێ»ی توێژەری ناسراو لە سێنتەری نەتەوەیی توێژینەوەی زانستیی فەڕەنسی و سەرنووسەری گۆڤاری Debat کتێبێکی فیکریی گرنگی دانا لەبارەی «بێهوایی جیهان» یان «لەدەستدانی جیهان» Le desen chantement du monde ، وەک ئەوروپییەک و وەک خۆرئاواییەک ئەو کتێبەی نووسی، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لەو کتێبەدا قسە لەسەر قووڵایی وەزیفەی ئایین و سروشتی ئایین دەکات و چۆن ئەوروپا لە ئایین جیابووەوەو....هتد هەموو کتێبەکە بۆ ئەو مەسەلانە تەرخان کراوە، بەڵام تەنها لەمیانی ئەزموونی مەسیحی یان یەهوودیی ئەوروپیدا قسە دەکات، کەچی کاتێ ناوی ئیسلام بەرستەیەک یان دوو ڕستە دەهێنێ، جگە لە حەماقات شتێکی دیکە ناڵێت و نەزانینی خۆی لەو بارەیەوە دەردەخات. ئەمە لە کاتێکدا هەڵوێستی من بەتەواوی پێچەوانەی هەڵوێستی ئەوانە، واتە من بایەخێکی گەورە بە فیکری ئەوروپی دەدەم بە ئەندازەیەک ئیسلامییەکان بەپاشکۆی خۆرئاوا تۆمەتبارم دەکەن! من گرنگی بە هەموو ئەو شتانە دەدەم کە لە خۆرئاوادا ڕوودەدەن، هەروەکو زۆربەی ڕۆشنبیرانی عەرەب و موسڵمانیش ئەو کارە دەکەن، ئەمەو گشت توێژینەوەکانی من لەسەر مەسەلەکانی فیکری عەرەبی-ئیسلامی چڕ دەبێتەوە نەک فیکری خۆرئاوایی ئەوروپی. با نموونەیەکی دیکە بهێنینەوە: هابرمازی ئەڵمانی، ئەویش هەمان شت دەکا، لەم دواییەدا وەک دەزانیت کتێبێکی قەبەو گرنگی چاپکردووە بەناوی«گوتاری فەلسەفییانەی تازەگەری» کەچی بەهیچ جۆرێ باسی ئایین ناکات و باسی هیچ بەشداریکردنێکی عەرەب و موسڵمانەکان لە کەلەپووری جیهانی و فیکری بەشەریدا ناکات. لە هەموو دانراوە قەبەکانیدا بێهوودە بەدوای ناوهێنانی وشەی ئیسلامدا دەگەڕێی (تەنها ناوهێنانی)و نایدۆزیتەوە. ئەمە بێئەوەی باسی فەرامۆشکردنی بکەین بۆ ئایینە ئاسیایی و کولتوورە ئاسیاییەکان، ئەگەرچی ئەو کولتوورانە دوورن و سەر بە بازنەیەکی دیکەی جیاوازن،



دەشێت بۆ ئەم فەرامۆشکردنە پاساوێکی هەبێت، بەڵام ئیسلام (مەبەستم ئیسلام وەک ژیارو وەک کولتوور) لەڕووی مێژووییەوە بەشێکە لە جیهانی ناوەڕاست و لەجیهانی خۆرئاواو مومکین نییە خۆرئاواییەکان بەتەواوی فەرامۆشی بکەن. کەواتە، بەڕاستی من غیابی ئەم ڕەهەندەم زۆر پێ سەیرە لە بایەخدانی فەیلەسووفە زۆر پێشکەوتووەکانی فەڕەنسادا. ئەمە مانای وایە ئەو بیریارانە، ئەگەرچی بەردەوام ڕەخنە لە ئیتنیی سێنترالیزمی ئەوروپی دەگرن، بەڵام هەر دیلی ناو چوارچێوەی ئەو بابەتانەن کە ڕەخنەی لێدەگرن. تاکە فەیلەسووفێکی فەڕەنسی کە هەست بەو گرفتە دەکا بەڵام بێئەوەی ڕاستەوخۆ ناوی ئیسلام بهێنێ: پۆل ریکۆرە. هۆیەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەم پیاوە باوەڕدارێکی پرۆتستانتییە و هەستیارە بۆ ڕەهەندی ئایینی ئەگەرچی وەکو فەیلەسووفێک باسی ڕەهەندی ئایینی دەکات نەک وەکو باوەڕدارێکی عەقائیدی. لە بابەتی لێکۆڵینەوەکانیشیدا پتر جەخت دەکاتە سەر عەهدی کۆن و عەهدی نوێ (واتە تەورات و ئینجیلەکان). کاتێکیش وەکو فەیلەسووفێکی زۆر زیرەک و زۆر کراوە لە کتێبی پیرۆز دەکۆڵێتەوە، ئەوا کۆمەڵێ شتی ئێجگار گرنگ و بایەخدار دەڵێت بە ئەندازەیەک ئەوشتانەی لەبارەی تەورات و ئینجیلەکانەوە دەیانڵێ، بەسەر ئیسلامیشدا پراکتیزە دەبن، بەڵام بەدیاریکراوی لەسەر ئیسلام شتێک ناڵێت. دەبێ ئەم قسەیە بەشێوەیەکی ڕاشکاو و ڕوون بگاتە خوێنەران.

**هاشم ساڵح:** ئەمە ڕۆشنبیرانی لای ئێمە بە هەموو ئاراستەکانیانەوە وا دەڵێن، بەتایبەتی کاتێ بێزار دەبن و گلەیی لەوە دەکەن کە خۆرئاوا بە چاوێکی سووک سەیری ڕۆشنبیریی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی دەکات..

**ئارکۆن:** من نەمووت «سووک»، من وتم: فەرامۆشکردن. کەواتە ئەوشتەی کە ئیدانەی دەکەن بریتییە لە کەموکورتیی ڕۆشنبیری و عەقڵییە تیۆرە فەلسەفییە گەورەکان کە ئەزموونی مێژوویی ئیسلام لەبەرچاو ناگرن بەسیفەتی ئەوەی ئیسلامیش یەکێکە لە ئەزموونە گەورەکانی جیهان.

تێبینی ڕەخنەگرانەیی دووەمم لە بارەی فوکۆ، هابرماز، دێریدا...هتد بەم جۆرەیە: نەک هەر تەنها بایەخ بە ئیسلام نادەن بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی بایەخ بە مێژووی

ئایینەکان نادەن، ئەمەش بە بێگومان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شتەی کە لە ئەوروپادا پێی دەووترێ (بە عەلمانیکردنی فیکری) La secularisation de la pensee.

ئەوانە لە ناو چوارچێوەی عەقلانییەتێکی دابڕاو لە هەموو پەیوەندییەک بەرەهەندی ئایینی، بیر دەکەنەوە و کار دەکەن. وتم رەهەندی ئایینی و نەمووت باوەڕی ئایینی. ئەم دوو شتە جیاوازن. ئێمە دەمانەوێ رەهەندی ئایینی لەبەر چاو بگیرێ و بخرێتە ناو شیکارییەوە. ئێمە دەمانەوێ لە هەموو سیستمە تیۆلۆژی و لاهوتییەکان بکۆڵینەوە کە بەشەرییەت لە رابردوودا بۆ زەمەنێکی دوورودرێژ لەگەڵیاندا ژیاوە. دەمانەوێ وەک بەشێ لە کەلەپوورێکی فیکریی کامڵ لەو سیستمانە بکۆڵینەوە و دەمانەوێ بەراوردکاریی بکەین لە نێوان سیستمە تیۆلۆژییەکان و عەقڵی بە عەلمانیکراودا. پێم وایە ئەم پرۆسەی بەراوردکردنە یەکێکە لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی ئەمڕۆ. ئەمە ئەرکێکی جیددی و ترسناکە و شایستەی ئەوەیە لە لایەن گەورە بیریار و فەیلەسووفانەوە لێکۆڵینەوە و گفتوگۆی لەسەر بکرێ. بە مانایەکی تر: بیریارانی ئەوروپا کە بەردەوامن لە کارکردن و بیرکردنەوە لە ناو چوارچێوەی فیکری بە عەلمانیکراودا و بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوەش هەموو رەهەندێکی ئایینی دووردەخەنەوە کە بەرهەمی کۆمەڵگا بەشەرییەکانە، لە راستیدا ئەوان کارێکی نالۆژیکی و ناعەقلانی دەکەن.

من نازانم ئەم بەراوردکردنە چی لێ بەرهەم دێت، دەشێت شتێکی گرنگی لێ بەرهەم بهێنرێ و لەوانەشە شتێکی وای لێ بەرهەم نەهێنرێت. بەهەر حاڵ من داوای ئەوە ناکەم کەلەپووری ئایینی بە شێوەیەکی دەستکرد یان بە شێوەی سۆزێکی رابردووگەرایی بگەڕێنرێتەوە. من ئوسوڵی و رابردووخواز نیم و باوەڕم بەوەش نییە رابردوو و سەدە بەسەرچووەکان بگەڕێتەوە. ئەوەی من دەمەوێ بریتییە لە بەراوردکارییەکی دروست و جیددیی نێوان رەهەندی ئایینی و پێدراوی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان تا دوورترین سنوور. مەبەستم بەراوردکردنی نێوان رەهەندی ئایینی-بەهەموو مانایەکی بەهای رۆحی-سەبارەت بە وجوودی مرۆڤ و لە نێوان ئەو ئازادییانەی عەقڵی عەلمانی لە ئەوروپادا بە دەستی هێناوە، ئەوەی کە مومکین نییە نکۆڵی لێبکرێ یان بە هیچ جۆرێ پاشەکشەی لێبکرێ. ئەم بەراوردکردنە جیددییە -ئەوەندەی من ئاگادارم- تا



ئەمڕۆ لە هیچ ژینگەیەکی زانستیی جیددیی خۆرئاوادا ئەنجام نەدراوە. ئەوەی کە تائێستاکە روویداوە بریتییە لە ناکۆکی و مشتومڕی توندی نێوان هەردوولا: ئایینی و عەلمانی. هەریەکەیان شانازی بە سەرکەوتن بەسەر ئەوی دیکەدا دەکات. عەقڵی ئایینی لە ماوەی چەندین سەدەدا حوکمی مرۆڤی ئەوروپی کردووە و جەختی لە پێشینە و ئارەزووی دەسەڵاتی خۆی کردووە بەسەر هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگادا. بەڵام لە ساتەوەختی مارکسەوە مەسەلەکە پێچەوانە بووەوە و هاوسەنگیی هێزەکان لە نێوان هەردوو عەقڵی ئایینی و عەلمانیدا رەنگی دایەوە. عەقڵی پۆزەتیڤیزمی و عەلمانییەتی نوێ هەوڵی دەدا بە تەواوی کۆنترۆڵی عەقڵی ئایینی بکات و بگرە هەوڵی دەدا بە تەواوی عەقڵی ئایینی بسڕێتەوە. بە درێژایی دوو سەدەی رابردوو (واتە سەدەی هەژدە ونۆزدە) ئەمە لە مێژووی ئەوروپادا رووی دا. ئێستا هیچ زانکۆیەک یان ئەنیستیتوتێکی زانستی نییە تیۆرکاری و گفتوگۆی جیددی لە نێوان فیکری ئایینی و فیکری عەلمانی ئەنجام بدات.

خوێندنی (مێژووی ئایینەکان) فڕێدراوەتە دەرەوەی زانکۆی رەسمییەوە (زانکۆی سۆربۆن) و تەنها لە هەندێ ئەنیستیتوتی تایبەتیدا دەخوێنرێ وەک بەشی پێنجەمی قوتابخانەی خوێندنی باڵا (کۆلێجی زانستە ئایینییەکان)، تەنانەت لەم بەشەشدا تەنها جۆرێک لە کۆکردنەوە و کەڵەکە کردنی زانیاری لە بارەی ئایینە جیاوازەکان دەبینین بەبێ هیچ هەستێکی شیکاریی رەخنەگرانە کە بیەوێ بەراوردی بکات لەگەڵ ئەو کارانەی کە عەقڵی زانستی و فەلسەفی لە بەشەکانی دیکەی زانکۆی فەرەنسیدا، ئەنجامی دەدات. لێرەدا ترازانێکی تەواو هەیە لە نێوان هەردوو کۆلێجەکە یان ئەنیستیتوتەکەدا. عەقڵی فەلسەفی یان زانستیی باوی هەموو زانکۆکانی فەرەنسە ئاگای لەو کارانە نییە -یان بە ئەنقەست خۆی لێ بێئاگا دەکات- کە کۆلێج و ئەنیستیتوتە تایبەتییەکانی مێژووی ئایینەکان بەرهەمی دێنن (من نەمووت ئەنیستیتوتە ئایینییەکان کە پرەنسیپی باوەڕ و سرووتی ئایینی بە خەڵکی دەڵێنەوە. بەڵکو وتم ئەو ئەنیستیتوتانەی لە گۆشەنیگای عەقڵی نوێ و شێوازەکانی پشکنین و توێژینەوەدا وانەی مێژووی ئایینەکان دەڵێنەوە).

بەڵام پێم وایە ئەمڕۆ ئایین ڕەهەندێکی گرنگ دەنوێنێ و مومکین نییە فەرامۆش بکرێ، چونکە ژمارەیەکی گەورەی خەڵکی هەن باوەڕیان بە ئایین هەیە.

**هاشم ساڵح:** بەڵام ژمارەی باوەڕداران -بە مانای تەقلیدیی وشەکە- لە ئەورووپادا ژمارەیەکی گەورە نییە.. باوەڕداران لەوێدا کەمایەتییەکن خەریکن لە نێو دەچن.

**ئارکۆن:** کێ ئەمەی پێ وتوویت؟ مەسیحییەکان تائێستاش لە ئەورووپادا بوونیان هەیە و لە نێو نەچوونە، ئەمە ئەو وێنە باوەیە کە لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی ئێمەدا هەوڵدەدا خۆرئاوا بە خۆرئاوای «مولحید» و «کافر» پیشان بدات. ئەوانەی باوەڕیان بە ئایینی مەسیحی هەیە تائێستاش لە کۆمەڵگا ئەورووپییەکاندا بە ڕێژەی جیاجیا بوونیان هەیە. بەڵام ئەوەش ڕاستە کە توێژگەلێکی فراوانی کۆمەڵگا بە عەلمانی کراون. بێگومان دەبێ چەشنی ئەو «ئیمان»ە بپشکنین کە لەلای مەسیحییە ئەورووپییەکاندا هەیە و ئەوەی کە «ئیمان» لە لای ئەوان چ واتایەکی هەیە. دەشێت ئیمان لە لای ئەوان جیاواز بێت لەو ئیمانە تەقلیدییەی لە سەدەکانی ڕابردوودا باوبووە. ئەوەی گومانی تیا نییە ئەوەیە کە هەستیاریی ئایینی لە کۆمەڵگایەکی پیشەسازیی پێشکەوتووی بۆ نموونە وەکو فەڕەنسە هەمان ئەو هەستیارییە ئایینییە نییە کە بۆ نموونە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باوبووە. تەنها لە لای ژمارەیەکی زۆر کەمی توندڕەوەکان نەبێت کە سۆزێکی نوستالیژییان بۆ ڕابردوو هەیە و خەون بە گەڕانەوەی ڕابردوو وەکو خۆی دەبینن.(بۆ نموونە گروپی قەشە لۆڤیڤەر کە لەم دواییەدا ڕۆما لە کڵێسە دەریکرد).

دەشێ پرسیارەکەی پێشووت بتخاتە ناو هەمان ئەو هەڵەیەوە کە هەموو عەرەب و موسڵمانەکان تێی دەکەون کاتێ باسی خۆرئاوا دەکەن و وا تێدەگەن خۆرئاوا ئایینی نییە یان «بێدینە». ئەمە تێڕوانینێکی هەڵەیە لە خۆرئاوا و تێڕوانینێکە ئاگای لە قوولایی مێژووی خۆرئاوا نییە. ئەم هەڵەیە بۆ خۆرئاوا خۆیشی دەگەڕێتەوە و وەک پێشتر وتم لەم مەسەلەیە ناکۆڵێتەوە: واتە مەسەلەی ڕووبەڕووبوونەوە و بەرامبەر یەککردنی ناسنامە کۆنەکەی (واتە مەسیحییەت) لەسەرێک و ناسنامە نوێیەکەی (واتە عەلمانییەتی ڕۆحی) لە سەرێکی ترەوە. لەبەر ئەم هۆیە دەڵێم کاتێ میشێل فوکۆ لە کتێبی «وشەکان و شتەکان»دا مەرگی مرۆڤ ڕادەگەیەنێت، ئەوا زۆر دوور دەڕوات،



واتە زیاد لە پێویست دوور دەڕوات. بە بۆچوونی من ئەم دروشمە نوێنەری دروشمێکی ئایدیۆلۆژی و گوتارێکی دەسەڵاتخوازە نەک گوتارێکی ئێپستیمی (مەعریفی).
ئەگەرچی فوکۆ خەباتێکی زۆری کردووە لە پێناوی ڕەخنەگرتن لە گوتاری دەسەڵاتخواز، بەڵام خۆیشی گوتارێکی دەسەڵاتخوازی بەرهەمهێناوە. لێرەشدا من ڕەخنەی لێدەگرم و لەم لایەنەی کارەکەی فوکۆ ڕازی نیم. کاتێکیش دوا کتێبی هابرمازم خوێندەوە بە ناوی «گوتاری فەلسەفیی مۆدێرنیتێ» و تیایدا قووڵ بوومەوە، دوچاری جۆرێک لە نیگەرانی بووم. ئەم پیاوە کە خاوەنی بیرێکی بە هێز و عەقڵێکی کراوەیە. هەرگیزو لە هیچ شوێنێکی کتێبەکەیدا باسی ئەو مەسەلە جیددی و گرنگە ناکات کە خراوەتە بەردەم زەمەن و سەردەمەکەی ئێمەوە[٤].

**هاشم ساڵح:** لە کتێبەکەیدا بەلای مەسەلەی ئایینیدا ناچێت..

**ئارکۆن:** هەرگیز، بەهیچ شێوەیەک بەلای بیری ئایینیدا ناچێت. هابرماز کتێبێکی فیکریی لە ئاستێکی بەرزدا نووسیوە لە بارەی چوار سەدەی تازەگەریی فیکری و فەلسەفی بێ ئەوەی بە تەنها ئاماژەیەکیش باسی فیکری ئایینی مەسیحی یان ئایینێکی دیکە بکات. فوکۆش هەر بەو شێوەیە.

**هاشم ساڵح:** لەوانەیە پێیان وابێت مەسەلەی بیری ئایینی یان ڕەهەندی ئایینی شتێکە بڕاوەتەوە و بۆ یەکجاری تەجاوز کراوە؟

**ئاکۆن:** بێگومان. ئەمانە پێیان وایە مەسەلەکە بڕاوەتەوە وتەواو بووە.

## له نێوان هیومانیزمی عەرەبی و هیومانیزمی ئەورووپی

**هاشم ساڵح:** پرسیارێکم هەیە لە بارەی ئەو هیومانیزمەی لە چەرخی رێنیسانسی ئەورووپیدا هەبووە و لە چەرخی رۆشنگەری و دواتریشدا چەسپیوە، واتە تا راگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی لەسەر دەستی شۆڕشی گەورەی فەرەنسە لە ساڵی(١٧٨٩)دا. تۆ یەکەمین کتێبی گەورەی خۆت بۆ لێکۆڵینەوەی «هیومانیزمی عەرەبی لە سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی» تەرخان کردووە. وەک نموونەیەکی پراکتیکیش (مسکویە)ی مێژوونووس و فەیلەسووفت وەرگرت. پاشان لە کتێبی دواترتدا بە ناوی «چەند وتارێک لە بارەی فیکری ئیسلامی»[٥] لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتەت فراوانتر کردەوە و بە شێوەیەکی تایبەتی تەرکیزت کردە سەر شیکردنەوەی (ئەبو حەییانی تەوحیدی) بەڵام وەک دەزانین فەلسەفەی هیومانیزم لە لایەن فیکری پێشەنگی فەرەنسی دوچاری رەخنەیەکی توند بوو: واتە لە لایەن فوکۆ و دێریدا و لیوتار و دیلۆز و کەسانی دیکە. رات چییە بەرامبەر بەو گفتوگۆ و مشتومڕەی کە بە درێژایی چارەکە سەدەی رابردوو (واتە سەدەی نۆزدە) فیکری فەرەنسیی داگیر کردبوو؟ ئایا تۆ بۆ خۆت داوای هیومانیزمێکی نوێ دەکەیت؟ رەنگی ئەو هیومانیزمە نوێیە چییە؟

**ئارکۆن:** بێگومان من هاوڕام لەگەڵ ئەو بیریارانەی ناوت هێنان (فوکۆ و ئەوانی دی) سەبارەت بەو رەخنانەی ئاراستەی ئەو هیومانیزمە شێوەگەر و رووکەشەیان کردووە: واتە هیومانیزمی داڕشتن و قسەکردن و ئاخاوتن کە لە خوێندنگاکانی فەرەنسدا بە قوتابیان دەووترا. ئەمەش ئاخاوتنو قسەکردنێکی شیرین و هەنگوینییە و هیومانیزمێکی ئەبستراکتی و تیۆرییە و هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نییە.

ئەم هیومانیزمە هیچ بەراوردکارییەک ناکات لە نێوان تەعالیمەکانی فەلسەفەی هیومانیزمی باڵاو ئەو پرۆسە سیاسییانەی لەسەر زەمینی واقیعدا روودەدەن. لە راستیدا ئەم هیومانیزمە رووکەشە لە شوێنێکە و واقیعیش لە شوێنێکی دی. ئەوەندە



بەس نییە بڵێین: «ئێمە هیومانیستین، ئێمە لەگەڵ هیومانیزم و مەیلی مرۆگەریین، ئێمە پێمان وایە مرۆڤ گەورەترین بەهایە لە بووندا» ئیدی پاشان لەسەر زەمینی واقیعدا شتێکی جیاواز مومارەسە بکەین: بۆ نموونە پرۆسەی جیاوازی کردن و وەستان لە دژی کەسانی بیانی یان ئەوانەی لە رووی بارودۆخ یان زمان یان روخسار یان ئاییندا جیاوازن!... ئەمە هیومانیزمێکی رووکەشە و فوکۆ و کەسانی تریش مافی خۆیانە ئیدانەی بکەن بە تایبەتی پاش ئەو هەموو کوشتار و قەسابخانەیەی لە کاتی قۆناغی داگیرکاری و پاشان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا روویاندا.

ئەو کاتە ئەم هیومانیزمە رووکەش و بەبورژوازیکراوە لە کوێ بوو و چیی کرد؟ سەرەڕای ئەوەش ئەم جۆرە فەلسەفە هیومانیزمییە هەوڵنادات لە مەرجەکانی پەیوەندی و گفتوگۆی نێوان هیومانیزمی فەلسەفیی تیۆری لەسەرێک و/پرۆسەی سیاسی و ئەخلاقیی زانستی لەسەرێکی تر، بکۆڵێتەوە. مادامەکی ئەم کارە ناکات کەواتە هیومانیزمێکی نوقستان و ناڕاستەقینەیە.

لێرەدا جارێکی تر دەگەڕێمەوە بۆ لای تەوحیدی، ئەو ئەم کارەی کرد، تەوحیدی باوەڕی بەو قسە شیرین و رەنگاوڕەنگانە نەدەکرد کە پاشا و وەزیر و فوقەهاکان لە بارەی ئەخلاق و سیفەتەکانی ئەخلاقەوە دەیانکرد و خۆیان پێوە هەڵدەکێشا و کەچی لە ژیانی رۆژانە و لە واقیعیشدا تەواو پێچەوانەی ئەوە رەفتارەیان دەکرد. تەوحیدی لە بارودۆخی باوی سەردەمەکەی خۆی یاخی بوو، ئەمەش گێچەڵ و سەرئێشەیەکی زۆری بۆ دروستکرد.

تەوحیدی بە چاوەکانی خۆی دەیبینی چۆن هەردوو وەزیری بەناوبانگ (ابو الفضل بن العمید) و (الصاحب بن عباد) هەموو فەیلەسووفانی ئەو سەردەمەیان لە دەوروبەری خۆیان کۆکردەوە و لە پێناوی بەزم و بەسەر بردنی شەوانی خۆش و گفتوگۆی جواندا لە کۆشکەکانی بەغدا و شیرازی و رەیدا کاتیان بەسەر دەبرد و کەچی لەم لاشەوە دەیبینی چۆن میللەتی بەغداد و شیرازی و رەی و شوێنانی دیکە گیرۆدەی هەژاری و مەینەتی بوونە. کاتێکیش ئەم دژایەتییە زەقەی دەبینی هەستی بە قەیرانێک کرد و وتی: نا، ئەمە راست نییە. هەروەها قەناعەتی بە قسەی فەیلەسووف و توێژی نوخبە نەدەکرد کە

باسی ئینسان و بەهاو مەزنیی ئینسانیان دەکرد.. ئیدی دەستی کرد بە ئیدانە کردنی هیومانیزمی تەجریدی کە پێچەوانەی واقیع و ژیانی رۆژانە بوو. ئەمە لە سەردەمی تەوحیدی رووی داوە و تائێستاش روودەدات، ئەمە لە زەمەنی ئێمەشدا روودەدا و ئیدی فەیلەسووفە فەرەنسییە راستەقینەکانی وەکو فوکۆ و دولۆز و دێریدا و کەسانی تریش سەرکۆنەی ئەو هیومانیستییە رووکەشەیان کردو رووتیان کردەوە.

تەوحیدی وتی: هیومانیزم شتێکی زۆر چاکە و هەموو ئەو شتانەیشی ئێوە دەیڵێن ئەی فەیلەسووفان و بیرمەندە مەزنەکان شتێکی جوانە و قەناعەتم پێیان هەیە. بەڵام ئەی کوا پراکتیزەی عەمەلیی ئەم قسانە لە کوێدایە؟ تەوحیدی دەیویست دروشمی «زانست بەکارکردن و کارکردن بە زانست» پراکتیزە بکات. تائێستاش ئەم مەسەلەیە لەم چرکەساتەی ئێمەدا هەروەکو سەردەمی تەوحیدی وەکو خۆی ماوەتەوە و نەگۆڕاوە. بە مانایەکی تر مەسەلەی هیومانیزم گرنگە و زەمەن تێی نەپەڕاندووە، تائێستاش هیومانیزم بۆ ئێستا و بۆ ئایندە پێویستە. رستەیەکی جوانی تەوحیدی هەیە دەڵێ: «مرۆڤ لە بەردەم مرۆڤدا دەستەوستانەو ناتوانێ لێی تێبگات»، ئەم دەستەواژە نوێیە، وەک شێوەو وەک ناوەڕۆک، محەمەد ئارکۆن لە نیوەی دوومی سەدەی بیستەمدا نەیوتووە، بەڵکو تەوحیدی لە سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی وتوویەتی، واتە تەوحیدی بەر لە دە سەدە ئەم قسەیەی کردووە.

من باوەڕم بە هێزی ئەم دەستەواژەیە و بە پرسیارکردنی ئەم دەستەواژەیە هەیە کە لە خۆی دەگرێ. ئەو پرسیارەی خراوەتەڕوو بەم جۆرەیە: چۆن دەشێ بە رێگەیەکی عەمەلی و دەستلێدراو مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا ئاشت بکەینەوە، مەبەستم ئەوەیە بەرێگەیەک لەرووی سیاسییەوە بەرجەستە بێت، لە سیستمێکی ئەخلاقیی سەر زەمینی واقیعدا بەرجەستە بێت، هەروەکو لە سیستمێکی ئابووریشدا بەرجەستە بێت کەشتێکی لە دادپەروەری و یەکسانی لە دەرفەت و چانسدا تێدا بێت.. ئەمەیە هیومانیزم و مەیلی راستەقینەی هیومانیزم و ئەو فەلسەفەیەی لەسەر مرۆڤ و رێزگرتنی مرۆڤ دروست بووبێت و بەلایەوە مرۆڤ بەنرخترین شتێک بێت لە بووندا...

**هاشم ساڵح:** کەواتە ئەگەر تەوحیدی لەم سەردەمەی ئێمەدا بژیایە ئەوا رادەبوو و خەباتی دەکرد وەک چۆن لە سەردەمی خۆیدا خەباتی کردووە، لەوانەیە کتێبەکانیشی بسووتاندایە وەک چۆن لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا و لە چرکەساتی نائومێدی و عەدەمیەتێکی پڕاوپڕدا ئەمەی کرد؟

**ئارکۆن:** بێگومان. شتێکی ئەوتۆم نییە بیخەمە سەر ئەو قسەیەی تەوحیدی لەو بارەیەوە وتوویەتی. بەرهەمەکانی تەوحیدی لەم خاڵەدا بە تازەگەری دادەنرێ، تازەگەرییە لە سەردەمی خۆیدا و لە سەردەمی ئێمەشدا. تازەگەری بریتی نییە لە هاوچەرخێتی زەمەنی یان سانکرۆنی بەڵکو هەڵوێستێکی فیعلی و خرۆشانێکی رۆحیی دیاریکراوە و دەشێت لە سەدە هەرە کۆنەکاندا هەبێت و لە لای هاوچەرخەکانی تۆدا نەبێت کە رۆژانە لەگەڵیاندا دەژیت. ئەو تازەگەرییەی ئێستاکە لێی دەدوێم تازەگەرییەکی عەرەبی-ئیسلامییە نەک ئەوروپی خۆرئاوایی. بێگومان لێرەدا چەندین بیریاری ئەوروپی هەن هەمان هەڵوێستی تەوحیدییان هەبووە.

تازەگەری بە تەنها بۆ خۆرئاوا یان خۆرهەڵات پاوان نەکراوە. دەشێت هەڵوێستی تازەگەری لەهەر سەردەمێک و لەلای هەموو میللەتێکدا هەبێت. هیومانیزمیش تەنها بۆ ئەوروپا و خۆرئاوا مۆنۆپۆلیزە نەکراوە وەک هەندێ لە خۆرهەڵاتناسان هەوڵیاندەدا وامان تێبگەیەنن. کاتێ ئەبو حەیانی تەوحیدی تەعبیری لەم گرفتانە دەکرد، دەستەواژەی «مەرگی مرۆڤ»ی بەکارنەهێنا وەک ئەوەی فوکۆ بەکاری هێنا، بەڵکو کتێبێکی نووسی بە ناونیشانی «الاشارات الالهیة» و کتێبێکی دیکەش بە ناونیشانی «المقابسات».

**هاشم ساڵح:** بەڵام لە لایەن فوقەها توندڕەوەکانەوە تاوانبار کرا بەوەی لە ئایین و باوەڕی خۆی هەڵگەڕاوتەوە. لێرەدا دەستەواژەیەکی بە ناوبانگ هەیە دەڵێ« زەندیقەکانی ئیسلام سێ کەسن: مەعەڕی و ئەبو حەیانی تەوحیدی و ئیبن راوەندی. خراپترینیشان لەسەر ئیسلام تەوحیدییە، چونکە دوانەکەی دی بە ئاشکرا بێ باوەڕیی خۆیان راگەیاند، بەڵام تەوحیدی بێ باوەڕیی خۆی ئاشکرا نەکرد».. رات بەرامبەر بەم قسە بریندارکەرە چییە؟

**ئارکۆن:** بەڵێ، لە بیروباوەڕیدا تاوانبار کراوە. بەڵام ئەمە مانای چییە؟ کێیە ئەو

کەسەی تەوحیدی تاوانبار دەکات و بەچ هەقێک تاوانباری دەکات؟ فوقەهاکانیش وەکو من و تۆ مرۆڤن و لە هەڵە بێبەری نین. بە هەرحاڵ ئەمە سیمفۆنیایەکی زانراو و ئاشکرای هەموو توندڕەو و پەرگیرەکانە. هەر بیریارێکی ئازادیش بیەوێت شتێک بخاتە سەر مێژووی ئیسلام و شکۆمەندیی فیکری ئیسلامی پتر بکات، تاوانباری دەکەن. ئەمە لە رابردوودا رووی داوە و لە ئێستاشدا روودەدات. لە راستیدا ئەو بیریارانەی هەموو رەهەندکانی مرۆڤ بە جیددی وەردەگرن و رێز لە هەموو رەهەندەکانی مرۆڤ دەگرن و هەموو رەهەندەکانی دەخوێننەوە، ئەوا دەبن بە ئامانجی پێکانی هاوچەرخەکانی خۆیان، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هاوسەردەمەکانی خۆیان لێیان تێناگەن، سایان هەمان ئەو کەرەستە و ئامرازانەیان نییە کە بیریارە جیددییەکان هەیانە، یان چانسی ئەوەیان نییە بە ژیانێکی چڕو دەوڵەمەندا گوزەر بکەن کە حەقیقەتی ئینسانیان بە هەموو رەهەندەکانییەوە بۆ کەشف بکات. تەوحیدی، بۆ بەدبەختی، ئەو چانسەی هەبوو! منیش بۆ بەدبەختیم هەمان چانسم هەبوو، منیش وەکو ئەو دوچاری ئازار و دەردەسەری بووم، هەردووکیشمان دوچاری قسەی ناشایستە وجنێودان و هێرشی توند بووین.

ئەمەیە هیومانیزم کە لەگەڵ تەوحیدیدا پەیم پێبرد. ئەم چەمکە خۆم دامنەهێناوە و لە ئەوروپا یان لە خۆرئاواشم نەخواستووە وەک هەندێ کەس پێیان وایە، بەڵکو ئەمە زادەی بزاوتێکە لە ناوچەی ئێران-عێراق و لە سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی (نۆیەم و دەیەمی زایینی) لە دایک بووە. بۆ نموونە (جاحظ) هیومانیستێکی گەورە بوو و یەکێ بوو لە ڕێبەرەکانی بزاوتی هیومانیزم.

**هاشم سالح:** تەوحیدی لە بەیان و شێوازدا جاحظ-ی بە مامۆستای خۆی دەزانی...

**ئارکۆن:** بێگومان. هەردووکیان هەواداری ئەو ڕێبازە بوون و هەردووکیشیان پەخشان نووسێکی باش بوون و لە سەرجەمی هونەر و زانستەکانی سەردەمی خۆیان زانا بوون. ئەمەیە دیاریکردنی خودی هیومانیزم: هیومانیزم بریتییە لە ئاوێزانکردنی کولتوور و ژیارەکان لەیەک چوارچێوە و یەک ژینگەدا. جاحظ عەرەبێکی موسڵمان بوو لە بەرامبەر هەموو ئەو فیکر و کولتوورانەدا کراوە بوو کە لە دوورەوە دەهاتن.



تەوحیدیش پیاوێکی عەرەب، موسڵمان، یۆنانی، ئێرانی... هتدبوو، هەموو شتێک بوو. هەموو سەردەمەکەی تیادا کۆبووەوە. بێمانایە کاتێ دەبینین ئایدیۆلۆژیست و ناسیونالیستە توندڕەوەکان ململانێیی لەسەر دەکەن و دەڵێن تەنها فارس بووە یان تەنها عەرەب بووە، ئەو هەردووکیان بووە و بگرە زیاتریش، ئاقارێکی هیومانیستیی بەرفراوانی هەبووە و پابەندی سنووری ئیتنی یان ئایینی یان مەزهەبییەکان نەبووە.

**هاشم سالح:** دەستەواژەکەی فوکۆ لە بارەی «مەرگی مرۆڤ» نزیکەی دوای سەد ساڵ لە بانگەوازە ناودارەکەی نیچە هات لە بارەی «مەرگی خودا» (بێگومان بە مانای میتافۆری- مەجازیی وشەکە). رات بەرامبەر بەم جۆرە دەستەواژە فەلسەفییە رادیکالییانە چییە؟ چۆنی تێدەگەیت؟

**ئارکۆن:** ئەمە هانم دەدا شتێکی تر بخەمە سەر ئەو قسانەی پێشتر لە بارەی هیومانیزم وتوومە، وام لێدەکات ئەم قسەیەی بۆ زیاد بکەم: لێرەدا هەمیشە چەند چەشنێکی دیاریکراو لە مرۆڤ دەمرێ، بۆ نموونە مرۆڤی سەدەکانی ناوەڕاست مرد و تەواوبوو، ئەمە شتێکی بەڵگەنەویستە...

**هاشم سالح:** مەبەستت لە ئەورووپا و خۆرئاوا؟

**ئارکۆن:** بەڵێ. بە تایبەتی لە خۆرئاوادا کە دەتوانین بڵێین سەدەکانی ناوەڕاست بە فیعلی تەواوبوو، تازەگەریش لەوێدا شوێنی خۆی قایم کردو رەوایی خۆی دامەزراند. ئێستا نموونەیەکی ترت بۆ دەهێنمەوە: ئەو موسڵمانە جەزائیرییەی لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە تا ساڵانی ١٩٣٠-١٩٤٠دا ژیاوە، مرد. باوکم و مامم کە کاریگەرییان لەسەرم هەبوو، مردن. لەوانەیە بتوانی هەندێ نموونەی دەگمەنی ئەوانە لە ناوجەرگەی جەزائیر یان لە لووتکەی چیاکاندا بدۆزیتەوە، بەڵام ئەوانە لە رووی عەمەلییەوە وەک نەوە و وەک هەستیاری و وەک جیهانبینییەک بۆ جیهان و بوون، تەواو بوونە. بۆچی؟ چونکە کۆمەڵێ گۆڕانکاریی قووڵی دیمۆگرافی لە کۆمەڵگای جەزائیریدا روویداوە هەروەکو لە کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامییەکانی دیکەشدا روویداوە. ئێستا نموونەیەکی دیکەت لەسەر فەرەنسە بۆ دەهێنمەوە: لەم دواییەدا کتێبێکی نوێ لە بارەی مێژووی ئایینی ئەو وڵاتە دەرچوو، لەم کتێبەدا بۆمان دەردەکەوێ فەرەنسە چەند جارێک چووەتە

ناو ئایینی مەسیحییەوە نەک یەک جار، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی هەموو جارێ پێویستیی بەوە کردووە دوای ئەو پێشکەوتنە کولتووری و کۆمەڵایەتییە کتوپڕ و لە ناکاوە بکەوێ کە بەسەر کۆمەڵگای فەڕەنسیدا هاتووە و وای لێکردوون جارێکی دیکە و بە شێوەیەکی دیکە بچنەوە ناو مەسیحییەتەوە و کارکردە کتوپڕو تازەکانیش ئاوێزانی خۆی بکات. کەواتە لێرەدا هەمیشە چەشنگەلێکی دیاریکراوی مرۆڤ هەیە دەمرێ، چەشنگەلێکی پەیوەست بە چەشنگەلێکی دیاریکراو لە کولتوور و مەرجەعیەتە کولتوورییەکان تەواو دەبن و پاشان چەشنگەلێکی دیکەی کولتوورەکان شوێنیان دەگرنەوە، واتە چەشنگەلی دیکەی هیومانیزم و مرۆڤ. بۆ نموونە ئەو مرۆڤەی لە منداڵدانی شۆڕشی فەڕەنسییەوە هاتۆتە دەرێ، ئەو مرۆڤە فەڕەنسییە نییە تایبەت بێت بە سەردەمی کۆن (یان عەهدی کۆن) بەڵکو مرۆڤێکی ترە. کەواتە بەم مانایە دەشێ بڵێین خەڵکانێک هەن دەمرن، چەشنێکی دیاریکراو لە مرۆڤ دەمرێت، بەڵکو هەرگیز ناکرێ بڵێین مرۆڤ بە رەهایی و بە تەواوی دەمرێ، یان «مەرگی خودا» بەرەهایی. ئەمە قسەیەکی بێمانایە، ئەمە پووچگەرایی و عەدەمیەتێکی بەتاڵە و موسڵمان و عەرەبەکان پێویستیان پێ نییە. جۆرێک لە پیرۆزکردن و تەقدیس هەیە وندەبێ و دەمرێ لەگەڵ ئەو چەشنە مرۆڤەی کە تەقدیس وایلێکردووە لەسەردەمێکدا باڵا دەست بێ و بژی. بەڵام خودا وەک مەرجەعێکی بەردەوام و وەک دەلالەتێکی رەها، هەمیشە زیندووە و نامرێت.

**هاشم ساڵح:** ئایا ئامێزانبوونی رەها لە بووندا ئاتاجێکی پێویست و بەردەوامی مرۆڤە؟

**ئارکۆن:** بێگومان. شڵەژان و خرۆشانی ناوەکیی رۆحی و ئینجا حەز و سۆزێکی زۆر بۆ نەمری و ئەبەدییەت رەهەندێکی بنەڕەتی لە رەهەندەکانی مرۆڤ پێکدەهێنن. مرۆڤ تەنها بەشتە ماددییەکان و بە ئیستیهلاکی ماددی ناژیت، دەنا هەروەکو ئاژەڵ دەبوو. مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە ناوبەناو مەرجی ماددی بوونی تێپەڕێنێ بۆ ئەوەی ئاوێزانی شتێکی دیکە بێت کە زۆر تەمەن درێژتر و بەرفراوانتر بێت، واتە کەمتر هەنووکەیی و تێپەڕ بێت. مومکین نییە مرۆڤ لەم رەهەندە بنەڕەتییەی داببڕین و مافی ئەوەشمان نییە شتێکی وا بکەین.



بێگومان ئێمە لێرەدا لەو شتە کەم ناکەینەوە کە پێی دەڵێن «رۆحانییەتی خۆرهەڵاتی» یان سۆفیگەریی لە دژی «ماتریالیزمی خۆرئاوایی» کە هەرگیز تێر نابێت. ئەمانە کۆمەڵێ کلێشە و دابەشکردنی نەزۆکن و بە کەڵکی فیکر نایەن. ماددییەت لە هەموو جێگایەکدا هەیە، رۆحانییەتیش هەروەها. دیسان تێربوونی رۆحی بەبێ تێربوونی ماددی مانای نییە.

دەگەڕێمەوە بۆ پرسیارەکەت لە بارەی نیچە و وتە ناودارەکەی «مەرگی خودا» (تکا ئەکەم ئەم وتەیەی نیچە بخەیتە ناو چەندین کەوانەوە نەک تەنها دوو کەوان بۆ ئەوەی بە هەڵە وبە خراپ لێی تێنەگەن) ئەم وتە ناودارەی نیچە کە دنیای هەژاند هەروەکو وتەکەی فوکۆش لە ساڵی ۱۹٦٦ دنیای هەژاند و لەوانەیە زیاتریش (چونکە وتەکەی فوکۆ لقێکە لە وتەکەی نیچە و لەوەوە دەرهاتووە) دەڵێم ئەم وتەیەی نیچە لە دەقێکی بەناوبانگدا باسکراوە بە ناوونیشانی «شێت» یان «دێوانە» لە کتێبی «زانستی شاد»ی نیچە برگەی ۱۲٥.

دەستەواژەکەی نیچە مانای ئەوە نییە خودا بە مانای حەرفیی وشەکە دەمرێت یان بە تەواوی و بەرەهایی دەمرێت بەڵکو مانای وایە شێوەیەکی دیارکراوی تەقدیس (کە شێوەی سەدەکانی ناوەڕاستە) مرد وهەرەسی هێنا. واتە شارستانیەتی پیشەسازی و پێشکەوتنی زانستی وتێکنۆلۆژی کە لە سەردەمی نیچە و لە کۆتایی سەدەی نۆزدە گەیشتە لوتکە و هەموو ئەوروپای گرتەوە، ئەو شێوە تەقدیسەی لە ناوبرد. کەواتە نیچە لەوەی وتوویەتی، لە لای خۆیەوە شتێکی دانەهێناوە، تەنها سەرنجی ئەو شتانەی داوە کە لە دەوروبەریدا روودەدەن هەروەکو چۆن زانایەک بە هەموو ساردی و بابەتییەوە لە دیاردەیەکی گەورە ورد دەبێتەوە. گرفتی نیچە لەوەدایە ئەو بەر لە کەسانی دی بە ئاگا هات و.. ئەو شتانەی بینی کە کەسانی دی نەیاندەبینی، ئیدی ترسا و ئەو هاوارەی لێهەستا. پرسیاری نیچە بەم جۆرە بوو: چۆن دەکرێ ئەم تەقدیسە کۆنەی بە درێژایی چەندین سەدە بەسەر بەشەرییەتی مەسیحیی ئەوروپیدا زاڵبووە، لەبەر یەک هەڵبوەشێ و هەرەس بهێنێ تا تەقدیسێکی دیکەی نوێ جێگای بگرێتەوە: واتە تەقدیسی زانست و خواوەندەکانی زانست و کۆنترۆڵکردنی سروشت و گەردوون و شتەکان. کەواتە نیچە

مردنی چەشنێکی دیاریکراوی لە چەشنەکانی هیومانیزمی مەسیحیی تەقلیدی ڕاگەیاند کە کاتی بەسەرچوو و وەکو پەندێکی فەرەنسی دەڵێ: «کاتەکەی خورا»، واتە نیچە بە تەواوی و بەرەهایی مەرگی تەقدیسی ڕانەگەیاند. پاشان دەبێ لەم جۆرە دەستەواژە قورس و بە هێزانەی بیریارە گەورەکان بە هەڵە تێنەگەین، چونکە ڕەنگە مەبەستی شتی دیکە بێت نەک ئەوەی زۆربەی خەڵکی تێیدەگەن. لێرەدا چەشنگەلێکی دیاریکراو لە مرۆڤ و تەقدیس هەن دەمرن، بەڵام بەردەوام چەشنگەلی دیکەی نوێ جێگایان دەگرنەوە.

مرۆڤ دەمرێ و جارێکی دیکە زیندوو دەبێتەوە، ئەمەیە کە (جولیا کریستیڤا)ی خانمە توێژەری فەرەنسی لە دەستەواژەیەکی تۆکمە و زۆر سەرکەوتوودا بە «بەرهەمهێنانی رووخێنەری مانا» La genese destructrice du sens ناوی دەبات.
مانا بۆ ئەوە بنیات دەنرێ و شکڵدەگرێ تا لە دواییدا بڕووخێ و هەرەسبێنێ، مانا لە ڕێگەی وێرانکردنی مانا یان لەسەر پاشماوەی مانای دیکە دروست دەکرێ و شێوە دەگرێ.

دەبێ مانای کۆن و بەرتەسک- کە ئیدی کەڵکی نەماوە و لەگەڵ سەردەمدا ناگونجێ- وێران بکرێ تا مانایەکی نوێ و کراوەتر و فراوانتر شوێنی بگرێتەوە، دەشێت لێرەدا لاسایی جۆلیا کریستیڤا بکەینەوە و بڵێین: «بەرهەمهێنانی رووخێنەر بۆ مرۆڤ»: واتە ئەوەی ئینسانی کۆن و تەقدیسی کۆن ڕەتدەکاتەوە بۆ ئەوەی ئینسانی نوێ جێگای بگرێتەوە. لێرەدا هەمیشە ئینسانی نوێ هەیە کە لەسەر پاشماوە و داروپەردووی ئینسانی کۆن هەڵدەستێتەوە. دەستەواژەیەکی لەم جۆرەم قبووڵە، بەڵام غەیری ئەوە نەء.



## محەمەد ئارکۆن لە نێوان: ئیسلامیاتی کلاسیکی و ئیسلامیاتی پراکتیکی (بەرەو بازدانێکی مەعریفیی نوێ لە گۆڕەپانی لێکۆڵینەوە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا)

**هاشم ساڵح:** ناکرێ ئێمە ئەو مەسەلە گەورانە بوروژێنین کە پەیوەستن بە هیومانیزمی کلاسیکیی ئەوروپی و شێوەی مەعریفەی کلاسیکی و ئەو شۆڕشەی کە بیریارە فەرەنسییەکان بە درێژایی قۆناغی ڕابردوو لە دژی هەڵیانگیرساند بێ ئەوەی بیر لەو شۆڕشەی تۆ نەکەینەوە کە لە دژی (خۆرهەڵاتناسی) یان (ئۆرێنتالیزم) بەرپاتکردووە،یان ئەوەی کە تو بە (ئیسلامییاتی کلاسیکی) ناوی دەبەیت و ئەمەش بەشێکی دانەبڕاوە لە هیومانیزمی کۆنی ئەوروپی. بێگومان شەڕی تۆ لەگەڵ خۆرهەڵاتناسیدا شەڕێکی فۆرمالیستیی ئایدیۆلۆژی نییە بەو شێوەیەی عەرەب و موسڵمانەکان ماوەیەکی درێژە ململانێیەکی توند و گەرمی لەگەڵدا دەکەن، ئەو ململانێیەی ئێستاکە بووە بە شتێکی بێزارکەر و دووبارە بووەوە، بەڵکو ئەم شەڕەی تۆ لەوە ترسناکتر و قووڵترە: شەڕێکە پەیوەندی بە جەوهەرو قووڵایی سیستمی مەعریفە (ئیپستیمۆلۆژیا)وە هەیە، هەروەها پەیوەندی بەو قەڵەمبازە ئیپستیمۆلۆژییەوە هەیە کە ئۆرێنتالیزم تائێستا ئەوە ڕەتدەکاتەوە میتۆد و دەرەنجامەکانی لەبەر چاوبگرێت. ئایا دەکرێ لەم ڕووەوە مەسەلەکەمان کەمێک بە درێژی بۆ باس بکەیت؟

**ئارکۆن:** گرفتی من لەگەڵ ئۆرێنتالیزم و میتۆدەکانیدا لەوە کۆنترە کە تۆ دەیزانیت. ئەم مەسەلەیە لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە لە ساڵی (١٩٥٠)دا قوتابیی کۆلێجی ئاداب بووم لە زانکۆی جەزائیر.

ئەو کاتە مامۆستاکان (کە هەموویان فەرەنسی بوون) گیروگرفتەکانی کۆمەڵگای جەزائیری یان گیروگرفتەکانی کۆمەڵگا عەرەبییەکان یان گیروگرفتی ئیسلامیان فەرامۆش کردبوو، مەبەستم ئەوەیە گیروگرفتەکانیان لەڕووی مەعریفی و ئەپیستیمۆلۆژییەوە نەدەخستەڕوو و هەوڵیان نەدەدا جۆری ئەو گرفتانە دەستنیشان

بکەن یان چارەسەری بۆ بدۆزنەوە. ئەوان لە دوورەوە، زۆر لە دوورەوە تەماشایان دەکرد، لە دەرەوە لێیان دەڕوانی وەک ئەوەی پەیوەندیی بەوانەوە نەبێت. پاشان لەوەش گرنگتر: لەمیانی تێڕوانینی هیومانیزمی بورژوازیی فەڕەنسییەوە سەیریان دەکرد، ئەو هیومانیزمە رووکەشەی دواتر فوکۆ و کەسانی وەکو فوکۆ لەدژی وەستان. ئەو دەمی رۆشنبیریی خۆرئاوایی خۆی بەرۆشنبیرییەکی یونیڤێرسالی-جیهانی لە قەڵەم دەدا، ئەم کولتوورە خۆرئاواییە هاتە جەزائیر بۆ ئەوەی جەزائیرییە«دڕندەکان» بکات بە کەسانێکی شارستانی و بیانخاتە ناو کەشێکی ژیارییەوە نەک بۆ داگیرکردنی وڵاتەکەیان. کەواتە کولتووری فەڕەنسی شانازیی بە باڵا دەستیی خۆی دەکرد بەسەر گشت کولتوورەکانی دیکەدا و دانی بەو کولتوورانە نەدەنا و تەنانەت دانی بە زمانی نەتەوایەتیشیان نەدەنا. ئیسلام لەلایەن مەسیحیەتەوە پەراوێز خرابوو، موبشیرەکان بەو مەبەستە هاتنە جەزائیر تا جەزائیرییەکان لە ئایینی خۆیان هەڵبگەڕێننەوە بۆ ئەوەی بچنە ناو ئایینی مەسیحییەوە. نەوەکەی من لەنێو ئەو رووداوانەدا ژیاوەو هەروەها خۆیشم هەموو ئەو شتانەم بینیوە. دەبێ ئەم شتە بزانیت بۆ ئەوەی لە ئەسڵی بیرکردنەوەم و لە بایەخدانی رۆشنبیریم تێبگەیت. دەبێ خەڵکی ئەم شتانە بزانن تا لە هۆیەکانی یاخیبوونی فیکریی من و لەوشتە حاڵی بن کە دەمەوێ بنیاتی بنێم. من هەر تەنها بە رەتکردنەوەو رووخاندن و رەخنەگرتن وازناهێنم وەک هەندێ کەس باسیدەکەن. من لە کەشێکی پڕ لە سەرکوت و چەپاندن و داکەوتنێکی کەڕوولاڵی رۆژگاری داگیرکاریدا ژیاوم. وتم «کەڕ» و «بێدەنگ» چونکە نەمدەوێرا ئەو شتانە بدرکێنم یان بۆ ناڕەزایی دەنگ هەڵبڕم. لە جەزائیری بەر لە رزگاریدا مرۆڤی جەزائیری مافی ئەوەی نەبوو ناڕەزایی دەربڕێ یان قسەبکات. ئەو کاتەی ئیستعمار لەدوا رۆژەکانیدا بوو، توندتر و دڕندەتر بوو، چونکە هەستی دەکرد کۆتایی مانەوەی نزیک بووەتەوە. ئەم ئیستیعمارە لووت بەرزە بوونێکی بەهێزی لەناو زانکۆدا هەبوو. ئێمە تەنها پێنج یان شەش قوتابیی بەڕەسەن جەزائیری بووین کە زمان و ئەدەبی عەرەبیمان دەخوێند، کەچی ئەو فەرەنسییانەی لە کۆلێجەکانی تردا دەیانخوێند ژمارەیان دەگەیشتە هەزاران کەس. ئەڵبەتە حەزیان لە خوێندنی زمانی عەرەبی نەدەکردو هەوڵیاندەدا قەدەغەی بکەن و زۆرترین ئاستەنگی بۆ دروست بکەن.



تۆ خەیاڵی دڵڕەقیی بارودۆخێکی لەو جۆرە بکە سەبارەت بە گەنجە جەزائیرییەکان. لەوکاتەوە سەرەتاکانی رەتکردنەوەی ئیسلامیاتی کلاسیکی (واتە خۆرهەڵاتناسی-ئۆرێنتالیزم) بە هەموو میتۆد و ئاقارەکانییەوە لە دەروونمدا چەکەرەی کرد. پاشان لە دژی کۆمەڵگاو بارودۆخی کۆمەڵگا و لەدژی ئەو زوڵم و ستەمەی دوچاری جەزائیر بوو، یاخی بووم. سەرنجی ئەو کەلێن و مەسافە گەورەیەم دەدا کە لەسەرجەمی ئاستەکاندا پێشکەوتنی فەڕەنسا و پاشکەوتنی جەزائیری لە یەکتر جیادەکردەوە. ئەوکاتە کۆمەڵگای جەزائیری ملکەچی نەزعەی سکولاستیکی قوتابخانەیی دووبارەبوو و نەزۆک ببوو، ئەمە لە کاتێکدا فەڕەنسەو شارستانیەتی خۆرئاوا شانازییان بە خۆیان و بەهێزو تازەگەریی خۆیانەوە دەکرد. ئەوساکە یەک شت زەینی منی داگیرکرد، ئەویش: ئیرادەی تێگەیشتن و مەعریفە بوو. دەمویست تێبگەم بۆچی بارودۆخەکە بەو جۆرەیە؟ و بۆچی هەر بەوجۆرەش ماوەتەوە؟ ئەمە ئەو پرسیارکردنە سەرەتایی و ریشەییە بوو کە بەر لە زیاتر لەسی ساڵ و تا ئەمڕۆش پێشڕەویی فیکرو توێژینەوەکانم دەکات. ئێستا شتێکت بۆ دەگێڕمەوە کە ئەوسا بەتەواوی هەژاندمی کاتێ وتارە ناودارەکەی میر شەکیب ئەرسەلانم خوێندەوە بەناونیشانی «بۆچی موسڵمانان دواکەوتن و کەسانی دی پێشکەوتن؟»، ئەم پرسیارە بەردەوام لەگەڵمدا بوو و زۆری بۆ دەهێنام و داوای وەڵامی لێدەکردم. بەمجۆرە کەوتمە سەر رێگەی گەڕان و دۆزینەوەو تێگەیشتن و عیرفانەوە. لەوانەیە هەر لەبەرئەم هۆیەش بووبێت نەچوومە ناو خەباتی سیاسی یان تێکەڵ بەحزبە سیاسییەکان نەبووم، چونکە ئەوانە دروشم و شیکردنەوەی خێراو کورتخایەنیان پێشکەش دەکرد کە تینوێتیی نەدەشکاند.

**هاشم ساڵح:** دەگمەنیی رەوتی فیکریی تۆش لێرەدایە لە چاو ئەو نەوە رۆشنبیرو ئایدیۆلۆژیستە عەرەبەی کە بەشێوەیەکی گشتی خزانە ناو سیاسەت و حیزبەکانەوە، ئەو حیزبانەی زۆربەیان کاتیان بەسەرچووبوو و مەسەلەی کەشفی مەعریفی و توێژینەوەی زانستییان فەرامۆش کردبوو.

**ئارکۆن:** لەوانەیە. بەهەر حاڵ بەشی هەرەزۆری لاوانی جەزائیر لەپێناوی بەدەستهێنانی سەربەخۆییدا تێکەڵ بە بزووتنەوە نیشتمانییەکان بوون، ئەم مەسەلەیە

گرنگییەکی زۆری هەبووەو لەپێش شتەکانی ترەوە بوو. بەڵام من ڕێگەی فیکریم بۆ ڕزگاربوون هەڵبژارد. یاخیبوونی فیکریی من هەمان یاخیبوونی تێکۆشەرێکی سیاسی بوو، تەنها ئامرازی کارکردن و بەرنامەمان جیاواز بوو، دەنا یەک ئامانجمان هەبوو ئەویش بریتی بوو لە ئازادی و سەربەخۆیی. ئامانجی حاڵەتی یەکەم بریتی بوو لە ڕزگاربوونی سیاسییانەی نیشتمان، ئامانجی حاڵەتی دووەمیش (حاڵەتی من) بریتی بوو لە ڕزگاربوونی فیکری و عەقڵیی جەزائیرییەکان و سەرجەم عەرەب و موسڵمانان. وەک دەبینیت شەڕی دووەم هیچی کەمتر نییە لە شەڕی یەکەم، بگرە ئاڵۆزترو درێژخایەنتریشە. لەبەر هەموو ئەو هۆیانە دەستم کرد بەرەخنەگرتن لە شێوازی فێرکردنی وانەی مێژوو لە زانکۆی جەزائیردا، ئەو شێوازی وانەوتنەوەیە شتێکی ترسناک بوو کە نە لە زانست و نە لە میتۆدەکانی نەدەوەشایەوە، هەمان شت سەبارەت بە خوێندنی زمان و ئەدەبی عەرەبی و....هتد، لەوساوە تا ئێستاش کۆمەڵێ بیرەوەریی خراپ و تاڵم لەبیرماوە. پاشان بەڵێنی ئەوەم بە خۆمدا کە دەبێ دواتر هەموو ئەو شتانە بگۆڕم. کاتێکیش لە سەرەتای شەستەکاندا بووم بە مامۆستا لە زانکۆی سۆربۆن، دەمودەست ئەو میتۆدانەم گرتەبەر کە بەتەواوی جیاوازە لە میتۆدی خۆرهەڵاتناسان. بۆ نموونە ئەو کەسانەی لەسەرەتاوە (واتە بەدیاریکراوی لەساڵی ١٩٦٠ەوە) لەوانەکانمدا ئامادەبوون، ئاگایان لە ڕادەی ئەو جیاوازییە گەورەیە هەیە کە لە نێوان میتۆد و شێوازی توێژینەوەی من و نێوان میتۆدی خۆرهەڵاتناسەکاندا هەیە. لەکاتی وانەوتنەوەدا چەند دەقێکم لە کتێبەکانی (ڕۆبێر ماندرۆ)ی مێژوونووس لەبارەی بنەما نوێیەکانی فەڕەنسە بۆ قوتابیان دەخوێندەوەو بۆم شیدەکردنەوە تا بۆیانی دەربخەم چ فەرقێکی گەورە لە نێوان میتۆدی مێژووی نوێ و میتۆدی خۆرهەڵاتناسیدا هەیەو چۆن دەشێ میتۆدی مێژووی نوێ یاخود میتۆدی نوێی مێژوویی بەسەر مێژووی کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامییەکاندا پراکتیزە بکرێ و بە کۆمەڵێ دەرەنجامی باشترو سوود بەخشتر بێینە دەرێ. تۆ خۆیشت دەزانیت ماندرۆ سەر بەگرووپی «مێژووی تازە»یە لە فەڕەنسە، واتە گرووپی قوتابخانەی بڵاوکراوەی ساڵانە (حەولیات) نەک قوتابخانەی مێژوویی کۆن و فیلۆلۆژی و وەسفی.



دواتر لەکاتی ڕێچکەی زانستیمدا گرفتێکی دیکەی نوێ هاتە بەردەمم کە پەیوەندیی بە دەقی قورئانییەوە هەبوو هەروەها چۆنیەتیی لێکۆڵینەوەو تێگەیشتن لە تێکستی قورئانی. پاش ئەوەی تێزی دکتۆراکەم لە بارەی «هیومانیزمی عەرەبی لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا» تەواو کردو لە لێکۆڵینەوەی بیری ئیسلامیی کلاسیکی بوومەوە، هەستم کرد کە دەبێ زیاتر بۆ دواوە بگەڕێمەوە، واتە بۆ ڕابردوویەکی دوورتر، واتە بۆ چرکەساتی دامەزراندنی قورئان بۆئەوەی بەشێوەیەکی ڕاست و دروستتر لە مەسەلەکان تێبگەم و بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەم لە مێژووی فیکری ئیسلامی لەسەر چەند بنەمایەکی بەهێزو پتەو دابمەزرێت. وەک دەزانیت ئەم مەسەلەیە بەدرێژایی چەندین ساڵ و تائێستاش سەرقاڵی کردووم. سەرەتای دەست پێکردنیشم بەرێکەوت کۆمەڵێ شتی گرنگم لەبارەی ئینجیل خوێندەوە، ئەوەبوو دواتر فزولی مەعریفیم بۆ چەند شوێنێکی ترو بۆ چەند ئایینێکی دیکە پەلکێشی کردم بۆ ئەوەی دیمەنەکە لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا ببینم و لەڕێگەی بەراوردکردن و تێبینییەوە سەرنجی بدەم، بەراوردکاریش بنچینەی زانست و تێگەیشتنە. ڕۆژێکیان بەسەر نووسینەکانی (دانیال ڕۆس)دا کەوتم کە لەبارەی ئینجیلەکانەوە نووسیبوونی. دانیال ڕۆس نووسەرێکی مەسیحییەو لە چلەکان و پەنجاکاندا چەند کتێبێکی لەبارەی ئینجیلەکان داناوە. کتێبەکانی ڕۆس زۆر میللی بوون چونکە بەشێوازێکی جوان و سەرنجڕاکێش نووسرابوون، هەروەها لە ئەکادیمیای فەڕەنسیدا ئەندام بوو، کاتێ بۆ یەکەمجار کتێبەکانیم بەرچاو کەوت، لەدڵی خۆمدا وتم: ناکرێ ئێمەش لەبارەی قورئان شتێکی وابکەین؟ ئەگەر بەو شێوەیە بەراورد لەنێوان ئینجیل و قورئاندا بکەین، دەگەینە چ ئەنجامێک؟ ئەمە خاڵی سەرەتاو خاڵی دەستپێکردن بوو، هەر ئەمەش فزولی مەعریفیمی متوربە کرد. بەو جۆرە لەبواری قورئاندا دەستم بەکار کرد، ئەوەبوو سەرەنجام ئەو کتێب و توێژینەوانەم بەرهەمهێنا کە دەیزانیت.

**هاشمساڵح:** ئەمە مانای وایە تۆ ئەو کارەت سەبارەت بە قورئان کردووە کە بیریارانی ڕەخنەی مێژوویی ئەوروپی سەبارەت بە ئینجیل و تەوراتیش کردوویانە. بەمانایەکی تر تۆ دەقی قورئانیت هێناوەتە ناو بازنەی توێژینەوەی زانستیی

هاوچەرخەوە و بەم کارەش «مێژووی بەراوردکاریی ئایینییەکان»ت سەبارەت بە ئیسلام کردەوە.

**ئارکۆن:** بەڵێ، ڕێک وایە. هەر ئەمەش بوو کە لەلایەن میتۆدی ئۆرێنتالیزم ڕەتکرابووەوە، میتۆدێک کە ئیسلامی لە تایبەتمەندییەکی بەرتەسکدا قەتیس دەکرد کە پەیوەندیی بەهیچ شتێکی ترەوە نەبێت. ئەوان قسە لەسەر بەهاکانی یەهودییەت-مەسیحییەت دەکەن و کەچی ئیسلام لە گۆڕەپانی ئایینە«ژیارییەکان» یان ئایینی کۆمەڵگا شارستانییەکان دوور دەخەنەوە. لە باشترین حاڵەتیشدا ئەگەر بەراوردکاری لەنێوان قورئان و تەورات و ئینجیلدا بکەن، ئەوە بۆ ئەوەیە تابڵێین قورئان جگە لەلاسایی کردنەوەی ئەوان شتێکی تر نییە.. لە هەموو حاڵەتێکیشدا بلیمەتی و وزەی خودیی قورئان دەسڕنەوە، لەمەش گرنگتر قورئان لە گۆڕەپانی سرووشی یەکتاپەرستی دووردەخەنەوەو لێرەدا سرووشی یەکتاپەرستی تەنها بۆ یەهوودییەت و مەسیحییەت پاوان دەکەن. بەڵام ئێمە دەزانین کە قورئانیش دەچێتە ناو چوارچێوەی ئایینی یەکتاپەرستییەوە یان سرووشی یەکتاپەرستییەوە ڕێک وەکو عەهدی کۆن و نوێ (واتە تەورات و ئینجیل).

ئەو گیروگرفتە هەڵپەسێردراوانەی چەندین سەدەیە لەنێوان هەرسێ ئایینە یەکتاپەرستییەکاندا بەبێ چارەسەر ماونەتەوە، تەنها ئەو کاتە چارەسەر دەکرێن کە میتۆدی تەقلیدی و هەستیاریی ئایینیی تەسکبین بەتەواوی هەڵبگێڕدرێنەوە. لەبەرئەم هۆیە دەبینیت کاتێ قسە لەسەر ئیسلام دەکەم بەردەوام ئاماژە بۆ یەهوودییەت و مەسیحییەتیش دەکەم بۆ ئەوەی مەسەلەکان بخەمە ناو دیدگایەکی بەراوردکاری و دروستەوە.

بەڵام ئایا ئەو هۆکارە ڕاستەقینانە چین کە هانم دەدەن میتۆدی بەراوردکاریی بەرفراوان بگرمەبەر و بەردەوام هەوڵدەدەم لەناو چوارچێوە تەسک و بچووکەکان بێمە دەرێ کە تیایدا هەر ئایینێک ئەویدیکە لە خۆی دووردەخاتەوە؟ باوەڕم وایە سەرەکیترین شتێک کە دەبێ لێرەدا پێی لەسەر دابگرم بۆ ڕوونکردنەوەی فیکرو ڕێچکەی مەعریفیم، ئەمەیە: ئەوەی پەیوەندیی بە مەغریب نشینەکانی وەچەی منەوە



هەیە، ئێمە لەناو کەش و فەزای پێکۆڵکردنی فیکری و کولتووریدا ژیاین و گەورەبووین، ئێمە لەو دواناوەندی و زانکۆیانەدا فێربووین کە شێوازێکی فەڕەنسییان هەبوو. ئێمە هەمان ئەو وانانەمان دەخوێند کە قوتابیانی پاریسی دەیانخوێند. ئەمە شتێکە ڕەنگە تۆ و نەوەی تۆ نەیزانن بەتایبەتی کە تۆ مەشریقیت نەک مەغریبی. بەڵام هاوکات ئێمە وەک هەر فەڕەنسییەک کولتووری فەرەنسیمان پێدەوترایەوە، لەلای کەس و کارمان و لە کۆمەڵگای جەزائیریدا عەرەب و موسڵمان بووین. لەبەرئەم هۆیە ئێمە دوچاری شۆکێکی فیکری بووین، شۆکێکی بەزەبرو پڕاوپڕ. من تەمەنم حەوت ساڵ بوو کە لە قوتابخانەی سەرەتاییدا دەستم بەفێربوونی زمانی فەڕەنسی کرد وەک هەموو کەسێکی تر لە جەزائیری و مەغریبی و تونسییەکان، ئەم پرۆسەیەش تەنها لەپاش سەربەخۆیی کۆتایی هات. کاتێکیش بەو ئەندازەیە کولتوورێکی دیکە و زمانێکی دیکەت فێر دەکرێ و پاشانیش لەناو کولتوور و زمانی ئەسڵیی خۆتدا پێدەگەیت و گەورە دەبیت، ئەوا دوچاری شۆکێکی توند دەبیت و هەست بە هەناسە سواری و پارچە پارچە بوون دەکەیت. بەڵام ئەم ئەزموونە کۆمەڵێ دەرەنجامی پۆزەتیڤیی گەورەی لێدەبێتەوە کە ئەمەش دیوی دژایەتیی مەسەلەکەیە. یان بەشێوەیەکی تر: سەرەڕای یەکەمجاری ئەو شۆکە ئازار بەخش و تاڵە، بەڵام بۆ من کۆمەڵێ دەرەنجامی گەورەی ئیجابی لێکەوتەوە.

لەبەرئەوە هەست بە نائومێدی و نیگەرانی دەکەم کاتێ دەبینم ئەو قوتابیانەی ئەمڕۆ لە وڵاتانی عەرەبییەوە دێنە پاریس بۆ ئامادەکردن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا، ئاستی ڕۆشنبیرییان تا ئەندازەیەکی گەورە لاوازو هەژارە. خەم بۆ ئەو کولبوونە ڕۆشنبیری و بۆ ئەو ئاستە نزمەی ئەوان دەخۆم کە لەراستیدا ئەمە بەرەنجامی ئەوەیە ئەوانە لەپاڵ ڕۆشنبیرییەکی عەرەبیی ڕەسەندا، ڕۆشنبیرییەکی تازەی بیانییان نییە. ئەمڕۆ ئێمە ئەوە دەزانین کە مومکین نییە ڕۆشنبیرییەکی مەنهەجی و زانستیی ڕاستەقینە دابمەزرێت تەنها ئەو کاتە نەبێ کە قوتابی زمانێکی بیانی یان پتر لە زمانێکی بیانی بزانێت (بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی) ئەمەش زیان بە زمانەکەی خۆیان ناگەیەنێت و لێی کەم ناکاتەوە، بۆ نموونە ئەڵمانییەکان جگە لە زمانی

خۆیان بەزمانێکی دیکەش قسە دەکەن(کە زۆرجار زمانی ئینگلیزییە)، هەمان شت سەبارەت بە هۆڵەندییەکان و سەرجەمی میللەتانی باکووری ئەورووپی.

بناغەی بڕیاری ڕەخنەییم و تێکەڵبوونم بەبواری توێژینەوەی زانستی ئەوەیە کە من هەرگیز دەستبەرداری کولتووری ئەسڵیی خۆم نەبوومەو پەیوەندیم لەگەڵ کۆمەڵگا و ژینگەی ئەسڵیی خۆم نەپچڕیوە. بەپێچەوانەوە من لە غوربەت و تاراوگەشدا هەوڵم داوە تەواوی بەرپرسیارێتی بخەمە سەر شانی خۆم: مەبەستم لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریی کەشفکردنی گیروگرفتەکانی ژینگە ئەسڵییەکەی خۆم و هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو گیروگرفتانە لەپێناوی ئەوەی ڕۆژێک بێت چارەسەربکرێن. لەهەمان کاتدا بەچاوێکی ڕەخنەیی و بە جیددی ئامرازو کەرەستەکانی کولتووری ئەورووپیم وەرگرت و چوومە نێو قووڵایی ئەو کولتوورەوە. لەدوای زمان و کولتووری فەڕەنسی فێری زمانی ئینگلیزیش بووم کە ئێستاکە تارادەیەکی زۆر هەروەکو زمانی فەڕەنسی بڕستم بەسەریدا دەشکێ.

**هاشم ساڵح:** یانی هەروەکو زمانی فەڕەنسی؟!

**ئارکۆن:** بەڵێ، بەڵێ. بەمەبەستەوە فێری زمانی ئینگلیزی بووم لەپێناوی ئەوەی ئاسۆی مەعریفیم بەرفراوانتر بێت. لێرەدا چەندین کتێب لەبارەی کەلەپووری ئیسلامی و عەرەبی هەن کە ڕاستەوخۆ بەزمانی ئینگلیزی دەنووسرێن و نەک هەر بۆ عەرەبی بەڵکو زۆرجار بۆ زمانی فەڕەنسیش وەرناگێڕدرێن. هەروەها لێرەدا کۆمەڵێ میتۆدی نوێ لەلای ئەنگلۆساکسۆنییەکان هەیە کە ڕەنگە لەلای فەڕەنسییەکان نەبێت، سەرباری ئەوەی کە زمانی توێژینەوەی زانستیی هاوچەرخ زمانی ئینگلیزییە، نەک تەنها زانستە سروشتییەکان بەڵکو ئەوانەیشی کە پەیوەندییان بەزانستە مرۆییەکانەوە هەیە. بۆیە من ناچاربووم زمانی ئینگلیزیش بەکاربهێنم بۆئەوەی موحازەرەکانم لە ئەمێرکا و ئەڵمانیاو وڵاتانی دیکەدا بەو زمانە پێشکەش بکەم.



**پەراوێزەکان:**

١- «پۆل ریکۆر»ی فەیلەسووف لەو چاوپێکەوتنەدا دەڵێ: «لەلای هەندێ لە فەیلەسووفانی هاوچەرخی فەڕەنسیدا مەیلێک دەبینم بۆ وازهێنان و دەستبەرداربوون لە زانستە مرۆڤایەتییەکان، ئەم ئاراستەیەش زۆر مەترسیدارو زیانبەخشە. کاتێ فەلسەفە خۆی لە گۆڕەپانی زانستە چەسپیوەکان جیادەکاتەوە ئەوا تەنها دەبێ بەجۆرێک لە دیالۆگی خودی لەگەڵ خۆیدا. ئێمە دەزانین هەموو فەلسەفە گەورەکان لە مێژووی بەشەریدا لەسەر بناغەی دیالۆگ لەگەڵ زانستە چەسپیو و باوەکانی سەردەمەکەی خۆیاندا شکڵیان گرتووە. بۆ نموونە فەلسەفەی ئەفلاتون لەسەر بناغەی دیالۆگ لەگەڵ زانستی ئەندازە و سوود لێوەرگرتنیدا پێشکەوتووە، فەلسەفەی دیکارت لەڕێگەی دیالۆگ و پەیوەندی بە زانستی جەبر گەشەی کردووەو پێشکەوتووە، فەلسەفەی کانت دیالۆگێکی بەپیتی لەگەڵ زانستی فیزیک (فیزیای نیوتن)دا کردووە، فەلسەفەی بێرگسۆن لەگەڵ زیندەوەرزانی و تیۆری پەرەسەندن..».

٢- ئەو موحازەرەیەی ئارکۆن ئاماژەی بۆ دەکات لەبنەڕەتدا بەشێک بووە لە کتێبێکی بەناوبانگ لەبارەی زانستی مێژووی نوێ، بەناونیشانی«گرفتی ئیلحاد لەسەدەی شانزەیەم-ئایینی ڕابلیە» نووسینی: لوسیان فیڤەر، پاریس١٩٤٢. (Le probleme de lincroyance au 16 sie-cle-religion de Rablais) ئەم کتێبە بەکلیلی میتۆدی تازەی زانستی مێژووی نوێ دادەنرێ و تیایدا ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی ئەو هەڵەکارییە مێژوویییە (المغالطة التاريخية)کراوەکە هەڕەشە لە کاری هەموو مێژوونووسێک دەکا، مێژوونووسانی بیری ڕابلیە کەوتنە ناو ئەو هەڵەیەوەو ڕابلیەیان بەبێباوەڕو مولحید تاوانبار کرد، لە کاتێکدا بێباوەڕی -ئیلحاد بەو مانایەی ئەمڕۆ دەیزانین، لەسەردەمی ڕابلیەدا شتێکی مەحاڵ بوو. سەرجەمی کتێبەکە کە ٥٠٠ لاپەڕەیە مەبەستی ئەوەیە ئەو تێزە بسەلمێنێ، بەداخەوە ئەو کتێبە تا ئێستاش وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، سا ئەگەر وەربگێڕدرابایە ئەوا گشت وەهمێکی نووسەران و مێژوونووسانی عەرەب سەبارەت بە کەلەپووری عەرەبی-ئیسلامی دەسڕڕایەوە. ئاشکرایە هەندێ لە توێژەرانی عەرەب قسە لەسەر «مێژووی ئیلحاد لە ئیسلامدا» دەکەن یان قسە لەسەر ئەو بیریارە ئازادانەی بەتەواوی ئایینیان ڕەتکردۆتەوە، جا ئەگەر میتۆدی فیڤەر بەسەر ئەوانەدا پراکتیزە بکەین ئەوا ئاکامەی ئەوەیە بڵێین: ئەمە مەحاڵە. لە سەدە کۆنەکاندا مومکین نەبوو مرۆڤ بەتەواوی لەو باوەڕە دەربچێ کە لە سەردەمەکەی خۆیدا باوبوو. گومانی تیا نییە کە لە مێژووی ئێمەدا کۆمەڵێ بیریاری «ئازاد» هەبوون، بەڵام ئازاد بە کۆمەڵێ مەرجەوە، ڕەنگە ئازادیی ئەوان زۆر سنووردار بووبێت بە بەراورد لەگەڵ ئازادیی بیرمەندی هاوچەرخی ئەورووپی بۆ نموونە. دەکرێ توێژەری هاوچەرخ بەپێی میتۆدەکەی فیڤەر بە ئاسانی ئیمانی ئەو کەسانە بسەلمێنێ کە بەزەندیق و بە دەرچوون لە ئایین تاوانبار کراون (بۆ نموونە: مەعەڕی و ئیبن ڕاوەندی و تەوحیدی) لەڕاستیدا ئەوانە هەرگیز لە ئیسلام لایان نەداوە، بەڵام لە تێگەیشتنێکی تەسکبین و زۆرەملێ و ڕووکەشی ئایینی ئیسلام لایانداوە، واتە ئەمە هەموو مەسەلەکەیەو زۆر و کەم تەنها لەو تێگەیشتنە بەرتەسکەی ئایین و لەو چوارچێوە سنووردارە دەرچوونە، مومکین نییە بەهیچ شێوەیەکیش بە مولحید و کافر تۆمەتبار بکرێن تەنها ئەگەر بڕیارماندابێ بکەوینە ناو هەڵەکردنی مێژووییەوە، ئەمەیە کە لوسیان فیڤەر وریامان دەکاتەوە. بریا ئەو کتێبە تەرجەمەی زمانەکەمان بکرابایەو بمانزانیبایە چۆن

گیروگرفتەکانمان بەرێگەیەکی مێژوویی قەناعەت پێهێنەر بخستایەتەڕوو.

ئێمە وشەی هەڵەکردنی مێژوویی (المغالطة التاريخية)مان لەبەرامبەر ئەم زاراوە فەڕەنسییە داناوە: (anachronisme).

٣- دەتوانین بڵێین (سایکۆلۆژیای مێژوویی) لقێکە لە لقەکانی مێژووی عەقڵییات کە لە فەڕەنسەداو لەسەر دەستی جۆرج دوبێ و جاک لۆگۆف و رۆبێر ماندرۆ گەشەی کردووە، واتە ئەو مێژوونووسانەی لە کۆ دەروونی فەڕەنسیی سەدەکانی ناوەڕاستیان کۆڵیوەتەوەو پاشان لەدایکبوونی دەروونی زانستیی نوێ لە فەڕەنسەی نوێدا. ئەم ئاراستەیە لە توێژینەوەدا دەچێتەوە سەر قوتابخانەی ساڵانەی فەڕەنسیشەوە (واتە حەولیات). بەڵام نەوەی یەکەمی ئەم قوتابخانەیە بایەخی بە مێژووی ماددی دەدا: واتە بایەخی بە لێکۆڵینەوەی جوگرافیای مێژووی ئابووری و زانستی دیمۆگرافیای مێژوویی و...هتد دەدا. بەڵام نەوەی دووەم بایەخی بەو عەقڵییەتە دەدا کە لەسەردەمێک یان لە قۆناغێکدا باوبووە، واتە عەقڵییەتی کۆیی و هەستیاریی کۆیی و دەروونی کۆیی و پاشان خەیاڵ و خەیاڵگەو ئەفسانەو....هتد. بەمانایەکی تر نەوەی یەکەم پتر جەختی لە بونیادە ماددییەکان و چوارچێوە ئابووری و دیمۆگرافییەکان دەکرد لە کاتێکدا نەوەی دووەم پتر بایەخی خۆی خستە سەر بونیادە عەقڵی و مەعنەوییەکان. بەڵام ئەم دابەشکردنە لە واقیعدا راست نییە تەنها بەشێوەیەکی جوزئی نەبێ. بۆ نموونە لوسیان فیڤەری سەرکردەی قوتابخانەکە کاتێ کتێبە ناودارەکەی لەبارەی رابلیە نووسی «مێژووی ئیلحاد لەسەدەی شانزدەدا» بایەخێکی زۆری بە لێکۆڵینەوەی مێژووی عەقڵییەتەکان داوە. لەم حاڵەتەشدا سەیر نییە کە محەمەد ئارکۆن هەوەسێکی زۆری کەوتبێتەسەر بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەو خەیاڵ و ئاگایی ئەفسانەیی و کۆ ئاگایی ئیسلامی و نا ئاگاییش..... واتە ئەو لەڕووی میتۆدییەوە دەچێتە سەر هەمان هێڵ. تاکە جیاوازییەکی نێوان ئارکۆن و ئەوان بریتییە لەوەی ئەوان میتۆدەکە بەسەر ترادیسیۆن و کەسایەتییەکانی ئەوروپادا پراکتیزە دەکەن، بەڵام ئارکۆن بەسەر مێژووی ئیسلام و کەسایەتییەکانیدا پراکتیزە دەکات.

٤- ئەم رەخنە توندەی کە ئارکۆن ئاراستەی گەورە بیریارانی ئەوروپای دەکات، دەشێ ببێتە هۆی بە هەڵەتێگەیشتن و خراپ تێگەیشتن. لەراستیدا ئارکۆن نکۆڵی لە گرنگیی ئەوان و لە پێشڕەویی توێژینەوە گەورەکانی ئەوان ناکات، بەڵام لەمیانی ئەوانەوە رەخنە لەو هەڵوێستە گشتییەی خۆرئاوا دەگرێ کە لە بەرامبەر شارستانیەتی عەرەبی و کەلەپووری ئیسلامدا هەیانە، سا لەبەرئەوەی ئارکۆن ئەوانی خۆشدەوێ و رێزیان دەگرێ، بۆیە گلەییەکی زۆریان لێدەکات. لەراستیدا کاتێ خۆرئاوا کەلەپووری عەرەبی-ئیسلامی لە گۆڕەپانی شارستانییەتە جیهانییەکان دووردەخاتەوە، بەمە تەعبیر لە هەڵوێستێکی تەواو ئایدیۆلۆژی دەکات. بەڵام لەم دواییەدا سەرەتای گۆڕینی ئەم هەڵوێستەی خۆرئاوا لەبەرامبەر کولتووری عەرەبیدا دەرکەوتووەو هیواداریین بەردەوامیی هەبێت.

٥- ئەو دوو کتێبە ناوبراوەی محەمەد ئارکۆن بریتین لە تێزی دکتۆراکەی (دکتۆرای دەوڵەت) کە لە ساڵی (١٩٧٠)دا لە دەزگای ڤران لە پاریس چاپکراوە، پاشان لە ساڵی (١٩٨٢)دا چاپی دووەمی بە کۆمەڵێ دەستکاری و ئیزافەوە دەرچووە.

Mohammed ARKOUN: Contribution a letude de humanisme arabe au Ive/ Xe Siecle: Miskawayh philosophie et historien.

هەروەها کتێبی «چەند وتارێک لە بارەی فیکری ئیسلامی» لە بڵاوکراوەکانی میزۆن نیف ئی لاروز، پاریس، چاپی یەکەم ١٩٧٣، چاپی سێیەم ١٩٨٤.

Essais Sur la Pensee islamique



لەم کتێبەدا پەرەی بە توێژینەوەکانی تێزەکەی خۆی داوەو هەروەها پێشەکییەکی گرنگی بۆ نووسیوە لەبارەی سیما گشتییەکانی فیکری ئیسلامیی کلاسیکی. گرنگترین فەسڵەکانی ئەم کتێبەش ئەمانەی خوارەوەن: زانستی ئەخلاق و مێژوو بەپێی کتێبی (تجارب الامم)ی مسکویە، هیومانیزمی عەرەبی بەپێی کتێبی (الهوامل والشوامل)ی مسکویە و تەوحیدی، بەختیاری بەپێی ابو الحسن العامري، عەقڵانییەتی سێنتەریزم و حەقیقەتی ئایینی لە فیکری ئیسلامیدا، سرووش، حەقیقەت، مێژوو بەپێی کارەکانی غەزالی....هتد.

بەشی سێیەم

## فەلسەفەی سیاسی

## چەند پرسیارێک لە بارەی کۆمەڵگاو ئایین و دەوڵەت

**هاشم ساڵح:** ئەمڕۆ لە کۆمەڵگا عەرەبییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا تەقینەوەی هەموو دژایەتی و دابەشبوونە کۆنەکانی تایەفەگەرایی و مەزهەبگەرایی دەبینین، ئەم بارودۆخەش تەنها لە لوبناندا قەتیس نەکراوە بەڵکو درێژدەبێتەوەو هەموو وڵاتە عەرەبییەکانی هاوسنووری لوبنانیش دەگرێتەوەو هەڕەشە لە یەکێتی و پەیوەستەگیی ناوەکییان دەکا. پرسیارەکەم ئەمەیە:

ئەگەر تۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە بوویتایە، لە ئاستی پلانڕێژیی زانستی و پەروەردەییدا چیت دەکرد، ئەگەر بۆ دەرچوون لەو قەیرانە نەبێ لایەنی کەم بۆ دەسنیشانکردن و توێژینەوەی بەشێوەیەکی دروست؟ ئەمە دەڵێم و بیر لە هەموو ئەو نووسین و کتێبە ڕەشانە دەکەمەوە کە ئێستا بازاڕیان تەنیوە و گوایە ئەو«حەقیقەتانە» باسدەکەن کە لە تایەفەو ئاینییەکان شاراوەیە، لەڕاستیدا ئەمانە بەنزین بەئاگردا دەکەن بۆ هەڵگیرسانی کینەو مەترسییەکی زیاتر. هەروەها ئەمە دەڵێم و بیر لە بۆشایی گۆڕەپانەکە دەکەمەوە کە خاڵییە لە کۆمەڵێ کتێبی مێژوویی و زانستیی تایبەت بەو بابەتە. ئەوەی ئێستا هەیە یان بریتیین لەو کتێبە کە لەپووره کلاسیکییانەی کە تێڕوانینێکی رابردووگەرایی بۆ رابردوو دەچەسپێنن و لەڕووی زانستی و میتۆدییەوە لێیان نەکۆڵراوەتەوە، یانیش بریتیین لە کتێبی ئیسلامیستە هاوچەرخەکان کە زۆربەیان زۆر هەژارترو زۆر دوورترن لەو راستییە مێژووییانەی لە کتێبە ئیسلامییە کلاسیکیەکاندا هەن. کەواتە تۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەموو کتێبە نامێژوویی و نامیتۆدییانە چیت دەکرد، ئەو کتێبانەی گیروگرفتەکان پترو گەورەتر دەکەنەوە لە بری ئەوەی گرفتەکان دیاری بکەن و ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنیان بکەنەوە.

بەوشەیەکی تر: چارچییە؟ چ بکرێ باشە؟ چ ڕێگایەک هەیە؟



**ئارکۆن:** بە بۆچوونی من، ئەم پرسیارەی تۆ لەبنەڕەتدا پەیوەستە بەوێناکردنی سیاسییانەی دەوڵەت و ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان دەوڵەت و ئەوشتەدا هەیە کە بەزاراوەی فەلسەفەی سیاسیی هاوچەرخ پێی دەڵێین: کۆمەڵگای مەدەنی La Societe Civile.

**هاشم ساڵح:** مەبەستت ئەوەیە ئێمە کۆمەڵگای مەدەنیمان بە مانای تازەی وشەکە، نییە، بۆ نموونە وەکو کۆمەڵگای فەرەنسی؟

**ئارکۆن:** بێگومان. ئێمە کۆمەڵگایەکی پەرت و پارچە پارچەمان هەیە، تا ئێستاش ملکەچی کۆمەڵێ باوەڕو پرۆسەو نەریتی زۆر کۆنە و هێشتا ئاسەواری پێشکەوتنی نوێی پێنەگەیشتووە. سەرجەمی ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگا پێکدەهێنن، لەڕووی مافەکانەوە یەکسان نین، بەتایبەتی لەرووی مافی ئاخاوتنی ئازاد و گوزارشت لە خۆکردن. بەشێوەیەکی گشتی گوزارشتی ئازاد لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا بوونی نییە. کۆمەڵگاکانی ئێمە بەشێوەیەکی ئازاد لەبارەی خودی خۆیانەوە نادوێن، کۆمەڵگاکانی ئێمە کۆمەڵگای چەپێنراون. هۆی نەبوونی تەعبیری ئازاد لەخود دەگەڕێتەوە بۆ: ئەو دەوڵەتانەی یان ئەو رژێمە سیاسییانەی کە لەدوای سەربەخۆیی دەسەڵاتی حوکمیان گرتە دەست، ئەو رژێمانەن کە لە لایەن کۆمەڵێ خەباتگێری سیاسییەوە دەستیان بەسەردا گیراوە.

گومانی تیانییە کە ئەو خەباتگێڕانە لە نێو ریزەکانی کۆمەڵگاکانی ئێمەوە دەرچوونە، بەڵام «رۆشنبیریی سیاسی» یان لە دەرەوەی کۆمەڵگاکانی ئێمەوە وەرگرتووە، ئەگەرچی دەڵێم رۆشنبیریی سیاسی بەڵام لە راستیدا ئەمە رۆشنبیرییەکی راستەقینەی پێکەوە بەستراو نییە، بەڵکو بریتییە لە چەند بەشێکی داپچڕاو لە رۆشنبیریی لیبرالیزم یان بە شێوەیەکی تایبەتی رۆشنبیریی سۆشیالیزم، ئەم دوو رۆشنبیرییەش لە دەرەوەی کۆمەڵگاکانی ئێمەوە و لە دەرەوەی بارودۆخ و کەلەپووری کۆمەڵگاکانی ئێمەوە پێگەیشتوون و گەشەیان کردووە. ئەو کەسانەی ئەو خەباتگێڕە سیاسییانە دەناسن کە لە دوای سەربەخۆیی حوکمیان دەگرتە دەست، دەڵێن رۆشنبیریی ئەوانە لە کۆمەڵێ وێنا کردنی ئایدیۆلۆژیی داپچڕاو و پەرت و بڵاو و دوور لەیەک

شکڵیان گرتووە، رۆشنبیریی ئەو خەباتگێڕە سیاسییانە بریتییە لە چەند بەشێکی یان پارچەیەکی ئەو رۆشنبیرییەی بە گشتی بە «سۆشیالیزم» ناوبراوە، ئەوەی کە بە تایبەتی لە دوای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم گەشەی کردووە. هۆی گەیشتنی ئەو خەباتگێڕە سیاسییانەش بۆ سەر حوکم لەبەر ئەوەیە هەموو جەنگە رزگارییە نیشتمانییەکان بە ناوی ئایدیۆلۆژیای «شۆڕشگێڕی» یان «سۆشیالیزم»ەوە بەرپا کراون، هیوادارم ئەو دوو وشەیە بخەیتە ناو دوو جووت کەوانەوە. خەباتی رزگاریی نیشتمانی بە ناوی رۆشنبیریی لیبرالیزمەوە نەکراوە و مومکینیش نەبوو بەو ناوەوە بکرێ چونکە ئەمە رۆشنبریی خودی داگیرکەر بوو.

ئەو پرسیارەی لێرەدا دەخرێتە روو، بەم جۆرەیە: جۆری ئەو رۆشنبیرییە سۆشیالیزمە شۆڕشگێڕییە چییە کە لە چلەکان و پەنجاکاندا لەبەردەم ئەو خەباتگێڕە سیاسییانەدا بوو کە لە دوای سەربەخۆیی دەسەڵاتی حوکمیان کەوتە دەست؟ باوەڕم وایە جۆری ئەو رۆشنبیرییە رۆشنبیریی ئەو رژێمە دیموکراتییە میللییە بوو کە ئەوساکە لە وڵاتانی خۆرهەڵاتدا باوبوو.

**هاشم ساڵح:** مەبەستت رۆشنبیریی حزبە شیوعییە لۆکاڵەکانە؟

**ئارکۆن:** بەڵێ، ئەو حزبە شیوعییانەی ئایدیۆلۆژیی لۆکاڵییان لە درەختی دایکەوە وەرگرتووە، واتە لە ئینتەرناسیونالیزمی کۆمۆنیزم لە داڕشتە ستالینییەکەی یان لە داڕشتە چینییەکەی ماوتسی تۆنگ یان لەوانەیە لە داڕشتنی تیتۆ چونکە تیتۆ هاوڕێی جمال عبدالناصر بوو، ئەو فۆرمەی تیتۆ لە میانی (جمال عبدالناصر)ەوە هەندێ کاریگەریی لەسەر جیهانی عەرەبیدا هەبوو. هەرچۆنێ بێ ئەم مەسەلەیە شوێنی بایەخپێدانە و هیوادارم توێژەرێکی گەنج لێی بکۆڵێتەوە و بە رێگەی توێژینەوەی زانستی لەسەرچاوەی رۆشنبیریی سیاسیی رێبەرانی ئەو رژێم و دەوڵەتانە بکۆڵێتەوە کە لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی وئیسلامیدا یەکسەر لە دوای سەربەخۆیی حوکمیان گرتە دەست، خۆ ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی لەو چەشنە بە شێوەیەکی پێویست ئەنجام بدرێ، ئەوسا ئەو وێنەیەمان بۆ رۆشن دەکا و جۆری خەیاڵکراوی سیاسی باوی ئەوسامان بۆ دەخاتە بەردەست (مەبەستم لە «خەیاڵکراو»-(المتخیل) شتێکی ترە کە لە خەیاڵیش



زیاترە، خەیاڵکراو یان فانتازی بریتییە لە کۆمەڵێ وێنای پێکەوە بەستراو کە ئاگایی تاکەکەس دەجوولێنێ). وتم خەیاڵکراوی سیاسیی ئەو رێبەرانە و نەم ووت فیکری سیاسی. ئێمە کاتێ ناوی ئەو رێبەرە گەورانە دەهێنینە بەرچاو کە حوکمیان گرتە دەست و کۆمەڵێ بریاری ترسناکیان دا، دەبینین ژمارەیەکی زۆر کەمیان خاوەنی فیکرێکی سیاسی بوون، ئەمە خاڵێکە شایستەی ئەوەیە بە فراوانی قسەی لەسەر بکرێ و بە قووڵی پەرەی پێبدرێ و من لێرەدا کاتی ئەوەم نییە ئەو خاڵە شیبکەمەوە. من بۆ روونکردنەوەی ئەم قسەیە سێ نموونە دەهێنمەوە کە دەشێ نموونەی ئەبستراکتی و تیۆری بن، ئەو سێ نموونەیەش؛ مستەفا کەمال ئەتاتورک لە تورکیا، حەسەنی دووەم لە مەغریب، حەبیب بۆرقیبە لە تونس.

**هاشم ساڵح:** بەڵام کەمال ئەتاتورک سەر بە قۆناغی لیبرالیزمە کە پێش قۆناغی «شۆڕشگێڕیی سۆشیالیزم» دەکەوێ.

**ئارکۆن:** بێگومان. بەڵام نموونەیەکی زۆر گرنگە. جالەبەر ئەوەی ئەم نموونەیە پێش ئەوانی تر کەوتووە، دەشێ بوو بێ بە پێشەنگ و بە نموونەیەک بۆ ئەوانەی لە دوای ئەو هاتن، بە تایبەتی کە تورکیا وڵاتێکی گەورەی ئیسلامییە و گاڵتەی پێناکرێ. راستە تورکەکان بە خۆیان دەڵێن ئێمە ئەورووپین لە پێناوی ئەوەی لە شارستانیەتی ئەورووپی نزیک بنەوە، بەڵام لە رووی کولتووری و مێژووییەوە سەر بە بازنەی ئیسلامین، نموونەی ئەتاتورک نموونەیەکی باشە بۆ لێکۆڵینەوە و گەلێ پەند و وانەمان پێشکەش دەکا، لێرەدا ئەزموونی پیاوێک دەبینین لە فەرەنسە فێربووە و لە ئەکادیمییەی سەربازیی شاری تۆلۆز خوێندوویەتی، لە کەش و هەوای کۆماری سێیەمی فەرەنسا کە عەقڵێکی پۆزەتیڤیزمیی خەباتگێڕانەی تیادا زاڵبووە لە ناو چوارچێوەی عەلمانیکردنی فەرەنسیدا کە دژ بە قەشە و تیۆلۆژیستەکان بوو. ئەتاتورک بەو وێناکردنە ئایدیۆلۆژییەی عەلمانیکردنەوە گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی، وتم ئایدیۆلۆژی لەبەر ئەوەی عەلمانییەتی فەرەنسی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم پرۆسەیەک بوو لە ناو کەشی ململانێی سیاسی و جەنگی توندوتیژی نێوان سیستمی دەوڵەت (واتە کۆماری سێیەم) و کڵێسەی فەرەنسەیی کە لە پێناوی پاراستنی ئیمتیاز و بەرژەوەندی و

دەسەڵاتی بەسەر دۆگمای ئایینی و بگرە هەموو کۆمەڵگەدا، تێدەکۆشا. کلێسە هەر وا بە ئاسانی وازی لە دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا نەهێنا، بەڵکو بە جەبر و هێزەوە ناچارکرا پاشەکشە بکات، ئەم ململانێیەش لە فەرەنسەدا پەرەسەندنێکی سەرجەمگیر و گشتگیری بەرهەمهێنا کە لەیەک کاتدا دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنیی گرتەوە، ئەمە پەرەسەندنێکی ئیجابیی و تەندروست بوو بۆ هەموو هێزەکانی کۆمەڵگا، ئەمە ڕێگەی بۆ کۆمەڵگای فەرەنسی کردەوە تا لەو کۆت و پێوەندە کۆنانە رزگاری بێت کە بەربەستێکی گەورە بوو لە بەردەم بووژانەوە و پێشکەوتنیاندا. بێگومان سەرباری هەموو ئەو لایەنە نێگەتیڤانەش کە لە قۆناغی عەلمانییەتی خەباتگێڕی فەرەنسیدا دەرکەوتن کە دەبێ ئەمڕۆ ڕاست بکرێنەوە و تەواو بکرێن وەک دواتر باسی دەکەم. کەواتە پەرەسەندنی عەلمانی لە فەرەنسەدا پەرەسەندنێکی سروشتی و مەعقول بوو و لە پاش ماوەیەکی دوورودرێژی ململانێی فیکری و مشتومڕی سۆسیۆرۆشنبیری هات کە لە چەرخی ڕێنسانس و لە سەدەی شازدەیەمەوە دەستی پێکرد و بە درێژایی چەرخی رۆشنگەری لە سەدەی هەژدەهەم بەردەوام بوو و لە سەدەی نۆزدەهەمیشدا (چەرخی پۆزەتیڤیزم و زانست و باوەڕی رەها بە پێشکەوتن) گەیشتە لوتکە.

بەڵام لە تورکیادا مەسەلەکە بە تەواوی جیاوازە، تورکیا وڵاتێکی تەقلیدییە و نە ڕێنسانسی بە خۆوە بینیوە و نەرۆشنگەری و نەشتێکی دی، پاشان گواستنەوەی ئەم ئەزموونە مێژووییە گەورەیە لە فەرەنسەوە بۆ ناو کۆمەڵگای تەقلیدیی تورکی کۆمەڵێ مەترسی و سەرکێشیی وا پێکدەهێنێ کۆتاییەکەی دیار نییە. گواستنەوەی ئەم ئەزموونە مەزنە بۆ وڵاتێکی تر کە بە تەواوی جیاوازە لە فەرەنسا، وڵاتێک کە خاوەنی مێژوو و چەندین مەرجەعیەتی کولتووریی زۆر جیاوازە، کاردانەوەیەکی توندڕەوانەی بەرهەمهێنا. جێکەوتە سەلبییەکانی ئەم گواستنەوەیە، لە کۆمەڵگای تورکیی ئەمڕۆدا دەبینین، ئەمە دەڵێم و ئەو لایەنە ئیجابیانەشم لەبەر چاوە کە لە ئەزموونی پێشڕەوانەی ئەتاتورکدا هەبوون و نکۆڵییان لێناکرێ.

**هاشم ساڵح:** بەڵام زانکۆییە تورکەکان کە لەو کۆنگرە زانستییەدا بینیمانن کە لەم دواییە لە پاریس لە بارەی ئیسلامەوە گیرا و تۆش ئامادە بوویت، پێیان وتم مومکین



نییە تورکیا لە بە عەلمانیکردن پاشەکشە بکات، هێرشی ڕەوتە ئیسلامیەکانی ئێستاش مومکین نییە بتوانێ سیستمی عەلمانییەت هەڵبگێڕێتەوە...

**ئارکۆن:** بەڵێ، گومانی تیانییە ئەتاتورک بە شێوەیەکی توند و ریشەدار ئەزموونە عەلمانییەکەی خۆی بەسەر کۆمەڵگای تورکیدا سەپاند بە ئەندازەیەک لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە بیرۆکەی عەلمانییەت بە قووڵی لە ناو کۆمەڵگادا بچێنێ، بەڵام ئەم عەلمانییەتە هەمیشە وەک عەلمانییەتێکی خەباتگێڕانە و پڕ لە مشتومڕ دەمێنێتەوە پتر لەوەی عەلمانییەتێکی کراوە و نەرم بێت، بەم مانایە ئەو عەلمانییەتە لە رووی عەقڵی و کولتوورییەوە مەترسیدارە و هەمیشە شوێنی هەڕەشە لێکردنە چونکە هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی تورکی لەبەرچاو ناگرێ، بە تایبەتی ڕەهەندی ئایینی ئەم کۆمەڵگایە کە ئەویش ڕەهەندێکی قووڵ و ڕەگدا کوتاوە، هەروەها فرەیی ئیتنی و تایفەگەریی کۆمەڵگای مەدەنیی تورکی لەبەرچاو ناگرێ، ئەم عەلمانییەتە بە جۆرێ پرۆسەکانی خۆی جێبەجێ دەکا وەک بڵێی هەموو ئەم شتانە بوونیان نەبێت و بە تەواوی فەرامۆشیان دەکات، ئەم عەلمانییەتە تاکلایەنییەو لە ئاستی گیروگرفتە راستەقینەکانی کۆمەڵگای تورکیدا کوێربووە یان وەک کوێرێک رەفتار دەکا. لەبەر ئەم هۆیە دەبینین چۆن لەم ساڵانەی دواییدا ئایدیۆلۆژییە ئایینی و تایەفەگەری و ئیتنییەکان جارێکی تر دەگەڕێنەوە سەر ئاستی رووداوەکان. هەموو ئەمانە پاش ئەوە دێن کە ئەتاتورک باوەڕی وابوو دەتوانێ بە تەواوی لە ناویان ببات و هەر تەنها بە هێنانی عەلمانییەت و بە زۆر سەپاندنی لە سەرەوە نەک لە خوارەوە و لە دەرەوە نەک لە ناوەوە.

لەبەر ئەم هۆیە تورکیا نەیتوانی ببێتە نۆرمێک و ببێتە پێشەنگی کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی تری وەک کۆمەڵگای ئێرانی یان پاکستانی یان میسری یان سووری یان عێراقی.. هتد، بە پێچەوانەوە ڕۆڵی نموونەیەکی دژی بینی: واتە نموونەیەک کە ناشێ شوێن پێی هەڵبگیرێ و لاسایی بکرێتەوە.

نموونەی دووەم (حەبیب بۆرقیبە)یە، ئەم پیاوە تونسی- مەغریبیەش لە رووی رۆشنبیرییەوە بەرهەمی کۆماری سێیەمە لە فەرەنسا، لە هەمان سەردەمدا لە دواناوەندی و زانکۆکانی فەرەنسادا خوێندوویەتی، یەکێکە لە دەستەبژێرە بورژوازییەکانی شار و

پایتەختە عەرەبی و ئیسلامییەکان، ئەم دەستەبژێرە وەک دەزانین ژمارەیەکی زۆر کەم پێکدەهێنن لە چاو ئەو ژمارە زۆرەی هاوولاتیانی دی کە بە شێوەیەکی تر خوێندوویانە و فێربوونە، واتە فیربوونی تەقلیدی و ناوچەیی. کەواتە بورقیبە لە رووی رۆشنبیرییەوە لەو کاتەدا پێگەیشتووە کە فەرەنسا یاسای جیاکردنەوەی کلێسە و دەوڵەتی سەپاند لە نێو مەرجەکانی ئەو ململانێ توندوتیژەی دەیزانین. ئەمەش چەمکی دەوڵەتی عەلمانیی بەرهەمهێنا، هەروەها رێگەی پرۆسەکردنی وەزیفە و ئەرکەکانی دەوڵەت لە بەرامبەر کۆمەڵگای مەدەنیدا.

لە کاتیکدا ئەم عەلمانییەتە رێزی لە پلورالیزمی کۆمەڵگای مەدەنی گرت و بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵ هەموو توێژەکانیدا کرد و چنینە چەسپاوەکانی خۆی پێکهێنا، کەچی هەموو ئەو شتانەی تری بەرتەسک کرد و خستنیە پەراوێزەوە، ئەوانەی پەیوەست بوون بە کولتووری ئاینیی کۆمەڵگای فەرەنسییەوە، وتم کولتووری ئایینی و نەمووت سرووت و پەرستنەکان، چونکە ئەم دوو شتە بە تەواوی جیاوازن. لەوساوە تا ئەمرۆ کولتووری ئایینی کۆمەڵگا تەنها لە فەزای تایبەتیی کلێسە و لە تەعالیمی کلێسەدا قەتیسکراوە، ئەم فەزایەش هەرگیز تێکەڵ بە فەزای گشتی کۆمەڵگای مەدەنی نابێت، ئەو کۆمەڵگایەی دەوڵەت کۆنترۆڵی دەکات. کەواتە جیاکردنەوەیەکی زۆر ئاشکرا لە نێوان دین و دەوڵەتدا کراوە و دیوارێکی جیاکەرەوەش هەڵچنراوە لە نێوان: فەزای تایبەتیی پرۆسیسەکردنی ئاین و کولتووری ئایینی لەسەرێک/ فەزای گشتیی پرۆسیسەکردنی ژیانی مەدەنی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەرێکی تر. بورقیبە بەم نۆرم و بەم نموونەیە پڕ کرابوو، لەبەر ئەوە هەوڵیدا ئەو ئەزموونە بگوازێتەوە بۆ تونس، هەوڵیدا بچێتە نیوان ئەو سنوورانەی شتە ئایینیەکان لە شتە مەدەنییەکان جیا دەکاتەوە، واتە ئەو دیاردە مەدەنییانەی دەوڵەت کۆنترۆڵیان دەکات. تەنانەت بورقیبە جورئەتی ئەوەیشی کرد کە دەست لە روکنەکانی باوەڕی ئایینیش وەربدات کاتێ رێی بەوەدا کە خەڵکی لە مانگی رەمەزاندا رۆژو نەگرن ئەگەر رۆژوگرتن ببێتە بەربەستێک لەبەردەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەوڵەت و کۆمەڵگا، هەروەها دەستکاری یاسای باری کەسایەتی (قانون الاحوال الشخصية)شی کرد ئەمەش لە رێگەی ئەو ریفۆرمانەی بۆ



راستکردنەوەی یاسای تەڵاقدان و قەدەغەکردنی فرەژنی خستیەڕوو. ئەو ئەم کارانەی ئەنجامدا لەبەر ئەوەی پیاوێک بوو لە چوارچێوەی ئەزموونە ناودارەکەی فەرەنسەدا بیری دەکردەوە کە ئایین تەنها بۆ ژیانی تایبەتی هەر هاوولاتییەک قەتیسدەکا و دووری دەخاتەوە لەو فەزا گشتییەی کۆمەڵگای مەدەنی کە دەوڵەت کۆنترۆڵی دەکات، پێی وابوو دەبێ بە پێویست مەرجەعیەتە ئایینی و تایەفەگەرییەکان لە گۆڕەپانی فەزای مەدەنی لابرێن چونکە ئەم مەرجەعە ئایینی و تایەفییانە هۆی هەڵگیرسانی پەرتبوون و شەڕ و ناکۆکین.

**هاشمساڵح:** ئایا بورقیبە لەمەدا راست و لەسەر هەق بوو؟

**ئارکۆن:** بێگومان لەسەر هەق بوو. من بانگەشەی پاشەکشەکردن لە بیرۆکەی ئەو بە عەلمانیکردنە ناکەم بەو مانایەی کلێسە لە دەوڵەت جیا دەکاتەوە، بەڵکو بانگەشەی ئەوە دەکەم کە پێیدا بچنەوە و دوڵەمەندتری بکەن بێگومان لە رێگەی جارێکی تر بیرکردنەوە لە مەسەلەی کارکردی ئایینی و/ کارکردی دنیایی، بە سیفەتی ئەوەی ئەم دوو کارکردە دوو رەهەندن لە رەهەندەکانی مرۆڤ کە لە یەکتر جیاناکرێنەوە. من دەڵێم رێگەیەکی تر هەیە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی بە عەلمانیکردن لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا. رێگەی ئەتاتورک و بورقیبە تەنها رێگەیەک نین، دەشێ ئەو دوو رێگەیە سەرکەوتوو و سوودبەخش نەبووبن، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو رووداوانەی ئێستایە کە دەبینین بزوتنەوە سیاسییە ئایینییەکان بە هێزێکی ترەوە دەگەڕێنەوە سەر شانۆی تونسی و تورکی و وڵاتانی دیش، جگە لەوەی کۆمەڵگای تونسی هیچ بزوتنەوەیەکی فیکریی بەرز و ئازادیبەخشی بە خۆوە نەدیوە وەک ئەو بزوتنەوە فیکرییە گەورەیەی کۆمەڵگای فەرەنسی لە سەردەمی رۆشنگەریدا بینیویەتی، پاشان سەپاندنی عەلمانییەت لە سەرەوە و هێنانی لە دەرەوە، سەرکێشییەکی وا پێکدەهێنێ ئەنجامەکانی روون نین، دەبێ لە سەرەتادا زەمینەی بۆ ساز و ئامادە بکرێ بەر لەوەی ئەو بڕیارە بوێر و پڕ لەسەرکێشییانە بدرێن کە هەریەکە لە ئەتاتورک و بورقیبە دایان. ئەمە تائێستاش رووی نەداوە، تائێستاش لە رۆشنبیریی عەرەبی- ئیسلامییدا هیچ تیوریزەکردنێکی پێگەیشتووی بیرۆکەی بە عەلمانیکردن بوونی نییە.

به عەلمانیکردن بە کردەوە لەسەر زەویی واقیعدا هەیە و دەژی، بەڵام لەبەرامبەر ئەم کردەیەدا هیچ تیوریزەکردنێکی بەرپرسیار لە گوتاری هاوچەرخی عەرەبیدا نییە. توێژەرە راستەقینەکان لە کوێن؟رۆشنبیران لە کوێن؟ ئەو بیریارانە لە کوێن کە دەتوانن بە رووی هەموو رۆشنبیرانی رابردوو و ئێستادا بووەستنەوە؟...

لەبەر ئەوە کاتێ داوای ئەوە دەکەم چاو بە ئەزموونە سەرەتاییەکانی بە عەلمانیکردندا بخشێنینەوە، نابێ وا تێبگەن کە من دژی بە عەلمانیکردنم یان دژی ئازادیی فیکری و عەقڵم: من پێشتریش وتوومە بە عەلمانیکردن بریتییە لە هەڵوێستی رۆح لە بەرامبەر گرفتی مەعریفەدا. واتە: ئایا مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە نهێنییەکانی گەردوون و کۆمەڵگا بزانێت یان مافی ئەوەی نییە؟ ئایا متمانە بە عەقڵی مرۆڤ بکەین لە دۆزینەوەی نادیارەکان و رێبەریکردنی مێژوو یان متمانەی پێنەکەین؟ ئایا مرۆڤ بەهۆی عەقڵی خۆیەوە، تەنها بەهۆی عەقڵیەوە، توانای ئەوەی هەیە لە شتەکان تێبگات و بڕیارێک وەربگرێ یان توانای نییە؟

هەندێ کەس دڵێن مرۆڤ پێویستیی بە هێزێکی دەرەکی (سەرووی سروشت) هەیە تا ژیان و کارەکانی بۆ بەرێوەببات. هەندێ کەسی دی دەڵێن: نا مرۆڤ بۆ خۆی دەتوانێ کارەکانی خۆی بەرێوەببا و گرفتەکانی چارەسەر بکا و فۆرمێکی باشتر و جوانتری ژیان لە کۆمەڵگەدا پێکبهێنێ. لە حاڵەتی یەکەمدا ئێمە سەر بە هیومانیزمی ئاینین، لە حاڵەتی دووەمیشدا هیومانیزمی نوێ. من باوەڕم وایە دەشێ پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان ئەو دوو حاڵەتەدا دابمەزرێ بە جۆرێ کەمتر شپرزەیی یان هێرشکردنی تێدابێ وەک ئەوەی لە سەدەی نۆزدەدا لە کاتی دەسەڵاتی (عەلمانیکردنی خەباتگێری) لە فەرەنسەدا رووی دا. ئەمرۆ دەبینین رێگەیەکی تر هەیە بۆ تێگەیشتن لە عەلمانیکردن کە فراوانتر و پۆزەتیڤترە.

**هاشم سالح:** تەنانەت لە فەرەنسەشدا؟

**ئارکۆن:** بەڵێ. تەنانەت لە فەرەنسەشدا. من لە قسەکانی پێشوومدا باسی فەرەنسا و ئەزموونەکەیم کرد بە هەموو ئیجابیات و کەم وکوڕیەکانیەوە.



فەرەنسای ئەمرۆ لە قۆناغێکدایە کرانەوەی فەزای گشتی مەدەنی بەخۆوە دەبینێ بۆ گوزارشتی پلورالیزمی لە کولتوورە ئاینییەکان. دەشێ فشاری وجودی ئیسلامی و قورسایی جالییەی ئیسلامی تیایدا شتێکی نامۆ نەبێ بۆ ئەم حاڵەتە. بەرپرسە فەرەنسییەکان ئەمرۆ کۆمەڵێ پرسیار لە بارەی ئەزموونە مێژووییەکەیان لە عەلمانییەت دەخەنەڕوو، بێگومان جەخت لەسەر ئەوەش دەکەن مومکین نییە پاشەکشە لە عەلمانییەت بکرێ کە بواری بۆ لە دایکبوونی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتی بە شێوە زانراوەکەی رەخساند، عەلمانییەت بوو بیرۆکەی هاوولاتیبوون-ی راست و دروستی چەسپاند، هەروەها چنینی کۆمەڵگای مەدەنی و یەکسانیی نێوان هەموو ئەندامانی نەتەوەی پێکهێنا، هەموو ئەمانەش کۆمەڵێ نیشانە و خاسیەتی پۆزەتیڤیی سیستمی نوێن کە بەر لە دوو سەدە لەو شۆڕشە گەورەیەوە لە دایکبوون. فەرەنسا ئامادە نییە واز لە عەلمانییەت بهێنێ پاش ئەوەی لەبەروبوومە شیرینەکەی خواردووە و بۆ ماوەیەکی درێژ و تائێستاش لەو نیعمەتەدا دەژی. بەڵام ئێستا پرسیاری ئەوە دەکەن ئاخۆ مومکینە بە رێگەیەکی تر بیر لە عەلمانیکردن بکەنەوە جیا لەوەی لە ساڵی (١٩٠٥)دا روویدا، واتە ساڵی جیاکردنەوەی کڵێسە لە دەوڵەت بە شێوەیەکی رەسمی و قەدەغەکردنی خوێندنی هەر شتێک لە قوتابخانەکاندا کە پەیوەندیی بە ئاینەوە هەبێ. ئەوان لەسەر بەشی یەکەمی ئەم مەسەلەیە تەبان، بەڵام بەشی دووەم بووە بە بابەتی گفتوگۆ و لێدوان.

**هاشم سالح:** بەڵام فەرەنسە لە کاتێکا ئەم کارە دەکا ماوەیەکی زۆرە قۆناغی هەستیاریی ئاینی سەدەکانی ناوەڕاستی جێهێشتووە، ئێستا لەوە ناترسێ ئەگەر باسی مێژووی ئاینەکان لە فەزای گشتیی کۆمەڵگای مەدەنیدا بکرێ، شەڕو ئاژاوە بخولقێ...

**ئارکۆن:** بێگومان. بە هەرحاڵ حیزبە سیاسییەکانی فەرەنسا (لەوانە حیزبی سۆشیالیستی، ئەمەش خاڵێکی گرنگە) ئێستا لە بەرامبەر ئەو بیرۆکەیەدا کراونەتەوە کە رێگە بە کولتووری ئاینی یان کولتوورە ئاینییەکان دەدا گوزارشت لە خۆیان بکەن. دەشێ شێوەی ئەم گوزارشتە لە خۆ کردنە لە لایەن دەوڵەتەوە رێک بخرێ هەروەکو چۆن

دەوڵەت جۆری گوزارشت لە خۆ کردنی سەندیکاکان ڕێکدەخات، یا گوزارشتی هونەری و مۆسیقا و بیناسازی.. هتد. ڕێکدەخات.

**هاشم ساڵح:** ئەمە مانای وایە دەشێ فەڕەنسا بیری لەوە کردبێتەوە کە ئایینەکان بهێنێتەوە نێو میتۆدەکانی خوێندن پاش ئەوەی لە ساڵی (١٩٠٥)دا بە تەواوی دووری خستبوونەوە؟

**ئارکۆن:** ئاینەکان وەک عیبادەت و وەک تەبشیر نا، بەڵکو مێژووی ئایینەکان وەک کۆمەڵێ سیستمی گەورەی کولتووری کە لە مێژووی مرۆڤایەتی لە ئەوروپا و غەیری ئەوروپاشدا ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە. بەڵام خوێندن و فێرکردنی ئایین وەک عەقیدەیەکی ئیمانی و تیۆلۆژیی تەبشیری ئەوە مومکین نییە ڕێگەی هێنانەوەی پێبدرێ چونکە ئەمە دابەشبوون و جیاوازی دەخاتە نێو ریزەکانی کۆمەڵگای فەڕەنسی کە لە رووی تایەفی و ئایینییەوە کۆمەڵگایەکی پلورالیستییە، ئایینی وەک کاسۆلیک، پرۆتستانت، جوولەکە، ئیسلامی تێدایە. فێرکردنی دۆگمایی و باوەڕدارایی ئایین تەنها لە ناو چوارچێوەی تایبەتیی کڵێسەدا دەمێنێتەوە و لەوێدا قەتیس دەکرێ، یان لە مزگەوت و لە پەرستگاو.. هتد. سیمای پۆزەتیڤی عەلمانیکردنی پێشوو بریتی بوو لەوەی تەبشیر و فێرکردنی عەقیدەی لە قوتابخانە گشتییەکان و فەزای گشتیی کۆمەڵگای مەدەنیدا قەدەغە کرد، ئەگەر وای نەکردایە ئەوسا شۆڕشی فەڕەنسی نەیدەتوانی ئەم کۆمەڵگا مەدەنییەی ئەمڕۆ پێکبهێنێ. مەبەستم لە خوێندنی مێژووی ئایینەکان وەک چەند سیستمێکی کولتووری، لێکۆڵینەوە وخوێندنی ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینییە.

ئایا دەزانیت ئەمڕۆ مامۆستایانی قوتابخانە ناوەندییەکانی فەڕەنسا نازانن چۆن دەقێکی ئەدەبیی باسکال شیبکەنەوە، لەبەر هۆیەکی سادە ئەویش ئەوەیە قوتابییان هیچ شتێک لە بارەی مێژووی ئایینی مەسیحی نازانن، تەنانەت مامۆستایانیش زۆرجار شتێکی ئەوتۆ نازانن... نابێ ئەوەشت لەبیر بچێ ئێمە کاتێ باسی عەلمانیکردن دەکەین ئێستا لە فەڕەنسەداین و لە سوریا یان لە میسر یان لە جەزائیردا نیین. عەلمانیکردن لە دوو سەدە بەر لە ئەمڕۆوە هەموو فەزای فەڕەنسیی گرتۆتەوە،



ئامادەبوونی ئایینیش لە ژیانی مەدەنیدا زۆر بێهێز و لاوازە لە چاو ئامادەبوونی ئایین لە وڵاتانی ئێمەدا. لەبەر ئەوە کاتێ لەبەردەم عەرەبەکان یان موسڵمانەکاندا قسە دەکەم داوایان لێدەکەم پتر بەرەو عەلمانیکردن هەنگاو بنێن و تێڕوانینێکی مێژوویيان بۆ ئایین هەبێت، کاتێکیش لە بەرامبەر فەڕەنسییەکاندا دەدوێم داوایان لێدەکەم کە مەسەلەی ئایین لەبەرچاو بگرن.

**هاشم ساڵح:** بەڵام لە فەڕەنسەدا چەند کۆلێژێک هەیە ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینیی تیادا دەخوێنرێ.

**ئارکۆن:** بێگومان، چەند کۆلێژێک هەیە، بەڵام تێکەڵ بە تەعلیمی گشتی و ڕەسمی نەکراوە، هەروەها ژمارەی ئەو پسپۆڕمەندانە زۆر کەمە کە بەپێی میتۆدی مێژوویی وانەی ئایینەکان دەڵێنەوە نەک بە ڕێگەی باوەڕی تەقلیدیی زانراو. دەبێ تێگەیشتنێکی روون لەم هەڵوێستەی مندا هەبێ: من دژی ئەوە نیم ئایین بە شێوە تەقلیدییەکەی بخوێنرێ، بەڵام دەبێ ئەم جۆرە خوێندن و فێرکردنە لە ناو مزگەوت یان کڵێسەدا بکرێ نەک لە زانکۆکان و لە ئەنیستیتۆتەکانی توێژینەوەی زانستی. دەبێ تەقلیدییەکانیش ئەوە قەبووڵکەن کە چەند کۆلێژێک بۆ سۆسیۆلۆژیای ئایینەکان و بۆ مێژووی بەراوردکاریی ئایینەکان و ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینی لە زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بکرێنەوە. وەک چۆن تەقلیدییەکان چەندین ئەنستیتۆت و دامەزراوی خۆیان هەیە، دەبێ دیدی مێژوویی نوێش دامەزراو و ئەنیستیتۆتی خۆی هەبێ.

کاتێ دەڵێم ئەو بە عەلمانیکردنەی لە سەدەی نۆزدەدا هەبوو ڕاست بکرێتەوە مەبەستم ئەوەیە هەردوو فەزای ئایینی و/عەلمانی بە شێوەیەکی باشتر و گونجاوتر سیستماتیزە بکرێ. وەک چۆن بە ناوی کاتیگۆریی تیۆلۆژی یان بە هەنجەتی «داکۆکیکردن لە پیرۆزەکان» نابێ مرۆڤ لە ئازادیی بیرکردنەوە بێبەش بکرێ، بەو جۆرە نابێ لێکۆڵینەوە لە ئایین و قووڵبوونەوە تیایدا قەدەغە بکرێ و دەبێ دیاردەی ئایینی وەک کایەیەکی جیددی بۆ مەعریفە و تێگەیشتن سەیر بکرێ. تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆری عەلمانییەکانی فەرەنسا بە چاوێکی سووکەوە سەیری ئەو کەسانە دەکەن کە پسپۆڕییان

له زانستە ئایینییەکاندا هەیە و پێشتر حوکمی «کۆنەپەرست»یان بەسەردا دەدەن! ئەمەش هەڵوێستێکی عەلمانیانەی رووکەشانەیە نەک هەڵوێستێکی عەلمانیی قووڵ و رۆشنگەرانە. عەلمانیکردن، وەک پێشتر وتم، بریتییە لە هەڵوێستی رۆح لە بەرامبەر گرفتی مەعریفەدا. دیاردەی ئاینیش یەکێ لە رەهەندەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا پێکدەهێنێ و ناشێ بە کەمی سەیری بکرێ یان بە بیانووی «پێشکەوتن» و «پێشکەوتنخوازی»یەوە لێی نەکۆڵرێتەوە... ئەگەر ئێمە ئەم کارەمان کرد (کە بە درێژایی قۆناغی پێشوو لە ولاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا ئەمە رووی داوە) ئەوسا ئایین تەنها لە لای پیاوە تەقلیدییەکانی خۆی مۆنۆپۆلیزە دەکرێ، ئەوانەی وێنەیەکی کەلەپووریی باوەڕداریی پێشکەش دەکەن نەک وێنەیەکی مێژوویی و مەعریفی. من لە دژی دیدی باوەڕداری نیم و دژی ئەو پیاوە ئایینیانەش نیم کە رێزی خۆیان دەگرن و زۆربەی کاتی خۆیان بۆ مەسەلە رۆحییەکان تەرخان دەکەن نەک مەسەلە سیاسییەکان، بەڵام من داوا دەکەم ئەم دید و تێڕوانینە ئیمانییە هاوسەنگیی تیادا بکرێ کە بۆ ماوەیەکی درێژ بەسەرماندا زاڵ بوو بە هۆی دیدێکی تر کە خێرێکی زۆری بۆ عەرەب و موسڵمانان تێدا بوو، مەبەستم: دید و تێڕوانینی مێژوویی.

دەگەڕێمەوە بۆ نموونەکەی پێشوو و دەڵێم پاش ئەوەی فەرەنسا بە درێژایی قۆناغی یەکەمی عەلمانیەت توانی ئازادیی فیکری بە دەست بێنێ لە دژی ترسی کە هنوتیی، ئێستا دەبێ حیسابێک بۆ دیاردەی ئایینی بکاو و شوێنی شایستەی خۆی بدرێتێ لە بواری لێکۆڵینەوە و تۆێژینەوەدا. ئەم دیاردەیە دەستکەوتێکی فیکری و بەشەرییە و دەبێ بخوێنرێ و لێی بکۆڵرێتەوە.

بێگومان پروپاگەندەی ئایینی لە فەزای گشتیی مەدەنیدا قەدەغە دەکرێ سا هەر ئاینێک بێت، وەک ئێستا باوە، بەڵام لەو لایەنەی باسم کرد چاو بە عەلمانیکردندا دەخشێنرێتەوە بۆ ئەوەی عەلمانییەت فراوانتر و پێگەیشتووتر بێت و پتر بایەخ بە هەموو رەهەندکانی مرۆڤ بدات بێ ئەوەی هیچ رەهەندێ لابیات.

ئێستا دێمە سەر باسکردنی نموونەی سێیەم، واتە نموونەی (حەسەنی دووەم) لە مەغریب. ئەو وەرەسەی رژێمێکی پاشایی ئێجگار کۆنە، لە راستیدا رژێمی پادشایی لە



هەموو مەغریبدا هەر لە ساڵی (٨٠٨ز) هەیە ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار سولالەی ئیدریسی دامەزرا.

**هاشم سالح:** بەڵام حەسەنی دووەم ئیدریسی نەبووە؟

**ئارکۆن:** نا، پادشای ئێستا سەر بە سولالەی عەلەوییە، بەڵام دەبێ بزانیت کە لە سەردەمی ئیدریسییەکانەوە چەندین سولالات هاتوونەتە سەر حوکم نەک یەک سولالە. مەبەستم ئەوەیە دەوڵەتی ئیسلامی یەکەم جار لە شاری (فاس) لە ساڵی (٨٠٨ز) دامەزرێنرا، ئەمەش مێژوویەکی گرنگە چونکە ئەو دەوڵەتەی ئەوسا دامەزرێنرا بەردەوامبوونێکی وای بەخۆوە بینیوە کە زۆربەی دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەکان ئەو بەردەوامبوونەیان بە خۆوە نەدیوە. بۆ نموونە لە جەزائیردا چەندین داپچڕان و سولالەی جیاجیا هەبووە و بەردەوامبوونێکی وەک ئەوەی مەغریبی بە خۆوە نەدیوە، دەشێ ئەمە هۆی ئەو شپرزەیی و شلەژانە بێت کە بە گشتی دوچاری کەسایەتیی جەزائیری بووە. بەڵام لە مەغریبدا، پرەنسیپی دەوڵەتی ئیسلامی، واتە ئەو دەوڵەتەی خۆی دەباتە سەر مەشروعیەتێکی کۆن کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر و بگرە راستەخۆ پەیوەستە بەو مەشروعیەتەوە، بەردەوام هەبووە و نەپچڕاوە. عەلەوییەکانی مەغریب خۆیان دەبەنەوە سەر پێغەمبەر و خۆیان بە زورییەتی پێغەمبەر دەزانن.

**هاشم سالح:** کەواتە رەچەڵەکیان لە مەشریقدایە؟

**ئارکۆن:** بێگومان، ئیدریسییەکان لە لایەن ئومەوییەکانەوە شاربەدەر کران و پاشان هاتنە مەغریب بۆ ئەوەی سولالەیەکی پادشایی لە نێو چوارچێوەی مەشروعیەتی عەلیی (واتە عەلی کوڕی ئەبو تالیب) دابمەزرێنن.

**هاشم سالح:** کەواتە ئەمانە لەسەرەتادا شیعە بوون و پاشان دواتر هەڵگەڕانەوە و بوون بە سوونی؟

**ئارکۆن:** نا، نا. لەو کاتەدا تەنها یەک مەشروعیەت هەبووە، واتە گەڕانەوە بۆ نەسەبی پێغەمبەر و کەلەپووری پێغەمبەری (واتە سونەتی پێغەمبەرایەتی)، لەو کاتەدا سونە و شیعە بەو مانایەی ئەمڕۆ نەبووە، یان بەو مانایەی کە دواتر دروست

بوو. دەبێ ئەوە بزانیت ئێمە هێشتا لە سەرەتای سەدەی نۆیەمی زاینیداین (٨٠٨ز)، عەقیدە مەزهەبییەکانیش تەنها لە ساڵی (٨٥٠ز) دەرکەوتن و بنجیان داکوتا (ئەم مێژووە زۆر بە چاکی لە زەینی خۆتدا تۆمار بکە).

موسڵمانەکان باوەڕیان وایە لە سەرەتای دروستبوونەوە یان سوننەن یان شیعە، ئەمەش لە راستیدا کۆمەڵێ ئەوهامە و وێنەیەکی نامێژووییە سەبارەت بە مێژووی ئیسلامی. بۆچی من پتر بایەخی خۆم دەخەمە سەر میتۆدۆلۆژیای مێژوویی؟ تۆ لێرەدا هۆیەکم بۆ دەرەخسێنی تا جارێکی تر پێ لەسەر ئەوە دابگرم کە زۆر پێویستە موسڵمانەکان میتۆدۆلۆژیای مێژوویی وەربگرن و لە تێڕوانینێکی مێژووییانەوە سەیری مەسەلەکانی خۆیان بکەن، ئەوسا لە ژمارەیەکی زۆری ئەو وەهمانە رزگاریان دەبێ کە هیچ راستییەکیان تیادا نییە. چەمکی سوننە و شیعە لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە لە پاش سێ سەدە یان چوار سەدە لە سەرهەڵدانی ئیسلام، ئینجا دەرکەوت و گەڵاڵە بوو.

بە هەرحاڵ شکڵگرتنی ئەرثۆزۆکسیەتی سوننی و شیعی (کە دەبێ خەوارجیشی بۆ زیاد بکەین) بە تەواوی دەرنەکەوت ئەو کاتە نەبێ کە کتێبی فەرموودەکان (الاحادیث) لە هەردوو لایەندا دەرکەوت: (بوخاری) و (موسلیم) لە لایەنی سوننە، (کلینی) و (ابن بابویە) لە لایەنی شیعە. بەر لەمە موسڵمان تەنها بە مانای سەرەتایی وشەکە هەبووە. بەڵام حیزبە تیۆلۆژی- سیاسییەکان (واتە فیرقەکان) لە پاش ماوەیەکی دوورودرێژی ململانێی عەقائیدی و سیاسی و دەسەڵاتخوازی، ئینجا دەرکەوتن و پێگەیشتن و لە رووی مێژووییەوە خەسڵەتی جیاوازیان لە یەکدی وەرگرت، ئێستا ئەم تێبینییە لابەلایە دادەخەم و دەگەڕێمەوە بۆ بابەتی مەغریب و دەڵێم پاشا کەلەپوورێکی زۆر درێژ لە مەشرووعیەتی ئیسلامییەوە درێژە پێدەدا، ئەم بەردەوامی و درێژەپێدانەش لە هیچ دەوڵەتێکی تری ئیسلامدا بەو جۆرە بوونی نەبووە.

هەندێ جار میسر وەک نموونەی دووەم دەهێنینەوە کە دەوڵەت و بونیادی دەوڵەتی مەرکەزی درێژەی هەبووە و بەردەوام بووە. بێگومان هەیکەلی دەوڵەت لە میسردا زەمەنێکی دوورودرێژی هەبووە و هەیە، بەڵام بەردەوام بوونی ئەو مەشرووعیەتەی تیا



نەبووە کە لە مەغریبدا هەبووە، بۆ نموونە لە نێوان (فاتمییەکان) و (مەمالیکەکان)دا داپچڕانێکی تەواو لە مەشروعییەتدا هەیە.

**هاشم ساڵح:** مەبەستت لە رەوتی ئاینیدا؟

**ئارکۆن:** بەڵێ. لەوێدا داپچڕانێکی تەواو لە مەشروعیەتدا هەیە: مەشروعیەتی فاتمییەکان هەر ئەو مەشروعیەتەی مەمالیکەکان نەبووە. کەچی لە مەغریبدا تەنانەت کاتێ سولالەکانی پادشایش گۆڕاون (لە ئیدریسییەکانەوە بۆ مرابطییەکان و بۆ عەلەوییەکان) و ناوی پاشاکانیش گۆڕاوە، بەڵام هەموویان چوونەتەوە سەر مەشروعیەتی ئیسلامی.

**هاشم ساڵح:** بەڵێ. بەڵام فاتمییەکان و مەمالیکەکانیش تەنسیب دەکرێن بۆ مەشروعیەتی ئیسلامی؟

**ئارکۆن:** نەک بە هەمان رێگە. مەمالیکەکان، وەک لە ناوەکەیاندا دیارە، لە رەچەڵەکدا کۆیلە بوون، هەوڵیاندا دەوڵەتێک دابمەزرێنن لەسەر چەند مەشروعیەتێک و چەند مەزهەبێکی ئایینی یاری بکات.

**هاشم ساڵح:** ئەوانیش سوننی بوون؟

**ئارکۆن:** بەڵێ. سوننی بوون، فاتمییەکانیش شیعە بوون، ئەمەش دابڕانێکی گەورەی مەزهەبی و تیۆلۆژییە. بەڵام لە مەغریبدا مەزهەبی مالکی سوننی هەمیشە زاڵبووە، پاشان لە مانەش گرنگتر: نەسەبی خێزانە. خێزانی موڵکدار هەمیشە و راستەوخۆ خۆی دەباتەوە سەر نەسەبی پێغەمبەر، واتە خۆی دەباتە سەر لوتکەی مەشروعیەتی باڵا کە لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە و هیچ شتێک لە سەرووی ئەوەوە نییە. کەواتە - لێرەدا دەگەمە ئەسڵی مەبەستەکە- حەسەنی دووەم بە پێچەوانەی ئەتاتورک و بۆرقیبە، هەوڵیدا ئاشتەواییەک لە نێوان مەشروعیەتی ئیسلامیی دێرین و مۆدێرنیزم و سەردەمدا بەرپا بکات، لەم هەوڵەشیدا شێوازی بە عەلمانیکردنێکی کتوپڕو خێرای نەگرتە بەر کەوا دەربکەوێت لە دەرەوە هێنراوە و کۆششی خود بەرهەمی نەهێناوە. ئایا حەسەنی دووەم لەم ئاشتەواییەدا سەرکەوتووبوو یان نا؟ ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە.

لە هێنانەوەی ئەم نموونانەدا تەنها مەبەستم ئەوەبوو ئەو هێڵانە دەربخەم کە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە پاش سەربەخۆبی گرتیانەبەر لە پێناوی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان و بە دیهێنانی پەرەسەندن و پەرەپێدان لە کاتێکدا مۆدێرنیزمی ئەوروپی لە دەرگاکانیانی دەدا.

بەڵام ئەگەر حاڵەتی جەزائیر وەربگرین داپچڕانێکی مێژوویی تەواو دەبینین: داپچڕان یان دابڕان لە بونیادی دەوڵەت، دابڕان لەوەی پەیوەستە بە مەشروعیەت، دابڕان لە کولتوور و ئایدیۆلۆژیای سیاسی... هەموو شتێ لە جەزائیر دابڕاوە، لەبەر ئەوە، ئەو بۆشاییەی ئیستعماری فەرەنسی لە پاش خۆی بەجێی هێشت، بە ئایدیۆلۆژیایەکی خواستراو پڕ کرایەوە، ئایدیۆلۆژیایەکی نامۆ بە پێکهاتی وڵات و بە رەگەزە پێکهێنەرە بنچینەییەکانی. ئەو ئایدیۆلۆژیا خواستراوەش بریتی بوو لە: سۆشیالیزم. بەم جۆرە جەزائیر لە دوای سەربەخۆبی بە سۆشیالیزم دەستی پێکرد، یان با بڵێین چەشنێکی دیاریکراو لە چەشنەکانی سۆشیالیزم.

ئەوەی لە بارەی جەزائیر وتم، دەشێ لە بارەی سوریا یان عێراق و غەیری ئەوانیش بوترێ. لە هەموو شوێنێکدا دیاردەیەکی جێگیر و گشتی دەبینین، ئەویش: مەسەلەی جیابوونەوەی قووڵی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنییە.

**هاشم ساڵح:** ئەمە مانای وایە مومکین نییە کۆمەڵگای مەدەنی زار هەڵبێنێ تەنها لە رێگەی تەقینەوەکانی نەبێ، مومکینیش نییە لە میانی هەموو پێکهاتە و توێژەکانیەوە گوزارشت لە خۆی بکات؟

**ئارکۆن:** دروست وایە. ئەم کۆمەڵگایە لە رەگەزە بنەڕەتییەکاندا کۆمەڵگایەکی چەپێنراوە، ئێمە دەزانین مومکین نییە ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکەین کە لە بارەی مەشریقی عەرەبی باسم کردن (لوبنان، سوریە، عێراق، میسر...) تەنها ئەگەر هاوکارییەک دروست ببێ لە نێوان دەنگی کۆمەڵگای مەدەنی یان بە جۆرێکی تر فرە دەنگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و لە نێوان ئەو دەوڵەتەی بەرپرسیاریی هەموو ئەو دەنگانە هەڵدەگرێ. مەبەستم ئەوەیە دەبێ دەوڵەت رێزی کۆمەڵگای مەدەنی بگرێ و کۆمەڵێ مەرج و کۆمەڵێ دامەزراوی گونجاو بخولقێنێ تا لەوێوە بتوانێ گوزارشت لە



خودی خۆی بکات، لە جیاتی ئەوەی کۆمەڵگا داپڵۆسێ و دووچاری چەپاندنی بکات. بەچ جۆرێ دەشێ بگەنە ئەم سەرەنجامە؟ یەکەم لە رێگەی وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندنەوە، پاشان لە رێگەی وەزارەتی پەروەردەی نیشتمانییەوە. دەبێ کتێبەکانی قوتابخانە بە شێوەیەکی نوێ و بە رێگەیەکی نوێ دابنرێن، بگرە پێویستە هەموو پرۆگرامەکانی فێرکردن لە وڵاتە ئیسلامی و عەرەبییەکاندا بگۆڕدرێن چونکە ئەمانە پێداویستی و ئامانجەکانی کۆمەڵگا دابین ناکەن و وێنەی کۆمەڵگاش پێچەوانە ناکەنەوە، هەروەها رێگە بۆ سەرجەم دەنگەکانی کۆمەڵگا ناکەنەوە تا گوزارشت لە خۆیان بکەن و رێگەیەکیش بۆ ئایندە و بۆ تازەگەری ناکەنەوە. دەبێ فیرکردنی مێژوو لە قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و تەنانەت زانکۆکانیشدا بەو جۆرە پرۆسە بکرێ کە روونم کردەوە، نەک بەو رێگەیەی تائێستاش پرۆسە دەکرێ. ئەمە هەنگاوێکی بنچینەییە و هەردەبێ ئەنجام بدرێ لە پێناوی ئەوەی کۆمەڵگا لەسەر رێگای مۆدێرنیزم و عەلمانیکردن و ئایندەدا بڕوات. ئەو رێگەیەی کە ئێستا لە کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا مێژووی پێ دەخوێنن، رێگایەکە راستەوخۆ بەرەو هەڵگیرسانی فیتنەو ئاژاوە دەڕوا و هەندێ لە توێژەکانی کۆمەڵگا بەر دەداتە وێزەی توێژەکانی دی (بڕوانە گرفتی لوبنان بە شێوەیەکی تایبەتی)، ئەگەر ئێمە بمانەوێ ململانێ و فیتنە و ئاژاوە بەردەوام بێت ئەوا با هەر بەو شێوەیەی ئەمڕۆ مێژوو و پەروەردەی ئایینی لە قوتابخانەکاندا بخوێنرێ. ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگای مەدەنی پارچە پارچە بکەین و ئیبادەی بکەین ئەوا با هەر بەو شێوە کۆن و تەقلیدییە مێژوو بخوێنرێ. لەبەر ئەم هۆیە دەڵێم: هیچ کەسێ لە رووداوە تراژیدییەکانی ئەمڕۆ سەری سوڕنەمێنێ و سەرسام نەبێت، ئەم بەرووبوومە لەو درەختەوەیە. چارەسەر و وەڵامی ئەو پرسیارە گرنگەی تۆ لەم چەند وشە سادەیەدا هەیە: خوێندن و وانە وتنەوەی مێژوو بە شێوەیەکی زانستی و کراوە و واقیعی ئەنجام بدرێ.

دەبێ ئەو دەوڵەتانە واز لە شێواندن و تەحقیرکردنی واقیع و مێژوو و پێکهاتەکانی واقیع و مێژوو بهێنن و هەریەک لەمانە بە یەکسانی لەبەرچاو بگرن.

بەم رێگەیە، تەنها بەم رێگەیە، دەشێ چنینی کۆمەڵگای مەدەنی پێکبهێنرێ بە

شێوەیەکی توند و پتەوی وا کە لەگەڵ یەکەم شۆکدا پارچە پارچە نەبێت... ئەمەیە وەڵام و ئەمەیە چارەسەر. من وتم مێژوو و نەم ووت فەلسەفە، واتە بەر لە فەلسەفە دەبێ بایەخ بە مێژوو بدرێ، ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو قسەیەی لە سەرەتای ئەم وتووێژەدا کردمان لە بارەی ئەولەویەتی زانستی مێژوو و میتۆدۆلۆژیای مێژوویی لەچاو زانست و میتۆدۆلۆژیاکانی تر.

بێگومان من لێرەدا نامەوێ بابەتی فەلسەفە و فێربوونی فەلسەفە لاببەم، ئەمە دواشتە بیری لێدەکەمەوە، بەڵام من پتر جەخت لە ئەولەویەتی ئەپستیمۆلۆژیای زانستی مێژوو دەکەم بە مەرجێ بەو جۆرە لەو زاراوەیە تێبگەین کە هەموو زانستە مرۆڤایەتییە زانراوەکان دەگرێتەوە و بەو جۆرەی کە لە نوێترین زانستە پێشڕەوەکان پرۆسە کراوە، مەبەستم: سۆسیۆلۆژیا، ئەنترۆپۆلۆژیا، زانستی دیمۆگرافیا، زانستی ئابووری، پەروەردەی ئایینی و.. هتد.

پاش ئەوەی لە مەسحی مێژوویی زەوی دەبینەوە، دەشێ پەیوەندییەکی هاوجومگەیی پتەو لە نێوان میتۆدی مێژوویی و میتۆدی فەلسەفیدا دامەزرێنین. ئێمە ئێستا هیچ شتێ لە بارەی کۆمەڵگاکانی خۆمان نازانین، ئێمە ئێستا نکۆڵی لە واقیعی کۆمەڵگاکانی خۆمان دەکەین، ئێستا ئێمە مێژووی کۆمەڵگاکانی خۆمان دەشێوێنین و دەیگۆڕینەوە بە مێژوویەکی خەیاڵیی دیکە کە هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نییە، گشت ئەمانە لە میانی ئایدیۆلۆژیا و بەهۆی ئایدیۆلۆژیاوە ئەنجام دەدرێن. باشە ئیتر چۆن دەتەوێ کۆمەڵێ چارەسەر بۆ واقیعێک پێشنیار بکەیت کە بوونی نییە.

لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ریفۆرمی ڕەگ و ڕیشەیی سیستمی پەروەردە و فێرکردن و پرۆگرامەکانی فێرکردن دەبێتە پێویستییەکی بنچینەیی.

ئەمە ئەو ئەرکە گرنگەیە کە خراوەتە سەرشانی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی نیشتمانی و بەرپرسانی. نازانم ئاخۆ دەبێ وەزارەتی کاروباری ئایینی بهێڵینەوە یان لای ببەین، ئەمە پرسیارێکە تا ئێستا ئاراستەی خۆمی دەکەم.

**هاشم ساڵح:** ئەو وەزارەتە لە لای ئێمە پێی دەوترێ وەزارەتی ئەوقاف...

**ئارکۆن:** ئەمە هەر ئەو شتەیە، لەلای ئێمە لە جەزائیر پێی دەوترێ وەزارەتی



کاروباری ئایینی. هەرچۆنێ بێ، ئەگەر وایدابنێین کە ئەو وەزارەتەمان هێشتەوە، ئەوسا دەبێ بە هاریکارییەکی پتەو لەگەڵ هەردوو وەزارەتی پەروەردە و ڕۆشنبیریدا کار بکات. دەبێ ئەم وەزارەتە تا ئەوپەڕی کرانەوە ڕۆڵی خۆی پرۆسە بکات، دەبێ بە گیانێکی وا کاربکات کە بە ئاراستەی پێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی بڕوات تا کۆمەڵگا ببێتە یەک چین و یەک ریز و پێکەوە بەستراو، بەڵام ئەگەر ئەم وەزارەتە بە هەموو دامەزراوو ئەنیستیتوتە ئایینیەکانیەوە بەردەوام تەعالیمی تەقلیدی و مەزهەبگەرایی و تایفەگەرایی و نامێژوویی بڵاو بکاتەوە کە ئەمانە کۆمەڵگا پارچە پارچە و دابەش دەکەن و گیانی فیتنە و ئاژاوە و لێکترازانی تیادا دەچێنن، ئەوا دەبێ یەکسەر دابخرێ. دەبێ ئەم وزارەتە بە گیانێکی کراوەوە کاربکات بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە گرێ دێرینەکەی، نەک بە گیانی پروپاگەندەی ئایدیۆلۆژی کە تەنها بایەخ بە جۆرێکی دیاریکراوی ئاینێک یان مەزهەبێک دەدا و ئەو دوای ئایین و مەزهەبەکانی دیکە ناشیرین دەکا کە بەداخەوە ئەم دیاردەیە تا ئەمڕۆکەش بوونی هەیە. دەبێ ئەم ڕۆحە تەسکبینەی سەدەکانی ناوەڕاست بچووک و ناچیزە بکرێ، دەنا هیچ چارەسەرێک بۆ ئەو کێشانە سوودی نابێت و هیچ ڕزگارییەکیش نایەتە دی.

**هاشم ساڵح:** بەڵام گوتاری ئایدیۆلۆژیی باو بە هەموو کۆپیەکانییەوە و بەرێژەی جیاجیا دان بە پێکهاتەکانی واقیعدا نانێ و لە رووی زانستی و مەعریفیشەوە بەرپرسیارێتیەکەی هەڵناگرێ. ئەم گوتارە ئایدیۆلۆژییە باوە باوەڕی وایە دەتوانێ بە بازدان بەسەر پێکهاتەکانی واقیعدا تەجاوزی بکات، ئەمە سەرباری ئەوەی هەموو جارێ لە بەرامبەریدا ڕاست دەبێتەوە..

**ئارکۆن:** دروست وایە. دەوڵەتی ئێستا کاری سووتاندنی قۆناغەکان پرۆسیسە دەکا، یان بە جۆرێکی تر بلێین ڕاکردن بەرەو پێشەوە. لەوەش ناچێ ئەم جۆرە دەوڵەتە بە پێکهات و دارشتەکانی ئێستایەوە بتوانێ بەرپرسیاریی وەقائیعە کۆمەڵایەتی و کولتووری و مێژوویییە تایبەتییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەڵبگرێ. گرفتی بنەڕەتی و ئەسڵی مەبەست لێرەدایە.

ئەو دەوڵەتەی لە پاش سەربەخۆیی دامەزرا، لە بەرامبەر واقیعدا بێهێزی و فەشەلی

خۆی سەلماند و باوەڕم وایە ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی ئەمەیان سەلماندووە. دەوڵەتی ئێستا پێی وایە ئەگەر هەموو پێکهاتەکانی واقیع لەبەر چاو بگرێ و ئەگەر دان بە هەمە چەشنی و پلورالیزمی ناو کۆمەڵگای مەدەنیدا بنێ، ئەوسا یەکێتی نیشتمانی دەتەقێتەوە و تێکدەشکێ. ئێمە دەزانین ئەم دەوڵەتە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە پرۆژەی خۆی لەسەر وێنایەکی دیاریکراوی یەکێتی نیشتمانی و نەتەوەیی دامەزراندبوو: ئەویش ئەو وێنایە بوو کە لەلای نەتەوە نوێیەکانی ئەوروپادا باوبوو کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا شکڵی گرت. واتە فۆرمیولای ناسیونالیزمی سێنترالیزمی لە ئەوروپاوە خواستووە بێ ئەوەی پرسیار لە ڕەوایی ئەم خواستنە بکات، بێ ئەوەی پرسیار لە بارودۆخ و وردەکارییەکانی ئەم خواستنە بکات. ناسیونالیزمی لە ئەوروپا خواست بێ ئەوەی پرسیار لەوە بکات چۆن نەتەوەیەکی تازەی وەک فەڕەنسە لە سەردەمی پاشا هیگ کابیەوە لە پێناوی یەکێتی نیشتمانیدا دەستی بەکار کردن کرد؛ واتە ڕێک بەر لە هەزارساڵ دەستی بەو کارە کردووە! ڕژێمی سیاسی و حیزبە ئایدیۆلۆژییەکانی ئێمە پرسیاریان لەوە نەکردووە چۆن نەتەوەی فەڕەنسیی ئێستا لە ڕووی مێژووییەوە شکڵی گرتووە و بەچ جۆرێ ڕێگەی بۆ ساز و خۆشکراوە. حیزبە ئایدیۆلۆژیستەکانی ئێمە ئەم نۆرمەیان بە حازری لە ئەوروپا خواست و بە زۆرەملێ بەسەر واقیعێکی تردا پراکتیزەیان کرد بەبێ هیچ دەستکارییەک و بێ ئەوەی زەمینەی بۆ ساز بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ واقیعی نوێدا بگونجێ.

سەرباری ئەوەی ویستیان تەنها بە پشت بەستن بەیەک ستوون لە ستوونەکانی نەتەوە، یان تەنها بەیەک ڕێسا لە ڕێساکانی نەتەوە، یەکێتی نیشتمانی پێکبهێنن. بە مانایەکی تر لە نێو دەنگەکانیدا تەنها یەک دەنگیان وەرگرت و دەمی هەموو دەنگەکانی تریان داخست.

لەم حاڵەتەشدا سەیر نییە گیروگرفتەکان بتەقێنەوە و لە دوای تێپەڕبوونی دەیان ساڵ چنینی کۆمەڵگای مەدەنی هەڵبووەشێتەوە و پارچە پارچە ببێ. ئەمە هەڵەیەکی ڕەهایە و ڕژێمەکان نایانەوێ دانی پێدا بنێن. شیکردنەوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی (بە مانای فەلسەفەی سیاسی)ی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای



مەدەنی، بە ئاسانی ئەم هەڵەیە دەردەخا و دەیسەلمێنێ. لێرەدا شتێکی تر هەیە پێم خۆشە ئیزافەی بخەمە سەر هەموو ئەوانەی پێشتر ئاماژەم بۆ کردن، ئەویش: وێنای فیدرالی وەک چارەسەرێکی سیاسیی شیاو بۆ گرفتی پلورالیزمی کولتووری لە کۆمەڵگای مەدەنیدا، لە لایەن هیچ سەرکردەیەکی سیاسیی عەرەبی یان ئیسلامی بیری لێنەکراوەتەوە و ئەم چارەسەرە فیدرالییە بە بیری هیچ کەسێکدا نەهاتووە.

**هاشم ساڵح:** بۆچی؟

**ئارکۆن:** لەبەر ئەوەی عەرەب و موسڵمانەکان هەمیشە لە میانی سێنترالیزمەوە بیریان لە مەسەلەی دەوڵەت کردۆتەوە.

**هاشم ساڵح:** ئایا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی نۆرمی فەڕەنسی و ناسیۆنالیزمی ئەوروپی یان بۆ خودی مێژووی ئیسلامی؟

**ئارکۆن:** نا، ئەمە بە کوللی ناگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی نۆرمی فەڕەنسی یان ئەوروپی، بەڵکو دەبێ بازنەی شیکردنەوەی مێژوویی فراوانتر بکەینەوە بۆ ئەوەی شەریحەیەکی درێژتر و دێرینتر لە زەمەن بگرێتەوە، شەریحەیەک سەدەی نۆزدەهەمیش – سەدەی ناسیۆنالیزمە ئەوروپییەکان بە ئیمتیازەوە- تێدەپەڕێنێ. لەوانەیە بشێ کەلەپووری درێژ و زۆر کۆنی ئایینە یەکتاییەکانیش لەبەرچاو بگرین. بە تەواوی ئایینی یەکتایی یان یەکخودایی مانای چییە؟ ئەمە تەنها مانای باوەڕهینان نییە بەیەک خودا، بەڵکو واتایەکی تریشی هەیە کە ڕاگەیاندنی بوونی یەک هەقیقەتە و لە لایەن بەشەرەوە تەعبیری لێکراوە. ئەم دەستەواژەیەی دوایی مانای چییە؟ مانای وایە کە هەمیشە بۆشاییەکی گەورە یان کە لەبەرێکی فراوان هەیە لە نێوان ئەو هەقیقەتەی لە لایەن نووسینەکانی سرووش (وحی)یەوە پێکهێنراوە و بووەتە شوێنی ئامانج کە حەقیقەتێکی کراوە و دەوڵەمەند دەنوێنێ چونکە بە ڕێگەیەکی میتافۆریی هێمایی گوزارشت لە خودی خۆی دەکات.. و لە نێوان هەقیقەتی تیۆلۆژیستەکان (واتە فوقەهاکان) کە ئەو هەقیقەتە ڕەمزی و کراوانەی کتێبە پیرۆزەکان دەکا بە جۆرێ لە هەقیقەتی سێنترالیزمی داخراو Logocentrique.

ئێمە دەزانین تیۆلۆژیستەکان (بەمانای فراوانی وشەکە) لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا

دەست لە ناو دەست کاریان کردووە: واتە لەگەڵ خەلیفە، یان لەگەڵ ئیمپراتۆر، یان پاپا، یان ئەمیر، یان سوڵتان، یان پاشا، یان سەرۆک کۆمار. کەواتە لە ئاستی وێنای تیۆری و لە ئاستی پرۆسیسەی سیاسی و بەرجەستە کردنی دامەزراویدا هاوکارییەکی کاریگەر و ئەکتیڤ هەیە لە نێوان ئەو پێکهاتە تیۆلۆژییەی لە ئایینە یەکتاییەکانەوە بەرهەم هێنراوە، وە لە نێوان چەمکی دەوڵەتی سێنترالیزمدا. ئەمەش گرفتێکە لە قووڵاییدا سەر بە فەلسەفەی سیاسییە. لێرەدا جۆرێک لە دژایەتی یان جیاکاری هەیە لە نێوان ئەو رۆشنبیرییە سیاسییەی لە تێڕوانینی فیدرالیزمەوە سەیری گرفتی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات و.. ئەو فیکرە سیاسیەی لە میانی چەمکی یەکتایی، مۆنۆپۆلیزەیی، سێنترالیستییەوە سەیری کۆمەڵگا دەکات کە بەرەو هەقیقەت دەڕوا: واتە هەقیقەتی دەوڵەت و هەقیقەتی تیۆلۆژی لە یەک کاتدا.

**هاشم سالّح:** کەواتە ئەمە یەک حەقیقەتە و رازی نابێت هیچ شتێکی تر بەشداریی لەگەڵدا بکات؟

**ئارکۆن:** دروست وایە. ئەمە هەقیقەتێکی تەنهاو تەنهایە، دروشمی ناوداریش ئەمەیە: «نەتەوەی عەرەبی یەک نەتەوەیە، خاوەنی یەک پەیامی نەمرە» {امة عربية واحدة، ذات رسالة خالدة}، دروشمێکی جوان و ڕوونە. بەڵام ئەی نابێ بەهەموو فرەیی و هەمە چەشنی و دەوڵەمەندییەکیەوە سەیری واقیع بکەین؟ ئایا هەقی ئەوەمان هەیە ئەمە فەرامۆش بکەین و واقیعەکە بە درۆ بخەینەوە و باوەڕ بە دروشمەکە بکەین؟ کێ لەمەدا سوودمەند دەبێ؟ من دەڵێم: نە واقیعەکە و نە دروشمەکە. تەنانەت فەڕەنسەش ئێستا دەستی بەوە کردووە سێنترالیزمی توند و پتەوی خۆی سووک و کەمتر بکاتەوە و پلانێکی گشتی و سەرجەمگیر بۆ سیاسەتی ناسێنترالیزمی بگرێتە بەر. کەواتە ئیعتراف کردن بە هەمەڕەنگی و پلورالیزم دژی سۆزی هاوکاری یان یەکێتی و یەکبوون نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەهێزی دەکا لە ناو پێوەرێک کە وەک شتێکی واقیعتر و ئینسانیتر دەربکەوێ. سروشتی مرۆڤ بریتییە لە فرەیی و هەمەڕەنگی و جیاوازی. دروشمێکی سیاسی توندیش بوارێک بۆ فرەیی و پلورالیزم ناهێڵێتەوە، بگرە ئەمە دەبێتە دروشمی ئەو کولتوورە سیاسییەی کە زاڵە بەسەر هەموو فۆرمەکانی ئەو



دەوڵەتەی لە رووی مێژوویییەوە لە فەزای ئیسلامیدا بەرجەستە بووە سەرباری ئەوەی رۆژێ لەڕۆژان بە تەواوی دابین نەبووە، هەمیشە چەند ناوچەیەکی سەخت و یاخی یان چەند سێنتەرێکی ململانێکاری دەسەڵاتخواز هەبووە.

بۆ نموونە لە مەغریبدا، هەمیشە جیاکارییەکی روون لە نێوان دوو فەزادا هەبووە کە ئێستاش پێیان دەوترێ (بلاد المخزن) و (بلاد السباع)، یەکەمیان ئەو فەزا سیاسیەیە کە دەوڵەتی مەرکەزی بەسەریدا زاڵە و ئەو هەقیقەتە ئیسلامییە دەپارێزێ کە فیلۆلۆژیستەکان سنووریان بۆ کێشاوە.

بەڵام دووەمیان بریتییە لە کەنارە دوورەکان و ناوچە دوورەدەست و سەختەکان کە زەحمەتە دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی بیانگاتێ. ئەم دابەشکردنە زۆر گرنگە و زۆریش کۆنە. ئەگەر بمانەوێ دەستنیشانی گیروگرفتەکانی ئێستای دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەکان بکەین، ئەوا ناچار دەبین لە میانی «ماوەی دوورودرێژ»ەوە سەیری مەسەلەکان بکەین بە پێی ئەو تێرمە ناودارەی فیرنان برۆدێل کە یەکێکە لە گەورە پێشەنگانی زانستی مێژووی نوێ لە فەڕەنسە. تێڕوانینمان بۆ مێژوو (یان بۆ گیروگرفتەکانی مێژوو) جیاواز دەبێ ئەگەر ماوەیەکی زەمەنی کورت وەربگرین (بۆ نموونە سەدەیەک یان دوو سەدە) یان ئەگەر ماوەیەکی درێژتر وەربگرین، بۆ نموونە چەند سەدەیەک. ئەو گرفتانەی لە پرسیارەکەی تۆدا خراونەتەڕوو لە بارەی تایەفەگەرایی و مەزهەبگەرایی لە مەشریقی عەرەبیدا، مومکین نییە لە میانی تەنها سی یا چل ساڵدا دیراسە بکرێ، بەڵکو دەبێ چەندین سەدەی دوورودرێژ بگەڕێینەوە بۆ دواوە تا بزانین چۆن سەری هەڵداوە و کەی دەرکەوتووە و چۆن گەشەی کردووە و بنجی داکوتاوە. گشت ئەمانە شتگەلێکن نە حزبە سیاسیەکان وەڵامی دەدەنەوە نە ئەو تیۆریستە حزبییانەی لە هەموو شتێکدا بە پەلەن و نوقمی ناو تەفاسیلەکانی ئێستان و بە دوای رووداوەکاندا رادەکەن. کەواتە دەبێ ئەم شیکردنەوەیە بۆ دەوڵەت و بۆ مێژووی لاهوتی سیاسی ئەنجام بدەین نەک تەنها بۆ فەلسەفەی سیاسی کە رێنوێنیی دەوڵەت دەکات. پاش ئەوەی لە لێکۆڵینەوەی ئەم مەسەلەیە لە قۆناغی ئیسلامی کلاسیکی دەبینەوە، دەشێ بگوازینەوە بۆ لێکۆڵینەوەی لە قۆناغی هاوچەرخدا.

ئەوسا دەتوانین ئەوە پیشان بدەین چۆن فەلسەفەی سیاسیی دەوڵەتی ناسیونالیزمی هاوچەرخ -کە بریتییە لە بەرهەمی نەتەوە تەوحیدییەکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەورووپی لەگەڵ ئەو عەقڵە بە عەلمانیکراوەی پێشتر باسمان کرد- لەسەر ئەو تیۆلۆژیا سیاسییەوە هاتووە کە لە چەرخی کلاسیکی و زەمەنی خەلافەتدا رێنوێنی دەوڵەتی ئیسلامیی دەکرد، بەو مانایەی کە بەردەوامبوونی ئەو تیۆلۆژیا سیاسییە دەنوێنێ بەڵام بە جل و بەرگێکی ترو بە کۆمەڵێ تێرم و چەمکی تر، لە بری ئەوەی کە جاران دەمانووت ئوممەی ئیسلامی یان ئوممەی موحەمەدی لەگەڵ هەموو ئەو روئیا ئایینییەی یاوەریی دەکرد، ئێستا دەڵێین ئوممەی عەرەبی یان ناسیۆنالیزمی عەرەبی. ناسیونالیزمی تورکی، ناسیونالیزمی فارسی...هتد.

سەرکردە سیاسییەکان لە گۆڕینی ناو و تێرمەکان ناکۆڵنەوە و شیتەڵی ناکەن چونکە ئەوان دەسەڵاتی سیاسیان هەیە و دەیانەوێ پارێزگاریی لێبکەن و بەکاری خۆیانی نازان «رەخنە لە عەقڵی سیاسی» بگرن، کاتێکیش توێژەرێک یان مێژوونووسێک ئەو کارە ئەنجام دەدات، ئەوا تۆمەتباری دەکەن بەوەی ئەم کەسە پەیوەندیی بەو بابەتەوە نییە، یان هیچ تێناگا و نابێ گوێی لێبگیرێ، ئەمە ئەگەر بەوە تاوانباری نەکەن کە ناپاکە بەرامبەر ئوممەی عەرەبی و ئیسلامی! ئیتر بۆ سڕینەوەی شیکردنەوەیەکی وردی مێژوویی پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی چەکی بەرەنگاربوونەوەی رەها: واتە تەکفیرکردن و ناپاک کردن. لە هەمان کاتدا ئەم چەکە لە لایەن سەرکردە سیاسیەکان و پیاوانی ئایینیشدا بەکاردەهێنرێ هەروەها لە لایەن فەرمانبەرە ئایدیۆلۆژیستەکان کە بۆ پرۆسیسە کردنی ئەم وەزیفەیە لە پاش فیلۆلۆژیستە تیۆلۆژیستەکانەوە هاتوون و هەمان کارو وەزیفەی ئەوان ئەنجام دەدەن.

**هاشم ساڵح:** هەروەکو ئەمەت بە ڕوونی لە کتێبی «مێژووگەرایی فیکری عەرەبی ئیسلامی»دا دەرخستووە کە لە ساڵی **١٩٨٦** بەیەکەوە لە بەیرووت چاپمان کرد. لەوێدا لە پەیوەندییە دیالێکتیکییەکانی نێوان (لووتکەی سەرەوەریی باڵا بۆ مەشروعیەت) و ئەو (دەسەڵاتە سیاسیانە)ت کۆڵیوەتەوە کە لە سەرەتاوە تا ڕۆژی ئەمڕۆمان لەسەر زەویی ئیسلامیدا پیادە کراوە، لەو باوەڕەدام ئەو شیکردنەوەیە زۆر ڕۆشنە...



**ئارکۆن:** بەڵێ. ئەمە هەمووی پەیوەستە بەو مەسەلە گشتی و هەمیشەییەی بە (لووتکەی دەسەڵاتی باڵا یان سەروەریی باڵا- ذروة السيادة العليا ) ناوی دەبەم. لوتکەی یان ترۆپکی دەسەڵاتی باڵا لە کەلەپووری ئیسلامیدا، ئەوسا و ئێستاش دەورێکی پیرۆزگەرایی و پیرۆزکردنی لەو دەسەڵاتە سیاسیەدا پرۆسە کردووە کە زۆر راستەوخۆ و دنیایی و هەندێ جاریش زۆر توندوتیژ بووە. هۆیەکەیشی ئەوەیە خەیاڵدانی لاهوتیی ئاینی لە زەینی خەڵکیدا بە تەواوی تێکەڵ بە خەیاڵدانی سیاسی (المخيال السياسي) کراوە. زۆربەی خەڵکی -لەوانە رۆشنبیرانیش- ناتوانن خەیاڵدانی ئاینی و خەیاڵدانی سیاسی لە یەکتری جودا بکەنەوە. ئەمڕۆ سیاسەتمەدار لە جلوبەرگی لاهوتی و ئاینیدا خۆی دەناسێنێ و ئەم گەمەیە بەسەر هەمووماندا دەکات. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلە مێژووییە ئاڵۆزە تائێستاش نە لە زمانی عەرەبی و نە لە زمانە ئیسلامییەکانی تردا شی نەکراوەتەوە و لێی نەکۆڵراوتەوە، ئەمە لە کاتێکدا جیاکاری نێوان کەسێکی لاهوتی و کەسێکی سیاسەتمەدار لە وڵاتێکی بە عەلمانیکراوی بۆ نموونە وەک فەڕەنسەدا زۆر روون و ئاشکرایە. رۆڵی گوتاری سیاسیش لەساتەوەختی سەربەخۆییەوە و بە مانایەک لە ماناکان «سەرکەوتنی» ئەو گوتارە سیاسییە، ئەوە بوو کە توانیویەتی مەشروعیەتی ئایدیۆلۆژی و سیاسی شوێنی ئەو گوتارە تیۆلۆژییە بگرێتەوە کە پێشتر مەشروعیەتی بەبەر خەلیفە و سیستمی خەلافەتدا دەکرد.

**هاشم ساڵح:** بەڵام ئێستا ئەو گوتارە بەرەو شکان و لە ناوچوون دەچێ، دەبینین جارێکی تر گوتاری دێرینی مەشروعیەتی تیۆلۆژی دەگەڕێتەوە کە دەشێ ئەمیش لە دوای ئەزموونی دە ساڵ بەرەو شکان بچێت...

**ئارکۆن**: بێگومان، بێگومان. ئێستا بەرەو تێکشکان و لە نێوچوون و ون بوون دەچێ بەڵام ئەلتەرناتیڤەکەی ئامادە نییە. کاتێ لە هەندێ لە وڵاتاندا کۆمەڵێ رووداوی خوێناوی روودەدەن، دەبینین رژێمی سیاسی زۆر بە توندی دایدەپڵۆسێنێ، پاشان کەمێ ملی خۆی خوار دەکاتەوە تا گەردەلولەکە تێدەپەڕێ، دوای ئەوە شتەکان دەگەڕێنەوە سەر باری ئاسایی خۆیان و ئیدی جارێکی تر کاری تەتبیع و تەدجین دەست پێدەکاتەوە وەک بڵێی هیچ شتێ رووی نەدابێ، بەم جۆرە مەسەلەکان بەردەوام دەبن تا

کۆمەڵێ رووداوی خوێناویی دیکە دەقەومێن. لەبەر ئەم هۆیە من، وەک مێژوونووس و وەک توێژەر، پێ لەسەر گرنگی و بایەخی رووبەڕووبوونەوەی شیکاری و رەخنەگرانە دادەگرم لە نێوان گرفتی دەوڵەت و گرفتی مەشروعیەت و گرفتی کۆمەڵگای مەدەنی کە تائێستاش لە وڵاتانی ئێمەدا بە پێی پێویست و داواکراو شکڵی نەگرتووە. ئەمە دەڵێم و هێرشیش ناکەمە سەر دەوڵەت و رژێمەکانی ئێستا بەو جۆرەی کە هەن، ئەمە ئەرکی من نییە، ئەرکی من ئەوەیە لە میانی میتۆدەکانی فەلسەفەی سیاسی و تیۆلۆژیای سیاسی بارودۆخەکە شیبکەمەوە. لێرەدا ئەم دەرفەتە دەقۆزمەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە تێرمی «**تیۆلۆژیای سیاسی**» بە پێی پێویست باو و بڵاو نییە، دەبێ گرنگی و بایەخ بەم تێرمە بدەین چونکە بە راستی زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لەو رووداوانەی ئەمڕۆکە لە کۆمەڵگا ئیسلامی و عەرەبیەکاندا روودەدەن. تەوژمی ئیسلامی هاوچەرخ، تیۆلۆژیای سیاسی بە گوتارێک دادەپۆشێ گوایە گوتاری ئایینییە، بەڵام لە راستیشدا بە تەواوی گوتارێکی سیاسیی دونیاییە.

**هاشم ساڵح:** بەڵام خەڵکی نازانن چۆن جیاوازی بکەن لە نێوان گوتاری سیاسی و گوتاری تیۆلۆژیی- لاهوتی، بۆیە دەکەونە دوای ئەو گوتار و دروشمانەی جلوبەرگی ئایین دەپۆشن و ئیدیعای مەشروعیەت دەکەن لە کاتێکا ئەم گوتار و دروشمانە بەئاشکرا گوتار و دروشمی سیاسی و دەسەڵاتخوازی و ماددین.

**ئارکۆن:** بێگومان، بێگومان. لێرەدا هەروەکو پێشتر ووتم تیکەڵ بوونێک لە نێوان خەیاڵدانی تیۆلۆژی و خەیاڵدانی سیاسی دنیای هاوچەرخی ئیسلامیدا روودەدات. ئێستا جیهانی هاوچەرخی ئیسلامی بە تەواوی غەرقی ناو ئەو خەیاڵدانەیە و زەحمەتە جیاکاری لە نێوان بەشی تیۆلۆژی و بەشی سیاسیی بە عەلمانیکراودا ئەنجام بدرێ، ئەوەی کە لە ژیانی ئەوروپیدا شتێکی زۆر روونەو بە ئاسانی جیادەکرێنەوە، بەڵام ئەم جیاکردنەوەیە بەر لە شۆڕشی فەرەنسی ئاسان نەبوو.

فەزای عەقڵیی سەدەکانی ناوەڕاست کە ئایین تیایدا هەموو شتێکی داپۆشیبوو، جیاوازە لە فەزای عەقڵیی مۆدێرنیزم. شیکردنەوەیەکی لەم جۆرەی ئەم مەسەلەیە تەنانەت لەلای رۆشنبیرە موسڵمان و عەرەبەکانیشدا نەکراوە، ئیتر چی دەڵێی لە بارەی



ئەو توێژە فراوانەی جەماوەری هەژار کە پەیوەستە بە بیروباوەڕی نەریتگەرای ئایینی؟ هەرچۆنێ بێ پرۆسەی بە عەلمانیکردن روودەدات تەنانەت بێ ئەوەی هەستیشی پێبکەین، بەڵگەش بۆ ئەمە دەبینین ئارەزوویەکی گەورە هەیە بۆ پێکهێنانی یەکێتی نیشتمانی و نەتەوەیی لەسەر رێبازی ئەوروپی یان بە رێگەی ئەوروپی و ئێستا ئەو ئارەزووە لە ئاگایی کۆمەڵدا بە تەواوی شوێنی یەکێتی موحەممەدی یان یەکێتی ئیسلامی گرتۆتەوە کە ئەمەیان بیرۆکەیەکی ئاخیرەیی و تیۆلۆژییە نەک مێژوویی. کێ ئێستا لە سوریە یان لە میسر یان لە عێراق خەون بە گەڕانەوەی خەلافەتی عوسمانی یان بە پێکهێنانی یەکێتی ئیسلامی دەبینێ؟ بە پێچەوانەوە ئێستا زۆر کەس خەون بە پێکهێنانی یەکێتی نەتەوەیی یان ئیقلیمیی هەندێ ناوچەی عەرەبییەوە دەبینن. کەواتە بمانەوێ یان نەمانەوێ عەلمانیکردن هەیە و ئەم نموونەیەش یەکێکە لە ژمارەیەکی بێشوماری نموونەی دیکە، دەبینن عەلمانیکردن تەنانەت لە زمانیشدا بە هەموو موفرەدەو پێکهاتەکانیەوە هەیە. تێڕوانینی ئاخیرەیی (یان تێڕوانینی لاهوتی، ئایینی) بە تەواوی لەبەرچاو ون بووە، موسڵمانە هاوچەرخەکان نازانن نەزعەی ئاخیرەت مانای چییە، ئێستا بیرۆکەی یەکێتیی نیشتمانی وەک جۆرێ لە ئاخیرەتی زەمینی رۆڵی خۆی پرۆسە دەکات.

ئەم پرۆسە مێژووییە زۆر گرنگ و بایەخدارەش (مەبەستم پرۆسەی بە عەلمانیکردن) بە درێژایی و پانتایی جیهانی ئیسلامی، لە قۆناغی روودان و گەشە کردندایە، وریابە رواڵەتەکانی گەڕانەوەی گوتاری «ئیسلامی» و دروشم و موفرەداتەکانی ئەو گوتارە فریوت نەدات کە بە خێرایی دێتە سەر ئاستی رووداوەکان، لە راستیدا ئەمانە لە پشتی خۆیاندا زۆر شتی قووڵتر و گرنگتر دەشارنەوە. بە عەلمانیکردنی فیعلی و واقیعی ئەمڕۆکە هەموو کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامییەکان دەگرێتەوە، بەڵام هیچ کەسێ هەستی پێناکات یان ئاگای لێ نییە، لەبەر هۆیەکی سادە، ئەویش: گوتاری شیکردنەوە و راڤەکردنی نوێ لە گۆڕەپانی رۆشنبیریدا لەبەر دەستدا نییە.

**هاشم ساڵح:** کەواتە عەلمانیکردن لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا رێی خۆی دەبڕێ؟

**ئارکۆن:** بە مسۆگەری. من وای دادەنێم دنیای ئیسلامی -و عەرەبیش- ئەمڕۆ

ملکەچی کۆمەڵێ هێزی قەبە و مەزنی بەعەلمانیکردنە، بەڵام نازانێ چۆن شییبکاتەوە و پاشان ناتوانێ ببیبنێ، ئەمەش زۆر لەوە دەچێ کە لە سەرەتای گفتوگۆکەماندا لە بارەی (الطبري)یەوە وتم. کاتێ طبری دەیووت: خوا دەڵێ.... پاشان راڤەکردنی خۆی دەخستەڕوو وەک ئەوەی بە تەواوی لەگەڵ وتنی خودا یان لەگەڵ مەبەستی خودا جووت بێ، ئەو نەیدەزانی کە بەبێ ئاگایی یاری بە سیستەمە تیۆلۆژییەکان دەکات، لەبەر ئەوەی چەمکی سیستەمی تیۆلۆژی سەبارەت بەو، شتێکی پێکدەهێنا کە بیری لێنەکراوەتەوە (اللامفکر فیه). ئەو سیستمێکی تەئویلیی بەرهەم دەهێنا و باوەڕیشی وابوو کە خۆی تەنها کەسێکە راڤەکاریی راست و دروست پێشکەش دەکا بێ ئەوەی بزانێت کە دەشێ چەند سیتسمێکی تەئویلی و سیمیۆلۆژیی دیکەش هەبێ کە بە فیعلی هەشبوو. هەر بە هەمان شێوە ئێمە ئێستا لە جیهانی ئیسلامیدا لە قۆناغی بە عەلمانیکردنێکی بلاو و گشتیدا دەژین بێ ئەوەی بتوانین لە سروشتە عەلمانییەکەی خۆیدا ببیبنین و بێ ئەوەی بتوانین ئەو کۆمەڵە کردارو پرۆسیسانە ببینین کە بەهۆیانەوە پرۆسەی عەلمانیکردن و دنیاییکردن رۆژ لە دوای رۆژ بەرهەم دەهێنرێن، پاشان چاوی خۆمان دەنوقێنین، یان بلێ ئەوان چاوەکانمان دەنوقێنن بەهۆی ئەو موفرەداتە ئیسلامییانەی ئەم پرۆسەی بەعەلمانیکردنە دەشارنەوە و ئەو شتانەی ئێستا روودەدەن وەک شتی ئایینی و ئیسلامی پیشانی دەدەن، ئەمە لە کاتێکدا لە ژێر پەردەی ئەم ئیسلامەی ئەمڕۆدا پرۆسەیەکی زۆر فراوانتر و روخێنەرتری عەلمانیکردن بەڕێوە دەچێت. وتم فراوان و روخێنەر چونکە یەکەم ئەم پرۆسەیە لە لایەن موسڵمانەکانەوە پرۆسەیەکی نەبینراوە، دووەم لەبەر ئەوەی دنیای کۆن دەرووخێنێ و دنیایەکی نوێ دەخولقێنێ. بەڵام لەبەر ئەوەی شیکردنەوەی زانستییانەی ئاڵۆز لە گۆڕەپانی کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامییەکاندا ونە، دەبینین هیچ کەسێ شتێ نازانێ و خۆمان لە ناو ئاژاوەیەکی تەواو مەعنەویدا دەبینین. وتم (ئاژاوەیەکی مەعنەوی) و دەشکرا بڵێیم ئاژاوەیەکی سیمیۆلۆژی. ئەم ئاژاوەیە بە تەنها سیستەمی زمان ناگرێتەوە بەڵکو زمانیش تێدەپەڕێنێ تا هەموو رواڵەت و دیوەکانی ژیانی ئیسلامی بگرێتەوە. بۆ نموونە سیستەمی بیناسازی دووچاری ئاژاوەیەکی مەعنەوی بووە لەبەر ئەوەی ئێمە بینایەکی



گەورە و نوێ لەتەنیشت بینایەکی کۆن و رووخاو و لە تەنیشت ماڵێکی لەتەنەکە دروست کراوادا دەبینین...هتد، بە کورتی ئێمە تێکەڵکردنی کۆن لەگەڵ نوێدا بە شێوەیەکی وا دەبینین کە لە رووی مەعنەوی و دەلالیەوە شپرزەییەک دەخولقێنێ، هەمان شت لە بارەی جلوبەرگ و سیستەمی بەرگ پۆشین: لەیەک شەقامدا هەموو جۆرە جلوبەرگێک دەبینی لە جلوبەرگی تەقلیدیی کۆنەوە و تا دوا مۆدیلی جلوبەرگی ئەورووپی و... بەم چەشنە.... ئێمە ئێستا لە ئاژاوەیەکی مەعنەوی و دەلالی (سیمیۆلۆژی)ی بێ وێنەدا دەژین.

ئەمە بێ ئەوەی باسی ئاژاوەی تێرمسازی بکەم لە بواری زمان و نووسینی عەرەبیدا. ئێمە ئێستا ناتوانین تەعبر لە فیکرێک بکەین و دڵنیابین لەوەی کە وەکو خۆی بە خوێنەران دەگات، بەهۆی شێواندنێکی لە رادە بەدەری زمان و تێکدانی مانا و دەلالەتەکانی ئەو زمانە لەسەر دەستی نووسەرانی بەپەلە نووس. بە هەرحاڵ لێرەدا ناتەواوییەک یان کەموکورتییەک لە شیکردنەوە و راڤەکاران، لە بیر و بیریاران، لە توێژینەوەی زانستی و توێژەراندا هەیە.

**هاشم سالح:** بێگومان ئەو رۆشنبیرە عەرەبانەی توانای ئەوەیان هەیە ئەو جۆرە شیکردنەوە و راڤەکردنە وردانە بەرهەم بهێنن و دەتوانن بە سەر زاراوەکاندا زاڵبن، تا ئێستاش ژمارەیان زۆر کەمە. بەڵام لێرەدا گرفتێکی تر هەیە: دەنگی ئەو رۆشنبیرانە وەک دەنگێکی خنکاو دەردەکەوێ، یان دەنگێکی نزم و لاوازیان هەیە بە بەراورد لەگەڵ دەنگی سەلەفییە میانڕەوەکانی وەک شێخ شەعراوی لە میسر کە دەڵێن هەفتەی جارێک لە تەلەڤیزیۆنی میسریدا بە جۆرێ قسە دەکا زۆر دوورە لە زانست و مێژوو کەچی لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ملیۆن بینەر بۆ خۆی رادەکێشێ. باشە توێژینەوەی زانستی و توێژەران لە بەرامبەر دیاردەیەکی ئاوها قەبەدا دەتوانن چی بکەن؟ و چ کاریگەرییەکیان دەبێت؟

**ئارکۆن:** ئەمە دیاردەیەکە لەم ساڵانەی دواییدا هەڵکەوتووە. شێخ شەعراوی تەنها کەسێک نییە لە گۆڕەپانەکەدا، لە جەزائیر و سوریاو تونس و سوودان و... هتد کەسانی وەکو ئەو زۆرن، ئەمە تائێستا رێگەی کۆمەڵگاکانی ئێمەیە لە تەعبیر لەخۆ کردن،

ئەمەش لەبەر ئەوەی کۆمەڵگاکانی ئێمە بێبەشن لە مافی پلورالیزم لە دەنگەکاندا و لە ئاراستە فیکرییەکاندا. ناچارە گوێ بۆ تەنها یەک دەنگ شلبکات لە پێناوی بەدی هێنانی یەکێتی نیشتمانیدا. لێرەدا یەکەم دەنگ دەنگی سەرۆک یان زەعیم یان سکرتێری گشتی یان پێشەوایە. دووەم دەنگ ئەو دەنگەیە کە مەشروعیەتی ئایینی دەخاتە بەر دەنگی زەعیم و هێڵە سیاسییەکەی کە بریتییە لە دەنگی ئیسلامی رەسمیی میانڕەو: واتە دەنگی شێخی شەعراوی و نموونەکانی لە وڵاتەکانی تردا. بەڵام، وەک پێشتریش وتم، خودی هەموو دەسەڵاتی سیاسی پابەندە بە فەلسەفەیەکی سیاسیی هێنراو سەرباری هەموو رواڵەتێک. ئەم دەسەڵاتە سیاسییە لە ناوەوە هەڵنەقولاوە، واتە لە زانستی مێژوو و سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیایەک هەڵنەقولاوە کە بەسەر کۆمەڵگاکانی ئێمەدا پراکتیزە کرابێت. کۆمەڵگاکانی ئێمە لەو نەخۆشە دەچێ کە بەر لەوەی جۆری نەخۆشییەکەی دەستنیشان بکرێ، دەرمانی بۆ دەنووسرێ. بۆیە لە حاڵەتێکی واشدا سەیر نییە ئاکامەکانی چارەسەرکردن بە قەدەر بارستایی وێرانی و کارەساتەکان بێت.

**هاشم ساڵح:** بەڵام شێخی شەعراوی و ئەوانیدیش لە پێشەنگانی رای گشتیی ئایینی، لە کۆمەڵگاکانی ئێمە هاتوونەتە دەرێ و لە دایکبووی ئەو کۆمەڵگایانەن و بگرە لە قووڵایی کۆمەڵگاکانی ئێمەوە دەرهاتوون و لە دەرەوە نەهێنراون!...

**ئارکۆن:** بە جۆرێکی تر بڵێین ئەمانە لە قووڵایی خەیاڵکراوی (متخیل) کۆمەڵگاکانی ئێمەوە دەرهاتوون. ئەوەی ئەو کەسانە پێشکەشی دەکەن خەیاڵکراوی کۆمەڵگاکانمانە نەک زانستێکی راستەقینە لێیان، ئەوان بە بەردەوامی خەیاڵکراوی جەماوەری هەژاری میللی متوربە دەکەن و یاری بە ژێیەکانی سۆز و غەریزەیان دەکەن.

جا لەبەر ئەوەی ئەمە لە رووی مێژووییەوە خەیاڵکراوێکی بە هەژموون و زاڵە دەبینین هەموو ئەو دەنگانەی تر دادەپۆشێ کە لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا قسە دەکەن بێ ئەوەی کەسێ گوێی لێیان بێ. بۆ نموونە (سید عویس) لە میسر، کێ ناوی بیستووە؟ زۆر کەم. ئەمە سەرباری ئەوەی (سید عویس) زانایەکی کۆمەڵایەتییە وتوێژەرە و کۆمەڵێ شیکاری جوان و دروستی لە بارەی کۆمەڵگای میسری پێشکەش کردووە.



بەڵام وەک بڵێی ئەم پیاوە لە بیاباندا هاوار بکات، کەس گوێی لێناگرێ و خۆیشی هۆیەکانی راگەیاندنی میسریی لەبەر دەست نییە وەک ئەوەی شێخی شەعراو هەیەتی.هۆیەکەشی ئەوەیە گوتاری (سید عویس) بە ئاراستەی ئایدیۆلۆژیای رەسمی و گوتاری رەسمیدا ناڕوات، ئەمەش مانای وانییە کە ئەم پیاوە کەسێکی نانەتەوەیی یان نانیشتمانییە! بە پێچەوانەوە، ئەو نەتەوەخوازێکی میسرییە و زۆریش شانازی بە وڵاتەکەی دەکات، بەڵام کەسێکی پەراوێزکراو و گۆشەگیرکراوە. زۆر کەسی دیکەی لەو جۆرە هەن.

**هاشم ساڵح:** دوای ئەوەی لە قسەکردندا گەیشتینە ئەم خاڵە، دەمەوێ پرسیاری ئەوەت لێ بکەم: چ چارەسەرێک پێشنیار دەکەیت بۆ ئەو نەخۆشی و گیروگرفتانەی ئێستاکە لە کۆمەڵگا عەرەبییەکان بە گشتی و لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی بڵاوبوونەتەوە؟

**ئارکۆن:** چارسەر، وەک پێشتر وتم، لە فێرکردن مێژووی ئایینەکان و ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینیدایە بە پێی رێگە و شێوازی نوێ، دەبێ لە فەزای مەدەنیی گشتیی کۆمەڵگادا مافی قسەکردن و ئاخاوتن لەو گوتارە تەقلیدییە تایفییە بسەنرێتەوە کە خۆی وەک تاکە ئاینێک دەسەپێنێ! ئەمەش مانای ئەوە نییە ئێمە بانگەشە بۆ ئەوە بکەین خەڵکی لە پرۆسەکردنی سرووت و پەرستنی ئایینیدا قەدەغە بکەین، نا هەرگیز، ئاگاداری ئەم خاڵەبە، چونکە ئەمە مومکین نییە و مەقبول نییە و مەعقولیش نییە. ئەوەی لەم قسەیەدا مەبەستمانە زۆر لەو حاڵەتە دەچێ کە بۆ نموونە لە فەرەنسەدا روویدا پاش ئەوەی کڵێسە و دەوڵەتیان لە یەکتر جیاکردەوە.

**هاشم ساڵح:** کەواتە، ئەوەی بە (عەلمانیکردنی خەباتگێڕی) ناوی دەبەیت، شتێکی ئیجابی و سوودبەخش بوو سەرباری هەموو کەموکورتی و ئەو رەخنانەی ئاراستەی دەکەیت؟

**ئارکۆن:** بە مسۆگەری. کێ وتوویەتی ئیجابی نەبووە؟ جیاکردنەوەی یاسایی نێوان کڵێسە و دەوڵەت (یان لە نێوان مزگەوت و دەوڵەت) شتێکی چاک و پێویستە. دەبێ فەزای مەدەنیی کۆمەڵگا بۆ هەموو هاووڵاتیان بێت بەبێ جیاوازیی ئایینی، سا

ئەو ئایینە کەمینە بێ یان زۆرینە، مەسیحی بێت یان ئیسلامی. ئەمە شتێکی پێویستە و زۆریش پێویستە. بە عەلمانیکردن بەم مانایە ماف و ئەرکە. لە کۆمەڵگا عەلمانییە نوێیەکاندا هیچ هاووڵاتییەک بۆی نییە خۆی وادابنێت کە لە هاووڵاتییەکی تر باشترە هەر لەبەر ئەوەی سەر بە ئایینی زۆرینەیە یان سەر بە مەزهەبی زۆرینەیە!

ئەگەر وانەبوایە ئەوا (میشێل روکار)ی سەرۆکی ئێستای فەرەنسا (ئەم گفتوگۆیە لە نیوەی دووەمی هەشتاکاندا کراوە-و.ک-) دەبوایە تەنها بکرایە بە بەڕێوەبەری ناوچەیەک لە فەرەنسە، چونکە روکار پرۆتستانتییە و زۆرینەی فەرەنسییەکانیش کاسۆلیکین، هەروەها نەدەبوو (یونیل گوسپان) گەورەترین وەزیری حکومەتەکەی روکار بکرابایە بە وەزیر بەڵکو تەنها بکرایە بە بەڕێوەبەری زانکۆیەک چونکە ئەویش هەر پرۆتستانتییە، هەمان شت بۆ (پییێر جوکس)ی وەزیری ناوخۆ... بەڵام خۆشبەختانە فەرەنسییەکان ئەم چەشنە بیرکردنەوەیەیان تێپەڕاندووە ئەگەر چی لە دوای کۆشش و موعاناتێکی دوورودرێژ پێی گەیشتوون. ئێوەش لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەتوانن ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە تێپەڕێنن ئەگەر ڕێگەی رۆشنگەری و رێنیسانسێکی راستەقینە و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی نوێ بگرنە بەر. بەم مانایە عەلمانیکردن بازدانێکی نەوعی لە مێژووی کۆمەلگا بەشەرییەکاندا پێکدەهێنێ. عەلمانییەت بوو بەشەرییەتی لە فەزای عەقڵیی سەدەکانی ناوەڕاستەوە گواستەوە بۆ فەزای عەقڵیی پێشکەوتن و مۆدێرنیزم. تۆ دەبینی چۆن هاووڵاتی فەرەنسی لە نیعمەتی کۆمەڵگای مەدەنیدا دەژی کە خێری بۆ خۆی و بۆ هەموو کۆمەڵگا هەیە. دەوڵەتی نوێی عەلمانی نەیهێشت فەزای گشتیی کۆمەڵگای مەدەنی لە لایەن گوتاری عەقائیدیی باوەڕداری داگیربکرێ، بەمە کارێکی راست و دروستی کرد. گوتاری عەقائیدی و تەقلیدی و تەبشیری دەشێ لە خێزاندا یان لە مزگەوت و کڵێسەدا رووبدات، ئەمە شتێکی رەواو رێگەپێدراوە، عەلمانییەت مانای لە ناوبردنی ئایین نییە، یان قەدەغە کردنی خەڵکی نییە لە پرۆسیسەکردنی پەرستن و باوەڕە ئایینییەکانیان، ئەگەر عەلمانیەت ئەمە بێت ئەوا ئێمە یەکەم کەس دەبین لە دژی رادەوەستین. تۆ سەیری پاریس بکە دەبینی موسڵمان دەتوانێ لە مزگەوتدا پرۆسەی ئایینەکەی خۆی بکات و



خوداپەرستی بکات، بەهەمان شێوە مەسیحی دەتوانێ لە کلیسەدا ئەم کارە بکات و جوولەکە لە کنێست و بوزی لە پەرستگاو.. هتد. بەڵام ئەگەر خۆی نەیەوێ ئەم کارە بکات ئەوا هیچ کەسێ ناتوانێ ناچاری بکات ملبداتە ئەو پرۆسەیە. هەموو کەسێ ئازادە لەوەی نوێژ دەکات یان نایکات، بەڵام ئازاد نییە لەوەی خەڵکی ناچار بکات ئەم کارە یان ئەو کارەی دی بکات. بەم مانایە، موسڵمانێکی فەرەنسی هەمان ئەو مافانەی هەیە کە کاسۆلیکییەکی فەرەنسی هەیەتی ئەگەر چی ئەمەی دوایی لە مێژوویەکی دێرینەوە مەزهەبی زۆرینەیە. بەڵام نە ئەمیان و نە ئەویان مافی ئەوەی نییە فەزای گشتیی مەدەنی بەکاربهێنێ بۆ تەبشیرکردنی ئاینەکەی (وەک ئەوەی بۆ نموونە بیەوێ تەلەڤیزیۆن بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنێ، یان رادیۆ یاخود قوتابخانەو... هتد) ئەمەیە ئاژاوە و گێرەشێوێنێ دەورووژێنێ و گیروگرفتی تایەفەگەری دەخولقێنێ. ئەمە هەر بە تەواوی قەدەغە کراوە. بەم رێگەیە فەرەنسە پارێزگاری لە چنینی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات. بەمانایەکی تر دەبێ فەزای گشتیی مەدەنی بۆ فێرکردنی مێژووی ئایینەکان، ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینی و، بۆ زانستی نوێی هیرمینۆتیکا، مۆنۆپۆلیزە بکرێ.

**هاشم ساڵح:** ئەی چی لە کۆلێجەکانی شەریعە دەکەیت؟

**ئارکۆن:** دەبێ کۆلێجەکانی شەریعەت (و سەرجەمی ئەنیستیتۆتە ئایینیە تەقلیدییەکان) ستایل و میتۆدەکانی خۆیان بگۆڕن بۆ ئەوەی بە جۆرێ پرۆسەی دەوری خۆیان بکەن وەک ئەوەی لە ئەنیستیتوتی لێکۆڵینەوەی کاسۆلیکی لە پاریسدا پرۆسە دەکرێ، هەروەها وەک ئەوەی ئەنیستیتوتی تیۆلۆژیای کاسۆلیکی ستراسبۆرگ و ئەنیستیتوتی تیۆلۆژیای پرۆتستانتی دیسان لە ستراسبۆرگ پرۆسەی دەکەن، بەهەمان شێوە لە ئەنیستیتوتە هاوشێوەکانیان لە ئینگلتەرە و ئەڵمانیا و...هتد پرۆسە دەکرێن. تۆ بچۆرە ئەو ئەنیستیتوتانە و سەیری میتۆد و پرۆگرامەکانیان بکە بۆ ئەوەی ئەو فەرقە گەورەیە ببینیت کە لە لای ئەوان و لە کۆلێجەکانی شەریعە لە لای ئێمەدا هەیە. بۆ نموونە سەیری پرۆگرامی فێرکردنی تایبەتی بکە لە ئەنیستیتوتی تیۆلۆژیای کاسۆلیکی لە ستراسبۆرگ کە دەوڵەتی فەرەنسی سەرپەرشتیی دەکات و وەکو هەموو کۆلێج و

زانکۆکانی تری فەرەنسە بڕوانامەی زانکۆیی بە قوتابیەکانی دەدا، دەبینی لەوێدا فێرکردن بە ڕێگەیەکی عەلمانی ئەنجام دەدرێ.

**هاشم سالّح:** ئایا دەچێتە عەقڵەوە خوێندن و فێرکردنی ئایینی بە ڕێگەی عەلمانی ئەنجام بدرێ؟

**ئارکۆن:** بێگومان! لێرەدا لە بەرامبەر فێرکردنی تەقلیدی و باوەڕداریی عەقائیدیدا فێرکردنی عەلمانی بۆ تیۆلۆژیا و مێژووی ئایینەکان و فیکری ئایینی هەیە، ئەمەش باشترین مانای بە عەلمانیکردنە. من خۆم داوای دامەزراندنی ئەنیستیتوتێک لە فەرەنسەدا دەکەم بۆ تیۆلۆژیای ئیسلامی، وەک هەموو ئەنیستیتوتەکانی تر کە ناومان هێنان. ئەم ئەنیستیتوتە – ئەگەر دابمەزرێ*- کۆمەڵێ مامۆستای زانکۆیی و توێژەری پسپۆر لە هەموو زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتییەکاندا سەرپەرشتی دەکەن نەک کۆمەڵێ شێخ و پیاوانی ئایینی. ئەمانە تەنها بەرپرسن لە مزگەوتەکان و لەو ئامۆژگایانەی پاشکۆی مزگەوتەکانن. بۆ نموونە مزگەوتی پاریس و ئامۆژگەی ئیسلامی کە سەر بەو مزگەوتەیە، ڕۆڵی تایبەتیی خۆی ئاراستەی تایەفە دەکات، ئەمەش شتێکی پێوستە و ئەرکیشە. بەڵام ئەو ئەنیستیتوتەی من داوا دەکەم دابمەزرێ، بە تەواوی جیاوازە. ئەوە ئەنیستیتوتێکە بۆ توێژینەوەی زانستی و مێژوویی لە بارەی ئیسلام وەک هەر ئەنیستیتوتێکی تر بۆ توێژینەوە زانستییەکان لە جیهاندا. مامۆستا دادەمەزرێنێ وەک چۆن مامۆستایانی زانکۆی فەرەنسی لە کۆلێجەکانی سۆسیۆلۆژیا، مێژوو، ئەنترۆپۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا...هتد دادەمەزرێن. ئەمەیە ماناو چەمکی دەوڵەتێکی

(*) ئارکۆن ئەم قسەیەی لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٨) دا کردووە، واتە دە ساڵ پترە داوا دەکات لە ئەنیستیتوت و زانکۆکاندا بەشێوەیەکی زانستیی نوێ ئایینی ئیسلام بخوێنرێ و لێی بکۆڵرێتەوە نەک بەشێوەیەکی تەقلیدیی باو. بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٠-٢٠٠١)دا ئەو خەونەی هاتەدی و دەوڵەتی فەرەنسی بەرەسمی بڕیاری دا (قوتابخانەی نەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی ئیسلامی) لەپاریسدا دابمەزرێ (Ecole Nationale Detudes Islamiques) بە سەرپەرشتیی ئارکۆن. بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە (محمد اركون، معارك من اجل الأنسنة، ترجمة وتعليق: هاشم صالح، دار الساقي- ط١- ٢٠٠١- ص ٢٧٤).

**«وەرگێڕی کوردی»**



عەلمانیی فرەیی. مادامەکی دەوڵەت ڕێز لە فرەیی کۆمەڵگای مەدەنی دەگرێ و ئازادیی تەعبیر لە خۆکردن بۆ هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگا دەستەبەر دەکات، کەواتە ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی عەلمانییە، بە مەرجێ ئەو ئازادییە نەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی هۆکارەکانی پشێوی و ئاژاوە و کاری توندوتیژی لە کۆمەڵگادا. دەوڵەت ئیلتیزام دەکات بە یارمەتیدانی هەر دامەزراوێکی تەعلیمی (سا ئەو دامەزراوە ئەنیستیتوت بێ یان زانکۆ) بەو پێیەی پەیمانی داوە ڕێزی گوتاری زانستی و عەلمانی بگرێ و مەرجەکانی بوون و بڵاوبوونەوەی بۆ دابین بکات. کەواتە هەموو ئەوەی من دەمەوێ لە پێناوی ڕاستکردنەوەی بە عەلمانیکردن لە فەرەنسەدا، بریتییە لەوەی فێرکردنی مێژووی ئاینەکان بخرێتە ناو پرۆگرامی قوتابخانە ناوەندییەکان و زانکۆکانەوە بە سیفەتی ئەوەی ئاینەکان کۆمەڵێ سیستمی کولتووریی گەورەن و بە درێژایی چەندین سەدە زاڵبوون بەسەر بەشەرییەتی ئەورووپیدا. ئەوسا بۆی هەیە مامۆستاکان دەقە کلاسیکییەکانی ئەدەبی فەرەنسی بۆ قوتابیان شیبکەنەوە. هەموو ئەوەی من دەمەوێ لە پێناوی ئەوەی عەلمانیکردنێکی ڕاست و دروست بخرێتە ناو کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامییەکانەوە، بریتییە لەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن و فێرکردنی باو ئیلغا بکرێ و لابرێ و هەروەها ڕێگە و شێوازی نامێژوویی و عەقائیدی تەبشیریی خوێندن و فێرکردنی ئایین لە قوتابخانە گشتییەکاندا ئیلغا بکرێ و لە شوێنی ئەوەدا مێژووی ئایینەکان و ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینی بخوێنرێ، پاشان مێژووی سیستمە تیۆلۆژییەکان بە سیفەتی کۆمەڵێ سیستمی کولتووری بخوێنرێ نەک بە سیفەتی ئەوەی ئەمانە سیستمگەلێکن لە هەقیقەتی ڕەها کە هەریەکەیەکان ئەویتر لە خۆی دوور دەخاتەوە، ئەوەی کە هەر لە منداڵییەوە خۆی بەسەر منداڵی موسڵمان یان مەسیحی یان بوزی یان یەهودیدا دەسەپێنێ، واتە لە قۆناغی منداڵیی ژیانی ئینساندا کە ناتوانێ لە ڕووی زانستییەوە خۆی پڕ چەک بکات. ئەمەش لە ڕاستیدا هانی تایەفەگەری دەدا و بۆ هەمیشە دابەشبوونی کۆمەڵگای مەدەنی دەچەسپێنێ. پێشتر وتوومە و دووپاتیشی دەکەمەوە فێرکردنی تەقلیدییانەی ئایین دەشێ لە چوارچێوەی دەزگا تایبەتییەکان و لە پەرستگاکاندا ئەنجام بدرێ نەک لە فەزای گشتیی کۆمەڵگای مەدەنی. چونکە ئەم

فەزایە بۆ هەموو کەسێکە بە جیاوازیی ئەو تایەفە و مەزهەبەی تیایدا لە دایک بوونە، دەبێ دەوڵەتیش بە هەر شێوەیەک بێ پارێزگاری لەو فەزا گشتییەی کۆمەڵگای مەدەنی بکات چونکە ئەمە لە بەرژەوەندیی نەتەوە و هەموو تاکەکانە. ئەمە مانای وایە پێویستە لە یەک کاتدا مێژووی تیۆلۆژیای یەهودی و مەسیحی و ئیسلامی بخوێنرێ لە پێناوی خستنەڕووی چۆنیەتیی شکڵگرتنی تیۆلۆژییەکان لە مێژوودا، واتە چۆن ئەم تیۆلۆژییانە لە رووی مێژووییەوە شکڵیان گرتووە و رۆڵی خۆیان پرۆسە کردووە.

وەک دەزانیت من لە وانەکانمدا لە سۆربۆن ئەم کارە دەکەم. لەوانەکانی منیشدا هەندێ جار کەسانی ئایینە جیاجیاکانی وەک مەسیحی و یەهودی ئامادە دەبن، لە پاش تەواو بوونی وانەکە کەسێ نایەت پێم بڵێ تۆ لە دژی ئاینەکانی تر لایەنگریی ئیسلامت کردووە. دەبێ مێژوونووس (بە تایبەتی مێژوونووسی مێژووی فیکرەکان) بە شێوەیەکی بابەتی و لێزان پرۆسەی کارەکەی خۆی بکات، دەبێ توانای ئەوەی هەبێ بتوانێ مەسافەیەک لە نێوان خۆی و ئەو بیروباوەڕە دابنێ کە لە منداڵییەوە لەسەری گەورە بووە، ئەگەرنا ئەوا باپچێ وتارێکی ئایینی بڵێتەوە و ئیدی ئەوسا لەوە دەردەچێ ببێ بە مێژوونووس یان توێژەر.

من ناڵێم فێرکردنی تەقلیدیی سیستمە عەقائیدی و ئایینییەکان ئیلغا بکرێ، بەڵکو دەڵێم لە رێگەی دامەزراندنی ئەنیستیتوت و کۆلێجی سۆسیۆلۆژیا و ئایینەکان و مێژووی بەراودکاریی ئایینەکان و ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینییەوە هاوسەنگییەک لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا هەبێ، ئەمەش خێرێکی زۆری بۆ زانست و ئایین و کۆمەڵگاش هەیە. بە بۆچوونی من چارەسەرەکە لێرەدایە. ئەمەیە عەلمانیەت بە مانای فراوان و کراوەی وشەکە. عەلمانییەت مانای لە ناوبردنی ئایین یان ئیمان نییە وەک هەندێ کەس وای بۆ دەچێ، بە پێچەوانەوە بایەخێکی گەورە بە رەهەندی رۆحی و ئایینی لە لای مرۆڤ دەدا، ئەمەیە فەرقی نێوان ئەم عەلمانییەتە لەگەڵ ئەو فەلسەفە پۆزەتیڤیزمی و عەلمانییەتە خەباتگێڕەی سەرانسەری سەدەی نۆزدەهەمی گرتبوو ئەوەی تائێستاش لە لای هەندێ لە عەلمانییە پەڕگیرەکان باوی هەیە و بە تەواوی ئەو مەسەلەیە رەتدەکەنەوە کە رەهەندی ئایینی مرۆڤ لەبەر چاو بگیرێ و تەنانەت توێژینەوەش لەسەر ئایین



رەتدەکەنەوە بەڵام من عەلمانیکردن بەم شێوەیە پێناسە دەکەم: عەلمانییەت هەڵوێستێکی ئازاد و کراوەی رۆحە لە بەرامبەر گرفتی مەعریفەدا. نابێ هیچ شتێکیش مرۆڤ دووربخاتەوە لە کەشفکردنی نەزانراوە ماددی و رۆحییەکانی بوون، بەرای من ئەمەیە (عەلمانیکردنی ئیجابی) ئەم عەلمانیکردنە مرۆڤ وەک کوللێکی ماددی و رۆحی وەردەگرێ بێ ئەوەی رەهەندێ لە رەهەندەکانی، لەسەر حیسابی رەهەندێکی تر، کاریگەریی زیاتری هەبێ. مادامەکی لوبنان و غەیری لوبنانیش باوەڕی بەم عەلمانیکردنە ئیجابییە کاریگەر و ئاکتیڤە نەهێناوە (نەک عەلمانیکردنێکی نێگەتیڤی و هەڵچوون) ئەوا چارەسەرێکی رەگوڕیشەیی و هەمیشەیی بۆ گیروگرفتە تراژیدیاکانی نادۆزێتەوە.

مەبەستم لە عەلمانیکردنی سەلبی- نێگەتیڤی، هەڵوێستی ئەو کەسانەیە کە دەڵێن: باشە، با هەریەکە لە ئێمە لەناو ئاینەکەی خۆی یان مەزهەبەکەی خۆیدا بە داخراوەی بمێنێتەوە و با لەو مەسەلانە دوورکەوینەوەو خۆمانی لێ نەدەین کە دووبەرەکی و ئاژاوە دەخاتە نێوانمانەوە، با هەر تەنها قسە لەسەر ئەو مەسەلانە بکەین کە کۆمان دەکاتەوە، وەکو بابەتی ئابووری و بازرگانی و کشتوکاڵی و... هتد، بە مانایەکی تر «ئایین بۆ خواو نیشتمانیش بۆ هەمووان». بەڵام ئەم دروشمە رازاوەیە بە داخەوە گرفتەکان چارەسەر ناکات، بەڵکو ئەمە جۆرێکە لە راکردن لە بەرامبەر گرفتە سەرەکی و بنەڕەتییەکە و لە راستیدا ئەمە نەبوونی جورئەت و بوێرییە لە رووبەڕووبوونەوەی گرفتە بنچینەییەکان. ئاین تەنها بۆ خودا نییە، بەڵکو لە شەقام و لە ناخی تاکەکەس و لە قووڵایی کۆمەڵگاشدا هەیە. مادامەکی رۆشنبیرانی عەرەب قودرەتی ئەوەیان نییە پێشنیاری چارەسەرێکی تر بکەن و بچنە ناو کرۆکی بابەتەکەوە لە جیاتی ئەوەی بەردەوام لە دەستی هەڵبێن، مادامەکی ناتوانن دیدگای کەلەپووری و تەقلیدی بۆ ئایین بگۆڕن و راستی بکەنەوە و قودرەتی ئەوەیان نییە رێگایەکی عەرەبیی ئیسلامی و عەرەبیی مەسیحی بۆ عەلمانیکردنی ئیجابیانە بگرنە بەر. ئەوا من چارەسەرێکی مەقبووڵ و سوودبەخش لە ئاسۆدا نابینم. ئەمە ئەو ئەرکە گرنگەیە لە ساڵانی داهاتوودا خراوەتە بەردەمی فیکری عەرەبی. لە کاتی ئێستاشدا ئەرکێکی لەوە گەورەتر نابینم.

ئەو عەلمانیکردنەی بانگەشەی بۆ دەکەم بریتییە لە عەلمانیکردنێکی ئیجابی و کاریگەر بە مانای چوونە ناو کاری رۆشنبری و بەرپرسیاریی فیکری. من لە چارەسەری گیروگرفتە سووتێنەر و قورسەکان سڵ ناکەمەوە، بە شێوەیەک چارسەری دەکەم رێگە بە خۆم نادەم مەزهەبێک لە دژی مەزهەبێکی تر یان ئایینێک لە دژی ئایینێکی تر هەڵبژێرم، لەبەر ئەوەی ئامانجی من لێکۆڵینەوەیە لە بونیادی عەقڵی ئایینی و شێوەی ئیشکردنی عەقڵی ئایین و وەزیفەکانی عەقڵی ئایینی، ناوەڕۆکی خودی عەقیدە و مەزهەبەکانم بەلاوە گرنگ نییە، دەشێ ناوەڕۆک و تەفاسیلەکان جیاواز بن بەڵام هەریەک میکانیزمە و بەهەمان میکانیزم کار دەکەن.

**هاشمساڵح:** بە شێوەیەکی بنچینەیی ئەوەت بەلاوە گرنگە میکانیزمەکانی عەقڵی تیۆلۆژی شیبکەیتەوە..

**ئارکۆن:** بەڵێ، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە لێکۆڵینەوەیە لەو میکانیزمە عەقڵییانەی ئەو سیستمە تیۆلۆژی و عەقائیدە جیاوازانەی بەرهەم هێناوە، هەروەکو گرنگی دەدەم بە لێکۆڵینەوە لەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییانەی کە ئەو سیستمە عەقائیدیانە لە پێناوی مەبەست و نیازی دەسەڵاتخوازیدا بەکاردەهێنن، بە مانایەکی تر من لە میکانیزمەکانی هاوجومگەیی و یەکتر بڕینی نێوان تیۆلۆژی و سیاسی و کاریگەریی هەریەکەیان بەسەر ئەویتر دەکۆڵمەوە. ئەمەیە عەلمانیکردنی ئیجابی (نەک سەلبی و ناتەواو) کە لە پێناوی ئاشتیی نێوان ئاینەکان و مەزهەب و تایفەکاندا تێدەکۆشێ. بەڵام بە دەستهێنانی ئەم هەڵوێستە عەلمانییە فراوان و کراوەیە زۆر زەحمەتە. چونکە ئەمە پێویستیی بە رووخاندنی دیوار و بەربەرستەکان هەیە کە بۆ زەمەنێکی دوورودێژ بەسەر بەشەرییەتدا زاڵبووە. لێرەدا دەبێ دەست بە قەڵاچۆکردنی «کتێبە رەشەکان» بکرێ ئەوەی لە پرسیارە سەرەکییەکەتدا ئاماژەت بۆ کردو ئەوەی لە بارودۆخی ئێستادا بەنزین دەخاتە سەر ئاگرەکە.. ئەو کتێب و بڵاوکراوانە پڕن لە هەڵە و هەڵەکاریی مێژوویی کە لە رووی زانستییەوە شایستەی هیچ هەڵسەنگاندنێک نین. دەبێ قەڵاچۆ بکرێن بەڵام نەک لە رێگەی وەڵامدانەوەی راستەوخۆ (کە شایستەی هیچ جۆرە وەڵامدانەوەیەک نین) بەڵکو لە رێگەی زیاد کردنی ژمارەی کتێب و بڵاوکراوە مێژوویی و میتۆدییەکان لە بارەی



پەیوەندیی نێوان ئایین و کۆمەڵگا و مێژوو. لێرەدا دەشێ لێکۆڵینەوەیەکی گەورە ئەنجام بدرێ لە بارەی چۆنێتی لە دایکبوونی هەموو قوتابخانە و تەوژمە ئیسلامییەکان لە چەرخی کلاسیکدا، چۆن ئەم قوتابخانە ومەزهەبانە پەرەیان سەندووەو بە مانایەکی ترەوە گەیشتوونەتە ئێمە. رزگاری نایەتە دی تەنها لە دوای کەشفکردنی ساتەوەختی سەرهەڵدان و ساتەوەختی ئۆریجیناڵ و خستنەڕووی ئەم مەسەلەیە بە پێی تێڕوانینی «ماوەی دووردرێژ» وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد. بەڵام ئەو لێکۆڵینەوە سەتحی و بە سیاسیکراوانەی بە پێی تێڕوانینی بیست ساڵ یان سی ساڵ قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکەن و پێیان وایە ئەمانە لە لایەن دەرەوە دروستکراون، ئەوا هیچ چارەسەرێک پێشکەش ناکەن، بگرە دەبنە بەربەستێک لە رێگەی چارسەرکردن.

چارەسەر بریتییە لە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان و رۆشنبیرکردنی خەڵکی و راهێنانیان لەسەر لۆجیکی نوێی فیکر بۆ ئەوەی بتوانن لەم جۆرە هەڵوێستە کراوەیە تێبگەن و وەریبگرن. مادامەکی کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامییەکان هاووڵاتیانی خۆیان بەو جۆرە فێرناکەن و بەو جۆرە رۆشنبیریان ناکەن، ئەوسا جەنگە تایەفی و جەنگە مەزهەبیەکان بەردەوام دەبن، بەڵام، بەداخەوە، کۆمەڵگاکانی ئێمە تائێستاش لە مانای (عەلمانییەتی ئیجابی) و سوودەکانی ئەو عەلمانییەتە بێئاگان، تائێستاش زۆربەی موسڵمانان وەک شتێکی سەلبی و روخێنەر سەیری عەلمانییەت دەکەن.

**هاشم ساڵح:** لەو باوەڕەدان ئامانجی عەلمانییەت لە ناوبردنی ئایینە!

**ئارکۆن:** بەڵێ، باوەڕیان وایە. ئەمەش لە بنەڕەتدا باوەڕێکی هەڵەیە. بە عەلمانیکردن بەو مانایەی مەبەستمە، بە رادەیەکی زۆر گرنگی بە رەهەندی رۆحی و ئایینی مرۆڤ دەدا و دەیخاتە شوێنی گونجاو و دروستی خۆی و رێگە لە سیاسەتباز و بازرگانەکان دەگرێ ئەو رەهەندە رۆحی و ئایینییەی مرۆڤ بۆ کۆمەڵێ مەبەست و ئامانجی خراپ بەکاربهێنن، عەلمانییەت شوێن و پایەی بڵند و رۆحیی ئیسلام دەزانێ و گرنگی بە لایەنی ترانسدێنتالی دەدا، من سی ساڵ پترە لە سۆربۆندا دەرس دەڵێمەوە و ژمارەیەکی زۆری قوتابیانی موسڵمان و عەرەب لەو دەرسانەدا ئامادە بوونە و هەندێکیان لە تێگەیشتنیان بۆ کەلەپوور گۆڕانێکی تەواویان بەسەردا هاتووە هەندێکی

تریشیان گۆڕانێکی جوزئی، بەڵام بە گشتی دەرئەنجامەکان هاندەرن. تۆ بیر لەوە بکەرەوە ئەگەر دەرسێکی وەک مێژووی فیکری ئیسلامی و ئەنترۆپۆلۆژیای ئاییینی لە هەموو زانکۆ عەرەبییەکاندا بگوترابایەوە چ کاریگەرییەکی دەبوو.

**هاشم ساڵح:** دەبووە شۆڕشێکی راستەقینە...

**ئارکۆن** بەداخەوە، ئەوەی لە وڵاتانی ئێمە لە دوای سەربەخۆییەوە ئەنجام دراوە، تەواو بە پێچەوانەوە بووە. بۆ نموونە لە جەزائیردا تائێستاش بە پێی تێڕوانینی تەقلیدی و دابەشبوونی تایەفەگەری وانەی ئیسلام دەخوێنن.

**هاشم ساڵح:** بەڵام لە جەزائیردا تەنها یەک ئایین هەیە؟

**ئارکۆن:** مەبەستم دابەشبوون نییە لە ناو کۆمەڵگادا، بەڵکو مەبەستم دابەشبوونە لە بەرامبەر ئەوانی دی (الاخرون)، سەیر کردنی (ئەویدی) مەسیحی بێ یان جوولەکە یان بوزی یان تەنانەت مارکسیست بێ، سەیرکردنێکی ترسناک و ترسێنەرە. ئەم حاڵەتە لە هەموو کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا هەیە. بێگومان ئەم تێڕوانینە کە تێڕوانینی سەدەکانی ناوەڕاستە، لەو وڵاتانەدا ترسناکتر دەبێ کە فرە ئاییینی و فرە مەزهەبییان تێدایە وەک حاڵەتی لای ئێوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست: لە لوبنان یان سوریە یان عێراق یان میسر یان فەلەستین... هتد.

ئیدی خوێندن و فێرکردنی تەقلیدییانەی پەروەردەی ئاییینی دەبێتە جۆرێک لە بەنزین خستنە سەرئاگر. جا ئەگەر عەلمانیکردنی ئیجابی نەچێتە ناو ئەو کۆمەڵگایانەوەو بە قووڵی رۆنەچێتە نێو خاکەکەیانەوە، ئەگەر چەند کۆلێجێک بۆ مێژووی بەراوردکاریی ئاییینەکان و بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای ئاییینی نەکرێتەوە و هاوسەنگییەک لەگەڵ کۆلێجەکانی شەریعە و ئەنیستیتوتە تەقلیدییەکان دروست نەکات، ئەوا من هیچ دەرباز بوونێک لە ئاسۆدا نابینم. لەوانەیە کێشەکان بۆ ماوەی ساڵێک یان دوو ساڵ یان دە ساڵ هێور و ئارام بێتەوە، بەڵام فیتنە و ئاژاوە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ رووبەرەکە و... بەم جۆرە بەردەوام دەبێت.

**هاشم ساڵح:** ئێستا دوا پرسیارم ماوە و ئەویش پرسیارێکە زۆرجار لە کۆتایی هەموو چاوپێکەوتنێکدا دەکرێ: دوا پڕۆژەی فیکریت چییە؟ ئەوکتێبەی ئێستا



خەریکی نووسینییت، چییە؟ چونکە وابزانم خەریکی دانانی کتێبێکی درێژخایەنیت.

**ئارکۆن:** بەڵێ، من ئێستا خەریکی نووسینی کتێبێکم بەناونیشانی: «گوتاری قورئانی و بیری زانستی» (Discours coranique et pensee scientifique ).

**هاشم ساڵح:** ئەمە ئەو کتێبەیە کە لەبڵاوکراوەکانی دیکەتدا راتگەیاندووە، بەڵام لەتەواوکردنیدا زۆر دواکەوتیت بەرادەیەک خەڵکی وادەزانن وازت لێهێناوە.

**ئارکۆن:** نانا، وازم لێنەهێناوە، مەسەلەکە هەر ئەوەیە کە کتێبێکی قورسە و کاتێکی زۆری دەوێت. لەو کتێبەدا هەوڵدەدەم رووبەرووبوونەوەو بەرامبەرکێیەکی گشتگیر دابمەزرێنم لەنێوان(گوتاری ئاییینی) لەسەرێک و (گوتارە زانستییە جیاوازەکانی دیکە) لەسەرێکی تر، بۆنموونە گوتاری زمانەوانی و سیمیولۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی و زانستی نوێی مێژوو و سۆسیۆلۆژیای ئاییینی و سایکۆلۆژیا و شیکاری دەروونی...

**هاشم ساڵح:** کەواتە کتێبێکی قەبەی لێدەردەچێ.. ئاخۆ زۆرت لێ نووسیوە؟

**ئارکۆن:** بەڵێ. تاڕادەیەکی باش. بەڵام نازانم چاوەڕێی ئەوە دەکەم هەر هەمووی تەواو بکەم و بەیەکجار بڵاوی بکەمەوە، یان بەش بەش و بەحەڵقە لەگۆڤارە زانستی و تایبەتییەکاندا بڵاوی دەکەمەوە. بەهەر حاڵ، من هەوڵدەدەم بەراوردکاری و بەرامبەرکێیەک دابمەزرێنم لەنێوان گشت ئەو گوتارە زانستییانە(مەبەستم زانستە مرۆڤایەتییەکان) و لەنێوان گوتاری ئاییینی لەمیانی نموونەی ئیسلامی و بەدیاریکراویش لەمیانی نموونەی قورئانیی. ئەمە هەر ئەو بەرامبەرکێیەیە کە (فەخرەددینی ڕازی) لەتەفسیرە گەورەکەیدا دایمەزراندووە و گشت گوتارە زانستییەکانی سەردەمەکەی خۆی هێناوەو لەپێناوی تێگەیشتن و تەفسیری قورئاندا بەکاری هێناون. بەڵام فەرقی نێوان من و ئەو ئەوەیە زانستەکانی سەردەمی ئێمە هەمان زانستەکانی سەردەمی (ئەلرازی) نین، ئەو زانستەکانی سەردەمی خۆی لەناو چوارچێوەی تیۆلۆژیی ئیسلامیدا بەکاردەهێنا.

**هاشم ساڵح:** ئەی تۆ؟

**ئارکۆن:** بەڵام من، میتۆدێکی تر دەگرمەبەر.من رێگە دەدەم گوتاری ئاییینی

بەئازادانە قسە بکات و هەروەها ڕێگە دەدەم گوتارە زانستییەکانیش ئازادانە قسەبکەن، پاشان دەیانخەمە بەرامبەر بەراوردکاری وکێبەرکێوە. پاشان بوارێکی وەها دەرەخسێنم هەموو ئەو زەحمەتی و گرفتانەی لەو بەرامبەرکێیەدا دەخولقێن، بەرجەستە بن و دەربکەون. مەبەستم گشت ئەو زەحمەتی و گرفتانەی لەمێژوودا خولقاون و ئێستاش بەبەرچاوی ئێمەوە دەخولقێن و تائەمڕۆش لەدەرەوەی مەیدانی لێکۆڵینەوەدا ماونەتەوە، واتە لەناو بوارێکدا ماونەتەوە کەپێی دەڵێین: (ئەوەی بیری لێنەکراوەتەوە).

بەکورتی مەسەلەکە پەیوەستە بەبەراودکارییەکی سەرجەمگیری نێوان گوتاری ئایینی/وگوتاری زانستی. بەداخەوە ئەم بابەتە ترسناکە تائەمڕۆش لەلایەن توێژەرانەوە بەجیدی وەرنەگیراوە.

**هاشم ساڵح:** دەکرێ لەم بارەیەوە نموونەیەکمان بۆ بهێنیتەوە؟

**ئارکۆن:** بۆ نموونە گرفتی هاوسەنگیی نێوان(گوتارە ئەفسانەییەکان) کە بەهۆی مەجاز و هێماوە پرۆسەی کارەکانی خۆی دەکات و لەنێوان (گوتاری سێنتەریی عەقڵانی یان گوتاری زانستیی عەقڵانی) کەبەهۆی چەمک و سەلماندنی لۆجیکییەوە کارەکانی خۆی پرۆسە دەکات.

(لێرەدا، بۆئەوەی هیچ بەدحاڵیبوونێک روونەدات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم، من وشەی -ئەفسانەیی- بەمانا ئەنترۆپۆلۆژییەکەی بەکار دەهێنم، نەک بەمانای عەرەبیی وشەی خورافە. پاشان وشەکە هیچ مانایەکی سەلبیی نییە).

گوتاری ئایینی، بێگومان، سەر بەتوێژی یەکەمە(واتە: گوتارە ئەفسانەییەکان- و.ک) هەروەها گوتاری شیعریش، ئەگەر چی لەگەڵ گوتاری ئاینییدا جووت نییە. بەڵام گوتاری زانستە مرۆڤایەتییەکان سەر بەتوێژی دووەمە: واتە گوتاری عەقڵانییەتی لۆجیکیزم و سێنتەریزم. ئەم گرفتەش لەم رۆژگارەی ئێمەدا ئاڵۆزتر دەبێت چونکە ئێمە پتر وپتر دەچینە ناو گوتاری چەمکی و لۆجیکی و بورهانی کە لەسەر مشتومڕو گفتوگۆیەکی ورردبین راوەستاوە (بەتایبەتی لەفەرەنسە و ئەورووپادا) و بەردەوام هەوڵدەدەین گوتاری ئایینی لەناو چوارچێوەی ئەوگوتارە عەقڵانییە سێنتەرییەدا دیل بکەین کەپشت بەسەلماندن و عەقڵگەرایی دەبەستێ. ئەمەش مانای وایە بەتەواوی



نکۆڵی لە تایبەتمەندیی گوتاری ئایینی دەکرێ. لێرەداسەرچاوەی هەموو ئەو شەڕانە پەنهانە کە لە نێوانماندا هەڵدەگیرسێ، هەروەها هەموو جۆرە خراپ تێگەیشتن و هەڵەیەک.

**هاشم ساڵح:** ئاخۆ هەر ئەمەش نییە دەبێتە مایەی تێکچوونی هاوسەنگیی لەناو کەسایەتیی تاک و کۆمەڵگا لەیەک کاتدا؟

**ئارکۆن:** بەڵێ. ڕێک وایە. دەبێ دان بەتایبەتمەندیی گوتاری ئاینییدا بنێین و دەبێ بەچەند پێوەرێکی جیاواز لە پێوەری گوتاری زانستی ، گوتاری ئایینی بپێوین. پێچەوانەکەیشی هەرڕاستە.

بەمانایەکی تر نابێ ئەو دووپێوەرە تێکەڵ بکەین وەک زۆرێک لەنووسەرە موسوڵمانە پیرۆزگەراکان ئەم کارە دەکەن(بڕوانە مستەفا مەحموود و غەیری ئەویش) کاتێ دەتوانن لەقورئاندا تەنانەت زانستی گەردیلەش بدۆزنەوە! و دەڵێین قورئان پێش دۆزینەوە زانستییە نوێیەکانیش دەکەوێ.

من بە موسوڵمانان دەڵێم: قورئان کتێبی زانستە سروشتییەکان نییە، هەروەها کتێبی زانستەکانی بیرکاری و فیزیکی و بایۆلۆژی نییە. قورئان کتێبێکی مەزنی ئاینییە و... پلەو مەزنێتیی خۆی لەوەوە وەردەگرێ کە ئەمە، ئەوەڵ و ئەخیر، یەکێکە لە کتێبە ئایینییە بنچینەییەکانی مێژووی بەشەرییەت. ئیتر بۆچی هەوڵدەدەن هەموو زانستەکانی سەرزەوی تیا بئاخنن و باری بکەن بەو شتانەی بەرگەیان ناگرێت؟ قورئان پێویستی بەو شتانە نییە. ئێوە لە راستیدا بەها ئایینی و رۆحییەکەی دەشێوێنن و بیرۆکەی بڵندگەرا رەهایەکەی تێکدەدەن، ئەو بڵندگەرا رەهایەی کە قورئانی پیرۆز تەرکیزی کردۆتە سەری و وەکو جیاکارییەکی بنچینەیی شکڵی گرتووە.

کەواتە ئەو کتێبەی ئێستا بەدەستمەوەیە و خەریکی نووسینیم و هیچی لە گرنگیی کتێبی «رەخنە لە عەقڵی ئیسلامی» کەمتر نییە ئەگەر زیاتر نەبێ، یەکێ لە ئامانجەکانی ئەو کتێبە نوێیە بریتییە لە بانگەشەکردنی موسوڵمانان بۆ ئەوەی بۆ یەکجاری واز لەپڕۆسەکردنی ئەو جۆرە (هەڵەکارییە مێژووییە) بهێنن و دان بە جیاوازیی نێوان (رۆحی زانستیەتی نوێ) و (رۆحی ئاینی)دا بهێنن و هەموو جارێ ئەو

دووشتە تێکەڵ نەکەن. دەبێ دان بە تایبەتمەندیی هەریەکە لە گوتاری زانستی و گوتاری ئایینیدا بهێنرێ و هەریەکەیان لەئاستی تایبەتی خۆیدا و بەشێوەیەکی رەها ڕێزیان لێبگیرێ.

**هاشم ساڵح:** هەندێ کەس لەکۆمەڵگا ئەوروپییە نوێیەکاندا دەڵێن هونەرو مۆسیقا و شانۆ و سینەما و گۆرانی و وەرزش و سەما و ئەوین و هەموو چالاکییە جوانەکانی تر، دەشێ هەموو ئەمانە شوێنی گوتاری ئایینی بگرنەوە، یان دەشێ ئەمانە لە دەروونی هەموو ئینسانێکدا قەرەبووی پێداویستییە ئاینییەکان بکەنەوە..

**ئارکۆن:** نا، مومکین نییە ئەمانە شوێنی گوتاری ئایینی بگرنەوە. ئەمانە کۆمەڵێ چالاکین و سوودبەخشن بۆ کات بەسەر بردن و خۆخلافاندن و ئاسودەیی دەروونی و... بەڵام بێئەوەی کۆنترۆڵی ئەم کات و ئەو زەمەن بکەین. بەمانای: ئێمە مەبەستگەرایی گشت ئەو چالاکییانە نابینین ئەمە ئەگەر لەپشتی ئەو چالاکییانەوە مەبەستگەرایی(غائیە) هەبێت. گوتاری ئایینی (تایبەتمەندییەکەیشی لێرەدایە) بەوە جیادەکرێتەوە کە مەبەستگەرایی و ئامانجی کۆتایی نوێ دەکاتەوە. پیاوی ئیماندار دەڵێ: «لێرەدا مەبەستێکی باڵا هەیە بۆ هەموو ئەوشتانەی دەیانکەم، ڕۆژێک لە ڕۆژان لەنێو قەبر زیندوو دەبمەوە و رووبەڕووی خوا دەبمەوە، پاشان ژیانێکی ئەبەدی بەسەر دەبەم کە بێکۆتاییە، بەڵام دوای ئەوەی حیسابم لەگەڵدا دەکرێ بۆ هەموو ئەو کاروکردەوانەی لەم ژیانی دونیاییەدا کردوومە».. ئەم ڕوئیا ئاینییە بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست بەسەر مرۆڤی ئەوروپیدا زاڵ بووە. ئەمڕۆکە روخساری کۆمەڵگای نوێی فەرەنسی فریوت نەدا کەوا دیارە و لەوەدەچێ ڕۆژێ لە ڕۆژان پەیوەندی بەگوتاری ئایینی و بەو ڕوئیا ئاینییەوە نەبووە، بگرە روانینی ئایینی تا ئەمڕۆش بەسەر ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵگا بەشەرییەکاندا زاڵە ئەگەرچی قۆناغی عەلمانییەتی ئێستا هەڕەشە لە نەهێشتن و لەناوبردنی ئەو ڕوانینە دەکات. ئێستاکە ئەم ڕوانینە سەبارەت بە مرۆڤی نوێ روانینێکی وێناکاریی رەمزییە، بەڵام سەبارەت بە ئیماندار (بەمانای تەقلیدیی وشەکە) راستییەکی واقعییە، ئەمە سەبارەت بەو مرۆڤە ئیمانداره شتێکی میتافۆری (مەجازی) نییە، بگرە ئەمە زۆر لەواقیعی مادی راستەقینەترە. بەڵام سەبارەت بەو کەسانەی لە تەوقی سەریانەوە تا بنی پێیان مۆدێرن و نوێگەرن و غەرقی ناو تازەگەرین ئەوا شتێکی مەجازی و رەمزییە و سەر بەرابردووە. بێگومان من هەوڵی ئەوە نادەم جارێکی تر ئەو وێنا ئاینییە بگەڕێنمەوەو مۆدێرنیستە ئەوروپییەکان قەناعەت پێبکەم بگەڕێنەوە بۆی! ئەمە کارێکی مەحاڵە و سۆزێکی رابردوو گەرایی (نوستالیژی)یە و سوودی نییە. ئەوەی رۆیشت ناگەڕێتەوە. باشتروایە نیگامان بخەینە سەر ئێستاو ئاینده.

ئەوەی دەمەوێ لەمیانی کتێبە نوێیەکەمدا کەشفی بکەم بریتییە لە زانینی ئەوشتەی کە دەشێ شوێنی (مەبەستگەرایی باوەڕداریی تەقلیدی) بگرێتەوە لەنێو ژیانی مادیی نوێماندا. ئەلتەرناتیڤەکان چین؟

**هاشم ساڵح:** پێم وتیت هونەرو چێژ وەرگرتن لە ژیان تا ئەوپەڕی...

**ئارکۆن:** هونەر لەو چێژو خۆشییەی لە دەرووندا دروستی دەکات، مەبەستگەرایی خۆی تەواو دەکات. بۆ نموونە کاتێ لە تابلۆیەکی هونەری رادەمێنم یان تەماشای فیلمێکی سینەمایی دەکەم یان گوێ لە پارچە مۆسیقایەک دەگرم، بێگومان من چێژی لێدەبینم، بەڵام لەپشتی ئەم چێژو خۆشییەوە شتێکی تر نابینم، ناشزانم ئاخۆ هونەر بە ئاراستەیەکمدا دەبات یان ئامانجم بۆ دیاری دەکات.

**هاشم ساڵح:** کەواتە، کامەیە ئەلتەرناتیڤ؟ گەیشتیتە کوێ؟

**ئارکۆن:** تا ئێستاش لە قۆناغی گەڕان و پشکنینندام! بەدیلێکی ئامادەکراوم نییە پێشکەشی بکەم. بە بۆ چوونی من قەیرانی مرۆڤی نوێ لێرەدایە. کێشە گەورەکە لێرەدایە.

**هاشم ساڵح:** هەر ئەمەشە هەندێجار دەبێتە هۆی دروستبوونی عەدەمییەت (نەبوونگەرایی)، یان بە شێوەیەکی تر ئەمە بووە هۆی ئەو عەدەمییەتەی کە (نیچە) لەسەدەی نۆزدەهەمدا قسەی لەبارەوە کردو رەنگە ئەو هۆیەش بووبێت نیچەی بەرەو ئەو ئاکامە بردبێ..

**ئارکۆن:** نا. سەبارەت بەمن ئەمە نابێتە هۆی هیچ عەدەمییەتێک، هیچ هەستێکیشم بە عەدەمییەت نییە وەک لە ناوەندی هەندێ لە رووناکبیرە ئەوروپییەکاندا

بڵاوبوەوە. من عەدەمییەت وەکو چارەسەر رەت دەکەمەوە. بەپێچەوانەوە، ئەو کارەی ئەنجامی دەدەم بۆ رووبەڕووبوونەوەو بەرامبەرکێی نێوان گوتاری ئایینی و گوتارەکانی زانستی نوێ، وام لێدەکات بەردەوام لە حاڵەتی وریایی و خۆسازدان و هیوادابم. ئەم رووبەڕووبونەوەیە هەمیشە وا لە ڕۆح دەکات بجووڵێتەوەو چاوەڕێی شتێک بێت. خۆ ئەگەر لێرەدا شتێک هەبێت شوێنی ئەو ئاخیرەتە تەقلیدییە بگرێتەوە کە تۆ باست کرد، ئەوا ئەو شتە شپرزەیی و شڵەژانی رۆحە، یان تێڕوانین و چاوبڕینی رۆحە بەرەو مەعریفەیەکی فراوانتر و گونجاوتر لەگەڵ واقیعدا. ئەم شڵەژانە رۆحییە یان ئەم زیندەگییە ناوەکییە لەو شتە دەچێ کە موسڵمانە کۆنەکان پێیان دەووت (عەشق). عەشق بریتییە لە زیندەگیی رۆح و بوون، بریتییە لە ئارەزوویەکی ئەبەدی، ئارەزوو بۆ ئەوین و یەقین و نەمری.

پاشان من زۆر بەباشی لەدژی عەدەمییەت خۆم قایم کردووە. بەپێچەوانەی ژمارەیەکی زۆری رۆشنبیرە ئەوروپییەکان من لە هەموو ژیانمدا هەستم بەهیچ شعورێکی عەدەمی نەکردووە، یان بەهیچ جۆرێ من بە عەدەمییەت و عەبەسییەت هەڕەشەلێکراو نیم. هۆیەکەشی ئەوەیە ئەزموونی ئاینیی (ئیجابییەتی بنچینەیی ئەم ئەزموونەش لێرەدایە) رۆژێ لە رۆژان جێی نەهێشتووم. بەردەوام لەگەڵمدا بووەو ئێستاش لەگەڵمدایە. کەواتە لێرەدا مەبەستگەراییەک هەیە و من لەم زیندەگییەو لەم شڵەژانە رۆحییەدا دەیدۆزمەوە کە بەرەو کەشفکردن و بەرەو مەعریفەیەکی زیاترو کەماڵێکی زیاترم دەبات. هەموو ئەو موحازەرەو توێژینەوانەی پێشکەشیان دەکەم زۆر ورووژێنەرو بەپیتن بە ئەندازەیەک هەرگیز هەست بە بۆشایی ناکەم. ئەمەیە زیندەگی و ئەمەیە ژیان، عەدەمییەتیش هیچ شوێنێکی لەلای مندا نییە.



***تێبینی:***

*سەرجەمی ئەم گفتوگۆیە لە رێکەوتی (٢٥/١٢/١٩٨٨) و بەزمانی فەرەنسی و لەسەر ریکۆردەر تۆمارکراوە، پاشان هاشم ساڵح کردوویەتی بەعەرەبی و رێکی خستووە و ناونیشانی بۆ داناوە.*

**سەرچاوە:**

الدكتور محمد اركون/ الفكر الاسلامي- نقد واجتهاد/ ترجمة و تعليق: هاشم صالح/ دار الساقي- لندن/ الطبعة الثالثة- /١٩٩٨ ص ٢٢٧- ٢٠٨

# پاشکۆ

## وەرگێڕان و زانستە مرۆڤایەتییەکان
## (محەمەد ئارکۆن وەک نموونە)

پاش ئەوەی بابەتی وەرگێڕان بۆ پتر لە سیانزە ساڵ چووە ناو بایەخدانەکانی منەوە، ئێستا ئەو کارەم بەلاوە شتێکی نامۆ نییە. ئەوکاتەی لە پاریس خۆم بۆ کارنامەی دکتۆرا ئامادە دەکرد، بۆم رەخسا بەشێوەیەکی راستەوخۆ و هەستپێکراو و بۆ یەکەمین جار تێکەڵ بەزانست و رۆشنبیریی خۆرئاوا بم. وەک کەسێکی سووری کە دەرچووی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی دیمەشقم و رۆشنبیریم لەوکاتەدا رۆشنبیرییەکی تەواو عەرەبی بوو، خاڵی بوو لە هەر کارتێکەرێکی دەرەکی تەنها هەندێ وەرگێڕانی پەرت و بڵاوی ئێرەو ئەوێ نەبێ. بیرم دێ کاتێ کتێبێکی وەرگێڕدراوم دەست دەکەوت هەستم بەئازارو ناڕەحەتی دەکرد، زۆرجار تێنەدەگەیشتم ئەو کتێبە بەدیاریکراوی چیدەڵێ، ئەگەرچی دانەرەکەی زانایەکی گەورەی خۆرئاوا یان خۆرهەڵات بوو.. لەگەڵ خۆمدا دەموت: یان من توانای تێگەیشتنم نییە، یان وەرگێڕەکە توانای گواستنەوەی نییە، بەڵام پتر بۆ ئەگەری دووەمیان دەچووم، چونکە زمانەکەی بەشێوە عەرەبی بوو، بەڵام لە پێکهات و ناوەڕۆکدا تاریک و تەمومژاوی و لەق بوو. دواتر تێگەیشتم بۆچی خوێنەری عەرەبی دەمودەست کتێبی وەرگێڕدراو توورِ دەدات، بۆچی بەچاوێکی پڕ لە گومانەوە سەیری دەکات. بۆم دەرکەوت ئەو خوێنەرە هەقێتی. پاشان خۆم چوومە نێو دنیای وەرگێڕانەوەو دەستم کرد بەگواستنەوەی بابەتی فیکری لە زمانی فەرەنسییەوە بۆ زمانی عەرەبی. ئیدی بارستایی ئەو ئاستەنگ و زەحمەتییانەم بۆ دەرکەوت کە دوچاری هەموو وەرگێڕێکی زانستە مرۆڤایەتییەکان دەبێت، پاشان لە مانای وەرگێڕان و لە قەبارەی ئەو بەرپرسیارییە تێگەیشتم کە خراوەتە سەر شانی وەرگێڕەکان، ئەمە ئەگەر بیانەوێ بەشێوەیەکی چاک و جیددی کارەکەیان ئەنجام بدەن، بگرە گەیشتمە ئەو دەرەنجامەی



بڵێم پرۆسەی وەرگێڕان بەر لە هەر شتێک بریتییە لە بەرپرسیارییەکی ئەخلاقی. ئیدی وەرگێڕانی خراپ (یان وەرگێڕانی خێراو بەپەلەو تەمومژاوی)م وەک خیانەتێک لە قەڵەم دەدا لە بەرامبەر خوێنەری عەرەب و خودی زمانی عەرەبی. کەواتە وەرگێڕان بریتییە لە مەسەلەی ناپاکی یان دەستپاکی (خیانەت یان ئەمانەت) و دەبێ یەکێکیان هەڵبژێردرێ (بەو مانایەی وەرگێڕان مەسەلەیەکی ئەخلاقیی کەسییە).

فیکری هاوچەرخی عەرەبی تائێستا لە رووی لۆکاڵییەوە، لە هەندێ بەشی زۆرکەمدا نەبێ، فیکرێکی نابەرهەمهێنەرە. زۆربەی میتۆدو بیرە نوێیەکان بەم یان بەو شێوەیە لە دەرەوە هێنراون، ئینجا خۆتان مەزەنەی قەبارەی ئەو زیانە گەورانە بکەن کە لە پرۆسەی وەرگێڕان و لە وەرگێڕەکانەوە بەرهەم دەهێنرێن. ئەم زیانە گەورانە دەبنە مایەی شێواندنی سەرجەمی نەوەیەک و سەرجەمی رۆشنبیرییەک، ئەمە لە راستیدا بەرپرسیارییەکی نەتەوەییە لە بەرامبەر وەچە عەرەبییەکانی مەغریب و مەشریقدا. وەختە گرەنتیی ئەو بدەم و بڵێم رێنیسانسی داهاتووی عەرەب تا ئەندازەیەکی گەورە لەسەر رادەی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی پرۆژەی وەرگێڕان رادەوەستێ. هەمووشمان دەزانین وەرگێڕان لە چەرخی کلاسیکیدا چ دەورێکی گرنگی هەبووەو چۆن خرابووە ناو کرۆکی پرۆژەی ژیاری عەرەبیی ئیسلامییەوە.

وتم وەرگێڕان مەسەلەی دەستپاکی یان ناپاکییە، بێگومان دەبێ ئەوەیشی بۆ زیاد بکەم کە وەرگێڕان مەسەلەی مەعریفە یان نەبوونی مەعریفەیە. نەزانی و بێئاگایی ناتوانێ وەرگێڕانێکی راست و دروست بەرهەم بهێنێ. وەرگێڕی بابەتی فیکری (یان وەرگێڕی فیکر) دەبێ خۆیشی رووناکبیر بێت یان پرۆژەی رووناکبیر بێت، دەنا پێویست ناکات بچێتە نێو دنیای وەرگێڕانەوە. وەرگێڕان – بەتێڕوانینی من- پرۆسەیەکی نێگەتیڤیی هەڵچوو نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی پۆزەتیڤیی کاریگەرە. ئێمە هەر لە ئێستاوە تا ساڵانێکی دوورودرێژی دیکە پێویستمان پێیەتی مادامەکی بەرهەمی خۆمان بۆ فیکر تا ئێستاش سنووردارە. لەو باوەڕەشدا نیم وەرگێڕان بەپێی خواست و پێویست سەرکەوتووبێت تەنها ئەوکاتە نەبێ کە کۆمەڵێ سێنتەری توێژینەوەو وەرگێڕانی نوێ دابمەزرێ و توێژەران و وەرگێڕەکانیش بەتەواوی و بۆ ساڵانێکی زۆر

خۆیانی بۆ تەرخان بکەن. عەرەب لەم بوارەدا زۆر کەمدەست و بێباکن، من نازانم چۆن دەشێ فیکرێکی نوێی عەرەبی سەرهەڵبداو گەشە بکات ئەگەر بەو قۆناغە سەرەتاییەدا نەڕوات. ئێمە لەم بوارەدا کەموکورتیمان گەلێ زۆرەو لە وەرگێڕاندا زۆر هەژارین ئەگەر خۆمان بەوڵاتێکی بۆ نموونە وەکو ژاپۆن بەراورد بکەین، ئەو وڵاتەی بەگەورەترین وڵاتی وەرگێڕی دنیا دادەنرێ و ئێمە ئاستی رابوون و گەشەکردنی خێرای ئەو وڵاتە دەزانین کە چۆن رکابەریی وڵاتانی ئەوروپاو خۆرئاوا دەکات و لە هەموو ئاستەکاندا هەڕەشەیان لێدەکات کە پێشتر شتی لێوەردەگرتن و بۆ ماوەیەکی درێژ لاسایی دەکردنەوە.

لێرەدا باسی زانستە وردەکان یان زانستە سروشتییەکان ناکەم کە چەندە پێویستمان بەوەرگێڕانیان هەیە، بەڵکو تەنها باسی بواری وەرگێڕان دەکەم تایبەت بەزانستە مرۆڤایەتییەکان یان بەشێک لە زانستە مرۆڤایەتییەکان. ئەم باسەش لە خۆیدا لە تواناو وزەی من گەورەترەو ناشێت لەم کورتە نووسینەدا لە هەموو لایەنەکانی بدوێم.

سەرەتای دەستپێکردن و یەکەمین کاری من بریتی بوو لەوەرگێڕانی کارەکانی محەمەد ئارکۆن لە بواری فیکری ئیسلامیدا، یان ئەوەی لە زمانە خۆرئاواییەکاندا بە «ئیسلامۆلۆژی» ناودەبرێ. ئەم هەڵبژاردنەش بەهۆی گرنگیی بابەتەکەو بایەخی زۆری سەبارەت بە کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامییەکان، خۆی دەسەپێنێ. ئەوکاتەی بەر لە سیانزە ساڵ دەستم بەوەرگێڕانی محەمەد ئارکۆن کرد، رووبەڕووی چەندین زەحمەتی و ئاستەنگ بوومەوە، بۆ نموونە: چۆن دەکرێ زاراوەکانی زانستە مرۆڤایەتییە نوێیەکانی وەک (سۆسیۆلۆژیا، زانستی مێژوو، ئەنترۆپۆلۆژیا، زانستی زمانەوانی، سیمیۆلۆژیا، ئیپستیمۆلۆژیا، زانستی بەراوردکاریی ئایینەکان، سۆسیۆلۆژیای ئایینەکان، فەلسەفەو... هتد) بگوازرێنەوە بۆ گۆڕەپانی (ستادیۆمی) زمانی عەرەبی؟

ئاشکرایە خۆرئاوا شۆڕشێکی مەعریفیی گەورەی بەخۆوە بینی و ئەم شۆڕشە وای لە خۆرئاوا کرد سنوورەکانی تازەگەریی کلاسیکی یان پۆزەتیڤیزم (الوضعیة) جێبهێڵێ تا بچێتە نێو قۆناغی تازەگەریی نوێوە یان قۆناغی پاش تازەگەری (پۆست مۆدێرنیزم) (ئەگەر ئەم وشەیە مانایەکی هەبێت، چونکە پۆست مۆدێرنیزم خودی مۆدێرنیزمە). لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و کۆتایی قۆناغی داگیرکاری (ئیستیعمار) پرۆسەیەکی



رەخنەیی گەورەو سەرلەنوێ پێداچوونەوەیەکی سەرجەمگیرو فراوان دەستی پێکرد بۆ ئەزموونی کلاسیکیی خۆرئاوا بەهەموو لایەنە چاک و خراپەکانیەوە. ئەمەش لە فەلسەفەو لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا رەنگی دایەوە (رەخنە لە عەقڵی خۆرئاوایی، رەخنە لە سێنترالیزمی ئێتنیی ئەوروپی، رەخنە لە لادانی عەقڵی رۆشنگەری لە رێچکەکەی خۆی، هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیکیای خۆرئاوایی، داماڵینی ئارکیۆلۆژیایی ریشەی ژیاری ئەوروپی و دەرخستنی رێژەگەری و مێژووگەریی ئەو ژیارە...)

وام هەستدەکرد لە هەڵوێستێکی دژوارو قورسدام: منێکی عەرەبی مەشریقی کە هێشتا لە بنەماکانی تازەگەریی کلاسیکی ئەوروپی تێنەگەیشتووم کە بەعەمەلی لە سەدەی شانزەهەمەوە دەستی پێکردووە (واتە ساتەوەختی دیکارت لە بواری زانستدا یان ساتەوەختی لۆثەر لە بواری ریفۆرمی ئایینیدا) و پاشان لە چەرخی رۆشنگەری و لە سەدەی هەژدەیەمدا بەردەوام بووەو درێژ بۆتەوە بۆ چەرخی پیشەسازی و پۆزەتیڤیستی سەدەی نۆزدەهەم و هەتا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی میللەتانی داگیر کردووە، دەڵێم منێکی عەرەبی مەشریقی چۆن دەشێت لە زاراوەو میتۆدەکانی تازەگەریی نوێ (یان پۆست مۆدێرنیتێ و پۆست مۆدێرنیزم) تێبگەم لەکاتێکدا زاراوەکانی تازەگەریی کلاسیکی (یان مۆدێرنیتێ)م هەرس نەکردووە؟ ئەمە سەبارەت بەرۆشنبیریی عەرەب چ مانایەکی هەیە؟ من هاوچەرخی چیم؟ هاوچەرخی کێم؟ من لە کوێم؟ باوەڕم وایە ئاشنایەتیم لەگەڵ محەمەد ئارکۆن لەم ئاستەدا شتێکی یەکلاکەرەوە بوو. ئەم پیاوە موسڵمانەو سەر بە وڵاتێکی ئیسلامییە. سەرجەمی توێژینەوەو کێشە مەعریفییەکانی لە بارەی ئیسلامەوەیە، ئیسلام وەک ئایین و وەک کولتوور و وەک ژیار. پاشان ئەویش - بەر لەمن - ناچار بووە بەهەمان ئەزموندا تێپەڕێ و هەمان رێچکە ببڕێ. هیچ بیریارێکی ئەوروپی - هەرچەندێ ئاستێکی بلندیشی هەبوایە - نەیدەتوانی بەقەدەر محەمەد ئارکۆن یارمەتیم بدات لە چوونە نێو ئەو ئەزموونەوە، چونکە بیریاری ئەوروپی سەر بەیەک کەلەپوورە نەک دوو کەلەپوور و یەک کێشەی هەیە نەک دوو کێشە. تەنانەت خۆرهەڵاتناسێکیش نەیدەتوانی لەم بوارەدا یارمەتیم بدات، چونکە ئەگەر زۆر بەچاکیش ئاگاداری کەلەپووری ئیسلامی بێت، بەڵام کێشەی ئەو کێشەیەکی ئیسلامی

و عەرەبی نییە. پێویستیم بەکەسێکی دیکە هەبوو کە بەئاگری ئەو ئەزموون و کێشەیە سووتابێت و مانای نامۆبوونی لە خود زانیبێ و چووبێتە ناو خودێکی دیکەوە بەرلەوەی - لە پاش دابڕان - بگەڕێتەوە ناو خودی یەکەمی خۆی، بەڵام کاتێ کارم لەسەر محەمەد ئارکۆن کردو دەستم بەوەرگێڕانی کرد، هەستم بەغوربەتێکی زۆر نەکرد چونکە من دواجار لەسەر کەلەپووری خۆم کاردەکەم و هەواو عەتری مێژوویی ئەو کەلەپوورە هەڵدەمژم. بەمجۆرە توانیم لەسەر دەستی ئارکۆن و لەمیانی ئەوەوە بچمە نێو کەشوهەوای زانستە مرۆڤایەتییە نوێیەکانەوەو بۆم رەخسا بەبەردێک لە دوو چۆلەکە یان زیاتر بدەم:

١- من یەکەمجار لەنێو خۆم دەردەچم و دەچمە ناو نادیاریی ئەزموون و سووچە تاریک و قووڵەکانی فیکرەوە.

٢- ئاشنایەتی لەگەڵ میتۆدو کەرەستەو چەمکی زانستی پەیدا دەکەم، ئەوانەی سەر بەگشت ئەو بوارانەن کە پێشتر ناوم هێنان.

٣- ئاشنایەتیم لەگەڵ زاراوەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە میانی پراکتیزەکردنیانەوە بەسەر کەلەپوورو زمان و ئایینەکەی خۆمدا.

٤- قەبارەی ئەو دەستکاری و راستکردنەوانەم بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئارکۆن بەسەر ئەو زاراوانەدا دەیانهێنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ کەلەپوورێکی دیکەی غەیری کەلەپووری ئەوروپی - مەسیحی بێ یان عەلمانیکراو -بگونجێت. زۆرجاریش تێدەگەیشتم ئەو زاراوانە تەنها سوود بەخش نەبوون بۆ تێگەیشتن و رۆشنکردنەوەی کەلەپووری ئیسلامی، بەڵکو کەلەپووری عەرەبی ئیسلامیش بەدەوری خۆی سوودبەخش بووە بۆ زانستە مرۆڤایەتییە نوێیەکان و دەوڵەمەندکردنیان، بەتایبەتی ئەوکاتەی سنووری میسداقیەتیان دەردەکەوێ کاتێ دەخرێنە سەر مەحەکی ئایینێکی دیکە یان ئەزموونێکی مێژوویی دیکە. ئاشکرایە سەرکەوتوویی هەر زاراوەیەک بەوە دەپێورێ کە چەندە توانای کارکردنی لەسەر فراوانترین ناوەندا هەیە، سا ئەگەر ئەو زاراوەیە تەنها بۆ ژینگە ئەسڵییەکەی خۆی بگونجێ و تەنها لەناو کەلەپوورەکەی خۆیدا



پراکتیزە بکرێ، ئەوا بایەخ و گرنگییەکی سنوورداری دەبێت. بەمجۆرە من چوومە ناو پرۆسەیەکی مەعریفیی ئاڵۆزو بەنێو یەکداچووەوە کە نە سەرەتای هەیە نەکۆتایی.

دەقەکانی ئارکۆن دەمبەنە سەر دەقەکانی زانایانی مێژوو و کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و ئایینەکان، و لە میانی ئەو کارە پراکتیزەییانەی کە ئارکۆن لەسەر کەلەپووری ئیسلامیدا ئەنجامیان دەدات، تەفسیرو تێگەیشتنم بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان دەبێت. بەمجۆرە مەبەست و خاڵی بنەڕەتیی خۆم دۆزییەوە لە پێناوی چوونە نێو پرۆسەیەکی مەعریفیی گەورەوە کە تا ئەم ساتەوەختەش لەناویدا دەژیم.

دەمودەست بۆم دەرکەوت بۆ خۆخستنە نێو ئەم ئەرکەوە دەبێ بەسێ قۆناغی بنەڕەتیدا تێپەڕم کە سەرەتا وادەردەکەوێ ئەو سێ قۆناغە پێکەوە بەستراو و بەنێویەکدا چوون، بەڵام هاوکات جیاوازیشن:

١- تێگەیشتن لە هەر زاراوەیەک لەناو سەرزەمینی خۆی و لە شوێنی لە دایکبوونی خۆیدا (سائەو زاراوەیە سەر بەزانستی زمانەوانی بێت یان سەر بەسیمیۆلۆژیا، یان سۆسیۆلۆژیا، یان زانستی مێژوو بەرێگەی قوتابخانەی حەولیات و مێژووی عەقڵییەتەکان، یان زانستی بەراوردکاریی ئایینەکان، یان زانستی ئیپستیمۆلۆژیا، یان رەخنەی ئەدەبی...)

ئەم زانستە مرۆڤایەتییانە بەهەموو زاراوەو پێکهاتەکانیانەوە بەرهەمی ئەزموونی تایبەتیی خۆرئاوان یان بەرهەمی کۆششی تایبەتیی خۆرئاوان بەسەر خودی خۆیداو، بەدرێژایی ئەم چەند سەدەیەی دوایی یان ئەم چەند دەیەی دوایی کاری لەسەر کردوون. ئەگەرچی ئەمانە مۆرکێکی تەواو مەعریفییان هەیە، بەڵام ناشێت بەتەواوی لەو کۆنتێکستە (سیاقە) تایبەتییەی جیابکەینەوە کە بەرهەمی هێناون (مەبەستم سیاقی سیاسی و کۆمەڵایەتییە). لێرەوە ئەم پرەنسیپە ئیپستیمۆلۆژییە گرنگە سەرهەڵدەدات: زانستە مرۆڤایەتییەکان زانستی وردکاری نین، سەرباری زانستیبوون و وردبوونیان، بەڵام زانستییەکی رێژەیی و وردبینییەکی رێژەییان تیایە. راستە زانستە مرۆڤایەتییەکان ئایدیۆلۆژیا نین - بەمانای نێگەتیڤیی وشەی ئایدیۆلۆژیا - بەڵام

ئەگەرو شیانی ئەوەیشیان هەیە لەلایەن ئایدیۆلۆژیاکان و بەرژەوەندییە هەنووکەییەکان و نیازە نەتەوەیی و شەخسییەکانەوە دیودەرە بکرێن و سوودیان لێ وەربگیرێ.

٢- تێگەیشتن لە چۆنێتیی گواستنەوەی ئەو زاراوەیە لە زمانە ئەسڵییەکەی و لە ژینگەکەی خۆیەوە (کە لێرەدا زمانی فەڕەنسی و ژینگەی ئەوروپییە) بۆ زمانێکی ترو ژینگەیەکی تر (ئەمەش لێرەدا زمانی عەرەبی و کەلەپووری ئیسلامییە). لەکاتی پرۆسەی گواستنەوەو چاندنی ئەو زاراوەیەدا - وەک پێشتر وتم - زاراوەکە دوچاری دەستکاری و گۆڕانکاری دەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ژینگە نوێیەکەیدا بسازێت و وا دەرنەکەوێ کە بەزۆر هێنراوە.

٣- دانانی وشەیەکی عەرەبی یان زاراوەیەکی دروست و سەرکەوتوو لە بەرامبەر ئەو زاراوانەی لە زمانەکانی دیکەو لە کەلەپوورەکانی دیکەوە هێنراون و بەسەر زمان و کەلەپووری ئێمەدا پراکتیزە دەکرێن (دەشێت ئەم زاراوەیە - بەعەرەبی - یەک وشە بێت یان رستەیەک یان پێکهاتێکی زمانەوانی بێت). هەندێجار تێگەیشتنی تەنها زاراوەیەک بۆ من چەندساڵێکی خایاندووە، هەمان شێوە سەبارەت بەزاراوەکانی فوکۆش کە دواتر دێمە سەری.

دان بەوەدا دەنێم کە وەرگێڕانی کارەکانی ئارکۆن ناچاری کردم سەفەرێک بەناو سەرجەم زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا بکەم.

هەندێجاری تریش ناچاری دەکردم لە دەرسەکانی ئەو مامۆستاو بیریارانە ئامادەبم کە لە یەک کاتدا (فیکر)و (زاراوە)یش دروست دەکەن. بێگومان هیچ فیکرێکی نوێ بەبێ زاراوەیەکی نوێ بوونی نابێت (تەنها گەورە بیریاران دەتوانن بگەنە گەڵاڵەکردنی چەند زاراوەیەکی نوێی تایبەت بەخۆیان. بەڵام بیریارە ئاساییەکان ئەوا تەنها شان دەدەنە بەر زاراوەی کەسانی دیکە). ئەمە مانای وایە سەردەمی (فیکری گشتی) کە دەڵێ «هەموو شتێ لە بارەی هیچ شتێ یان هیچ شتێ لە بارەی هەموو شتێ» تەواوبووە یان خەریکە لە گۆڕەپانی رۆشنبیریی عەرەبیدا کۆتایی پێدێت. (هەر فیکرێک پشت بەزاراوەیەکی ورد نەبەستێ کە بشێ کۆنترۆڵ بکرێ، ئەوا لە دەرەوەی بازنەی فیکردایە).

لە میانی ئەزموونی خۆمەوە بۆم دەرکەوت ئەگەر وەرگێڕان حەرفی بێت (واتە



وەرگێڕانی وشە بەوشە) مومکین نییە وەرگێڕانێکی سەرکەوتووبێت (بەو مانایەی وەرگێڕ نەچێتە قووڵایی ئەو فیکرەی وەریدەگێڕێ). بەڵام بەداخەوە زۆر درەنگ زیانەکانی وەرگێڕانی حەرفیم بۆ دەرکەوت و لە قۆناغی یەکەمی کارکردنمدا نەمدەتوانی خۆمی لێ دووربخەمەوە (ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سەرەتای کاری وەرگێڕانم مۆرکێکی حەرفیی پێوە بێت. ئێستا هەوڵدەدەم بەهەرشێوەیەک بێت خۆمی لێ رزگار بکەم).

بێگومان دەبێ وەرگێڕیش - وەک دانەر - شارەزاییەکی فراوانی هەبێت و توانای تێگەیشتنی لە وردترین تیۆرو زاراوە زانستییەکانیدا هەبێت، دەنا وەرگێڕانەکەی سەرکەوتوو نابێت هەتا ئەگەر زۆر بەچاکیش شارەزایی لە هەردوو زمانی عەرەبی و فەڕەنسیش هەبێت. واتە زانینی زمان بەتەنها بەس نییە، وەرگێڕانی وشە بە وشەش بەمسۆگەری بەرەو وێرانیی دەبات. گەورە وەرگێڕەکانی ئێمە لە چەرخی کلاسیکیدا لەم مەسەلەیە تێگەیشتبوون، بۆ نموونە (حەنین بن ئیسحاق). ئەم وەرگێڕە مەزنە دەیووت وەرگێڕانی یەک دەقی یەک رووناکبیر ناچاری دەکرد بەرلەوەی دەقەکەی وەربگێڕێ بەهەموو نووسینەکانی تریدا بچێتەوەو بیانخوێنێتەوە، چونکە دەیویست رۆحی دەقەکە بگرێ نەک تەنها فۆرم و قاڵبە دەرەکییەکەی. ئەمەش لە پرەنسیپی بنچینەیی زانستی هاوچەرخی وەرگێڕاندا هەیە: دەبێ دەقی وەرگێڕدراو بەجۆرێ دەربکەوێ کە وەرنەگێڕدراوە. واتە وەک ئەوەی راستەوخۆ بەو زمانە نووسرابێت کە بۆی وەردەگێڕدرێ و نابێ بەهیچ جۆرێ ئاسەواری وەرگێڕانی پێوە دیاربێت. ئەمەش لە وەرگێڕانی ئەو کتێبە فیکرییانەدا دەبینین کە لە زمانی ئەڵمانی یان ئینگلیزییەوە وەردەگێڕدرێنەوە سەر زمانی - بۆ نموونە - فەڕەنسی، ئەوەی کە ئێمە تا ئەمڕۆش بەحەسرەتین بۆی و ئێمە تائێستاش دوورین لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە. بارودۆخی وەرگێڕان لەلای ئێمە تەواو پێچەوانەی بارودۆخی وەرگێڕانە لە فەڕەنسە، لەوێدا زۆربەی کتێبە گرنگەکان لە زمانە بیانییە زیندووەکانەوە وەردەگێڕن. داخۆ هۆی ئەمە چی بێت؟ لە راستیدا هۆی ئەمە - بەبۆچوونی من - ناگەڕێتەوە بۆ دواکەوتوویی زمانی عەرەبی یان ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زمانی ئێمە توانای وەرگرتن و ئیستیعابکردنی زانستەکانی سەردەمی نییە وەک هەندێ کەسی فریودراو و فریودەر دەیانەوێ وامان تێبگەیەنن، بەڵکو هۆیەکەی

دەگەڕێتەوە بۆ نەزانی و پاشکەوتوویی ئەو کەسانەی ئەم کارە ئەنجام دەدەن و لە شارستانیەتی نوێ دابڕاون و نەیانتوانیوە بەدرێژایی چەندین سەدە بەشێوەیەکی پێویست و گونجاو خزمەتی ئەم پرۆسەیە بکەن. مومکین نییە هیچ فیکرێکی عەرەبیی نوێ و بەرپرس لە داهاتوودا رابێت و بکەوێتە سەرپێ تەنها ئەوکاتە نەبێ کە زمانی ئەو فیکرە عەرەبی بێت و بەعەرەبی نوسرابێت. ئەمە راستییەکە ناشێت بەهیچ جۆرێ قسەو گفتوگۆی لەسەر بکرێ.

بۆ ئەوەی قسەکانم مۆرکێکی گشتی و موجەرەدیان نەبێت، چەند نموونەیەک لە بارەی ئەو ئاستەنگ و زەحمەتییانە دەهێنمەوە کە لە ساتەوەختی پرۆسەی وەرگێڕاندا ڕووبەڕووم دەبوونەوەو چۆن هەوڵمدا وردە وردە چارەسەریان بکەم و چۆن لە ماوەی ساڵانی کارکردنمدا شێوەی هەندێ لەو چارەسەرانەم گۆڕی یاخود دەستکاریم کردن.



## ئارکۆن و فوکۆ

کاتێ بینیم محەممەد ئارکۆن زاراوەکانی میشێل فوکۆ بەکاردەهێنێ، بەتایبەتی زاراوەی ئیپستیمی (Episteme)، لە سەرەتادا تێنەدەگەیشتم مەبەستی چییە. بێگومان مانای فەرهەنگیی ئەم وشەیە زانراوە، بەڵام لێرەدا هەمیشە فەرقێکی گەورە هەیە لە نێوان مانای فەرهەنگی و مانای زاراوەییدا. بلیمەتیی هەموو فەیلەسووفێکی گەورەش لەوەدایە بتوانێ لە وشەیەکی ئاساییدا زاراوەیەکی داهێنراو بەکاربێنێ و تیۆریایەکی کامڵی لەسەر بنیات بنێ (مانای ئاسایی وشەی ئیپستیم لە زمانی گریکیدا واتە: زانست)، بەڵام مانای زاراوەیی ئەم وشەیە وەک ئەوەی میشێل فوکۆ لە کتێبی «وشەکان و شتەکان»دا گەڵاڵەی کردووە، ئەوا شتێکی تری تەواو جیاواز دەگەیەنێت. لەسەرەتادا زاراوەکەم وەکو خۆی -ئیپستیمی- دەگواستەوە نێو زمانی عەرەبی و پاشان رستەیەکی دوورودرێژم بۆ شەرحکردنی دادەنا، بەمجۆرە:«کۆی ئەو موسەللەماتە ناوەکییانەی لەماوەیەکی دیاریکراودا تەحەکوم بەگشت بەرهەمێکی فیکرییەوە دەکات بێئەوەی لەرووکاردا دەربکەوێت»، ئەمە نائاگایی مەعریفیی سەرانسەری ماوەیەک یان قۆناغێکە. هەندێ کەس بەوجۆرە تێیگەیشتن کە لەبری (روانینی دنیا)یە لە ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراودا. هەر چۆنێک بێت سەرجەمی کتێبەکەی فوکۆ کە چوارسەد لاپەڕەیە لەسەر ئەم زاراوەیە بنیات نراوە. بەڵام کاتێ بابەتی زیاترم لەبارەیەوە خوێندەوەو پتر بەدوایدا چووم، ئیدی زاراوەکەم بەم چەشنە دەکرد بە عەرەبی: (المنظومة الفكرية) - سیستمی فیکری، دواجاریش رای خۆم لەسەر ئەم زاراوەیە بە (نظام الفكر) سەقامگیر کرد، بەو شێوەیە ناچاربووم زیاد لە جارێک هەڵوێستی خۆم لەبارەی ئەو زاراوەیە بەعەرەبی بگۆڕم. بێگومان ئارکۆن ئەم زاراوەیەی بۆ چەرخبەندیی فیکری عەرەبی-ئیسلامی لەڕووی ئیپستیمۆلۆژییەوە بەکارهێناوە - واتە لە قووڵاییدا- نەک لەڕووی سیاسییەوە وەک باوە: (سەرەتای ئیسلام، چەرخی

ئومەوی، چەرخی عەباسی... هتد)، دەشێت سولالات و رژێمەکان بگۆڕدرێن و فیکر هەروەکو خۆی بەبێ گۆڕان بمێنێتەوە.

لەراستیدا ئەم زاراوەیەی فوکۆ مەسەلەی (دابڕان) و (بەردەوامێتی) لەمێژووی فیکردا دەخاتەڕوو، ئەمەش مەسەلەیەکی ئیپستیمۆلۆژیی سەخت و دژوارە، بگرە یەکێکە لەگرنگترین ئەو مەسەلانەی حاڵی حازر ژینگە ئیپستیمۆلۆژییە خۆرئاواییەکانی خەریک کردووە، ئەم مەسەلەیە لەبواری زانستە وردەکاندا خراوەتەڕوو هەروەکو لەبواری فیکرو زانستە مرۆڤایەتییەکانیشدا بەهەمان شێوە خراوەتەڕوو (لەم بارەیەوە بڕوانە توێژینەوەکانی -تۆماس کون-ی ئەمەریکی لەبارەی «نموونەی باڵا» Paradigme کە بەدرێژایی ماوەیەکی دیاریکراو و لەوڵاتێکی دیاریکراودا دەسەڵاتی بەسەر گرووپی زانایاندا هەبوو. هەروەها بڕوانە «تیۆری کارەساتەکان»ی زانای ماتماتیکی فەرەنسی رینێ تۆم). هەموو ئەمانە لەدەوری مەسەلەی (دابڕان) لە مێژووی زانستەکاندا، دەخولێنەوەو، هەروەها لەبارەی چۆنێتیی تەفسیرکردنی. لێرەدا وشەی «کارەساتەکان» بەشێوەیەکی میتافۆری (مەجازی) بەکارهێنراوە نەک حەرفی. لەمێژووی فیکرێکدا چ کاتێ دابڕان روودەدات؟ ئەو مەرجە بابەتییانە چین کە دەبێ لەبەردەستدا بن بۆ ئەوەی دابڕان رووبدات؟ واتە بۆ ئەوەی خەڵکی کتوپڕ واز لەو جۆرە بیرکردنەوەیە بێنن کەپێشتر و بۆ دەیان ساڵ بیریان دەکردەوە.

پاشان ئارکۆن زاراوەیەکی تری بەکارهێناوە وەک دەلالەتێک بۆ وشەی ئیپستیمی، ئەویش زاراوەی (فەزای عەقڵی)یە -Lespace Mental، بۆ نموونە ئارکۆن دەڵێ: فەزای عەقڵیی سەدەکانی ناوەڕاست/ یان فەزای عەقڵیی نوێ و ئەو دابڕانەی لەسەدەی هەژدەهەمی ئەوروپیدا هەردوو فەزاکە لەیەکتر دەترازێنێ. (کەچی فیکری ئیسلامی یان عەرەبی تا ئێستاش لەبەردەم دەرگاکانی ئەم دابڕانەدا وەستاوە بێئەوەی جورئەتی شکاندنی دەرگاکان و چوونە ژوورەوەی هەبێت). ئارکۆن ناچارە بەراوردکارییەک بکات لەنێوان چەرخبەندیی ئیپستیمۆلۆژیای فیکری ئەوروپی و چەرخبەندیی ئیپستیمۆلۆژیای فیکری عەرەبی بۆ روونکردنەوەیەکی زیاتری دیمەنەکە. دەبێ هەموو ئەمانەش لەماوەیەکی دیاریکراو و لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا بەچەند



زاراوەیەکی ترەوە پەیوەست بکەین، وەک: ئەوەی بیری لێکراوەتەوە (المفكَّر فيه)، ئەوەی بیری لێنەکراوەتەوە (اللا مفكَّر فيه)، ئەوەی مەحاڵە بیری لێبکرێتەوە (المستحيل التفكير فيه).

لێرەدا زاراوەیەکی دیکەی فوکۆ هەیە کە لە زمانی عەرەبیدا چەند جۆرێک وەرگێڕانی وروووژاندووە، ئەویش زاراوەی (ئارکیۆلۆژیا)یە، واتە ئارکیۆلۆژیای مەعریفە، یان ئارکیۆلۆژیای زانستە مرۆڤایەتییەکان. تێبینی ئەوەم کردووە بەشێک لە وەرگێڕەکانی مەغریب ئەم زاراوەیەیان بە (الحفريات) وەرگێڕاوە (واتە: هەڵکۆڵین یان هەڵکۆڵینەکان)، هەڵکۆڵینی مەعریفە، بەڵام من دە ساڵ زیاترە هەروەکو خۆی هێشتوومەتەوە، واتە: ئارکیۆلۆژیای مەعریفە. تا ئەمڕۆش سوورم لەسەر ئەم وەرگێڕانە (واتە دانانی زاراوەکە وەکو خۆی) بێئەوەی ئەم قسەیەم لەبایەخی کۆششە گەورەکانی برادەرە توێژەرە مەغریبییەکان کەم بکاتەوە. ئێستاش بۆ ئەوە دەچم زاراوەی هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆژی (الحفر الاركيولوجي) بەکاربێنم وەک دەلالەتێک بۆ میتۆدێکی کاملّی فیکری و لەسەر شێوەیەکی دیاریکراوی تەماشاکردنی کەلەپوور.

**ئارکۆن و سۆسیۆلۆژیا (پییێر بوردیۆ)**

لێرەشدا دەبینین ئارکۆن چەند زاراوەیەکی بەکارهێناوە و لەسەر کەلەپووری ئیسلامیدا پراکتیزەی کردوون. لەوانە بۆ نموونە زاراوەی (سەرمایەی رەمزی)- Le Capital Symbolique کاتێ قسە لەبارەی سەرمایەی رەمزیی ئیسلام دەکات و چۆن ئێستا هەندێ لە بزاوتە سیاسییەکان دەیانەوێ ئەم زاراوەیە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربێنن لەپێناوی مۆبیلیزەکردنی لایەنگرانی خۆیان یاخود لەپێناوی گەیشتن بەدەسەڵات.

دەبێ ناوی زاراوەیەکی بنچینەیی دیکەش بهێنین، ئەویش زاراوەی گۆڕەپانە (الساحة) Le Champ وەک ئەوەی دەڵێین: گۆڕەپانی ئایینی، گۆڕەپانی فیکری... هتد. لەسەرەتادا ئەم زاراوەیەم بەشێوەیەکی حەرفی بە کایە (الحقل) وەردەگێڕا، پاشان بۆم دەرکەوت زاراوەی گۆڕەپان (الساحة) باشترە، بەڵام هەندێجار سیاقی رستەکە وا

دەخوازێ زاراوەی کایە (الحقل) بەکاربێنم. ئاشکرایە پیێر بوردیۆ ئەم زاراوەیەی لە زانستە وردەکانەوە خواستووە بەتایبەتی لە زانستی فیزیک بۆ ئەوەی گەورەترین ڕێژەی زانستیێتی بەسۆسیۆلۆژیا ببەخشێ (بۆ نموونە لە فیزیادا دەووترێ: گۆڕەپانی کارۆموگناتیسی). دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ چەند کەرتێک یان بۆ چەند یەکەیەکی بچووک، پرۆسەی لێکۆڵینەوەکە ئاسانتر دەکا و شیکردنەوەی کۆمەڵگا وردبینتر دەکات وەک لەوەی بەیەکجار لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو کۆمەڵگا بکرێ. بەمجۆرە دەڵێین: گۆڕەپانی ئایینی، گۆڕەپانی سیاسی، گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی، گۆڕەپانی ڕۆشنبیری، گۆڕەپانی هونەری، گۆڕەپانی ئابووری...هتد، کۆی ئەمانەش سەرجەمی کۆمەڵگا پێکدەهێنن. هەموو گۆڕەپانێکیش «یاریزان» و یاسای گەمە ناوەکییە تایبەتییەکانی خۆی هەیە. دەشبێ هەریەکە لەو گۆڕەپانانە بەجیاو بەدووروودرێژی لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ بەرلەوەی بە هەموو بزاوتی کۆمەڵگاوە -وەک گشتێک- ببەسترێتەوە. بۆ نموونە بڕوانە ئەو ململانێیەی لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیریی عەرەبی یان فەرەنسیدا لەسەر سەرمایەی مەعنەوی (واتە نێوبانگ) یان سەرمایەی مادیدا دەکرێ. هەروەها بڕوانە ململانێی نێوان پیاوانی ئایین لە گۆڕەپانی ئایینیدا لەپێناوی مۆنۆپۆلکردنی هەیبەت و ڕەواییدا. ئەم هەیبەت و ڕەواییەش سەرمایەیەکی ڕەمزی پێکدەهێنێ و پاشان بەخێرایی دەگۆڕدرێ و دەبێ بەسەرمایەیەکی مادیی ڕاستەقینە. نێوبانگ دەبێتە هۆی دەستکەوتی پارە و پلەوپایە، واتە لە سەرمایەی مەعنەوییەوە دەبێ بەسەرمایەی مادیی ڕاستەقینە. بەتایبەتی ئەگەر خاوەنەکەی بزانێت چۆنی بەکاربێنێت.

بەڵام وشەی -Habitus-م بەمجۆرە وەرگێڕاوە: (التقمص الجسدي للعقائد)و دەکرا بەمشێوەیەش وەربگێڕدرێ: «العادة المستبطنة جسدياً» کە تارادەیەک بەشێوەیەکی نائاگایی تەحەکوم بە ڕەفتاری تاکە کەسەوە دەکات) ئەمە دەستەواژەیەکە لەبارەی ئەو شتانەی لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی خۆمانەوە وەریدەگرین و ئەوەی کە بمانەوێ یان نەمانەوێ تەحەکوم بەرەفتارو کاردانەوەکانمان دەکات. ئەمە ڕێسای ئەو گەمە ناوەکییەیە کە پابەندە بە بارودۆخی هەریەک لە ئێمە لەناو گۆڕەپانەکەدا، ئەو گۆڕەپانەی ڕەفتاری ئێمە بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا دەبات. وەک ئاشکرایە هەر کەسێک شوێنگەیەکی



تایبەتیی لەو گۆڕەپانە کۆمەڵایەتییەدا هەیە کە ئینتیمای بۆ دەکات، ئەم شوێنگەیەش، بە بەراورد لەگەڵ شوێنگەکانی دیکەداو هەروەها لە حاڵەتی ململانێ یان تەبایی - پۆزەتیڤی بێت یان نێگەتیڤی-، دیاری دەکرێ. (لێرەوە، تیۆریای بوردیۆ بەحەتمییەت تۆمەتبار کراوە، بەو مانایەی مرۆڤ لەکارو ڕەفتارەکانیدا موسەییەرە نەک موخەییەر، بەڵام لەواقیعدا پەراوێزێک بۆ ئازادیی تاکەکەس جێدەهێڵێ سەرباری هەموو ئەو کۆتانەی شوێنگەکەی خۆی لە گۆڕەپانەکەدا دەیسەپێنێ بەهۆی مەرجدارێتی کۆمەڵایەتی یان ئایینی یان مەزهەبی یان پیشەیی...).

**زانستی مێژوو و ئایینەکان**

لەنێو ئەو زاراوانەی کە قوتابخانەی بڵاوکراوەی ساڵانە -حولیات- (بەتایبەتی برۆدێل) دایهێناوە، لێرەدا ئەم زاراوانە هەیە: (ماوەی دووروودرێژی مێژوو)، (ماوەی مامناوەندیی مێژوو)، (ماوەی کورتی مێژوو). ئەمانەش بەسەر مێژووی مەسیحی - ئەوروپییدا پراکتیک دەبن هەروەکو بەسەر مێژووی عەرەبی- ئیسلامیشدا پراکتیک دەبن. ئەم ماوە زەمەنییە مێژووییانە سوودیان بۆ لێکۆڵینەوە لە (دیاردەیەک) هەیە لەمیانی چەند بینینێکی ماوەی کورت یان درێژی جیاجیا. لێرەدا جیاوازی هەیە لەنێوان سەیرکردنی دیاردەیەک (بۆ نموونە دیاردەی «توندڕەوی») ئەگەر لەماوەیەکی کورتی مێژوویی یان ماوەیەکی درێژی مێژوویی سەیری بکەین. (ماوەی کورت: لە چەند ساڵێکەوە تا بیست ساڵ دەگرێتەوە. ماوەی مامناوەندی: لەپەنجا ساڵەوە تا سەد ساڵ دەگرێتەوە. ماوەی دووروودرێژ: لە چەند سەدەیەکەوە تا هەزار ساڵ و زیاتریش دەگرێتەوە).

هەندێجار ناچاردەبین دیاردەیەک بخەینە ناو ماوەی دووروودرێژی مێژووەوە و لەوێوە سەیری بکەین بۆ ئەوەی لەڕەگوڕیشە قووڵەکەی تێبگەین، چونکە جاری وا هەیە ئەگەر لەماوەی کورتی مێژوودا لەو دیاردەیە بڕوانین و لێی بکۆڵینەوە ئەوا دەشێت لە ئاستی چەند دیوێکی ئەو دیاردەیەدا نابینا بین و شتێکی زۆر کەمی لێ بزانین.

بەڵام زاراوەی (Anachronisme)ی فەڕەنسی، هەندێجار بە «هەڵەکاریی

مێژوویی» (المغالطة التاريخية) وەرمدەگێڕاو هەندێجاری تریش بە (الأسقاط) و جاروباریش بە هەردوو شێوەکە وەرمدەگێڕا.

زاراوەی ئۆرثۆدۆکسی (Orthodoxie)م هەروەکو خۆی گواستۆتەوە بۆ زمانی عەرەبی، ئەمە ئەگەرچی لەوانەیە ئەم وشەیە لەماناداا لەگەڵ مانای (مەزهەبی ئۆرثۆدۆکسی)ی مەسیحیدا تێکەڵ ببێت. بەڵام لەدواییدا ئەم تێکەڵکردنە نامێنێت ئەگەر زانیمان ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا پێش مەزهەبی ئۆرثۆدۆکسی کەوتووە، مانا حەرفییەکەیشی واتە: هێڵی راست یان ڕای دروست. بەڵام مانا زاراوەییەکەی بێگومان جیاوازە؛ مانا زاراوەییەکەی واتە: ناوکی پتەوی دۆگمایی داخراو بەسەرخۆیدا (واتە ناوکی پتەوی دۆگمایی ئایینێک یان ئایدیۆلۆژیایەک یان ڕەوتێکی سیاسی) کە هەر شتێک لە دەرەوەی خۆیدا بێت ڕەتیدەکاتەوە و بەسەرلێشێواو و گێرەشێوێنی لە قەڵەم دەدات. ئەم زاراوەیە شوێنێکی گرنگ لە زانستی ئایینەکان و لە زانستە مرۆڤایەتییەکان بەگشتی دەگرێ، بۆ نموونە دەڵێین: ئۆرثۆدۆکسی مەسیحی، یان یەهودی، یان ئیسلامی، یان تەنانەت ئۆرثۆدۆکسی سوننی یان شیعی، یان کاتۆلیکی و پرۆتستانتی، بگرە دەشێ باسی ئۆرثۆدۆکسی مارکسیزمیش بکەین و ...هتد. مومکین نییە بەبێ بەکارهێنانی ئەم زاراوە زۆر گرنگە، لە زانستی ئایینەکان تێبگەین.

هەمان شت سەبارەت بە زاراوەیەکی دیکەی نزیک لە زاراوەکەی پێشوو، ئەویش: دۆگماتیزمە (Dogmatisme)و هەروەکو خۆی هێشتوومەتەوە ئەگەرچی لەبەرامبەریدا وشەیەک بە عەرەبی هەیە ئەویش: (العقائدية)یە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە وشەی (العقائدية) بەزەروورەت هەمەڕەنگییەکی نێگەتیڤی لەخۆناگرێت وەک لە زاراوە فەرەنسییەکەدا هەیە، تەنها ئەگەر وشەیەکی دیکەی بۆ زیاد بکەین ئەویش وشەی «تەسک» -(الضيقة)، ئەوسا دەڵێین دۆگماتیزمێکی تەسک یان تەسکبین و داخراو (العقائدية الضيقة او المغلقة) وەک وەرگێڕانێکی گونجاو و تەواوی زاراوە فەرەنسییەکە. ئەمە لەگەڵ وەرگێڕانی زاراوەکەی ئارکۆندا ڕێک دێتەوە کە بەمجۆرە وەرمگێڕاوە: «چوارچێوەی دۆگمایی داخراو یان پەرژینی دۆگمایی داخراو» (السياج الدوغمائي المغلق) (La Cloture Dogmatique) کە پارێزگاری لە هەموو



مەزهەبێک یان هەموو تایەفەیەکی ئایینی یان تەنانەت عەقیدەیەکی حیزبی دەکات. واتە من نەمنووسیوە (السياج العقائدي المغلق) ئەگەرچی ئەم وەرگێڕانەیان ڕاستتر و عەرەبیترە وەک لەوەی یەکەم، دەشێ دواتر پەنا بۆ ئەمەشیان ببەم.

ئارکۆن لە زمانی فەرەنسیدا دوو زاراوەی داهێناوە: «ئەزموونی مەدینە» (LExPerience de Medine)و «نموونەی یان مۆدێلی مەدینە» (Le Modele de Medine) کە دەبوایە بڵێم: ئەزموونی نموونەیی مەدینە (تجربة المدينة المثلى) یان: مۆدێلی هەرەمەزنی مەدینە (نموذج المدينة الاعظم)، چونکە ئارکۆن لەزمانی فەرەنسیدا وشەکە بەپیتی گەورە (کەپیتال) بەکاردەهێنێ. جا لەبەرئەوەی لە زمانی عەرەبییدا پیتی گەورە نییە ئەوا ئێمە ناچارین وشەی (المثلى) یان (الاعظم) بۆ هەردوو دەستەواژەکە زیاد بکەین. ئارکۆن وای پێ باشترە ئەم دوو زاراوەیە بەکاربێنێت وەک لەوەی زاراوەی «ئیسلام» بەکاربێنێ کە لەلای نووسەرانی خۆرئاوا یان خۆرهەڵاتدا باوە. ئارکۆن بۆیە ئەم کارە دەکات بۆئەوەی هەرچی زیاتر کاری پێغەمبەر بخاتە نێو مێژووگەراییەوە و هەروەها لەپێناوی ئەوەی خەرمانەو شەبەنگی بە ئەفسانەکردن و بە ئایدیۆلۆژیکردن (الاسطرة و الادلجة) لەسەر هەر ڕووداوێکی مەزنی مێژوویی ئاشکرا بکات.

هەمان شت سەبارەت بەجیاکردنەوەی نێوان (دیاردەی قورئانی/ و دیاردەی ئیسلامی) (الظاهرة القرآنية/ و الظاهرة الاسلامية)، هەندێ کەس ئەوەیان پێشنیار کردووە بەمجۆرە وەریان بگێڕم: (ڕووداوی قورئانی/ و ڕووداوی ئیسلامی) (الحدث القرآني/ والحدث الاسلامي)، بەڵام من وەرگێڕانەکەی یەکەمم پێ باشتر بوو. (دیاردەی ئیسلامی لە خستنە سەرێکی دواتری دیاردەی قورئانییەوە بەسەر مێژووی بەشەریداو هەروەها لە ناوەندە کۆمەڵایەتییە فرەچەشن و فرەڕەنگەکانەوە بەرهەم هێنراوە).

پاشان ناچار بووم زاراوەی «بەئیسلامکردن» (الاسلمة) لە زمانی عەرەبیدا دابتاشم لە بەرامبەر زاراوەی (Islamisation)ی فەرەنسیدا. وەک ئەوەی بۆ نموونە دەڵێین: «بەئیسلامکردنی کۆمەڵگای تونسی لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا ئەنجامدرا» (تمت أسلمة المجتمع التونسي في القرن الاول للهجرة).. هەمان شت سەبارەت بەزاراوەی:

بەکەلەپوورکردن (التتريث) لە بەرامبەر زاراوەی (Traditionalisation) (ترادیسیۆنالیزەکردن)، ئەمەش پێچەوانەو دژی زاراوەی نوێکردنەوەیە (التحديث) (Modernisation) (مۆدێرنیزەکردن).

پاشان بۆ ماوەی پتر لە دە ساڵ هەردوو زاراوەی: بەئەفسانەکردن و بەئایدیۆلۆژیکردن (الأسطرة والأدلجة)م داتاشی و بەکارم هێنان کە دواتر لەلایەن کەسانی دیکەشەوە بەکارهێنران و بڵاوبوونەوە، ئەمەش مانای وایە ئەم داتاشینە چانسی سەرکەوتنی هەبوو. لە راستیدا هیچ کەسێ ناتوانێ لە ساتەوەختی داتاشین یان خستنەڕووی زاراوەیەکدا یەکسەر گرەنتیی سەرکەوتنی لەلای جەماوەردا بدات. تەنها تێپەڕبوونی رۆژگار رادەی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی ئەو زاراوەیە ئاشکرا دەکات. زاراوەکانیش لە بوونەوەری زیندوو دەچن دەشێت بژین و بەردەوام بن و دەشێ بشمرن. واتە زاراوەکانیش دوچاری یاسای پاکتاوکردنی سروشت دەبن وەک ئەوەی داروین لە وتە بەناوبانگەکەیدا «مانەوە بۆ باشترین» باسی کردووە.

## کێشی (فعلويّ) و (فعلويّة)

دوای دوودڵییەکی زۆر، جەختم لەوەکرد کە دەبێ ئەو دوو «کێش»ە بچنە ناو گۆڕەپانی بەکارهێنانی عەرەبییەوە ئەگەرچی سەرەتا «دزێو» و ناشیرین دەردەکەون. لە راستیدا ئەم دوو کێشە پێشتر لەسەر دەستی هەندێ نووسەرو دانەردا هێنراونەتە نێو زمانی عەرەبییەوە، ئەمەش مانای وایە ئەم دوو وەزنە پێداویستییەک دەنوێنن بۆ فراوانکردنی تەعبیرو پاشان بۆ فراوانکردنی بیرکردنەوە لە زمانی عەرەبیدا. ئەم دوو وەزنە بۆ دیقەت و جیاکاری پێویستن. بەمجۆرە، ئێمە بۆ نموونە ئەم وشانە بەکاردێنین:

(اسلامويّ) بەرامبەر بە (اسلامي)

(علمويّ) بەرامبەر بە (علمي)

(عقلانويّ) بەرامبەر بە (عقلاني)

(شعبويّ) بەرامبەر بە (شعبي)

(ماركسويّ) بەرامبەر بە (ماركسي)



(قومويّ) بەرامبەر بە (قومي)

(علمانويّ) بەرامبەر بە (علماني)... هتد.

هەروەها ئەم وشانە لە بەرامبەر یەکتردا بەکاردێنین:

آسلاموية ـــــــ اسلامية

علموية ـــــــ علمية

عقلانوية ـــــــ عقلانية

ماركسوية ـــــــ ماركسية

شعبوية ـــــــ شعبية

علمانوية ـــــــ علمانية

قوموية ـــــــ قومية ..........هتد.

ئاشکرایە کە کێشی (فعلوي) و (فعلوية) هەمەڕەنگییەکی نێگەتیڤانەی (مانا) لەخۆ دەگرێ (واتە: بۆ نموونە یەکێ خۆی بە عەقڵانی لە قەڵەم بدات -عقلانوي- و لەراستیدا عەقڵانی نەبێت -و-). ئەم دووکێشە لە زمانی فەرەنسیدا باو و بڵاون، بۆ نموونە دەڵێین:

Scientifique # Scientiste

پاشان زاراوەی هەڵوەشاندنەوە (التفكيك)م لە بەرامبەر زاراوە فەرەنسییەکەدا (Ladeconstruction) بەکارهێنا کە جاک دێریدا بەر لە پتر لە چارەکە سەدەیەک گەڵاڵەی کردو سەرکەوتنێکی بێوێنەی بەدەست هێنا. وشەی (التفكيك) لە زمانی عەرەبیدا بەتەواوی بنجی بەست و بڵاوبۆوە ئەگەرچی ئەم وشەیە لەڕووی سیاسییەوە مانایەکی سەلبی هەڵدەگرێ، بەڵام نابێ بیەڵێن هەمەڕەنگیی سیاسی بەسەر وشەکەدا زاڵبێت و رێی ئەوەمان لێبگرێ وەکو زاراوەیەکی فەلسەفی بەکاری بهێنین وەک دەلالەتێک بۆ سەرجەمی میتۆدێک لەفیکردا. هەڵوەشاندنەوە تەنها پرۆسەیەکی سەلبی نییە بەڵکو پرۆسەیەکی کاریگەرو ئیجابیشە چونکە دەبێتە مایەی سەرلەنوێ داڕشتنی پێکهاتێکی نوێ بۆ واقیع.

لێرەدا زاراوەی «خەیاڵکراو» (المتخيَّل) (Limaginaire) هەیە کە شوێن و

بایەخێکی گەورە لەفیکری ئارکۆندا داگیردەکات. ئەم زاراوەیە لە زانستی ئەنتروپۆلۆژیاو زانستی نوێی مێژوو (یان مێژووی عەقڵییەتەکان)ەوە هاتووە. ئەم زاراوەیە وەک کاردانەوەیەک بۆ پەڕگیریی ماتریالی یان مارکسەوی لە لێکۆڵینەوەی مێژوودا، گەڵاڵە کراوە. بە تەنها کارکردی ماتریالی بزاوتی مێژوو یەکلایی ناکاتەوە، بەڵکو کارکردی رەمزیش رۆڵی خۆی دەبینێ بەتایبەتی لە کۆمەڵگاکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا (واتە ئەو کۆمەڵگایانەی تا ئەمڕۆش لەناو فەزای بیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژین -و-) کە ئابوورییەکی جێگیریان هەیە، بەگشتی لە هەموو کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکانی بەر لە پیشەسازی. وشەی خەیاڵکراو (متخيَّل) Imaginaire جیایە لەگەڵ وشەی خەیاڵ Imagination ئەگەرچی هەردوو وشەکە سەر بە هەمان خێزانی زمانەوانین.

وشەی «خەیاڵکراو» دەلالەت بۆ ئەو شتە دەکات کە لەڕووی مێژووییەوە لە کۆنەست یان لەزەیندا پێکهاتووە یان شێوەی گرتووە، ئەمەش قابیلی وروژاندن و جووڵاندنەوەیە بەتایبەتی ئەو کاتانەی پێویست بە وروژاندنی بکرێ. بۆ نموونە: خەیاڵکراوی ئیسلامی لە دژی خۆرئاوا، یان خەیاڵکراوی خۆرئاوایی لە دژی ئیسلام. ئەم شتە لەڕووی مێژووییەوە شکڵی گرتووەو لە قووڵایی نائاگاییدا ریشەی هەیە. لێرەدا خەیاڵکراو بریتییە لە تۆڕێک لەو وێنانەی دەشێت لە هەر ساتەوەختێکدا - بەشێوەیەکی نائاگایی و وەک جۆرێک لە کاردانەوە - بوروووژێنرێ. بگرە لێرەدا خەیاڵکراوی کاتۆلیکی لە دژی پرۆتستانتیش هەیە یان پرۆتستانتی لەدژی کاتۆلیک، یان خەیاڵکراوی شیعی لەدژی سوننی و بەپێچەوانەشەوە... هتد، هەموو توێژێک وێنەیەکی دیاریکراو لەبارەی توێژەکەی تر پێکدەهێنێ و ئەم وێنەیەش بەتێپەڕبوونی زەمەن لە کۆئاگاییدا جێگیر دەبێ. دەشێت ئەمە بەشێوەیەکی واقیعی و مەیدانی تەئکیدی لەسەربکرێ. مومکین نییە ئەم خەیاڵکراوە تەجاوز بکرێ تەنها ئەو کاتە نەبێ کە لەڕووی زانستی یان لەڕووی فەلسەفییەوە هەڵبوەشێنرێتەوە بەتایبەتی کاتێ بارودۆخ و ساتەوەختی ئەو هەڵوەشاندنەوەیە لە ئارادابێت. بۆ نموونە ئێستا خەیاڵکراوی کاتۆلیکی لە فەرەنسای بە عەلمانیکراو و نوێدا خەیاڵکراوێکی دوژمنکارانە نییە لە



دژی پرۆتستانت، کەچی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا و تەنانەت بەر لە سەد ساڵیش ئەو خەیاڵکراوە دوژمنکارییە هەبووە. ئەمە مانای وایە خەیاڵکراو مێژوویەکی گۆڕاوی هەیە و پەیوەستە بە پلەی پێشکەوتن یان پێشنەکەوتنی کۆمەڵگا، پلەی پێشکەوتن یان پێشنەکەوتنی عەقلانییانەی کۆمەڵگا. لێکۆڵینەوەی محەمەد ئارکۆن لەبارەی چۆنێتیی شکڵگرتنی خەیاڵکراوی ئیسلامی لەرووی مێژووییەوەو چۆنێتی بەکارهێنانی لەلایەن هەندێ لەبزاوتە سیاسییەکانەوە شوێنی متمانەپێکردنە، هەروەها لێکۆڵینەوەی ئارکۆن بۆ میکانیزمی کۆمەڵگای خۆرئاوایی وهەستی دوژمنکارانەی خەیاڵکراوە کۆمەڵایەتییەکەی لەدژی ئیسلام و عەرەب دیسان شوێنی متمانە پێکردنە. بەم مانایە «خەیاڵکراو» بریتییە لەڕستێک لەو حوکمە پێشوەخت و بەهێزانەی میللەتێک لەدژی میللەتێکی تر هەڵیدەگرێ (یان تایفەیەک لەدژی تایفەیەکی تر و مەزهەبێک لەدژی مەزهەبێکی ترو چینێک لەدژی چینێکی تر و...... هتد).

لە سەرەتادا ئەم زاراوەیەم بە «خەیاڵگە» یان «خەیاڵدان» (المخيال) وەردەگێڕا، پاشان بەپێی ئامۆژگاریی هەندێ لە رۆشنبیران رای خۆم گۆڕی و ئیدی «خەیاڵکراو»م بەکارهێناو رای خۆم لەسەر ئەمەیان سەقامگیر کرد. بەمجۆرە دەنووسم: خەیاڵکراوی ئایینی، خەیاڵکراوی کۆمەڵایەتی...... هتد.

### زاراوە زمانەوانییەکان یان سیمانتیکییەکان

لەبەرئەوەی محەمەد ئارکۆن بەشێکی گەورەی بایەخدانەکانی خۆی دەباتە سەر لێکۆڵینەوە لە دەقە دامەزرێنەرەکانی کەلەپووری ئیسلامی (قورئانی پیرۆز، فەرموودەکانی پێغەمبەر، فیقهو تەفسیر، زانستی کەلام......هتد) دەبینین وەک قۆناغی یەکەم لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو شیکاریدا پەنا دەباتە بەر پراکتیزەکردنی زاراوە زمانەوانییەکان بەسەریاندا، بێگومان کارێکی چاکی کردووە. ئارکۆن بەم کارە -ئەگەر بۆ ساتەوەختێکیش بێت- ئێمەی لە دەسەڵات و هەیبەتی گەورەی دەق رزگار کردووە، ئەو دەسەڵات و هەیبەتەی کە حەقیقەتی ماتریالیی زمانەوانیی دەقی دامەزرێنەرمان لێدەشارێتەوە (واتە حەقیقەتی ئەوەی کە دەقی دامەزرێنەر بەپێتی زمانێکی بەشەریی

دیاریکراو نووسراوەتەوە، واتە بەپێی ڕێساکانی سەرف و نەحوی زمانی عەرەبی نووسراوە). شیکردنەوەی زمانەوانی یان سیمانتیکی (دەلالی) یارمەتیمان دەدات تا مەسافەیەک لەنێوان خۆمان و ئەو باوەڕە ئیمانداریییە دابنێین کە هەر لە منداڵییەوە بەمیرات تیاماندا ماوەتەوە، بێگومان ئەم قسەیەش هەرگیز مانای لەنێوبردنی ئیمان ناگەیەنێت (ئیمان هەمیشە بەڕەوایی دەمێنێتەوە، بەڵام ئیمانی پاش ڕزگاری نەک پێش ڕزگاری..) [ لێرەدا هاشم ساڵح مەبەستی لە ڕزگارکردنی دووەمە کە لە پاش ڕزگارکردنی یەکەم دێت، واتە ڕزگارکردنی بیروزەینی مرۆڤ لە بیروباوەڕە دۆگماتیزمەکانی کەلەپوورو نەریتەکان کە دەبێ لە پاش ڕزگارکردنی نەتەوەیی و سیاسییەوە کاری بۆ بکرێت -و-].

شیکردنەوەی زمانەوانی (واتە پرۆسەی شیکاریی زمانەوانی بەسەر دەقە دامەزرێنەرەکاندا) پرۆسەیەکی سەرەتایی بۆ سنووردارکردنی هەموو حوکمە تیۆلۆژییە پێشوەختەکان ئەنجام دەدات، ئەو حوکمە تیۆلۆژییە پێشوەختانەی لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە تا ئەمڕۆ بەمیرات وەرگیراون، ئەوانەی بەربەستێک دەخەنە بەینی ئێمەو سەیرکردنی دەق وەکو خۆی کە هەبووە یان هەیە. بەمجۆرە دەبینین شیکردنەوەی زمانەوانی دەبێتە قۆناغی یەکەم و پلەی یەکەم وەردەگرێ بەتایبەتی ئەو کاتەی ئەم مەسەلەیە پەیوەست دەبێت بەو دەقە دێرینانەی لە چرکەساتی سەرهەڵدان و گەشەکردنیانەوە ڕۆدەچنە نێو قووڵایی زەمەنەوەو وا دەردەکەون کە لەسەرووی مێژوو و لەسەرووی زەمەندان. لە دوای شیکردنەوەی زمانەوانی ئینجا ڕۆڵی شیکردنەوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆژی دێت لەپێناوی ڕۆشنکردنەوەی دەق و ئاشکراکردنی مەرجدارە مێژووییەکەی.

ئەم هەڵکۆڵینە ئارکیۆلۆژییە بۆ مانای وشەکان و لەپێناوی گەیشتن بە تەڕایی یەکەمی، زۆر پێویستە. ئەوەیشی یارمەتیمان دەدات بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، دوو زاراوەی بنەڕەتیی زانستی زمانەوانین کە بریتیین لە: زاراوەی هاوزەمەنیی زمانەوانی= سانکرۆنی (التزامنية اللغوية) و زاراوەی پەرەسەندنی مێژوویی = دیاکرۆنی (التطورية اللغوية، التعاقبية). لێرەدا مەبەستمان لە «سانکرۆنی» لێکۆڵینەوەیە لە مانای



دەقێک یان مانای وشەیەک بەپێی ئەو مانایەی لەسەردەمەکەی خۆیدا باوبووە نەک لەسەردەمێکی دواتردا (ئەمە پێی دەووترێ: خوێندنەوەی سانکرۆنیی دەق). بەڵام «دیاکرۆنی» (یان «مێژوویی» کە پێشتر بەو جۆرە تەرجەمەم دەکرد) واتە لێکۆڵینەوە لەو گۆڕانکارییانەی لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بەسەر مانای وشەدا دێت. جێی داخە تا ئەمڕۆ فەرهەنگێکی مێژوویی لە زمانی عەرەبیدا نییە، ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی نەتوانین بەپێی سەردەمە مێژووییەکان لە مانای وشەکان تێبگەین. بۆ نموونە تا ئێستا بەشێوەیەکی سانکرۆنی لێکۆڵینەوە لەسەر قورئانی پیرۆز نەکراوە.

ئاشکرایە لێکۆڵینەوەیەکی لەو جۆرە ناچارمان دەکات بگەڕێینەوە نیمچە دوورگەی عەرەب لەسەدەی حەوتەمی زایینیدا، بێگومان بەقەدەر ئەوەی ئەم گەڕانەوەیە مومکین بێت (چونکە بەداخەوە لێرەدا چەند دەقێکی باوەڕپێکراوی هاوسەردەمی قورئانی پیرۆزمان لەبەردەستدا نییە، چەند شیعرێک نەبێت) ئەگەر دەقی لەو چەشنە هەبوایە ئەوسا دەمانتوانی بەراوردکارییان لەنێواندا بکەین و دەمانتوانی بگەینە مانای وشەکان لەو سەردەمەدا. لەگەڵ ئەوەشدا هەردەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمە لەپێناوی تێگەیشتن لە وشەکانی قورئانی پیرۆز لەژێر ڕۆشنایی ئەو مانایەی لەو زەمەنەدا باوبووە نەک لەژێر ڕۆشنایی ئەو مانایەی لە زەمەنی ئێمەدا باوەو تەنانەت لەو زەمەنانەش کە لە پاش زەمەنی قورئانەوە هاتوون. ئەمەیە بەزۆر سەپاندنی مانا یان بەزۆر خستنەسەر (الأسقاط) یان کەوتنە نێو داوی هەڵەکاریی مێژووییەوە (المغالطة التاريخية). ئێمە وەهمی ئەوەمان لەلا دەخوڵقێ کە قورئان دەخوێنینەوە و تەفسیری دەکەین لەکاتێکدا ئێمە سەردەمی خۆمان دەخوێنینەوە یان چەند سەردەمێکی دیکەی غەیری سەردەمی قورئان. لێرەدا نموونەیەک دەهێنینەوە: مانای وشەی موسڵمان (المسلم) لە قورئاندا یان لەسەر ئاستی قورئاندا لەگەڵ ئەو مانایەی دواترو لەپاش دروستکردنی دەوڵەت و لاهوتی ئیسلامیدا پەیدابوو، ئەو دوو مانایە جیاوازن یاخود جووت نین. هەروەها مانانی وشەی عەقڵ (أفلا تعقلون؟ أفلا يعقلون؟) لە قورئانداو ئینجا مانای ئەم وشەیە لەسەردەمی عەباسی و لە پاش تێکەڵبوون بە میللەتانی دی و کولتوورەکانی دی و هاتنی لۆجیک و فەلسەفەی یۆنانی و... هتد، بێگومان کۆمەڵێ وشەی تریش.

(تەنانەت وشەی «عەقڵ»یش لەمانادا گۆڕانکاری و مێژووی خۆی هەیە).

ئەم مەسەلەیە لەلای (نیچە)ی فەیلەسووف گەیشتە ئەوەی بڵێت «هەموو وشەیەک بریتییە لە حوکمێکی پێشوەخت» واتە هیچ وشەیەکی بەریئو بێتاوان بوونی نییە بەپێچەوانەی ئاگایی سادەی ئێمە کە پێی وایە لە مانای وشەکە تێگەیشتووە، لەکاتێکدا پێچەوانەی ئەومانایەی وەرگرتووە یان شتێکی دیکەی غەیری مانا ئەسڵییەکە. هەموو وشەیەک مێژوویەکی هەیە، هەموو وشەیەک لەمانادا کۆمەڵێ گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. تەنانەت کاتێ پێمان وا دەبێت مانای یەکەم و پاکژی وشەکەمان گرتووە دەبینین بەرائەتێکی کەمتری هەیە لەوەی پێمان وایە. چونکە ئەو مانایەش پێشتر چەند مانایەکی دیکەی هەیە و ئێمە نایزانین یان لە زمانە بیانییەکانی تردا مانای تری هەیە. بەڵام بەبێ هیچ گومانێک لێرەدا بەرائەتێکی ڕێژەیی هەیە و دەبێ لە چرکەساتێکی دیاریکراودا لە چوونە نێو قووڵایی زەمەن بوەستین دەنا دەخزێینە ناو چاڵێکی بێبنەوە! قورئانی پیرۆزیش سەرەتای دامەزراندن (واتە بەرائەتی یەکەم)ی زمانی عەرەبی پێکدەهێنێ.

### نزیکبوونەوە لە هەرێمی حەقیقەت

لەو باوەڕەدام ئێوە دەزانن من ئەو هەموو زاراوەیەم بۆ ئەوە نەخستۆتەڕوو تا لەبەرامبەر ئێوەدا شانازییان پێوە بکەم، یان بۆئەوەی بە قورسی بیدەمە بەرگوێتان وەک هەندێ لەو کەسانە ئەمە دەڵێن کە هێرش دەکەنەسەر ئەو هێڵە فیکرییەی چوومەتە ناویەوەو ئیشی تیادەکەم.

ئەوکەسانە دەڵێن گوایە پراکتیزەکردنی ئەمجۆرە میتۆدو زاراوە بیانییانە بەسەر کەلەپووری ئیسلامیی دێرینی ئێمەدا زیانی پێدەگەیەنێ یان ئاڵۆزی دەکات یاخود دەیشێوێنێ. بەڵام ئەوکەسانە ئاگایان لەو کۆشش و ماندووبوونە نییە کە لەپێناوی تەعریبکردن و «بە ئیسلامیکردنی» ئەو زاراوانەدا کراوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی دروست بۆ کەلەپووری ئێمەش بگونجێ و پراکتیک بکرێ و بچێتە نێو گۆشت و چنینەکانیەوە. بێگومان هەندێ پراکتیزەی خێرای میتۆدە خۆرئاواییەکان زیانی بۆ ئەدەب و کەلەپووری



ئێمە هەبووە، لە بری ئەوەی ڕۆشنی بکاتەوە کەچی تاریکتری کردووە، یان لانیکەم بەشێوەیەکی زۆرەملێ و ناشیرین و خێرا دەرکەوتوون و کەسیشیان ڕازی نەکردووە ئەگەرچی بەجوانی ڕازێنراونەتەوەو لەپشتی ناوە بیانییە درەوشەدارەکانەوە خۆیان حەشار داوە.

بەڵام ئێوە دەزانن ئەم مەسەلەیە، دواجار، مەسەلەی شێوەگەری و ڕیزکردنی زاراوەکان نییە. چونکە لەپشتی ئەمەوە شتی گرنگتر و زۆر قووڵتر هەیە. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە بچمە نێو کرۆکی بابەتەکەوە.

ئێستا بۆ کەسانی شارەزا لە مەسەلەکان و لە نهێنییەکان، ڕوونبۆتەوە کە ئێمە، وەک عەرەب و موسڵمان، لەگەڵ سەردەمدا دوچاری گرفتێک بووینە، گرفتێک لەگەڵ چوونەناو مێژوو و سەردەمەوە، گرفتێک پێی دەووترێ تازەگەریی جیهانی یان گەردوونی. ئێستا بۆ هەر کەسێ دووچاوی هەبێت ڕوونبۆتەوە کە ئەم تازەگەرییە (مۆدێرنیتێ) موجامەلەمان ناکات و لە دۆزینەوەی ڕێگەیەکی تایبەتیش بۆ چوونەناویەوە یارمەتیمان نادات، بگرە لەوانەیە ئومێدی ئەوە بخوازێت هەمیشە لە دەرەوەیدا بمێنینەوە و تا بێکۆتایی لەناو گرفت و ئازارەکانی خۆماندا بتلێینەوە (دواشت کە تازەگەری بیری لێبکاتەوە ئەوەیە ئێمە هێڵێک یان ڕێچکەیەک یان دەریچەیەک بۆ چارەسەرکردن بدۆزینەوە..).

ڕۆشنبیرانی ئێمە لە دەستنیشانکردن و تەفسیرکردنی ئەم قەیرانە سەخت و دژوارەدا بۆچوون و ڕێگەچارەی جیاوازیان هەیە. هەندێ لەوانە گلەییەکە دەبەنە سەر پاشکەوتوویی تێکنۆلۆژی و پێیان وایە هەرئەوەندەی دەستمان بگاتە تێکنۆلۆژیا ئیدی کێشەکان چارەسەر دەکرێن. هەندێکی دیکە تەرکیز دەکەنە سەر شیکردنەوەی بایەخی ئابووری و ڕۆڵی ئابووری لە پرۆسەی پاشکەوتوویی ئێمەدا. هەندێکی دیکە پێیان وایە سەرچاوەی هەموو نەخۆشییەکانی ئێمە نەبوونی پلورالیزمی سیاسی و ئازادیی ڕادەربڕین و جیاوازییە. هەندێ کەسی دیکەش خەمی کۆمەڵێ کێشەی تریان هەیە وەکو دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و نەبوونی ئازادیی ئافرەت و ...هتد.

گومانی تیانییە هەریەکێ لەم شیکردنەوانە بەشێکیان لەراستی تیایە، لەگەڵ ئەوەشدا من باوەڕم وایە دەبێ بۆ مەسەلەی دەستنیشانکردن لەمانەش دوورتر و قووڵتر بڕۆین. دەبێ «هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆژی لە قووڵاییدا» بگاتە دوورترین و قووڵترین خاڵ بۆ ئەوەی کرۆکی لاوازی و نەخۆشییە کوشندەکان ئاشکرا بکرێن. باشە ئەگەر بۆمان دەرکەوت جەوهەری کێشەکان لە شوێنێکی تر دایە، چی روودەدات؟ چی روودەدات ئەگەر بۆمان ئاشکرابوو کە هۆکاری سەرەکیی نەخۆشییەکانمان رۆحییە بەقەدەر ئەوەی مادیشە، هەروەها ئایینییە بەقەدەر ئەوەی دنیاییشە؟ باوەڕم وایە هۆی سەرەکیی کێشەو نەخۆشییەکانی ئێمە بەرلەوەی لە (دەرەوە) دابێت لە (ناوەوە)یە، بێئەوەی رۆڵی دەرەوەو فشارو دوژمنکارییەکانی دەرەوە فەرامۆش بکەین. باوەڕم وایە ئەو مەسەلە بنچینەییەی ئەمڕۆ خراوەتە سەرشانی ئێمەی رۆشنبیران، بریتییە لەوەی: چۆن دەشێ رۆحی عەرەبی – ئیسلامی لە عەقڵی دواکەوتووانەی رزگار بکرێ؟ بەچ جۆرێ ئەم رۆحە لە خودی خۆی رزگار بکرێ؟ بەچ شێوەیەک رزگار دەکرێ لە پەککەوتوویی چەندین سەدەی خود؟

لەوانەیە بپرسن: کێ ئەو رۆحەی بەند کردووە؟ چی بەسەرهاتووە تا تووشی ئەم شکست و پاشە کشێیە بێت کە پێشتر بەپێچەوانەوە بەرەو بەرزی هەڵدەکشاو شارستانییەتی دروست دەکردو چرای رووناکیی بەمیللەتانی تر دەبەخشی، لەوانە میللەتانی ئەوروپییش؟ بۆچی سڵەمییەوەو لەناو خودی خۆیدا لوولی خواردو تەنانەت لە سێبەرەکەی خۆیشی دەترسێ؟ ئەو رۆحەی پێشتر هێزێکی گەورەی هەبوو و مێژووی دروست دەکرد؟ داخۆ ئەم رۆحە عەرەبی – ئیسلامییە چیی بەسەر هاتووەو تووشی چی بووە؟

کەسێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە ئەوا چارەسەریش پێشکەش دەکاو هەقیقەتیش ئاشکرا دەکات. لەو باوەڕەدا نیم تا ئەمڕۆش هیچ یەکێ لە ئێمە بتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. ئێمە لێرەو لەوێ گیرمان خواردووەو هەوڵدەدەین رۆشناییەکی کەم لەتاریکستانی تونێلێکی تاریکدا بقۆزینەوە.

دوای ئەوەی بابەتەکەم گەیاندە ئەم خاڵە، ئیدی بۆ خۆم ئەم سەرچڵییە دەست



پێدەکەم و وەک تاریقی کوڕی زیاد کەشتییەکان دەسووتێنم تا نەتوانم پاشەکشە بکەم، هەوڵدەدەم هەنگاوێکی تر بچمە پێشەوە. (نیچە)ی فەیلەسووفی ئەڵمانی دەیووت: ئازاترین کەسێک لەنێو ئێمەدا کەمدەستە لە درکاندنی حەقیقەت (واتە هەموو حەقیقەت). لێرەدا کەسانێک هەن دەتوانن بەرێژەی ٢٠ ٪ یان ٥٠ ٪ یان تەنانەت ٧٠ ٪ بەرگەی حەقیقەت بگرن. دەشێ لێرەدا کۆمەڵێ زانای گەورەو خاوەن ویژدان هەبن بەرێژەی ٩٠ ٪ بەرگەی حەقیقەت بگرن. بەڵام هیچ کەسێ ناتوانێ بەرێژەی ١٠٠ ٪ بەرگەی حەقیقەت بگرێ و بتوانێ هەموو حەقیقەت بدرکێنێ. چونکە ئەم حەقیقەتە هەر لەسەر زەمینی خۆیدا دەیکوژێ! وریابن لە نزیکبوونەوە لە حەقیقەتەکان زیاد لە پێویستی خۆی یان بەرلەوادەی خۆی. بەڵام من باوەڕم وایە – بەپێچەوانەی زۆر کەسەوە – ئێمە ئێستا لە هەرێمی حەقیقەت نزیک بووینەتەوە، نزیک بووینەتەوە لە قۆناغی راشکاوییەکی ناوەکییانە لەگەڵ خودێکی قووڵدا (واتە خودێکی کەلەپوورگەرایی عەرەبی – ئیسلامی). باوەڕیشم وایە چارەسەرکردن تەنها بەم رێچکەیەدا تێدەپەڕێ، هەموو هەوڵدانێکیش بۆ خۆ دوورخستنەوە لەم رێچکەیەو خۆ شاردنەوە لێی، سوودێکی نابێت، رێگە چارە تەنها (لە ناوەوەدا) بوونی هەیەو تەنها لەناوەوەدا ئەنجام دەدرێ. رێگە چارە لە جورئەتی رووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی ناوەوەیە، لە گەورەترین پرۆسەی پاکژکردنەوەی ناوەوەیە، لە هەڵگیرساندنی گەورەترین جەنگە لەگەڵ ناوەوەدا. چونکە چوونە نێو سەردەم و مێژوو بەشێوەیەکی سەرکەوتوو تەنها لە رێگەی پرۆسەی پاکژکردنەوەی ناوەوەدا دابین دەکرێ. قۆناغی سەلبیانەی کارکردن پێش قۆناغی ئیجابیانە دەکەوێت (بەمانای: پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی بیری کۆن پێش پرۆسەی بنیاتنانی نوێ دەکەوێ –و–) لێرەدا چەندین بەربەست و دیوار هەن رێگەی چوونە ناو سەردەممان لێدەگرن. چەندین گرێی موزمین هەن نایەڵن لەگەڵ سەردەمدا بگونجێین. لێرەدا چەندین بۆمبی کاتیکراو هەن هێشتا نەتەقیونەتەوە. چەندین حیساباتی گەورە هەن هێشتا یەکلایی نەکراونەتەوە. کەواتە هەردەبێ ئەو گرێیانە بکرێنەوەو ئەو بۆمبانە بتەقێنرێنەوەو ئەو حیساباتانە یەکلایی بکرێنەوە بۆ ئەوەی قودرەتی چوونە ناو تازەگەری و سەردەممان هەبێت و هاوکات پارێزگاری لەوەش بکەین کە ئێمە عەرەب و موسڵمانین.

ئەوسا ئاشتبوونەوەیەکی گەورەی مێژوویی خودی عەرەبی - ئیسلامی لەگەڵ خودی خۆیدا دێتە ئاراوە، ئەوسا خۆمان خۆمان دەبین، خۆمان دەبینە خاوەنی خۆمان بەبێ گرێ و سەرئێشەو بێئەوەی هەست بەوە بکەین کە زەوتکراوین و بێئەوەی لە بەرامبەر سەردەم و خودی مێژووگەراییدا هەست بەگوناه بکەین. لەکاتێکدا ئەم هەموو شتە دەڵێم، لافی ئەوەش لێنادەم کە من هەموو حەقیقەتم درکاندووە یان تەنانەت نیوەیشیم وتبێت ئەمە ئەگەر گریمانی زانینی حەقیقەت بکەم. هەموو ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە من هەوڵمداوە لە حەقیقەت نزیک ببمەوە، بەرەو رووی برۆم، لە دەوری روخسارو لە دەوری گەشانەوەی ئاگرەکەیدا بسورێمەوە.

**هاشم سالح**
**پاریس، تونس، پاریس**
**٢/٢٢ -١٩٩٢/٦/٢٧**

**سەرچاوە:**

محمد اركون، اين هو الفكر الاسلامي المعاصر، ترجمة وتعليق: هاشم صالح، دار الساقي - ط٢- ١٩٩٥ .

## د. محەمەد ئارکۆن



له ساڵی ١٩٢٨ له ناوچەی «تاوریرت میمون» لەوڵاتی جەزائیر لەدایک بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەشاری (وەهران) تەواو کردووە. پاشان چووتە جەزائیری پایتەخت و لەزانکۆی ئەو شارەدا بەشی زمانی عەرەبیی لەکۆلێجی ئادابدا خوێندووە. لەپاش تەواوکردنی زانکۆ چووەتە فەرەنسە و لەناوەڕاستی پەنجاکانەوە تا ئەمڕۆ لە پاریسدا نیشتەجێیە. لەساڵی(١٩٦٩)دا لەزانکۆی سۆربۆن بروانامەی دکتۆرای دەوڵەتی وەرگرتووە، کارنامەی دکتۆراکەشی بەناونیشانی «میسکەوەیھ و ڕەوتی هیومانیزمی عەرەبی لە سەدەی چوارەمی کۆچی» دا بووە. هەر لەساڵی(١٩٦١)ەوە مامۆستای یاریدەدەر بووە لەزانکۆی سۆربۆن.

لەساڵی (١٩٧٠)شدا کورسی«مێژووی فیکری ئیسلامی»ی لەهەمان زانکۆدا پێدراوە. لەساڵی(١٩٧٦)ەوە تاساڵی(١٩٨٨) بەڕێوەبەری «ئەنیستیتوتی خوێندنی ئیسلامی» بووە لەسۆربۆن. سەرنووسەری گۆڤاری ARABICA بووە کە بەزمانی فەرەنسی دەردەچوو تایبەت بوو بەلێکۆڵینەوەی عەرەبی و ئیسلامی. لە زۆربەی زانکۆکانی ئەمریکا و ئەوروپاو ئاسیا و ئەفریقادا بەزمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و عەرەبی دەرسی وتۆتەوە. خاوەنی چەندین کتێبی گرنگە لەبارەی فیکری ئیسلامی کە بەزمانی فەرەنسی نووسیونی و پاشان هاشم ساڵح لەگەڵ نووسینی پێشەکی وپەراوێز و روونکردنەوەدا ژمارەیەکی زۆری لێکردوون بەعەرەبی، لەوانە:



- تاريخية الفكر العربي-الأسلامي، ١٩٨٦ .
- الفكر الأسلامي- قراءة علمية، ١٩٨٧ .
- الفكر الأسلامي- نقد واجتهاد ،١٩٩٥ .
- أين هو الفكر الأسلامي المعاصر،١٩٩٢ .
- من الاجتهاد الى نقد العقل الأسلامي، ١٩٩٣ .
- الأسلام- اوروبا-الغرب،١٩٩٤ .
- نزعة الانسنة في الفكر العربي-١٩٩٧ .
- قضايا في نقد العقل الديني، ١٩٩٨ ،
- الفكر الأصولي واستحالة التأصيل، ١٩٩٩ .
- العلمنة والدين، ٢٠٠٠ .
- معارك من أجل الأنسنة في السياقات الأسلامية، ٢٠٠١ .

## د. هاشم ساڵح

لەساڵی (١٩٥٠) لەشاری (لاذقیة) لە سوریا لە دایک بووە. لەساڵی (١٩٧٣) لەزانکۆی دیمەشقدا لیسانسی لە زمان و ئەدەبی عەرەبی وەرگرتووە. لەساڵی (١٩٧٥) دا بروانامەی ماستەری لە هەمان زانکۆدا وەرگرتووە. لەساڵی (١٩٨١) دا بروانامەی دکتۆرای لە زانکۆی سۆربۆن وەرگرتووە وکارنامەی دکتۆراکەیشی بەناوی «ڕێبازەکانی ڕەخنەی نوێی ئەدەبی» بووە. جگە لەوەی بەردەوام سەرقاڵی وەرگێڕانی کتێبەکانی محەمەد ئارکۆنە لەزمانی فەرەنسییەوە بۆ زمانی عەرەبی، خۆیشی چەندین وتارو لێکۆڵینەوە و کتێبی لەبارەی فیکرو فەلسەفەی نوێی ئەوروپی نووسیوەو گفتوگۆی لەگەڵ ژمارەیەک لەبیریارە ناودارەکانی ئەوروپادا سازکردووەو پاشان بەعەرەبی بڵاوی کردوونەتەوە.

## کتێبە چاپکراوەکانی وەرگێڕ

* شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە (دەق و رەخنە)، چاپخانەی رەنج سلێمانی – ٢٠٠١.

* بیری رەخنەیی هاوچەرخ، کۆمەڵێ وتاری وەرگێردراو، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی –هەولێر – ٢٠٠١.

* گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیس –منداڵی، شیعر، تاراوگە. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی – ٢٠٠١.

**کتێبی داهاتوو:**

* محەمەد ئارکۆن، ئیسلام و مۆدێرنیزم – ئیسلام و گلۆبالیزم.

**پۆستی ئەلیکترۆنی وەرگێڕ**

**nawzadaa@yahoo.com**